دیباره پیشکش

[illegible]

ابراهیم عبدالستار [illegible]

۲۰۱۰ – ۱۰ – ۱۱

زانكۆی بەغدا
كۆلێجی پەروەردە / ئیبن ڕوشد
بەشی زمانی كوردی

# كێشەكانی لادێ
# لە ڕۆمانەكانی عەزیزی مەلا ڕەشدا

## لێكۆڵینەوەیەكی سۆسیۆ ئەدەبی

نامەیەكە

ئیبراهیم عەبدولڕەحمان مەحموود

پێشكەشی ئەنجومەنی كۆلێجی پەروەردە ( ئیبن ڕوشد )ی زانكۆی بەغدای كردووە ، وەك بەشێك لە پێویستییەكانی بڕوانامەی دكتۆرا لە ئەدەبی كوردیدا .

سەرپەرشت

پ. ی. د. عادل مەجید گەرمیانی

١٤٢٩ كۆچی    ٢٧٠٨ كوردی    ٢٠٠٨ زایینی

جامعة بغداد

كلية التربية/ ابن رشد

قسم اللغة الكردية

مراجع

# مشكلة الريف

# في روايات عزيز ملا رَش

اطروحة تقدم بها

ابراهيم عبدالرحمن محمود

إلى مجلس كلية التربية / ابن رشد / جامعة بغداد وهي جزء من متطلبات نيل شهادة دكتوراه في الادب الكردى .

باشراف

أ.م. د. عادل مجيد گرمیانی

١٤٢٩ هجري     ٢٧٠٨ كردي     ٢٠٠٨ ميلادي

## بڕیاری شارەزای زانستی

ئەم نامەیە ( کێشەی لادێ لە ڕۆمانەکانی عەزیزی مەلا ڕەش )دا کەوا لە لایەن خوێندکار ئیبراهیم عەبدولڕەحمان مەحموودەوە لە بەشی زمانی کوردیی کۆلێجی پەروەردەی ئیبن ڕۆشدی زانکۆی بەغدا ئامادەکراوە وەك بەشێك لە پێویستییەکانی وەرگرتنی پلەی دکتۆراە لە ئەدەبی کوردیدا لە ڕووی زانستییەوە من سەرپەرشیم کردووە .

پ.ی.د. ئیبراهیم قادر محەمەد

شارەزای زانستی

زانکۆی سەلاحەددین / کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی

/ / ٢٠٠٨

# اقرار الخبير العلمي

اشهد ان هذه الاطروحة الموسومة بـ ( مشكلة الريف في روايات عزيز ملا رَش ) التي تقدم بها الطالب ابراهيم عبدالرحمن محمود من قسم اللغة الكردية / كلية التربية - ابن رشد / جامعة بغداد كجزء من متطلبات نيل شهادة الدكتوراه في الأدب الكردي ، قد جرت تحت اشرافي من الناحية العلمية .

الاستاذ المساعد

د. ابراهيم قادر محمد

جامعة صلاح الدين / كلية التربية / الاساس

/ /٢٠٠٨

# بڕیاری سەرپەرشت

ئەم نامەیە ( كێشەی لادێ لە ڕۆمانەكانی عەزیزی مەلای ڕەشدا ) بەسەرپەرشتی من لە كۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشدی زانكۆی بەغدا ئامادەكراوە و ، بەشێكە لە پێویستییەكانی پلەی دكتۆراە لە ئەدەبی كوردیدا .

پ. ی.د. عادل مەجید گەرمیانی
مێژوو: / / ٢٠٠٨

بە پێی پێشنیازی مامۆستای سەرپەرشت ، ئەم نامەیە پێشكەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەكەم .

پ.ی.د. یوسرا محەمەد عەبدوڵڵا
سەرۆكی بەشی زمانی كوردی
مێژوو: / /٢٠٠٨

# إقـــرار المشـــرف

اشهد ان إعداد هذه الاطروحة المقدمة من طالب الدكتوراه ( ابـراهيم عبـدالرحمن محمود ) والموسومة بـ ( مشكلة الريف فى روايات عزيز ملا رش ) تمت تحت إشـرافي في كلية التربيـة / ابـن رشـد / جامعـة بغـداد، وهـي جـزء مـن متطلبـات نيـل درجـة الدكتوراه في الأدب الكردي ..

أ.م.د. عادل مجيد كرمياني

التاريخ:  /  / ٢٠٠٨

بناء على التوصيات المتوفرة أرشح هذه الاطروحة للمناقشة .

ا.م. د. يسرا محمد عبدالله

رئيس القسم اللغة الكردية

التاريخ:  /  / ٢٠٠٨

# بڕیاری شارەزای زانستی

ئەم نامەیە ( کێشەی لادێ لە ڕۆمانەکانی عەزیزی مەلا ڕەش )دا کەوا لە لایەن خوێندکار ئیبراهیم عەبدولڕەحمان مەحموودەوە لە بەشی زمانی کوردیی کۆلێجی پەروەردەی ئیبن ڕۆشدی زانکۆی بەغدا ئامادەکراوە وەك بەشێك لە پێویستییەکانی وەرگرتنی پلەی دکتۆراە لە ئەدەبی کوردیدا لە ڕووی زانستییەوە من سەرپەرشتیم کردووە .

پ.ی.د. ئیبراهیم قادر محەمەد
شارەزای زانستی
زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر / کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی
/ / ٢٠٠٨

# اقرار الخبير العلمي

اشهد ان هذه الاطروحة الموسومة بـ ( مشكلة الريف في روايات عزيز ملا رَش ) التي تقدم بها الطالب ابراهيم عبدالرحمن محمود من قسم اللغة الكردية / كلية التربية – ابن رشد / جامعة بغداد كجزء من متطلبات نيل شهادة الدكتوراه في الأدب الكردي ، قد جرت تحت اشرافي من الناحية العلمية .

الاستاذ المساعد

د. ابراهيم قادر محمد

جامعة صلاح الدين / أربيل / كلية التربية / الاساس

/ /٢٠٠٨

# بڕیــــاری لیژنــه

ئێمــەی ئەنــدامانی لیژنــەی تــاوتوێکردن و هەڵــسەنگاندن ، ئــەم نامەیــەمان خوێندەوەو لەگەڵ خوێندکارەکەدا گفتوگۆمان لەبارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی دیکە کردو بڕیارماندا، کە شایەنی ئەوەیە بە پلەی (            ) بڕوانامەی دکتۆرای لە ئەدەبی کوردیدا پێ بدرێت .

ناو:
ئـــەندام
مێژوو: / / ٢٠٠٨

ناو :
سەرۆکی لیژنە
مێژوو: / / ٢٠٠٨

ناو:
ئـــەندام:
مێژوو: / / ٢٠٠٨

ناو:
ئـــەندام
مێژوو: / / ٢٠٠٨

ناو:
ئـــەندام
مێژوو: / / ٢٠٠٨

ناو : پ.ی.د. عادل گەرمیانی
ئەندام و سەرپەرشت
مێژوو: / / ٢٠٠٨

لەلایەن ئە نجوومەنی کۆلێجی پەروەردە ـ ئیبن ڕوشد ـ ەوە پەسەند کرا

ناو: پ. د. عەبدولئەمیر عەبد دکسن
ڕاگری کۆلێجی پەروەردە ( ئیبن ڕوشد )
مێژوو: / / ٢٠٠٨

# إقرار اللجنة

نشهد بأننا أعضاء لجنة مناقشة طالب الدكتوراه ( ابـراهيم عبـدالرحمن محمود) اطلعنا على هذه الاطروحة الموسومة (مشكلة الريف في روايات عزيـز ملا رش ) في محتوياتها وما لها من علاقة بها ، ونعتقد بأنها جـديرة بـالقبول لنيل درجة الدكتوراه في الادب الكردي بتقدير (            ) .

| | |
|---|---|
| الاسم: | الاسم : |
| عضو | رئيس اللجنة |
| التاريخ: / / ٢٠٠٨ | التاريخ: / / ٢٠٠٨ |
| الاسم: | الاسم: |
| عضو | عضو |
| التاريخ: / / ٢٠٠٨ | التاريخ: / / ٢٠٠٨ |
| الاسم: | الاسم: ا.م.د. عادل كرمياني |
| عضو | عضو / مشرف |
| التاريخ: / / ٢٠٠٨ | التاريخ: / / ٢٠٠٨ |

صدقت في مجلس كلية التربية / ابن رشد / في جامعة بغداد .

الأستاذ الدكتور

عبدالأمير عبد دكسن

عميد كلية التربية/ ابن رشد

التاريخ: / / ٢٠٠٨

# پێرست

**بابەت** **لاپەڕە**


پێشەکی.......................................... ٢

بەشی یەکەم

١-١ چەمك و پێناسەی ڕۆمان ...................................٧

٢-١: مێژووی ڕۆمانی کوردی.......................... ١٤

٣-١ : شوێن و لادێ لە ڕۆماندا.............. ٢٢

بەشی دووەم

١ – ٢: لادێ و لادێنشینی ..........................٣٦

٢ – ٢ جۆرەکانی لادێ لە کوردستاندا...........................٣٩

٣ – ٢: خانووی لادێ.لە کوردستاندا..........................٤٣

٤ – ٢ : پیشەی لادێ نشینانی کورد..............................٤٧

٥ – ٢ : ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری لە دێیەکانی کوردستاندا ..............٤٩

٥ – ٢-١ :ـ خێزان و خێڵ و سیستەمی خێڵایەتی لای کورد..................٤٩

٥ – ٢-٢ : مزگەوت و دیوەخان.............................٥٢

بەشی سێیەم

١-٣ : کێشەی چەوساندنەوەی ئافرەت لە کۆمەڵگای کوردیدا............ ٥٥

٢-٣ : کێشەی چەوساندنەوەی ئافرەت لەڕۆمانەکانی عەزیزی مەلای ڕەشدا......٧٣

٣-٣: کێشەی نەزانین و نەخوێندەواری لە کۆمەڵی کوردیدا............ ٨٢

٤-٣: کێشەی نەزانین و نەخوێندەواری لەڕۆمانەکانی عەزیزی مەلای ڕەشدا..... ٨٨

٥-٣ :چەوساندنەوەی جوتیارو کێشەکانی لەکۆمەڵگەی کوردیدا.............. ٩٤

٦-٣ :چەوساندنەوەی جوتیارو کێشەکانی لە ڕۆمانەکانی عەزیزی مەلای ڕەشدا. ١١١

٧-٣ بڵاوبوونەوەو تەشەنەکردنی نەخۆشی لە ڕۆمانەکانی عەزیزی مەلا ڕەشدا.. ١٢٥

ئە نجام .......................... ١٣٠

سەرچاوەکان ............................ ١٣٣

ملخص الاطروحة ........................ ١٤٠

Abstract ........................................ ١٤٢

بسم الله الرحمن الرحيم

﴿...وَ قُلْ رَّبِ زِدْنِي عِلْماً﴾

( صدق الله العظيم )

( طه : ١١٤ )

# پێشکەشە بە

- ڕۆحی دایك و باوکم ،کە بە هیوای ئەم ڕۆژە بوون .
- دایکی ڕێنوار .

# سوپاس و پێزانین

سوپاس و پێزانینم بۆ:

* مامۆستاو برای بەڕێزم د. عادل گەرمیانی، کە دڵسۆزانە سەرپەرشتی نامەکەمی گرتە ئەستۆ .

* ئەو مامۆستا بەڕێزانەی کە لە خوێندنی باڵادا وانەیان پێ وتوومەتەوە بەتایبەتی (پ.د. وریا عومەر ئەمین، پ.د. نەسرین فەخری، پ.ی.د. فوئاد حوسێن) .

* بەشی کوردی کۆلێژی پەروەردە (ئیبن ڕوشد)ی زانکۆی بەغدا، کە هەلی خوێندنی باڵا بە خوێندکاران دەبەخشێ .

* کارمەندانی کتێبخانەی ناوەندی زانکۆکانی بەغداو زانکۆی سەلاحەددین ، هەولێر، کە هیچ درێغییەکیان لەدابینکردنی سەرچاوەکانم نەکردووە .

* هەموو ئەو مامۆستاو هاوڕێ و بەڕێزانەی لە بەئەنجام گەیاندنی ئەم نامەیەدا هاوکارییان کردووم .

# پێشەکی

# ( پێشەکـــی )

لەگەڵ پێشکەوتنی ژیاری مرۆڤایەتی و دەرچوون لەبازنـەی داخـراوو ، گردنـەوەی چەندین دەروازەی فراوان لەبەردەم بوارەکانی مەعریفەو زانستە سروشتییەکاندا ، ئیدی بەقەد قورسایی بابەتەکان و ئاڵۆزیی ژیان پێویستی بوونی ژانری تازەی ئـەدەبی بووە بابەتێك ، تا ئەو ئاستەی ژانری چیرۆك بەهەموو جۆرەکانییەوە خۆی خستە نێو باوەشی ئەدەبیاتەوە ٠ ڕۆمان وەك بەرهەمێکی نوێی ئەدەبی لە ئەورووپادا دەرکەوت و پانتاییکی فراوانی بۆ خستنەڕووی ئەو کێشە کۆمەڵایەتی و دەروونییانەی کە لەڕێی کات و شوێن و تەکنیکی جۆراوجۆرەوە گوزارشتیان لێ دەکرا ٠

(لەدایکبوونی ڕۆمانی کوردی پێویستییەك بوو بۆ دەرخستنی ڕووبەری فراوانی ئـەو کێشەو بابەتانەی ، کە لـە سـەدەی بیستەمدا لـەنێو کۆمـەڵێك بارودۆخی کۆمەڵایـەتی و سیاسـی و دەروونیـدا دەیناڵانـد ، هـەر بۆیـەش لەگـەڵ لـەدایکبوونی ڕۆمـانی کوردیـدا لەسـەرەتادا وەك خـۆی فۆتۆکۆپی واقیعی میللـەتی کـوردی کردبـوو ، بـەڵکو زۆربەشـیان دەربڕی ئەو ئێش و ئازارو بەرگری بۆ مانەوەی تۆمارکردووە) [1] ٠

هەرچەندە ڕووداوەکان ئاڵۆزو پڕگرێ بن ڕووبەری نووسینی ڕۆمان دەتوانێت لەئاست کێـشەکاندا هەماهـەنگ بێـت ، هەنـدێ جـار لەشـاکارەکانی جیهانـدا ڕۆمـان دەبێتـە وێستگەیەك بۆ پێناسەکردنی زانستە مرۆڤایەتییەکان ، کە بەقەد زانایان ڕۆماننووسەکان دەتوانن لە زانستەکانی دەروونزانی و کۆمەڵناسی قسە بکەن ٠

ئەزموون و هۆشیاری نووسەران بەشێکن لەو گۆشە نیگایەی کە هەوڵ بۆ خستنەڕووی کێـشەو بابەتـەکان دەدەن ، هۆکـارو چارەسـەریش لـەنێو گفتوگـۆی کارەکتەرەکانیانـدا دەخەنەڕوو ٠ نووسەر ئاگاییکی باشی هەیـەو ، هـیچ کاتێـك لـەدەرەوەی کارەکتـەرەکانی ناژییت ، هەر بۆیەش خوێنەر بەرەو لای خۆی ڕادەکێشێ ٠ لەم بارەیەوە ڕۆبیرت گۆرهام دەیڤس دەڵێ (( خوێنـەری ڕۆمـان لەگـەڵ کارەکتـەرەکان بەشداره ، لەگـەڵ ڕووداوەکان تێکەڵە ، دەچێتە ناو تانوپۆو بن و بناوانی ڕۆمانەکـە ٠ خوێنـەر شـان بەشـانی نووسـەر دەڕوا بەڕێوە ، نووسەریش وا دەکا خوێنەرانی خۆی لەتـەك کارەکتـەرەکان و ڕووداوەکان تێوە بگلێنێ )) [2] ٠

---

[1] - سابیر ڕەشید ، ڕۆمانی کوردی و ڕەوتەکانی ڕۆمانی دونیا ، گۆڤاری ڕامان ، ژمارە ( ١٠٧ ) ، ٢٠٠٦ ، ل ١٣٨.

[2] - کۆمەڵێ نووسەر ، لەستایشی ئەدەبدا ، وەرگێڕانی شێرزاد حەسەن ، بڵاوکراوەی ئاراس ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر ، ٢٠٠١ ، ل ٤٦.

ڕۆمـان تێهەڵچونێکە لەگەڵ کات و شوێن و ڕەهەنـدە جیاوازەکانی کۆمـەڵ و ، ئـەو یادەوەریانەی کە لەمنداڵیدا بەهەموو وێنەو خەیاڵەکانییەوە نووسەر تێکەڵ بە ئەزموونی خوێندنەوەی خۆی دەکات و ، بەهۆیـەوە گوزارشت لـەڕابردوو دەکات بـۆ خوێندنـەوەی ئێستاو داهـاتوو ، زۆرجـاریش لـەپاڵ گۆشـە نیگـای نووسـین بـۆ تێگەیـشتن لـە ژیـانی ڕۆماننووس کۆمەڵێك زانیاری پێشکەش دەکات کە هەمیشە بۆتـە جێی سەرنجراکێشانی خوێنەرانی ٠

ڕۆمـان لـە ئـەدەبی کوردیـدا ڕەگـەزێکی تـازەو هاوچـەرخە ، چـونکە لـە سـاڵانی بیـستەکانی سـەدەی ڕابـردوودا سـەری هەڵـداوەو پاشتر دەسـتی بـە نەشـونماکردووەو ، سەردەمی زێرینی لە ساڵانی کۆتایی ئەو سەدەوە دەستی پێکردووە لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا ٠

زۆربەی لێکۆڵەرانی ئەدەب لەو باوەڕەدان ڕۆمـان باشترین ڕەگـەزکانی ئەدەبـەوە بـۆ بەرجەستەکردنی کێشەکانی لەبەر هەنـدێ هـۆی تایبـەت بـە خەسـڵەتەکانی ڕۆمـان وەك ڕەگـەزێکی ئـەدەبی ، هـەروەها لـەو بـاوەڕەدان ڕۆمـان باشـترین ئاوێنـەی ئەدەبییـە بـۆ خستنەڕووی کێشەکانی کۆمەڵ لە سەدەکانی ڕابردوو یـا سـەردەمی ژیـانی ڕۆماننووس ٠ بۆیە ئێمەیش بە پێویستمان زانی ڕۆمانەکانی عەزیزی مەلا ڕەش وەربگرین لەم نامەیەدا بۆ باسکردن و لێدوان لەمەڕ کێشەکانی کۆمەڵی کوردەواریی هاوچەرخمان ٠

عەزیزی مەلا ڕەش لە ئەزموونی ڕۆماننووسیندا خاوەن شەش دەقی ڕۆمانە کە ئەمانن : ( کوێخا سـێوێ /١٩٨٧ )و ( غـەوارە / ١٩٩١ )و ( خـاك و چەوسانەوە /١٩٩٨ )و ( خـاك و کێـشەی مـان )و ( لێقـەومان /٢٠٠٦ هەرچـەندە پێـشتر سـاڵی ١٩٩٢ لـە گۆڤـاری کـاروان بڵاوکراوەتـەوە )و ( گـورگ وەمەڕ/١٩ بـۆ مێـرد منداڵانـە ) ٠ ئـەم ڕۆماننووسـە یەکسەر هاتووەتـە نێـو مەیـدانی ڕۆماننووسـینەوە بـێ ئـەوەی پێـشتر لـە بـواری چیرۆکنووسـیندا ئەسپی خۆی تاوبدات ٠ هەروەها ئـەم ڕۆماننووسـە بـەوە ناسـراوە بـە ڕەچـەڵەك خـەڵکی ناوچەی کەندیناوەی سەر بە دەشتی قەرەچۆغە ، کەوا زیاتر بە ناوچـەیەکی کشتوکاڵی بەناوبانگە ، هەروەها ئەم ڕۆماننووسە بەوە ناوداره کەوا لە نووسینەکانی خاوەن زمانێکی تایبەت و فەرهـەنگێکی پـڕ لـە وشـەی لادێـی و فۆلکلۆرییـە ، جگـە لـەوەی خـاوەن جـۆرە ڕاسـتگۆییەکە لـە باسـکردن و خـستنەڕووی کێـشەکانی نێـو بابـەتی ڕۆمانـەکانی، بۆیـە بـە پێویـستمان زانـی ئـەم ڕۆماننووسـە وەربگـرین بـۆ خـستنەڕووی کێـشەکانی لادێـی کوردەواری ٠ لە نووسینی ئەم نامەیە تووشی هەندێ گیروگرفت بـووین ، وەك نـەبوونی سەرچاوەی زۆر لـەبارەی کۆمەڵناسی بە زمـانی کوردی و عـەرەبی ، جگـە لـە نـەبوونی

ژمارەیەکی لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی بە زمانی کوردی و عەرەبی لەبارەی کێشەی لادێو ڕەنگدانەوەی لە بەرهەمی ئەدەبی بە گشتی و ڕۆمان بە تایبەتی ٠

ئەم نامەیە بۆ ( کێشەکانی لادێ لە ڕۆمانەکانی عەزیزی مەلا ڕەشدا ) تەرخانکراوەو ، سنووری لێکۆڵینەوەکەشمان تەنیا ڕۆمانەکانی ئەم نووسەرە دەگرێتەخۆ بۆ شرۆڤەکردنی ئەو کێشەو بابەتانەی کە لەرۆمانەکانیدا هاتوون ، بەسوود وەرگرتن لە واقیعی کۆمەڵگای لادێی و ئەو سەرچاوانەی لەچوارچێوەی لادێ باسی کێشەکانی دەکەن ٠

هۆی هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوەکەمان پەیوەستە بەهەبوونی ئەو کێشانەی لە لادێکانی کوردستاندا دا بوونیان هەیەو تیشکیداوەتەوەو ، جێی خۆیەتی ڕۆشنایی لەم لێکۆڵینەوەدا ببینێ، بەتایبەتی لەنێو ڕۆمانەکانی عەزیزی مەلای ڕەشدا کەوا لەڕاستیدا تەواوی ڕۆمانەکانی پەیوەستن بە کێشەی لادێوە ٠

ئامانجمان لە لێکۆڵینەوەکەدا پەنجە خستنە سەر ئەو کێشانەیە کە لە واقیعی کۆمەڵگای لادێی کوردیدا هەبوون و لەڕۆمانەکانی ئەم ڕۆماننووسەدا بەرچاوخراون و ڕاستی و هۆکارو گرفتەکانیان بەپێی واقیعی مێژوویی دەربخەین ٠

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە چوارچێوەی ڕێبازی شیکاریی ڕەخنەیی و پراکتیکی ئەنجامدراوەو بە شێوەیەکی بابەتییانە کەرەستەکان پێشکەشکراون و پاشتر شیکراونەتەوە ٠

گیروگرفتەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیەشمان نەبوونی سەرچاوەی پێویستە لەبابەت واقیعی کۆمەڵگەی لادێی کوردی لەبواری کۆمەڵناسی و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی ، هەر بۆیە ناچاربووین پشت بەسەرچاوەی عەرەبی ببەستین لەبابەت کێشەی لادێ و نزیک کردنەوەیان لەکۆمەڵگای کوردی بەپێی خاڵە هاوبەشەکانی ٠

بایەخ و گرنگیی لێکۆڵینەوەکە لەوەدایە کە ڕووبەری نووسینەکەی خۆمان بۆ دەرخستنی ئەو کێشانە تەرخانکردووە ، کە بوونیان لە ئێستا و لە ڕابردوودا لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا هەبوون و ڕۆماننووسی کوردیش هاوشانی مێژوونووس وێنەی ژیانی کۆمەڵگەی لادێی پێناسە دەکات ، چونکە ڕۆمانی کوردی بەشێکی گرنگی لە کەرەستە و سەرچاوەکانی و ، خۆی لە ژینگەی لادێی هەڵێنجاوە ٠ نامەکە لە پێشەکییەك و سێ بەش پێکدێ :-

بەشی یەکەم ، کە بە ناونیشانی ( ڕۆمان ٠٠ چەمك و مێژووو ئەرك ) لە چەند تەوەرەیەك پێکهاتووەو ، لە تەوەرەی یەکەمدا کە بەناونیشانی چەمك و پێناسەی ڕۆمانە

هەوڵمانداوە هەندێ پێناسە لەبارەی ڕۆمانەوە پێشکەش بکەین بۆ خستنەڕووی چەمکی ڕۆمان وەك ڕەگەزێکی ئەدەبیی تازە لە ئەدەبی کوردیی هاوچەرخداو ، لە تەوەرەی دووەمدا کەوا بۆ مێژووی ڕۆمان تەرخانکراوە ، باسی مێژووی سەرهەڵدانی ڕۆمانی کوردی کراوەو ، تەوەرەی سێیەم بۆ باسکردنی ڕۆڵی شوێن و بەرجەستەکردنی لادێ لە ڕۆماندا تەرخانکردووە ٠

لەبەشی دووەمدا ، کە بە ناونیشانی( چەمکی لادێ و لادێنشینی )ە ، چەندین بابەتی تایبەت بەلادێ ، وەکو جۆرەکانی لادێ و جۆری خانووبەرەو پیشەی لادێ و پێکهاتەی لادیمان باسکردووە ٠

لەبەشی سێیەمیشدا ،کە بەناونیشانی ( کێشەکانی لادێی کوردەواری لە ڕۆمانەکانی عەزیزی مەلای ڕەشدا )یە ، وەك بەشێکی پراکتیکیە بۆ ئەو کێشانەی کە لەلادێی کوردیدا بوونیان هەیەو لەڕۆمانەکانیدا ڕەنگیانداوەتەوە ، وەکو کێشەی چەوسانەوەی ئافرەت و کێشەی نەزانین و نەخوێندەواری و کێشەی چەوسانەوەی جوتیار لە لایەن ئاغاوە بەنموونەی نێو ڕۆمانەکانی عەزیزی مەلای ڕەش باسمانکردووە ٠

لە کۆتایی نامەکەدا ، ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە و لیستی سەرچاوەکان و کورتەی نامەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتەڕوو ٠ هیواداریین ئەم نامەیە تیشکی تازەی خستبێتە سەر ڕۆمانی کوردیی هاوچەرخمان و ، ئومێدەوارین جێی ڕەزامەندی ئەندامانی لیژنەی تاوتوێکردنی ئەم نامەیەو خوێنەرانی بێت ٠

# بەشی یەکەم

١- چەمك و پێناسەی ڕۆمان

٢- مێژووی ڕۆمانی کوردی

٣- شوێن و لادێ لە ڕۆماندا

## ١-١ چەمك و پێناسەی ڕۆمان

بەکارهێنانی ڕۆمان وەکو زاراوە لەزمانی کوردیدا بۆ پێش بەرهەمەکەی ( محەمەد عەلی کوردی ) دەگەڕێتەوە [(١)] ، بەڵام بەرهەمەکەی ( محەمەد عەلی کوردی ) یەکەم بەرهەم بووە زاراوەی ( ڕۆمان ) ی لەسەر نووسراوە ٠ پاش ئەمانە یەکەم بەرهەم وەك کتێب لەسەری نووسرابێت ( ڕۆمان ) دەقی ( نازە ) ی ( ئیسماعیل ڕۆژبەیانی )ە ، کە لەسەر بەرگی کتێبەکەی نووسراوە ( ڕۆمان ) ، دوای ئەمە ساڵی ( ١٩٨٢ ) لە شاخ یەکەم کتێب کە لەسەری نووسرابێ ( ڕۆمان ) دەقی ( سەگوەڕ )ی موکرییە ٠

بێگومان ڕۆمان لەگەڵ نۆڤلێت بەڕای هەندێ لە پسپۆڕان لەدرێژی و کورتیدا جیاوازن ، واتە بۆ ئەوەی بزانرێت ، کە ئەو چیرۆکە ڕۆمانە یان نۆڤلێت ئەوا پێویستە سەیری قەبارەکەی بکرێت ، جا لەڕووی قەوارەی بچووکی و درێژییەوە چەند چەشنێکیان هەیە وەکو ( ڕۆمانی درێژ ، کورتە ڕۆمانی ، چیرۆکی کورت ، چیرۆکی درێژ ، کورتیلە چیرۆك) ٠ ڕەئوف حەسەنی ڕۆماننووس بۆ مەسەلەی ناونانی ڕۆمان یا کورتە ڕۆمان و نۆڤلێت لەوباوەڕەدایە کە(( پەخشانی هونەری لە چیرۆکی پەنجاو شەشەوە هەیە تا دەگاتە هەزاران لاپەرە تەنیا چوار پێنج ناومان هەیە بۆ ئەوەی کەمێك لەیەکدیان جودا بکەینەوە ٠٠ کورتیلە چیرۆك ٠٠ چیرۆکی کورت ٠٠ نۆڤلێت ٠٠ ڕۆمان ٠٠ ))[(٢)]

( شێرزاد حەسەن )ی ڕۆماننووس پێی وایە : (( نۆڤلێت لە کورتە چیرۆك درێژترە و لە ڕۆمانیش کورت ترە ، یان ئەوەتا بە ژماردنی وشەکانی نۆڤلێت لە ڕۆمان جیادەکەینەوە ، هەریەکەو ژمارەیەك وشە جیا لەوەی دیکەیان هەیەو ، لە ڕووی مێژووییشەوە ڕەخنەگران بیروڕایان وایە ، کە کورتە ڕۆمان لە ئەڵمانیا سەرچێ کەوتووە و گەشەی کردووە پتر لەهەر شوێنێکی دیکە ، بەڵام دیارە ئەمڕۆ لەزۆربەی شوێنەکانی دنیا کورتە ڕۆمان بازاڕی گەرمی هەیە و بەملیۆنەها خوێنەری لەدەوری خۆی کۆکردۆتەوە ))[(٣)] ٠

---

[(١)] حاجی قادری کۆیی یەکەم کەسە وشەی ( ڕۆمان )ی لەئەدەبی کوردیدا بەکارهێناوە ؛ هەروەکو لەم بەیتەدا دەڵێت:

لەدەوری ئێمە ڕۆمان و جەریدە

ئەگەرچی مەقصەدە ، زانینی باوە

بڕوانە : سەردار حەمید میران و کەریم مستەفا شارەزا - دیوانی حاجی قادری کۆیی - لێکۆڵینەوەو لێکدانەوە ، هەولێر ١٩٨٦ ، ل ١٠٦ ٠

[(٢)] - مێزگردی گۆڤاری رامان - نۆڤلێت لەدیدی نۆڤلێتنووسانەوە ، ژ/٥٠ ، ٥ی ئابی ٢٠٠٠ ، ل١٤٨.

[(٣)] هەمان سەرچاوە ، ل١٤٦.

وشه یان زاراوەی ڕۆمان لەچەند زمانێکی تازەی ئەوروپیدا بەکاردهێنرێ ، بەڵام وشەی ( novel ) لە زمانی ئینگلیزی کەهەر دەکاتە ڕۆمان بەشێوەیەکی کەمێك شێواوو ناجۆر لە وشەی ( novella )ی ئیتاڵییەوە هاتووە ، کە دەکا ( شتێکی بچووك وتازە ) ، هەڵبەتە ئەمرۆکە ئێمە لەزمانی کوردیی خۆماندا وشەی ( نۆڤلێت ) بەکاردەبەین کە دەکاتە کورتە ڕۆمان وەك دیارە هەم تازەیەو هەم بە بەراورد لەگەڵ ڕۆمان کورتتر و بچووکترە ٠

( ئەنوەر محەمەد تاهیر )ی ڕۆماننووس وچیرۆکنووس دوای بەراورد کردن لەنێوان ئەو دوو زاراوەیەدا لەوەڵامی تەوەرەی ( ڕامان )دا دەبێژێ (( نزانم گەلەك جارا لمەتێك دچێت بەراوردکردن لنا ڤ بەینا نۆڤلێت و ڕۆمانێ هندەك نۆڤلێتی بدەم و روویدا گریدەن کۆ دبیت ماوەیێ ڕوویدانا ژ سالەکێ کێمتر نەبێت ، بەلێ هەکە ئەم لدویف پێناسا ئنگلیزی بچین کو( novel ) چیرۆکادبێژە ئەلبەتە گەلەك ڕۆمان نڤێس هەنە نۆڤلێت نڤێسینە وەك - گابریل گارسیا مارکیز – ونۆڤلێتا ( کۆلۆنێلی کەسی نینە ژێرا کاغەزا بشینیت ) یان ( سەرهاتیا دەریا ڤانەکێ خندقی ) یان نۆڤلێتا ( سوورو ) یا سوومەرست دی یان ( باغچەی ئاژەلا ) یا جۆرج ئۆریل گەلەك ڕۆمانا- پێرمێردو زەریا – یا همنگوای بە نۆڤلێت دان چونکی ماوەیێ وێ کێمە ئەو ژی دەست پێ دکەت دەمێ سانتیاگو – دچیتە ناڤ دەریای تا دزڤرێتەڤە ئەو ماسیيا ڕاڤەکری – قرشایاخاری هەر هۆسا گەلەك عەرەب وکورد هەنە چیرۆك یانڤیسای و نۆڤلێت ژی نڤێسایە ))[1] ٠

هەروها ( جەبار جمال غەریب )ی ڕۆماننووس وچیرۆکنووس دەڵێ (( هۆکاری سەرەکی سەرهەڵدانی نۆڤلێت زمانە ، زمان و بەس ، ئەو زمانەی نۆڤلێتی پێ دەنووسرێ هەمان زمانی شەفافی نۆڤلێت نییە ، هەرگیز مەودای ئەوە نییە ڕۆمانێکی دووسەد یا سێ سەد لاپەڕەیی بەو زمانە پڕ سیحرو ( ئاینەی ) نۆڤلێت بنووسرێت ، ئەو زمانەی نۆڤلێت کە لە چرکەی نووسیندا دەخولقێت ڕۆمانی پر کێشەو ڕووداوی پێ نانووسرێ ، هەرچەندە ناونان لای من هیچ بایەخێکی نییە ، بەڵام کاتێك نۆڤلێت هەموو دەلالەتەکانی ڕۆمان لە مانایەکی دیکەدا هەڵدەگرێ ڕۆمانە ، یان دەکرێ بڵێین هەر ناونانی نۆڤلێت هەڵەیەو و نۆڤلێتیش ڕۆمانە ، بە زمانێکی چڕتر کە ئەو چڕی و فرە مەودایيەی زمان بواری ئەوە نادات نووسەر هەروا بە ئارەزوو سەدان وشە بۆ دەربرینی حاڵەتێك بەکاربێنێ و لەئەستوربونی کتێبەکەی بەخەرجیان دات ، دەشێ نۆڤلێت ئەو ڕۆمانە شیکە بێت کە لەگەڵ دنیا خۆی نوێ دەکاتەوە ))[2] ٠ واتە بەلای جەبار جەمال غەریبی ڕۆماننووسەوە

---

[1] - سەرچاوەی پێشوو ، ل١٤٤.

[2] - هەمان سەرچاوە ، ل١٤١.

یەكلاكردنەوەی ئەو مەسەلەیە بۆ بونیادی زمان و زمانەوانییەكەی دەگەڕێتەوەو ، بەلای ئەوەوە زمان ئەو كێشەیە یەكلادەكاتەوە ، كە ئەو دەقە چیرۆكە یا ڕۆمانە یان نۆڤلێتە ، بەڵام ناسر وەحیدی پێی وایە بارستایی و قەوارەی چیرۆكەكە ئەو كێشەیە یەكلادەكاتەوە هەروەك دەڵێ : (( ئیستا چیرۆكیش لەبارەی قەوارەوە خەریكە بوزو ناحەز دەبێ زۆر دەمێكە چیرۆك( نۆڤلێت ) جێی بۆشایی ڕۆمانگەلێكی چەند بەرگی چەشنی ( سێ تفەنگدار – ئەلكساندرۆما ) و ( گەوجە – داستایۆفسكی ) و ( دۆنی ئارام – شۆلۆخۆف ) و ( گیانی شەیدا – لۆمەن رۆلان ) و ( كەلیدەر –دەولەت ئابادی ) و ( ئاگر بەبێ دوكەڵ – نادر ئیبراهیمی )•• پركردۆتەوە • چیرۆك ( نۆڤلێت ) ئەگەر وەك نووسراوەیەكی ئەدەبی لە ڕۆمان كورتترو لە كورتە چیرۆك درێژتر لەبەر چاوبگرین ، هەروەك ئەوەی كە لە قاموسگەلی ناوداریری جیهان ( وبیستر ،كارك بیسكسون و ئاڕتورگینز ) لەبەرچاوگیراوە ، هەرچەندە كە لە زۆر زاراوە گەلی ئەدەبی جیهانی ، بۆ ڕۆمان ، چیرۆك و كورتە چیرۆك یەك مانا دانراوە ، ئەوەی كە گرنگە لێرەدا باری ناوەرۆك و ناوئاخنی ئەم شێوە چیرۆكانەیە •• كە دەبێ تایبەتمەندی ڕۆمان و كورتە چیرۆكیان هەبێ ، بەڵام ئەم تایبەتمەندیانە كامانەن؟ ••[1]

هەرچی حەسەن سلێڤانی چیرۆكنووس و شاعیر لەو مێزگردەی گۆڤاری ( ڕامان )دا سەبارەت بە نۆڤلێتی كوردی سازی دا لەو باوەڕەدایە كە (( نۆڤلێت نڤیسینی ، بیافێ وێ برفر هترە ، ڕەنگەكێ شارستانێی هەڤچەرخ ژ ڕۆمانێ زایە ، خوە ب چ تیتال و ڕەوشێنی نەلڤ نا گرێدەت ، نڤیسەرێ وێ خوە دبینیت ئازادو بەردایی ، ڕویدان و كەس و پەهلەوان دێ ب تەمامی هێتە خواندن ، ئیتر ڕۆژا نۆڤلێتێ یە ))[2] •

( محەمەدەمین ئەحمەد )ی چیرۆكنووس بەتێڕوانینێكی گشتگیرو گەردوونییەوە ئاستی ڕۆمانی خستووەتە ڕوو بە ڕووگەیەكی گەردوونی سەیری ڕۆمان و نۆڤلێتی كوردی دەكات و دەڵێ: (( ڕۆمان و نۆڤلێت حالەتێكی بەردەوامبوونی بوونە ، ڕۆمان بەهرەو ڤانوون و تەكنیك و بیرو هۆش و واقیع و سەرووی واقیع و سەرووی دڵ و دەروون و ڕووحیش دەگرێتەوەو كەی ئەو ڕۆمان نۆڤلێتە گەردوونییە ، كەوتەوە ، ئەوا دەبێ وەرگرو ڕەخنەگریشی لەئاستی ئەو داهێنانە دابن.. ))[3] •

---

[1] - سەرچاوەی پێشوو ، ل١٤١.

[2] - هەمان سەرچاوە ، ل ١٤٤.

[3] - محەمەدەمین ئەحمەد - چەند جیاوازیەكی نێوان ڕۆمان و جۆرەكانی دیكەی ئەدەب ، گۆڤاری كاروان ، ژ/ ١٥٥ ، ساڵی ٢٠٠١ ، ل ١١٨.

د٠ عادل گەرمیانی لە توێژینەوەیەكیدا بەناونیشانی ( چەند جیاوازییەكی نێوان ڕۆمان و جۆرەكانی دیكەی ئەدەب ) دا ئەم كێشەیە بەم شێوەیە چارەسەر دەكات و دەڵێ : (( قەوارەی كورتیلە چیرۆك ( ٥٠٠ ـ ١٥٠٠ ) وشەیەو قەوارەی چیرۆكی كورت ( ٥ ـ ٦ ) هەزار وشەیەو ، قەوارەی چیرۆكی درێژ ( ٢٠ ـ ٣٠ ) هەزار وشەیە ، قەوارەی ڕۆمان چەند هەزار وشەیە ، قەوارەی ڕۆمانی كورت ( ٤٠ ـ ٦٠ ) هەزار وشەیەو قەوارەی ڕۆمانی درێژ لەوانەیە زیاتر لە ( ٢٠٠ ) هەزار وشەبێت ، بۆ نموونە ڕۆمانی ( شەڕو ئاشتی ) تۆلستۆی ( ١٨٢٨ ـ ١٩١٠ ) بریتییە لە زیاتر لە ( ٦٠٠ ) هەزار وشە ٠٠ ))[1] ٠

حەیات سەعید عەبدولكەریم لە ماستەرنامەكەیدا كە بە ناونیشانی ( نۆڤلێت لە ئەدەبی كوردیدا ـ ١٩٧٠ ـ ٢٠٠٠ )ە دەگاتە ئەو ئەنجامەی دەڵێ (( تیۆریستانی ئەدەب و ڕەخنەگران لەمشتومڕدان دەربارەی درێژی ڕۆمان ( نۆڤڵ ) و كورتە ڕۆمان ( نۆڤلێت ) چ دەقێك ڕۆمانەو چی تریش نۆڤلێتە ، یا كورتە چیرۆكە ئەمانە هەمووی جێی پرسیارن ، وا دیارە یاساو دەستوورێكی كەم لەئارادایە بۆ جوداكردنەوەی ئەم ژانرە ئەدەبیانە ، بەڵام بەشێوەیەكی گشتی لەپرۆسەی نووسیندا زۆربەی تیۆریستانی ئەدەب لەو ڕایەدان كە ڕۆمان واتە نۆڤلێتیش كە بەكورتە ڕۆمان یاخود چیرۆكێكی درێژ وەسفی دەكەن لەڕووی درێژییەوە لەنێوان ڕۆمان و كورتە چیرۆك دایدەنێن یاخود بە واتایەكی تر نۆڤلێت درێژترە لەكورتە چیرۆك و كورترە لەڕۆمان ))[2] ٠

بەلامانەوە تەنیا ژمارەی وشەكانی نێو جۆرەكانی چیرۆك و ڕۆمان بەس نییە بۆ خستنەڕووی جیاوازی نێوانیان ، بەڵكو سروشت و مەودای جۆرەكانی كات و شوێن و ڕووداو ، هەروەها ژمارەی پاڵەوان و كەسێتییە سەرەكی و لاوەكیەكانی نێو ئەم جۆرە دەقانە ڕۆڵ و بەهای تایبەتی خۆی هەیە بۆ جیاكردنەوەیان ٠٠

ڕۆمانی كوردی لەم ڕۆژگارەدا وەك ژانرێكی ئەدەبی خاوەن خود و كەسایەتی خۆیەتی و ، لە توانادایە دەست بخرێتە سەر خەسڵەت و توخمە سەرەكییەكانی ، ئەویش لەبەر ئەوەی لە ئەدەبی كوردیی هاوچەرخدا ئەمەندەی گرنگی بە ڕۆمان دراوەو میللەتی كورد لەڕووی ڕۆماننووسینەوە ئێستاشی لەگەڵدا بێت خاوەن خەرمانی ڕۆمانی خۆیەتی و ، دەتوانین چەند خاسیەتێكی ڕۆمان دەستنیشان بكەین ، بۆ نموونە دەتوانین بڵێین ڕۆمانی

---

[1] ـ د٠ عادل گەرمیانی - چەند جیاوازییەكی نێوان ڕۆمان و جۆرەكانی دیكەی ئەدەب ، گۆڤاری كاروان ، ژ/ ١٥٥ ، ساڵی ٢٠٠١ ، ل ١١٨.

[2] ـ حەیات سەعید عەبدولكەریم - نۆڤلێت لە ئەدەبی كوردیدا ( ١٩٧٠ ـ ٢٠٠٠ ) ، نامەی ماستەرە پێشكەشی كۆلێجی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەكانی زانكۆی سەلاحەدین كراوە ، ٢٠٠٥ ، ل٣٠.

کوردی لەم ڕۆژگارەداو بەتواناو کۆششی چەندین ڕۆماننووس بووەتە دەفرێکی زمانەوانی و چەندین ڕۆماننووسی داهێنکاری تێدا ئەنجامداوەو ، چەندە وشەی ڕێك و ڕەسەنیشیان تێچراندووە کە لەپێشدا ئەو وشانە لە فەرهەنگی کوردیدا دەرنەهێنرابوون واتە نەچووبوونە چوارچێوەی نووسینەوە ٠ دەتوانین بڵێین ڕۆمانی کوردی خزمەت بە زمان دەکات ، هەروەها ئامادەگی لادێ و گوندەکانی کوردەواری بە تایبەتی لە ڕۆمانەکانی عەزیزی مەلا ڕەشدا ڕووبەرێکی باش لە ڕۆمانی کوردی دەگرێتەوە ، کەچی لەگەڵ ئەمانەشدا دەبینین چەند دەقێکی ڕۆمانی کوردی هەر لە بازنەی چەمك و مانا ڕۆژاواییەکاندا دەخولێتەوە ، ئیدی هەروەك سابیر ڕەشید دەڵێ (( ئەگەرچی ڕۆمان وەك ژانرێکی ئەدەبی سەرچاوەکەی ئەوروپایە ، بەڵام ئەوە مانای وانییە کە ڕۆماننووسی ئێمە بێن وەك ئەوان بنووسن و لاسایی ئەوان بکەنەوە لە هەردوو لایەنی فۆرم و ناوەڕۆکەوە ))[١] ٠

بەڵێ بەهیچ شێوەیەك ناکرێ ئێمە بە ئەزموونی ڕۆماننووسی نووسەرە دیارەکانی فەرەنسا و بەریتانیاو ئەمریکای لاتینی دەقەکانمان بنووسینەوە ، پێویستە ئێمە ئەزموونی ڕۆماننووسی خۆمان و کۆشەنیگاو بینینی خۆمان لە ڕۆمانەکانماندا بخەینەڕوو هەروەك عەتا قەرەداغی دەڵێت (( ڕۆمانی کوردی لەسەر ئەم زەمینە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییە سەری هەڵداوە ، هەر بۆیە هەق وایە لەپێوانەو هەڵسەنگاندندا ئەو زەمینەیە حیسابی بۆ بکەیت ، چونکە ناکرێت ئەوە لە نووسەرێکی کورد بخوازین کە بە عەقڵ و جیهانبینی نووسەرە دیارەکانی فەرەنساو بەریتانیا بنووسن ))[٢] ٠ هەروەها بەختیار عەلی لەبارەی گرنگی داهێنان بۆ ڕۆمانی کوردی دەڵێت : (( ئەگەر دەقی کوردی توانی لە هەموو ئەو دەقانەی کە لەبەردەمیدا هەیە - دەقی تایبەتی خۆی دروست بکا بەسەرلەنوێ هەڵوەشاندنەوەی گەردیلەکانی دەقە جیاوازەکان و بونیادنانەوەی بە گوێرەی هاوکێشەی نوێوە ، ئەوا ڕێگا لەبەردەم سەردەمی ڕۆماندا کراوەیە ، واتە ئەگەر وەك ئەوەی ( لوران جینی ) ناوی ناوە ( کردەی گۆڕان و نواندنی چەند دەقێك و دەقی سەرەکییەکە زیادکردنی مانا بۆ خۆی بهێڵێتەوە ) بتوانێ بهێنێتەدی و ، کۆسپەکانی سۆسیۆ - ڕۆشنبیری بۆ هێنانەوەی ئەم ئەرکەو چوونە ناو جەنگێکی پێوەندی و دابڕان لەگەڵ دەقە جیاوازەکاندا زۆر لەوە گەورەترە ، کە ئێمە دەیخەینە بەرچاوی خۆمان ، دەقی ڕۆمانی کوردی لەدایك نابێت تەنیا لەو کاتەدا نەبێ ، کە دەقە جیاجیاکان

---

[١] - سابیر ڕەشید - ڕۆمانی کوردی خوێندنەوەو پرسیار ، ل ١٥.

[٢] - هەمان سەرچاوە ، ل١٥.

بەجەستەیدا ڕەت دەبن ( کە پێویست بە کردەی ڕۆشنبیرکردنی سەرتاپا گیر دەکات ) ، بۆ جەستەکەی کە لە دەقەکەیدا بەو دەقانە دەچێت کە پێیدا تێپەڕبوون ••• بەمجۆرە ڕۆمانی کوردی وەك پرسیارێك دەمێنێتەوە کە بەناو جەستەی ئەم تارماییە ترسناکەدا ڕەت دەبێت ، تارمایی ژیان و ڕووداوەکان ، هەروەها جەستەی دەقە بێ کۆتاییەکان ))[1] •

کەواتە دەشێ بڵێین کە تا هەنووکە تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانی کوردی ڕوون نەبۆنەتەوە هەرچەندە هەندێك لە خەسڵەتەکانی بەدەرکەووتوون ، بەڵام بەگشتی هێشتا کاتی ئەوە نەهاتووە کە تایبەتمەندییەکان ڕوون و بەرجەستە بن ، چونکە خاوەن ئەزموونێکی کەمین لە بواری ڕۆماننووسیندا •

وڵاتی سۆڤێتی جاران مۆرکی تایبەتی خۆیان لەڕۆماندا هەبووە ، بە تایبەتی ئەو ڕۆمانانەی کەسەر بەبۆچۆنی دەوڵەتە سۆشیالیستەکان بوون مۆرکی پاڵەوانی ئیجابیان لەخۆیاندا هەڵگرتبوو ، ئەویش بەپێی ئەو ئایدۆلۆژیاو پرەنسیپانەی پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەر هاتە کایەوە ، کە ئەدەب و شاکاری ئەدەبیی ئەوتۆی دروستکرد سەر بەو ئایدیاو هزرە بوون کە شۆڕشی ئۆکتۆبەر خوڵقاندی • پاڵەوانەکانی ئەمجۆرە ڕۆمانانە بزوێنەری چینە چەوساوەکانی کۆمەڵگان و ڕۆڵێکی گەلەك ئیجابی دەگێڕن لە قوربانیدان و خزمەتکردنی کۆمەڵ و بەرەودان بە ڕەوشە کۆمەڵایەتییە گشتییەکان ، بەتایبەتیش ڕۆمانی ڕووسی کە ئەم ڕەوشانە و یاخود ئەم مۆرکانەی بەچڕی تێدا بەدی دەکرێت • بەمجۆرە دەتوانین بڵێین ڕۆمانی ڕووسی خاوەن مۆرکی خۆی و تایبەتمەندێتی خۆیەتی چ بەو چەمکانەی شۆڕشی ئۆکتۆبەرو چ بەچەمکەکانی دی ، پێشهات و گۆڕانکارییەکانی دی لەسەر گۆڕەپانی گۆڕانکارییە هەمە جۆرەکانی دی • هەروەها ڕۆمانی ئەمریکای لاتینیش تایبەتمەندی خۆی هەیە ، کە لە ڕیالیزمی سیحریدا بەرجەستە بووەو مۆرك و خەسڵەتی تایبەتی خۆی هەیەو ، بەهیچ شێوەیەك لاسایی ڕۆژئاواشیان نەکردۆتەوە •

ئێمەی کورد پێویستیمان بە فۆرمەلەکردنی ڕۆمانێك هەیە کە ژین و ژیانی کوردەواری تێدا بەرجەستە ببێت ، ئێش و ئازاری کوردی تێ بترێنجرێت ، هیواو ئاواتەکانی میللەتەکەمان ڕەنگی تێدا بداتەوە ، بۆ ئەوەی خاسیەت و تایبەتمەندی خۆمان هەبێت لەم بارەیەوە سابیر ڕەشید دەڵێ (( ئێمەی کوردیش گەنجینەیەکی لەبن نەهاتوو و نەنووسراومان هەیە لە کەلەپووری میللی و داستان و ئەفسانەکانمان ئەوەندە جوان و بەهێز و بەلەزەتن هیچیان لەهی دنیا کەمتر نییە ، بۆیە دەتوانرێ ڕۆماننووسەکانی

[1] - سەرچاوەی پێشوو ، ل١٧.

ئێمەش سوودی لێ وەرگرن ، بەڵام گواستنەوە نا ، بەڵکو مەزراندنی هونەری لەناو سیحرو فانتازیاو شیعریەتی زماندا ٠٠ بۆیەش دەبێ ڕۆماننووسەکانمان هان بدرێن کە واقیعی ئێمە چۆنە ئاوا ڕەفتار لەگەڵ ژانری ڕۆماندا بکەن و دەتوانن ئەوانیش لەگەڵ کەلەپووری خۆماندا دەستەملانێ بن و تێکەڵ بەخەیاڵ و جیهانبینی ڕۆماننووسەکانمان بکرێن و پێویستە ڕۆماننووسی کورد واز لەلاسایی کردنی ڕۆمانی ئەورووپاو ئەمریکای لاتینی بێنێت و دەبێ لەژێر پاڵتۆی نووسەرانی ئەمریکای لاتینی و فەرەنسی بێنە دەرەوە دەبێ لەهەموو دنیادا ئەگەر ڕۆمانی کوردی وەرگێڕدرا بۆن و تام و ڕەنگی خۆی ببەخشێ نەك لاسایی ، چونکە ئەوان ئەگەر هەر لاسایی خۆیان بۆ وەربگێڕێت بۆ چیانە ))[1] ٠ کەواتە بادەست بدەینە تاووتوێکردنی کەلتورو مێژوو ژیان و ژیاری خۆمان و موفرەدانی شیاوو لەباری لێ هەڵگۆزین بۆ فۆرمەلەکردنی دەقی بەپێزی خۆمان لەگەڵ چیرۆك و ڕۆمانی ئەدەبیاتی ڕەسەنی خۆماندا ٠

[1] - سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٧.

## ١.٢ : مێژووی ڕۆمانی کوردی

کۆششەکانی نووسینی ڕۆمانی کوردی بۆ ساڵانی بیستەکانی سەدەی پێشوو دەگەڕێتەوە ، گەر باس لەکوردستانی عێراق بکەین یەکەم دەسنووسی ڕۆمان کورتە ڕۆمانی ( مەسەلەی ویژدان )ی ئەحمەد موختار جافە ، کە لە ساڵی ( ١٩٢٧ ـ ١٩٢٨ )دا نووسیویەتی ٠

بیروڕاو بۆچوون دەربارەی ئەم کورتە ڕۆمانە زۆرە ، چونکە هەندێك لەپسپۆڕانی چیرۆکی کوردی بەچیرۆکی درێژی دادەنێن ، هەندێکیش هەر مکوڕن لەسەر ئەو ڕایەی کە ئەمە یەکەم دەسنووسی ڕۆمانی کوردییە ٠ پاشان لە ساڵی ( ١٩٣٦ )دا ڕۆمانە تەواو نەکراوەکەی محەمەد عەلی کوردی دێت و ناونیشانەکەی( نازدار، یا کچی کورد لەلادێ )یەو بەزنجیرە تەنیا سێ ئەڵقەی لە گۆڤاری ( ڕوناکی ) لێ بڵاوکراوەتەوە ٠

ڕۆمانی کوردی لەچاو ڕۆژئاوادا درەنگ لەدایکبووەو ڕەوتیشی سست و لەسەرخۆیەو ، گەر قۆناغ بەندیشی بۆ بکرێت بەم شێوەیەی لێ دێت:ـ

١ـ قۆناغی دروست بوون و کۆششە بەراییەکان ( ١٩٢٧ ـ ١٩٨٤ )

٢ـ قۆناغی دامەزراندن و گەشەکردن ( ١٩٨٥ ـ ١٩٩٠ )

٣ـ قۆناغی پێشکەوتن و نوێبوونەوە ( ١٩٩١ ـ تاکو ئێستا )

بەپێی ئەو قۆناغبەندییەی سەرەوە نیوەی دووەمی دەیەی هەشتاکان بە ساڵانی نەشونماکردنی ڕۆمانی کوردی هەژمار دەکرێت و ، لەو ماوەیەدا لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە ڕۆمانی کوردی پێشکەوت و بووژانەوەی ڕاستەقینەی بەخۆیەوە بینی ٠ ئیبراهیم قادر محەمەد لە ماستەر نامەکەیدا ( ڕۆمانی کوردی لە عێراقدا ) بەهەمان شێوە دەیەی دووەمی هەشتاکان بە سەردەمی بووژاندنەوەو گەشەکردنی ڕۆمانی کوردی لەقەڵەم دەدات [١] ٠ هەروەها عادل گەرمیانی لە ماستەر نامەکەیدا ( ڕیالیزم لەڕۆمانی کوردیی هاوچەرخ لەعێراقدا ) بەهەمان شێوە نیوەی دووەمی هەشتاکانی سەدەی پێشوو بەدەستپێکی سەردەمی زێڕینی ڕۆمانی کوردی لە کوردستانی عێراقدا دادەنێت و ، لەم بارەیەوە دەڵێ (( ئەمجۆرە هەنگاوە سست و کیسەڵانەی ڕۆمانی کوردی لەعێراقدا تا ساڵی ( ١٩٨٦ ) بەردەوام بوو ، پاشان سەردەمی زێڕینی دەستی پێکردو لەماوەی ساڵانی ( ١٩٨٦ ـ ١٩٩٥ ) دا شانزە ڕۆمان بەچاپ گەیەنراوە ))[٢] ٠ ئیدی لەبەر بارودۆخی سیاسی

---

[1] - ئیبراهیم قادر محەمەد - ڕۆمانی کوردی لەعێراقدا ، نامەی ماستەر، کۆلیجی ئاداب ، زانکۆی سەلاحەدین ، ١٩٩٠ ، ل ٢٠.

٢ - عادل مەجید محەمەد گەرمیانی - ریالیزم لەڕۆمانی کوردیی هاوچەرخ لەعێراقدا ، نامەی ماستەر، کۆلێجی پەروەردە ـ ئیبن ڕوشد ـ ی زانکۆی بەغدا ، ١٩٩٦ ، ل ٢٨.

ئەو کاتە عادل گەرمیانی لای بەلای ڕۆمانەکانی شاخدا نەکردۆتەوە ، وەکو ڕۆمانی ( سەگوەڕ )ی محەمەد موکری ساڵی ١٩٨٢ لەشاخدا چاپکراو بەشی یەکەمی ڕۆمانی ( هەرەس )یش ساڵی ( ١٩٨٥ )دا لەچاپدراو هەر لەو ساڵەشدا ڕۆمانی ( تۆڵە )شی بڵاوکرایەوەو ، ساڵی ( ١٩٨٧ ) یش بەشی دووەمی ڕۆمانی ( هەرەس )ی بەچاپ گەیەنرا ٠ جگە لەم ڕۆمانانە هەر لەشاخدا ساڵی ( ١٩٨٩ ) ڕۆمانی ( کۆچی سوور ) ی حەمە کەریم عارف و کورتە ڕۆمانی ( کێوی مەزن)ی کاروان عەبدوڵڵا بڵاوکرانەوە ، شایانی باسە ڕۆمانی ( سەگوەڕ ) ی محەمەد موکری گفتوگۆیەکی زۆری لەسەرکراو ، بووە هۆی بەرەو پێشچوونی ڕەخنەی ئەدەبی ٠

د٠ مارف خەزنەدار لەبارەی ڕۆمانی کوردی دەڵێ: (( زاراوەی ڕۆمان لە ئەدەبی کوردیدا لە عێراق دەرکەوت بێ ئەوەی یەکچوونێکی تەواو لە هەموو مەرجەکانی ڕۆمانی جیهانی لەو بەرهەمانە بەدی بکرێت کەوا دانەرەکانی بەڕۆمان دادەنێن ، لێرەدا شتێکی سوودمەندە بڵێین ئەو بەرهەمە ئەدەبیانە کە لەلایەن نووسەرەکانی بە ڕۆمان دانراون سەرەتایەك و تاقیکردنەوەیەك بوون بۆ دەرکەوتنی ڕۆمان ٠٠٠ ئەم قسەیەش هەندێ بەرهەم ناگرێتەوە ، وەکو ( ژانی گەل ) ، هەروەها ڕۆمانەکەی مارف بەرزنجیش ناگرێتەوە کە بزربووە ))[1] ٠

ئێمەیش بە لامانەوە گەشەسەندنی ڕۆمانی کوردی دەکەوێتە دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو ، چونکە ئەو مێژووە بە دەیەی نەشونماکردنی ڕۆمانی کوردی دادەنرێت ، ئەویش لەبەر ئەوەی دەیان ڕۆمان و کورتە ڕۆمان و چەندین ڕۆمانی بەناوبانگی جیهانی وەرگێڕدرانە سەر زمانی کوردی ، جگە لەوەی کە مقۆمقۆو باس و خواسێکی زۆر چڕو پڕ لەم دەیەدا لەبارەی بوون و نەبوون و چەندێتی و چۆنێتی ڕۆمانی کوردی هاتە ئاراوەو ، زۆربەی زۆری نووسەرانی کوردیش لەم ڕادەربڕین و ڕەخنەو تەوەرانەی لەمەڕ ڕۆمانی کوردی بەشداربوون بەتایبەتیش ڕاپرسییەکەی عەبدولڕەحمان پاشا ، کە لە چەند ئەڵقەیەکدا بەزمانی عەرەبی بەناونیشانی ( هل بدأ عصر الروایه الکردیه؟! ) لە ڕۆژنامەی ( العراق )دا بڵاوکرایەوە[*] ٠

لەم ڕاپرسییەدا ژمارەیەکی بەرچاو لەڕۆماننووس و چیرۆکنووس و نووسەرو ڕۆژنامەنووسان ڕای خۆیان دەربارەی بوون و نەبوونی ڕۆمانی کوردی و پێوانەی لەگەڵ

---

[1] - سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٣.

★ - عبدالرحمن الباشا - هل بدأ عصر الروایه الکردیه؟! ئەڵقەی یەکەمی لە ژمارە (٣٩٦٠ ) ی ڕۆژی ٢٤-١ – ١٩٨٩ ی ڕۆژنامەی ( العراق ) بڵاوکراوەتەوە ٠

ڕۆژئاواو سەرەتاو ئاستی ڕۆمانی کوردی دەربڕی ، دواییش لەساڵی ( ١٩٩٤ ) دا لەئێران بەناونیشانی ( الروایە الکردیە ) لەشێوەی کتێب چاپیکردو ساڵی ( ٢٠٠١ ) یش هەرهەمان کتێب و بەزمانی عەرەبی و لە گەڵ زیادەو پێشەکی ( د. مارف خەزنەدار ) جارێکی دیکە بەچاپێکی جوان لەدەزگای ئاراس لەچاپدرایەوە ، کە بێ گومان ئەمەش سەرچاوەیەکی باشە بەتایبەتی ئەوانەی جگە لەزمانی کوردی ، دەیانەوێ دەربارەی ڕۆمانی کوردی شارەزا بن[١] • ئەمەو زۆر نووسینی دیکەش لەبارەی ڕۆمانی کوردییەوە نووسران ، چ لە گۆڤارو ڕۆژنامەو بڵاوکراوەکانی شاخ و لە چاپەمەنییە هەمە جۆرەکانی دی ، وەکو گۆڤارو ڕۆژنامەو کتێب و بڵاوکراوەکانی شارەکانی کوردستان و لە زۆر وڵاتانی هەندەرانیش، بەتایبەتی لە ( سوید ) ڕەوشێکی ڕۆشنبیری و چاپەمەنی پەیدابوو لەوێش کەم تا زۆر لەبارەی ڕۆمانی کوردی و لێدوان لەڕۆمانەکانی بەرهەمهاتوو ڕەخنەو وتووێژ لەسەر چەندین ڕۆمانی کوردی نووسران •

لە هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا ڕۆمانی کوردی قەڵەمبازێکی مەزنی بەخۆیەوە بینی بەتایبەتیش لەچاپدانی ژمارەیەك لە ڕۆمانی کوردی ، جگە لەشارەکانی کوردستان ، لە شاخیش چاپ دەکران و بڵاودەکرانەوە ، بگرە هەر لەوێشەوە گفتوگۆو ڕەخنەی لەبارەوە سازدەکرا ، بەتایبەتی لەسەر ڕۆمانی ( سەگوەڕ )ی محەمەد موکری و ، بەهۆیەوە نامیلکەو ڕەخنەو نووسین و گفتوگۆی ئەدەبیانەو ڕەخنە ئامێزی زۆری لەسەر کراو ، محەمەد مەولود مەم بە ڕۆمانی ( کاروان و سەگوەڕ ) وەڵامی ڕەخنەی ڕامیاری و توانجەکانی نێو کورتە ڕۆمانەکەی موکری دایەوە ، بەڵام ئەم وەڵامدانەوەیە پاش ڕاپەڕین چاپکرا[٢] • ئیدی لەناوەندی ساڵانی هەشتاکانەوە ئەم ڕۆمانانە چاپکران :-

ڕۆمانی ( شار / بەرگی یەکەم ـ حوسێن عارف ـ ١٩٨٦ ) ، ( کوێخا سێوێ عەزیزی مەلا ڕەش ـ ١٩٨٦ ) ، ( کانگای بەلا ـ حسام بەرزنجی ـ ١٩٨٨ ) ، ( توانەوە ـ غەفوور ساڵح عەبدوڵلا ـ ١٩٨٨ ) ، هەروەها کورتە ڕۆمانی ( ماڵئاوا گوڵی خەم ) ی هیمداد حوسێن لەساڵی ١٩٨٨ چاپکرا ، کە یەکەم دەقی ڕۆمانە لەسەری بنووسرێ ( کورتە ڕۆمان ) ، هەروەها لەساڵی ( ١٩٨٩ ) ش چەندین ڕۆمانی دیکە لەچاپدران و ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ، کە ڕۆمان وەکو ژانرێکی ئەدەبی جێ پێی خۆی بە تەواوی لە دونیای ئەدەبی کوردیدا قایم بکات • ئەوە بوو ڕۆمانی ( کوردەرە ) ی خوسرەو جاف و ڕۆمانی ( هەڵکشان

---

١ – عبدالرحمن الباشا – الروایة الکردیة ، منشورات ئاراس رقم ( ١٠٦ ) ، مطبعة وزارة التربیة ، أربیل ، ٢٠٠١.

٢ - محەمەد مەولوود مەم ، کاروان و سەگوەڕ ، ڕۆمان ، چ/ ١ وەزارەتی پەروەردەی هەولێر ، ٢٠٠٣.

بەرەو لوتکە ) ی عەبدوڵڵا سەراج و ( بوهزین ) ی د. نافیع ئاکرەیی لەم ساڵەدا چاپکران، جگە لەوەی عەزیزی مەلا ڕەش ڕۆمانێکی بە زمانی گیانداران تایبەت بە مێرد منداڵان نووسی و ناوی ( گورگ و بزن ) ی لێ نا و ، ئەم ڕۆمانانە زۆر قسەو باس و لێکۆڵینەوەیان لەسەرکراو ، لاپەڕەکانی زۆر لەڕۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوەی جۆراوجۆریان پێنەخشێنراو ، لەو گۆڤارو ڕۆژنامانەی کە بوونە پێگەی ئەم ڕەخنەو گفتوگۆیانە: گۆڤاری ( ڕۆژی کوردستان ) و ( پاشکۆی عێراق )و ، لەشاخیش گۆڤارەکانی ( نووسەری کوردستان ) و ( بانگ ) و ( گزنگ ) و چەندین بڵاوکراوەی دی کە بابەتی ڕەخنە ئامێزیان سەبارەت بەو ڕۆمانانە لەخۆگرتبوو . جگە لەو ڕوژنامەو گۆڤارە کوردییانەی کە لەهەندەران دەردەچوون کەم تا زۆر باسی ڕۆمانی کوردیان کردووەو ، بابەتیان دەربارەی سەرهەڵدان و پێشکەوتن و چەندێتی و چۆنێتی ڕۆمان نووسیووە . هەروەها چەندین ڕۆمان و کورتە ڕۆمان ، کە کاتی خۆی نووسراون ، بەڵام لەبەر هۆکاری سیاسی و نا سیاسی بڵاونەکراونەتەوە ، یان بزربوونەو بەچاپ نەگەیەنراون ، چونکە گەر ئەو ڕۆمانانە چاپ بکرانایە ئەوا هاوکێشەکان و مێژووی ڕۆمانی کوردییان تا ڕادەیەك دەگۆڕی و ، زووتر و پەلەتر ڕۆمانی کوردی جێی خۆی لەئەدەبی کوردی و جیهانیدا دەکردەوە .

بۆ نموونە کاتی خۆی لەساڵی ( ١٩٧١ ) دا یەکێتی نووسەرانی کورد گرەوێکی ئەدەبی سازدا بۆ ( شیعر ، چیرۆك ، ڕۆمان ، شانۆ ) ، لەم گرەوەدا شەش ڕۆمان پێشکەش کراون ، ئەنجامی گرەوەکەش لە ( ١٤ ) ی تەمموزی ساڵی ( ١٩٧١ ) ڕاگەیەنراوەو خەڵاتی یەکەم ڕۆمانی ( ئاگری بن کا ) سەعید ناکام وەری گرت ، خەڵاتی دووەمیش ڕۆمانی ( ڕێگا ) [1] ی محەمەد مەولود مەم بووە .

هەروەها کورتە ڕۆمان ( نۆڤلێت ) وەك زاراوە لەهەشتاکانی سەدەی پێشوودا لەئەدەبی کوردی بەکارهێنراوە ، زیاتریش بۆ ئەوە بووە ، ئەم جۆرە ئەدەبە لەجۆرەکانی دی چیرۆك و ڕۆمانی درێژ جوودا بکرێتەوە . دەکرێ بڵێین لە ساڵانی بیستەکانی سەدەی پێشووەوە چەند کورتە ڕۆمان و نۆڤلێت چ بەشێوەی کتێب و چ لەگۆڤارو ڕۆژنامەکان بڵاوکراونەتەوە ، بەڵام وەکو زاراوە هیچیان لەسەر نەنووسراوە ، ئیدی ئەگەر ( لەخەوما )ی ( جەمیل سائیب ) بەکورتە ڕۆمان دابنێین کە هەندێك لەپسپۆرانی ئەم بوارە بە کورتە ڕۆمانی دادەنێن ئەوا سەرەتای نۆڤلێتی کوردی لە ساڵی ( ١٩٢٥ ) ، وەکو یەکەم چاپکراو ئەم ژانرە ئەدەبییە دادەنرێت ، بەڵام بەمە مشتومڕەکە کۆتایی نایەت ، بەڵکو

---

[1] بروانە : گۆڤاری نووسەری کورد ، خولی یەکەم ، ژ/٢ ، ساڵی ١٩٧١.

کورتە ڕۆمانی ( مەسەلەی ویژدان ) ی حمەد موختار جاف هەندێك لە توێژەرانی ئەم بوارە بە ڕۆمان و هەندێکیشیان بەکورتە ڕۆمانی دادەنێن ، بۆ نموونـە د. ئیبراهیم قادر محەمـەد سـاڵی ١٩٩٠ لـە نامـەی ماسـتەرەکەی ( ڕۆمـانی کوردی لەعێراقـدا ) پێـی وایـە ( مەسـەلەی ویـژدان ) ڕۆمانـەو بـە نۆبـەرەی ڕۆمـانی کـوردی دانـاوە ، کەچـی د. عـادل گەرمیانی ساڵی ١٩٩٦ لە ماستەر نامەکەیدا ( ریالیزم لەڕۆمانی کوردیدا ) لای وایە کە ( مەسـەلەی ویـژدان ) کورتـە ڕۆمانـە ، هـەروەها د. عیـزەدین مـستەفا ڕەسـوڵ لە پێشەکیەکەی بۆ وەرگێرانە عەرەبیەکەی دەقی ( مەسەلەی ویژدان ) بـە پۆڤیست ( چیرۆکی درێژ )ی دادەنێ هەروەك چۆن د٠ ئیحسان فوئاد لە پێشەکییە کوردیەکەی بۆ چاپکردنی ئـەم دەقـە لـە سـاڵی ١٩٧٠دا ئامـاژەی بـۆ دەکـات ، بـەڵام ئـەم دەقـە بـەلای د. عەبدوڵڵا دەباغەوە لە جۆری ڕومـانی ( پیکاریسك ) یا سەرچلی یا سـەرەڕۆیی یا ( روایة الشطار )[1] ٠

بەم شێوەیە نووسەرانی دیکەش لەنووسینی جیاجیادا ڕاو بۆچوونی جیاوازیـان هەیـە لەبارەی دەقی ( مەسەلەی ویژدان ) و دەقی ( لەخـەوما ) ، بـۆ نموونـە سابیر ڕەشـید لـە بەشـی یەکـەمی کتێبەکـەی ( ڕۆمـانی کـوردی ـ خوێندنـەوەو پرسـیار ) دەڵێـت :(( ڕای تایبەتی خۆم ( مەسەلەی ویژدان ) بە ڕۆمان دەزانم و ( لە خەوما ) ش بە کورتە ڕۆمان دەزانم ))[2] و ، ئەم بۆچوونەی لە شوێنێکی دیکەی کتێبەکەی دووبارە دەکاتەوەو، دەڵێت: (( ئەگەرچی مشتوومڕ زۆر کراوە لەسەر ئەوەی داخوا ئەم دوو بەرهەمە چیرۆکی درێژن یا ڕۆمان... بەڕای من هەردووکیان دەتوانرێت ببن بـەڕۆمان چونکە بـەگوێرەی پۆلێن و پێوەری ئێستا دوورو درێژی تاکە پێوەری جیاکردنەوەی ئەم پۆلینە نییە بەقـەد ئـەوەی کارەساتەکانی ناو چیرۆکەکە دەتوانن وەك ڕۆمان خۆیان بخوێننەوە یان ناو ))[3] ٠
لەسییەکاندا دوو کورتە ڕۆمانی ( ئەلهویێ کوردستان ) و ( قراڵی کوردستان ) ی کامران بەدرخان لەچاپ دراون ، دوای ئەمەش کورتە ڕۆمانی ( ڕۆژهەڵاتناسی ) ی نوری هەرزانی لەساڵی ( ١٩٣٤ )دا لەچاپ دراوە ٠

بـەم شـێوەیە دەبیـنین هـەر لەسـاڵانی بیست و سـییەکانی سـەدەی ڕابـردوودا چـەند کۆششێك هەبوونەو ، وەك بەراییەك و سەر هەڵدانێك پاش ئـەم مێـژووەش لـە هـەردوو

---

[1] بروانە وتارەکەی د٠عبدالله دەباغ لە سەرەتای کتێبی : احمد مختار الجاف – مسألة الضمير ، ترجمة : عادل گرمیانی ، مطبعة فنون ، بغداد ، ١٩٨٩.

[2] سابیر رەشید - ڕۆمانی کوردی ـ خوێندنەوەو پرسیار ، بەشی یەکەم ، دەزگای ئاراس ، هەولێر ، ٢٠٠١ ، ل ٣٠.

[3] هەمان سەرچاوە ، ل ٦٦.

دەیـەی پـەنجاكان و شەسـتەكاندا چـیرۆكی درێـژو چ بەشـێوەی كتێـب یـا لـەگۆڤارو ڕۆژنامەكاندا بڵاوكراونەتەوە ، ئاست و قەبارەی جۆراوجۆریـان هەیـە ، بـەڵام گرفتەكە لەوەدایە نووسەرەكانیان ئاماژەیان نەكردووە لەسەر بەرگەكانیان ئایا چیرۆكن یا ڕۆمـانن یان ڕۆمانی كورتن ٠٠ واتە لەسەرەتاوە جۆرەكەیان دەست نیشان نەكردووە ، ئیدی گـەر ئەو كارەیان بكردایەو شێوەو جۆرە ئەدەبیەكەیان دیاری بكردایە ئەوا لەو ساتەوەختەوە بەشێكی زۆری كێشەكانیان چارەسەر دەكرد ٠ ئەمە جگە لەڕێژەیەكی زۆر لەو بەرهەمانە هـەر لەپـەنجاكان و شەسـتەكانەوە وەك كتێـب چـاپ كـراون ، هەنـدێك لـەو بەرهەمانـە لەسەریان نووسراوە چیرۆك و هەندێكیشیان هیچیان لەسەر نەنووسراوە ، بەو مانایەی كە لەژێر دابەشكردنی كورتە ڕۆمـان بڵاوكراونەتـەوە ، ئـەویش لەبـەر ئـەوەی ئـەم زاراوانـە نۆڤلێت یان كورتە ڕۆمـان لـەو كاتـە بڵانەبۆتـەوەو تەشـەنەی نەسـەندووە ، واتـە لـە دوو دەیەی پەنجاكان و شەسـتەكاندا ، بەشێوەیەكی گشتی یەكلانەكردنـەوەی ئـەم كێشەیە ، كێشەی دیاری كردنی ڕۆمان و كورتە ڕۆمان پتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ، ئـەو نووسـەرانەی كە دەستیان لەم جۆرە ئەدەبیـە گرنگە داوە یـان ئـەوەتا داراییـان لەبەردەسـتدا نـەبووەو نـەیانتوانیووە بەچـاپی بگـەیـەنن یـاخود بەچـاپیان گەیانـدووە بـەڕوونی و ئاشـكرایی لەسـەریان نەنووسـیووە ئـەم بەرهەمـەیان بەمەبەسـتی چیرۆك یـان ڕۆمـان یـان نۆڤلێـت نووسیووە ، ئەمـەش بەڕاستی كێشەكەی قوڵ كردۆتەوە سەرباری كەمی ژمارەی ڕۆمان لە سەرەتای سەدەی پێشوودا ، كە خوی لە خۆیدا كێـشەیەكەو زانیینـی و دەستنیـشانكردنی ئەو لاوازی و سستییە كۆششێكی بێ وێنەی دەوێ ٠

لـە دەیـەی پەنجاكانـدا چـەند بەرهـەمێك لـەو ئاسـتەدابوون ، كـە نـاوی ڕۆمـان یـان نۆڤلێتیان لێ بنرێت ، چونكە وەك بارستایی و تەنێكی هونەری خۆیان لەو ئاستە دەدا ، بۆ نموونە ( لالۆ كـەریم )ی جـەمال نـەبـەز لەساڵی ( ١٩٥٦ ) بـە بارستایی ( ٧٢ ) لاپـەڕە چاپكراوە ، هەروەها ( خانزاد )ی جەمال بابان كە بە قەبارەی ( ٥٦ ) لاپەڕە چاپكراوە و هـەروەها ( كـاروان ) محەمـەد ساڵح سـەعید بەقـەبارەی ( ٦٠ ) لاپـەڕە چاپكراوە ، بـەم شێوەیە تا دەیـەی هەشـتاكانی سـەدەی پێشوو ژمارەیـەكی بەرچاو لەبەرهـەمی بـەپێزی چیرۆك دەبینـرێن ، بـەڵام نـاوی ( نۆڤلێـت ) یـان لێ نـەنراوە ، بـۆ نموونـە كـۆچیرۆكی ( گـەلـەگورگ ) ی حـسێن عـارف ، كـە بریتییـە لەچـوار چیرۆك و لەسـەر بەرگەكەشـی نووسراوە چوار چیرۆك ، ڕاستییەكەشی ئەوەیە ، كە هـەردوو دەقـی ( گـەلـە گـورگ ) و ( شاڵاوی دڵ ) نۆڤلێتن و قەبارەی ( گەلە گورگ ) ( ٥٥ ) لاپـەڕەیـەو ( شـاڵاوی دڵ ) یـش قەبارەكەی ( ٦٠ ) لاپەڕەی گەورەیە ٠

پاش تۆمارکردنی ئەم دەقانە چەندین چیرۆك لێرەو لەوێ بلاوکراونەتەوە ، بەلام ناکرێ بخزێنرێنە ناو پۆلین و بیبلۆگرافیای کورتە ڕۆمانەوە ، هەرچەندە قەوارەو ناوەڕۆکیان لەئاستێکی گونجاودایە ، بەلام پێناسەکەیان لەسەر تۆمار نەکراوەو لەسەر بەرگەکانیان هیچ شتێك نەنووسراوەو ئاماژە بۆ هیچ پۆلینکردنێکی ئەدەبی نەکراوە ، یەکلاکردنەوەی ئەم کێشەیە بۆ هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو دواخرا ٠ ئیدی لەو کاتەوە هەر پەرتووکێك چیرۆك و سەرگوزشتەی گرتبێتەخۆ یەکسەر پۆلێن کردنێکی لەسەر دەنووسراو جۆرەکەی دەستنیشان دەکرا ، بەلام بێ گومان هەندێك لەو چیرۆکانە ، بەهەمان شێوە هەر ناوی جۆرەکەی لەسەر نەنووسراوە ، چونکە ڕۆمان و نۆڤلێت لە ئەدەبی کوردیدا لەو کاتەدا چەسپاوەو نەشونمای کردوو زیاتر پەرەی سەندو ساناتر دەستنیشان دەکرا ، کە سەر بە چ جۆرێکی ئەدەبییە ، ئیدی لەو چیرۆکانەی کە لەسەری نەنووسراوە ڕۆمانە یان نۆڤلێت لەم قۆناغەدا ( زەلیل ) ی حیسام بەرزنجی یە کە لە قەبارەی ( ١١٢ ) لاپەڕەیەو ساڵی ( ١٩٨٢ ) بەچاپ گەیەندراوەو نووسەرەکەی لەسەر بەرگی کتێبەکەی نووسیووە ( چیرۆکی درێژ ) ٠ هەروەها دەقی ( پاییزە خەون ) ی محەمەد مەولود مەم کە لە ساڵی ( ١٩٨٧ ) دا بەچاپ گەیەنراوەو نۆڤلێتە ، بەلام نووسەرەکەی لەسەر بەرگەکەی نووسیوویەتی ( داستانی کوردەواری ) ، هەروەها لە ساڵی ( ١٩٩٦ ) عەبدوڵلا سەراج لەسەر بەرگی دەقی ( سۆناتای ڕۆح ) زاراوەی ( نۆڤل ) ی تۆمار کردووە ، هەر ئەویش لەساڵی ( ٢٠٠١ ) دا لە هەندەران ( ونگە ) چاپ دەکات و لەسەر بەرگەکەی دەنووسێ ( نۆڤلێت ـ ڕۆمانۆکە ) ، بەلام ئەم دوو بەرهەمە لە ساڵی ( ٢٠٠٥ ) دا جارێکی دی لەچاپی داوەتەوەو لەسەری نووسیووە ( نۆڤلێت ) ٠

یەکەمین دەقی ئەدەبی کوردی نووسەرەکەی خۆی لەسەری نووسیبێت ( کورتە ڕۆمان ) ئەوە دەقی ( ماڵئاوا گوڵی خەم ) ی هیمداد حوسێنە ، کە لە ساڵی ( ١٩٨٨ ) لەبەغدا چاپکراوەو ، یەکەم دەق لەچاپ دراوەکانی شاخیش لەسەر بەرگی کتێبەکە نووسرابێت کورتە ڕۆمان دەقی ( نامەیەکی بەپەلە ) ی کاروان عەبدوڵلایە ساڵی ( ١٩٨٧ ) لەچاپخانەی حیزبی شیوعی کوردستان چاپ و بلاوکراوەتەوە[1] ٠ بەهەمان شێوە لەساڵی ( ١٩٨٩ ) کاروان عەبدوڵلا لەشاخ کورتە ڕۆمانی ( کێوی مەزن ) ی بلاوکردەوە کەلەسەر بەرگەکەی نووسراوە کورتە ڕۆمان و لەلایەن پسپۆڕانەوە هەڵسەنگێنراوەو وتاری ڕەخنە ئامێزی لەسەر نووسراوە ٠ یەکەم دەقی ئەدەبیی کوردیش وشەی ( نۆڤلێت ) ی

---

[1] - حەیات سەعید عەبدولکەریم ، نۆڤلێت لە ئەدەبی کوردیدا ، ل١٣٤.

لەسەر نووسرابێ دەقی ( حەسارو سەگەکانی باوکم ) ی شێرزاد حەسەنە لە ساڵی ( ١٩٩٦ ) چاپکراوەو ، بەم شێوەیە دەبینین یەکەمین دەقی ( کورتە ڕۆمان ) لەئەدەبی کوردیدا دەکەوێتە ساڵی ( ١٩٨٧ )و ، یەکەمین دەقی نۆفلێت دەکەوێتە ساڵی ( ١٩٩٦ ).

## ٣-١ : شوێنی لادێ له ڕۆماندا

خستنەڕووی ڕاستی و قسەکردن لەسەر کێشەو بابەتەکانی ژیان هەمیشە پێویستی بە شێوازو تەکنیك و کەرەستەی جۆراوجۆر هەیە ، لەلایەك بۆ دەرخستنی رووی ڕاستی پرسەکان و لەلایەکی دیکەش ئاوێتەکردنی خوێنەرە بە ڕاستی ڕووداوەکان و هەماهەنگ کردنی خوێنەر بە هەنگاوی ڕووداوەکان ٠

شوێن پێگەیەکی دیارو ڕۆڵێکی کارا دەبینێ لە هەڵسوڕاندنی کارەکتەرو بە یەکبەستنەوەی ڕووداوەکان و ئاماژەو هێماکانی دەقدا ، بۆیە زۆرجار ماناو چەمکی جۆراوجۆر لە گۆشەنیگای نووسەر سەرهەڵدەدەن لە ناساندنی شوێندا ، وەك شوێنی ڕاستەقینەو شوێنی خەیاڵی و شوێنی ئاڵۆزو سادەو شوێنی جوگرافی و دەروونی و ژینگەیی ٠٠٠ هتد ٠ شوێن (( هەرگیز ( back ground )ێکی وەستاو و دیکۆرو ئارایشت نییە بۆ ڕۆمان ، بەڵکو هەڵگری دەلالەتێکی مرۆڤایەتییە کە باری ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ٠٠ هتد دەردەخات لە ئەنجامیشدا کار لە ڕەفتارو هەڵوێستمان دەکات ))[١] ، کەواتە هەماهەنگییەك هەیە لەنێوان شوێن و ڕەگەزەکانی دیکەی ڕۆمان لەپێناو بەرجەستەکردنی پەیام و مەبەستەکانی ڕۆماننووس ، شوێن دەبێتە چوارچێوەیەك و ڕووداوو کەسایەتییەکان لەخۆ دەگرێت ، هەروەها دەبێتە بەشێك لە پێکهاتنی کەسایەتییەکان و پێوەندییەکی بەتینیان بە بینای ڕووداوەکانەوە دەبێت[٢]

زۆرجار شوێن دەبێتە شناسنامەی دەق هەر لەناسینی کەسایەتیەکان و خستنەڕووی باری کۆمەڵایەتی و لایەنی دەروونی کارەکتەرەکان (( چیرۆکنووسی بەهرەدار هەمیشە هەوڵی ئەوە دەدات بە چەند شێوەو ڕێگایەك ، شوێنی چیرۆك لە شوێنی ڕاستەقینەکەی واقیع نزیك بکاتەوە ))[٣] ٠

نزیکترکردنەوەی ئەو واقیعە لای چیرۆکنووس پەیوەست نییە بە دیاری کردنی شوێنێك بۆ زیادەڕۆیی و درێژکردنەوەی ڕستە ڕێزمانییەکانی نێو ڕۆمان لە وەسفکردنێکی سادە و پێناسەکردنی دەوروبەردا ، بەڵکو ڕۆماننووس دەبێ وشیاری و ئاگایی خۆی لەوەدا بخاتەگەڕ کە شوێنێك پێناس بکات و شوێنێك بناسێنێ کە کۆمەڵێك واتاو مانای جیاواز لەخۆیاندا هەڵبگرن ، هەمیشە ڕێگە خۆشکەرێك بن بۆ ڕووداو تێگەیشتن و ناساندنی ڕووداوەکان ٠

---

١ - عەبدوڵڵا سەراج - بەرەو ئاستانەی ڕۆمان ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٧ ، ل ٤٩ ـ ٥٠.

٢ - حوسێن سابیر علی - شوێن لەڕۆمانی درزدا ، گۆڤاری رامان ، ژ ٤٧ ، ٢٠٠٠ ، ل ٣٠.

٣ - د. هیمداد حسین - دەروازەیەك بۆ ڕەخنەی ئەدەبی کوردی ، چاپخانەی خانی ، دهۆك ، ٢٠٠٧ ، ل ٢١٠.

شوێن لە ڕۆماندا گرنگییەکی بێ وێنەی هەیە ، ئەویش لەبەر ئەو سۆزو خۆشەویستییەی ، کە شاکەسەکان بۆ شوێن دەریدەبڕن ، یاخود کەسە سادەکان و لاوەکییەکانیش بەهەمان شێوە ، پابەندن بە سۆزی شوێنەوە ، شوێن زۆرجار ئەو نیشتمانەیە یاخود ئەو زێدەیە کە کەسەکانی ڕۆمان ژیانی تێدا دەگوزەرێنن و ، پێوەندییەکی ئۆرگانیان لەگەڵدا هەیە ٠

شوێن ئەو ژینگە سروشتییەیە کە دەوروبەرێك بۆ شاکەس و کەسەکانی ڕۆمان بە گشتی دروست دەکات و ، لەوانەشە لەسەر ئاستی ئەو دەوروبەرە پێوەندییە کۆمەڵایەتی و خێزانییەکانی کەسەکان ڕەنگیڕێژبێت ٠ شوێن ئەو جوگرافیا پیرۆزەیە ، کە شاکەس، بەتایبەتی و کەسەکانی دی ڕۆمان وەکو خوێن بە شادەمارەکانیاندا تێدەپەڕێ ، بۆیە بەرگری لێ دەکەن و دەقی بۆ فۆرمەڵە دەکەن و خۆشەویستی لەگەڵدا دەکەن و خەبات و شۆڕشگێڕی لەپێناودا دەکەن ٠

زۆرجار شوێن گرفتەکانی پاڵەوانی سەرەکیی ڕۆمانەکە دیار دەکات ، کەسایەتییەکان گەر گوندی بن ئەوە کێشەو گرفتی تایبەت بە گوند بەرەو ڕوویان دەبێتەوە ، وەکو کێشەکانی ئاودێری و کشتوکاڵ و نەبوونی ئاوو کەمدەرامەتی و ستەمەکانی دەرەبەگایەتی و ٠٠ هتد ، بەڵام گەر ئەو شوێنە شار بێت ئەوا گرفتەکان جۆرێکی دی و شێوازێکی دیکەن ، وەکو گرفتی دیکە دەخولقێ ئەو کاتە گرفتی ژیانی ڕۆژانەی کرێکاران و پێکدادانی ئۆتۆمبێلەکانی سەر شەقامەکان یان گرفتی قوتابییەك لە زانکۆ یاخود ئەو گرفتانەی کە لەنێوان فەرمانبەرانی فەرمانگەکاندا ڕوو دەدەن ٠

شوێن ئەوەندە گرنگە ، کە کاریگەری بەسەر پێوەندییەکانەوە هەیە ، کاریگەری بەسەر جۆری کێشەو گرفتەکانەوە هەیە ، هەروەها کەسەکان دروست دەکات یان جۆرە ئاکارو ڕەفتارێکیان پێ دەدات کە سەر بەو جێگایەو سەر بەو شوێنە بێت ، بەڵام لەگەڵ ئەم گرنگییەدا زۆرجار ڕۆماننووس شوێنێکی خەیاڵی بۆ کەسەکان دادەنێت ، واتە شوێنی ڕاستەقینەو ڕەسەنی خۆی ناکاتە هەوێنی ڕۆمانەکە ، جاری واش هەیە ئەو شوێنە ئاوەدان نابێت واتە لەوانەیە ئەو شوێنە، شوێنەوار بێت یان ئاسەوارێك ، کە لە کاتێکی پێشتردا یارو خۆشەویستی شاکەسەکەی لێ بووە ، بەم شێوەیە شاکەس دەچێتە خەیاڵی شوێنێکی دیکەوە ، ئیدی بەم شێوەیە جێگۆڕکێی شوێن لەوانەیە لە جیهانی ڕاستەقینەدا ڕوونەدات ، بەڵکو لە خەیاڵی کەسەکاندا ڕوودەدات ، هەندێك لە پسپۆڕان شوێن بە زەمینەیەکی سەرەکی دادەنێن ، کە هەموو شتەکانی دی پەیوەستن بەوەوەو ، بگرە کاتیش هەر بە توخمی شوێنەوە دیاری دەکرێت ٠ بۆ نموونە یاسین النصیر دەڵێ :

(( لەلای من شوێن لە ڕۆماندا ئەو زەمینەیەیە کە بەشەکانی دیکەی کارەکە بەیەکەوە دەبەستێتەوە ، گەر شوێن ڕوون بێت کاتی ڕۆمانەکەش ڕوون دەبێت ))[1] ئیدی گەر ڕۆماننووس ئەو شوێنەی مەبەستێتی بیخاتەڕوو، و وەسفسازییەکی وردی بۆ بکات ئەوا توخمەکانی دیکەی ڕۆمان ڕوون دەبنەوە ، مێژووی ڕۆمانەکەش ئاشکرا دەبێت ئاکارو ڕەفتاری کەسەکانیش ڕووناکیی زیاتر دەکەوێتە سەریان و تەمومژ بەگشتی لەسەر وێنەو ڕووداوو کەس و شتەکان لادەچن ٠

پێویستە ڕۆماننووس هەر لەسەرەتاوە پێوەندی کەسەکانی بەو شوێنەوە دیاری بکات ، کە دەیکاتە مەیدانی کارەسات و ڕووداوەکان ، چونکە کەسایەتی کەسەکان و ئاکارو ڕەفتاریان تەنانەت ئەو ئایدیاو باوەڕەی کە لە ئامێزی دەگرن هەمدیس بەشوێنەوە زیاتر ڕوون دەبێتەوە ٠

هەندێك لەڕۆماننووسەکان کە باسی شوێن دەکەن بەشێوەیەکی ڕووت باسی دەکەن ، واتە تەنیا مەودا جوگرافییەکان دەخەنەڕوو ، وەسفسازیش بۆ هەندێك وێنەو ڕووالەتەکانی دەکەن ، چونکە لەوانەیە بەبێ باکگراوندی سۆزو ئەوینەکانی ڕۆماننووس باس لەماڵ و شەقام و دوکان و سەرشۆستەکان بکات لەوانەشە جاری وا هەبێ ڕۆماننووس سەرنجی خوێنەر بۆ گرنگی مێژوویی شوێن ڕابکێشێت ، ئەویش لەبەر گرنگیی و پێگەی مێژوویی ئەو شوێنە کە لە دێر زەمانەوە گۆڕەپانی ململانێ بووەو ڕۆماننووس هەوڵی داوە کە بەشێوەیەك لە شێوەکان بیمەزرێنێ ٠ هەندێ ڕۆماننووس نەیانتوانیوە شوێنی وا بۆ ڕۆمانەکانیان دروست بکەن کە خوێنەری پێوە هۆگربێ ، چونکە وەسفێکی وایان بەو شوێنانە نەداوە کە خوێنەران ئاشنایەتیان لەگەڵدا پەیدا بکات ٠

شوێن پێگەی ئەو کێبڕکێ و ململانێیانەیە ، کە لەنێوان کەسەکانی ڕۆماندا ڕوودەدات ، کەواتە شوێن ڕۆڵێکی گرنگ لە کارتێکردن بەسەر ڕەوتی ئاکارو ڕەفتاری پاڵەوانانی ڕۆمانەکەدا دەگێڕێت ٠ شوێن ڕەنگدانەوەی زۆر بەسەر ڕەوشی ڕووداوەکاندا دەسەپێنێت ، جاری وا هەیە شوێن مانای کەلتورو دابو نەریت و شتە کلاسیکییەکان دەگرێتەوە ، جاری واش هەیە شوێنی بەپێچەوانەوە مانای شتی تازەو نوێگەری دەبەخشێ ، گوندو لادێ مانای ڕەسەنایەتی و کەلتوورە ، بەمانای کشتوکاڵ و جوتیارییە ، بەڵام شار شوێنی

[1] - ياسين النصير- الرواية والمكان، الموسوعة الصغيرة/ ٥٧، دار الحرية للطباعـة، بغـداد، ١٩٨٠ ، ص٦.

لابردنی ئەو کەلتوورەیە شوێنی نوێگەری و شتی تازە بابەتە ، شوێنە ئەم شتانە هەموو دیاری دەکات ٠

چینایەتی و ئەندامێتی لە توێژێك لەتوێژەکانی کۆمەڵدا دیسانەوە شوێن دەست نیشانی دەکات و چوارچێوەکانی شوێن ڕۆڵی تێدا دەبینێت ، گەر کەسایەتییەکانی ڕۆمان لە کوچەو کۆڵانە هەژار یان لە گوندە دوورەکانی قەد لاپاڵە دوورەکان هاتبێتن ئەوا کەسی هەژارو نەدارن ، بێ پارەو کەم دەستمایەن ، بەڵام گەر لە گەڕەکە فراوان و خاوەن کۆشك و تەلارەکانەوە هاتبێتن ئەوە ئەو کەسانە دەوڵەمەندن و لە چینە دەستڕۆیشتوەکانی کۆمەڵگان و ، زۆر ڕۆماننووس جێگۆڕکێی شوێن بۆ کەسەکانیان بەچڕی نیشان دەدەن ، هەندێك لەو ڕۆماننووسانە ئەو جێگۆڕکێیانە دەکەنە دەستەواژەیەك یان ئامرازێك بۆ ناساندن و شرۆڤەکردنی کەسایەتی کەسەکانیان ، چ شاکەس بن چ کەسی سادەو لاوەکی ، ئیدی ئەو جێگۆڕکێیە ئاکارو ڕەفتاری کەسەکانیان زیاتر دەردەخات و ڕەوشتیان لە گوزەرگای ئەو شوێنانەوە پتر نمایان دەبێت ٠ کەواتە گرنگیدانی ڕۆماننووس بە شوێن هۆو هۆکاری هەیە و لەپووچ و بەتاڵییەوە سەرچەشمە ناگرێت ، بەڵکو شوێن بەڕای یاسین نەسیر گرێدەری هەموو پاژەکانی کارە ، کاری هونەری و خەیاڵبازی و تەکنیکی هەموو پەیوەستن بەو شوێنەوە کە ڕۆماننووس پێشنیازی دەکات و دەیکاتە هەوێنی کارەکەی ٠

ڕۆماننووس کاتێك کە باس لە توێژی پرۆلیتاریاو چەوساوەکان دەکات لە کوچەو کۆڵانە هەژارەکانەوە دەست پێ دەکات یان گەر باس لە بۆرژوازییەت بکات ، ئەوا لە کۆشك و تەلارو باڵەخانە بەرزەکانەوە دەست پێ دەکات ، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا جاری واهەیە ئەم سیستەمە پەیڕەو ناکرێت ، بەڵکو توێژەکان و کەسەکان بە ئەنجامی هزرەکانیانەوە باس دەکرێن و نمایش دەکرێن ٠ هەروەها لە مێژووی سیاسی عێراقدا شوێن پەیوەستە بە بزوتنەوەی شۆڕشگێری و بزاوتی خەباتگێڕیەوە ، چونکە ڕەهەندە شۆڕشگێڕییەکان شوێن بەچڕی ڕۆڵیان تێدا دەبینن ، بەتایبەتی لەم جۆرە ڕۆمانانەدا شوێن دەبێتە پێگەیەکی موقەددەسی شۆڕشگێڕی یان پێگەیەکی زۆر نامۆ و بێزراو ٠

زرار عەبدوڵڵا سەرەتاش دەربارەی شوێن لە ڕۆمانی ( ڕێگا )ی محەمەد مەولود مەم دا دەڵێت: (( مەم زۆر بە کارامەیی سەرنجی خوێنەر دەباتە شوێنی یان ئەو شوێنەی کە زۆربەی میللەتی کورد ڕقی لێ دەبێتەوە ، بۆتە دێوەزمەیەك ئەم شوێنەش ئەم سنوورە

نەعلەتیەیە کە زێدو خاکی کوردانیان لەت لەت و دابەش کردووە ))[1] ، واتە لە پێگەیەکدا ڕۆماننووس دەتوانێت شوێن وەکو شتێکی ڤیزەون پێشنیاز بکات ۰ هەروەها زرار عەبدوڵڵا سەبارەت بەهەمان ڕۆمان دەڵێت: (( مەم وەك هەست کردن بەلێپرسینەوەو ئاسودەکردنی ویژدانی بە ئەرکێکی نەتەوایەتی مەزن هەڵدەستێت لەناو ڕۆمانەکە ناوی زۆر گوندو ڕووبارو لوتکەو چیا دەبات ، کە هاتووچۆی بە هەموو شێوەیەك تیا قەدەغەیەو بەرەو لەبیرچوونەوە دەچوون ))[2]

بەم شێوەیە لە لای مەم ناوهێنانی شوێن ( گوندو لادێکان ) دەبنە ڕێچکەیەك بەرەو زیندوکردنەوەی ئەداکردنی ئەرکی نەتەوایەتی ، کە ( مەم ) بە شێوەیەکی کارەسات ئامێزو مەرگەساتبار دەیخاتەڕوو ، بەڵام بەبێ ئەوەی هەست بەبێ دەسەڵاتی و دەستەوسانی بکات کاری بۆ دەکات و زیندووی دەکاتەوە ، هەروەها زرار عەبدوڵڵا باس لە جێگۆڕکێی شوێن لەلای ( مەم ) دەکات و دەڵێ: (( ئەو شوێنەی کە سەرنجی خوێنەری بۆ ڕادەکێشێ خانووە لەخشت و قوڕ دروست کراوی گەڕەکە هەژارەکانی گوندەکەیە ، هەر بەمەش ناوەستێ دەمانباتە شوێنی کۆشك و قەڵات و دیوەخانەکانی بەگزادەو میرانی شەقلاوە و تادەگەینە ناو بازاڕو بەردەم مزگەوتی گەورەو شوێنی قشلەو دام و دەزگای میری ))[3] ۰ ئەو جێگۆڕکێیە لەشوێندا بابەتگەلی شوێن زێترو پتر چڕترو خۆشترو ڕازاوەتر دەکەن ، چونکە ڕۆماننووس دەبێ چەند شوێنێك دەستنیشان بکات و پاشان ئاکارو ڕەفتاری کەسەکانی خۆی لەو گۆڕەپانانە ـ شوێنانە بەشێوازێك نمایش بکات ، کە کەسایەتی و ئاکارو ڕەفتارەو ڕەوشتی کەسانی تیا هەڵبەسنگێنێت و زیاتر تیشك بخاتە سەریان ، هەروەها واقیع و شوێن یەك کوتلەن و هەردەم لەگەڵ یەکدی ئاوێتەن و یەکیان لەئامێز گرتووە ، واقیع جاری وا هەیە واقیعی شوێنەکانە ، جاری واش هەیە شوێنەکان گوزارشت لە واقیع و ڕووداوەکان دەکەن ۰

هەندێك ڕووداوی واقیعی دوورن لە ڕەهەندە ناوخۆیی و بچووکەکانەوە لەوانەیە لە سنووری شوێنەوە بەرەو جوگرافیاو شوێنێکی گەورەترو فراوانتر هەڵفڕن ، شیمانەی ئەوە هەیە هەندێك ڕووداوی تەسك و تروسك کە لە چێوەی جوگرافی و شوێنکاتەکان حەشاردراون ، بەرەو جیهانی بوون هەنگاو بنێ ، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئایا ڕۆماننووس

---

[1] - زرار عەبدوڵڵا سەرتاش - شوێن لەڕۆمانی ڕێگای محەممەد مەولود مەم ، گۆڤاری نووسەری نوێ ، ژ/ ٢ ( خولی دوای ڕاپەڕین) ، ١٩٩٨ ، ل ٣٤ .

[2] - هەمان سەرچاوە ، ل ٣٥ .

[3] - هەمان سەرچاوە ، ل ٣٥ .

دەتوانێـت ئـەو کـارە بکـات، دەتوانێـت ڕووداوە بـچووك و لاوەکییـەکانی مرۆڤایـەتی لە کوچەیەك یان لە کۆڵانێك یان لە گوندێکی لاتەریکەوە بگوازێتەوە بۆ ئاستە بەرزەکانی دۆزێکی مرۆیی؟ یا بۆ ئاسمانە دوورەکانی بەجیهانی بوون؟ ئایا ڕۆمـاننووس دەتوانێت وا لە شوێنێکی وەك ( هەڵەبجە ) کە ترسناکترین کارەساتی لـەم چـەرخەدا بەخۆیـەوە بینیووەو بە شێوازێکی هونەری باڵا فۆرمەلە بکات کە هەموو مرۆڤایەتی تامەزرۆی ئـەو شـوێنە بـن؟ ، چـونکە شـوێن هـەر ئـەو شـوێنەیە کـە زادەو کـردەی مرۆڤـە ، بـەڵام ئایا ڕۆماننووس دەتوانێ وا دروستی بکات کە ببێتە قیبلەگەی خەڵکانێکی زۆر و هەردەم ئەوە بخاتە کەڵکەڵەیانەوە کە هەواداری ئەو شوێنە بن و لەخولیای بینینیدا بن ، لـەوە دەچـێ زۆر لـە ڕۆماننووسـان توانیبێتیـان ئـەم کـارە بکـەن ، ڕۆمانـەکانی نـەجیب مـەحفوز وا لە خوێنەر دەکەن حەز بە بینینی کوچەو کۆڵانە تەسك و تروسکەکانی (خان الخليلى) بکەن ، ئەویش لەبەر ئەوەی شوێن بە چڕوپڕی ڕۆڵ دەگێڕێت لەو ڕۆمانە چنراوانەدا ، جگە لـەو هونـەرو تەکنیکە باڵایـەی ، کـە پێـی نووسـراوە ٠٠ ڕۆمـانی ( بعد الغروب )ی (محمـد عبـدالحليم عبداللـه) ، کـە ڕۆماننووسـێکی میـسرییە ، لـەم جوگرافیـا دوورەوە پەلکێشت دەکاتە ناو ژیانی دێهات و گوندەکانی میسرەوە ، ئـەم ڕۆمانـە چـەند لادێیـەکی میـسر وەسـف دەکـات و لەگـەڵ ئـەو ژیانـەدا هەسـت و نەسـتت ئاوێتـە دەکـات ، ڕۆماننووسی بە توانـا ئەوەیـە کـە مـوفرەداتی شوێنە چنراوەکەی خۆی بەسـەر هەسـتو نەسـت و ئارەزووەکانتـدا بـسەپێنێت. پرسـیار لێـرەدا ئەوەیـە ئایـا ڕۆماننووسـێکی کـورد توانیویەتی یاخود لەئایندەدا دەتوانێت ئەم شوێنە کە کوردستانە بخاتـە دڵـی سـەرەتاپای خەڵکی جیهانەوە؟ ٠

هەندێك جار ڕۆماننووس شوێنێکی بچووك هەڵدەبژێرێت، جاری واش هەیە شوێنەکە گەورەیە لەوانەیە وڵاتێك یان کیشوەرێك بێت ، یان لەوانەیە ئەمەنـدە بـچووك بێـت کـە ماڵێك یان قاوەخانەیەك یا بچووکترین کـۆڵان بگرێتـەوە. سـنووری فـراوان یـان تەسـك و بچووك ڕۆڵی دەگێڕێت ، بەڵام لە هەموو گرنگتر چنینەوەکەیە ، واتە بەکارهێنانی هونەر سازی و وەسفسازی و تەکنیکە لە ڕۆماندا ، گرنگی لەوەدایە ڕۆماننووس چۆن دەتوانێت شوێن بۆ ڕۆمانەکەی بەرجەستە بکات یـان چۆن دەکارێت شـوێنە تاریـك و نوتەکـەکانی زیندان یان شوێنە خوێناوییەکانی جەنگ و هۆدە کارەساتبارەکانی نەخۆشخانەکان بکاتە کەرەسەی ڕۆمانەکانی بە شێوازێکی دڵگیرو کەمەندکێش٠

زۆرجـاران ڕۆمـاننووس شـوێنێکی یۆتـۆپی دەخاتـە کەڵکەڵـەی پاڵەوانەکەیـەوە ، ئـەو پاڵەوانـەی کـە زێـدو شـوێنی بـاو بـاپیرانی بـەدڵ نییـەو بەکـەمی و نیگەرانییـەوە بـۆی

دەڕوانێ و بە دوی ژیانێکی پاکترو جوانترو قەشەنگتردا وێڵ دەبێ ، چونکە ئەم شوێنە یۆتۆپییە تەنیا ئارەزوویەکەو لە جیهانی واقیعدا بە هیچ شێوەیەك بەدی نایەت.

بۆچی هەندێك ڕۆماننووس شوێنی داخراو واتە ناو چوار دیوارەکان و زیندان و شوێنە دابڕاو و گۆشەگیرەکان دەترنجێنێتە ناو چوارچێوەی ڕۆمانەکانیانەوە؟ ئایا لەبەر ئەوەیە کە ئەو شوێنانە هەستی مرۆڤ بەشوێن قوڵترو چڕتر دەکەن؟ . ئیدی ئەم دیوارانە یان چێوەی شوێنەکان داخراوو بێ کەلێن و بێ دەلاقە نەبن ، بەڵکو لەهەندێك حاڵەتدا نووسەر پەنجەرەی ئەو دیوارانە یان کلاو ڕۆژنەکەی دەکاتە دەروازەیەك بۆ بینینی شوێنی دیکە ، لەگەڵ دەروازەی خەیاڵ و هەڵۆی بەرزەفڕی خەیاڵاوی هەماهەنگ و هاوکوف و هاوتەریب دەبێت .

پانتاییەکی دی هەندێك ڕۆمان لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە پاڵەوان دیلی شوێنەکان نییە ، بەڵکو وەکو گەڕیدەیەك مامەڵە لەگەڵ شوێندا دەکات ، واتە شوێن دەبێتە کەرەسەیەکی خاو یان هەوێنی پرسیارو وەڵامەکانی شاکەس یان کەسەکانی دی ڕۆمانەکە ، کەسەکان لەم پێگەیەدا قۆناغێك دەبڕن لە هەوڵدان و کۆشش کردن بۆ ناسینی شوێنەکان لە ڕێگای ئەو ناسین و ئاشنابوونەدا چەندین پرسیار ئاراستە دەکەن ، چەندین وەڵام بەدەست دێنن ، تاکو دەگەنە ئەو ئەنجامەی حوکمێك بەسەر ئەو شوێنەدا بدەن ، چ بەقبوڵ کردن یان بەڕەت کردنەوە بێ ، هەندێك ڕووبەری دیکەیش دەرخستنی گریەو زاری و بێزارییە بۆ ئەو شوێن یان دەربڕینی نیگەرانییە بەدەست بارگرانی و ناخۆشی و وشك و برشکیی شوێنەوە ، ئەمەش لەخودی خۆیدا هەندێك ڕووبەری لە ڕووپەری ڕۆمانەکانی گرتۆتەوە ، ئیدی مەرج نییە شوێن پێگەیەکی چەسپاوبێت ، یان مەودایەکی نەگۆڕو پتەوبێت ، نەخێر لەهەندێك حاڵەتدا شوێن ئەو ڕێگا تەی کراوەیە ، کە کەسەکان دەیبڕن ، چ ڕێگایەکی تەی کراوی ئاسایی بێت یان بیابانێکی کاکی بەکاکی کە کەسەکان دەیبڕن و لەسەری دەڕۆن و لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دی دەچن ، ئەم ڕێگا بڕینە شوێنێکی خاوەن جوڵەو بزاوتەو نەگۆڕو چەسپاو نییە ، بەڵام هەر شوێنەو سیماو ئەدگاری شوێنی ڕۆمانی بەسەردا دەچەسپێ ، ئەمە لەلایەکەوەو لەلایەکی دیکەوە ڕەنگدانەوەی سروشت و گەردوون بەسەر شوێنداو هاموشۆی تاریکی و ڕووناهی و شەوو ڕۆژو زستان و بەهارو پایزو هاوین هەر هەموو ڕۆڵی کاریگەر دەبینن لە دیاری کردنی شوێن و دەستنیشانکردنی مەوداکانی ئەو شوێنەدا، جگە لە تەکنیك و هونەرسازی بەپێی ڕەنگدانەوەی سروشت کە ئەویش جۆرە جوانی و قەشەنگییەك بە شوێن دەبەخشێ ، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی شوێنە داخراوەکان وەکو زیندان لە ڕۆمانە سیاسییەکاندا، زیاتر

سەری هەڵدا ، ئەویش لەبەر ئەوەی چوونی پاڵەوانی ڕۆمانەکە بۆ شوێنێکی سنووردارو چەسپاوی وەکو زیندان هەر لەبەر ڕەهەندە سیاسییەکە بووە نەك هەڵبژێردراوی کەسەکانی ڕۆمانەکە ، ڕۆماننووسەکانیش، بەتایبەتی ئەم سنوورانەیان تەنیا بۆ ڕۆمانە سیاسییەکان و پاڵەوانە سیاسییە هزرییەکانیان و کۆمەڵایەتییەکانیان ـ دیاری دەکرد ، ئیدی ئەو پاڵەوانانە ئەو شوێنانەیان دەکردە دەسپێکی خەبات و بەردەوامیدانی کارە سیاسییەکان ، بەمجۆرە دەبینین کەسەکان لەو شوێنە چەسپاوو دەمەزراوەوە کۆشش بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری و بزاوتی مەزن دەکەن ، ئەمە جگە لەوەی کە ئەو کەسانە شوێنە سنووردارو ناخۆشەکان دەکەنە شوێنی ئەوتۆ کە لەباروگونجاو وشیاو بن بۆ ژیان و گوزەرانی ڕۆژانەی خۆیان ، چونکە ئەو شوێنانە شوێنی بەندییەکی خەباتگێڕن و مۆڵگەی چالاکییە سیاسییەکانن.

ئەو زیندانییانە کە لەچوارچێوەی زیندانە چەسپاو و نەگۆڕو سنووردارەکاندا ژیان دەگوزەرێنن دەست دەدەنە وەسفسازییەکی بێ وێنەی ئەو زیندانە ، بگرە ژیانی وردو درشتی خۆیان دەخەنەڕوو ، ڕۆماننووسی بەتوانا ئەو ڕۆماننووسەیە کە بەو پەڕی هونەرسازی و تەکنیکسازییەوە ئەو کارە ئەنجام بدات ، هەندێ جاریش وەسفەکە ڕەهەندێکی دیکە وەردەگرێت، واتە زیندانییەکە ئەو شوێنانەش وەسف دەکات کە لەدەرەوەی زیندان بینیونی و تیایاندا ژیاوە ، واتە لێرەدا ڕۆماننووس ڕۆمانەکەی خۆی دەکاتە پارچەیەك لە وەسف و وەسفسازی هونەری و تەکنیکی کە پاشان چنینەوەی هونەرەکە بەرەو جیهانێکی دەق ئامێزی باڵاو بەرز پەلکێش دەکات .

لەبوارێکی دیکەیشدا جاری وا هەیە وەسف کردنی وردو درشتی شوێنەکان، کەسایەتیی پاڵەوانەکە دەردەخەن ، واتە وەسفکردنی شوێن، وەسفکردنی کەسەکانە . ئیدی ئەو شوێنە گوندو لادێ بێ ، ئەوا ئەو کەسە بێ گومان شێوازی قسە و ئاکارو ڕەفتارو هەڵس و کەوت و جل و بەرگی دێهاتی و گوندایەتییە ، یان گەر شاکەس خەڵکی شار بێ ، ئەوا بێ گومان هەندێ زاراوەو وشە هەیە ، دەیانزانێ و بەحوکمی ژیانی شار فێری بووە وەکو ( مۆتێل ـ سۆپەرمارکێت ـ مینی مارکێت ) ، بەڵام گەر گوندایەتی بێ هەندێك زاراوەی دی دەزانێت کە لەوانەیە شارییەکە نەیزانێت وەکو ، ( جۆخین ـ جەڵەب ـ شکارتە ) و چەندین زاراوەی دی کەواتە شوێن دەستنیشانی هۆش و ڕۆشنبیری و زانست و بیروبۆچوون و شێوازی زمان و چەندین شتی دیکەی پاڵەوانەکە دەکات ، کەواتە شوێن و وەسفکردنی شوێن شرۆڤەیەکی وردو درشتی کەسایەتی کەسەکانی ڕۆماننووس دەکەن ، هەر شوێنەکە مەیدان و سنوورەکانی کەسەکان دیاری دەکات ، شوێن مێژووی

ڕۆمانەکە ڕەنگرێژ دەکات ، مێژووش بە هەماهەنگی شوێن هەردووکیان پێکەوە وەسفێکی زۆر وردو وردبینانە بە کەسایەتی کەسەکانی ناو ڕۆمان دەبەخشن ، کەواتە بەبێ شوێن ئەم حاڵەتە وەسفسازییە مەیسەر نابێت ٠ حوسێن سابیر عەلی لەبارەی شوێن و پەیوەست بوون بە رووداو کەسایەتییەوە لەبارەی شوێن لەڕۆمانی ( درز )دا دەڵێ: (( شوێنەکان زۆربەیان بەکارهاتوێکی ڕووت نین ، لەناونیشانی ڕۆمانەکەوە کەسایەتییەکاندا هەیە ، ڕەگەزێکی سەرەکییە لەپێکهاتنی بنیادی ڕۆمانەکە ))[1] هەروەها جەلیل کاکەوەیس لەبارەی پێداگری ڕۆماننووس محەمەد مەولود مەم لەسەر شوێن لە ڕۆمانی ( ڕێگا ) دا دەیگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی ڕۆماننووس بیسەلمێنێت دەسەڵاتی ڕۆمان فراوان و کۆکەرەوەی زانیاریەکانە لەپێناو کۆکردنەوەی ڕووداو و کارەساتەکان لەلایەکی دیکەش شوێن لای ڕۆماننووس پیرۆز دەبێت و دەگاتە پلەی دایکایەتی.

لە ڕوویەکی دیکەیشەوە شیمانەی ئەوە هەیە شوێن هەر لە دەسپێکی ڕۆمانەکەوە تا دوا هەناسە هەر بەچڕی ئامادەگی هەبێت ، لەوانەشە شوێن جاروبار سەرهەڵبدات و چەند وێنەیەکی وەسف ئامێز سەر دەربخات ، لەوانەشە تەنیا لەبەرایی یا لەناوەند یا لە کۆتایی ڕۆمانەکە شوێن ڕۆڵی خۆی ببینێت و بەچڕی ئامادەگی تێدا هەبێت ، لەوانەشە ناونیشانی ڕۆمانەکە شوێن بێت یان ئاماژەیەکی ئاشکراو دیاربێت بۆ شوێنەکان بۆ نموونە ڕۆمانی ( شار ) ناونیشانەکەی ( شوێن ) ە ، یان ( ڕێگا ) ی محەمەد مەولود مەم یان ( خان الخلیلی ) نەجیب مەحفوز کە ناوی گەڕەکێکی قاهیرەی پایتەختی میسرە ، هەموو ئەم حاڵەتانە بەچڕی ( شوێن ) تێدا بەکارهێنراوەو شوێن مەزنترین ڕۆڵی تێدا دەبینێت ، هەندێك لە پسپۆڕان پێیان وایە کە ڕۆمان زادەی ( شارە ) ە نەك ( لادێ ) ، چونکە ڕۆمان جارێکی ئەدەبیی شارستانییەو ، باس لە شارستانیەت دەکات ٠

جگە لەوەی کە ڕۆمان لەشاردا نووسراوەتەوە و زادەی ئەو ململانێ و ئەو کێشانەیە کە لەشاردا ڕوو دەدەن ، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە ڕۆمان نابێ باسی گوندو دێهات بکات و ململانێ و پێشبڕکێکانی ئەوێ نەخاتە ڕوو ، نەخێر ، بەڵام زۆر لە پسپۆڕان پێیان وایە کە ڕۆمان زادەی شارە نەك لادێ ، بۆ نموونە د٠ محەمەد حەسەن عەبدوڵلا دەڵێ (( هونەری ڕۆماننووسی بۆ ئەوە داهێنراوە کە گوزارشت لەشار بکات نەك لادێ یان گوند ، چونکە پەیدا بوونی ئەم تەرزە ئەدەبیە ، بەشارە گەورەکانەوە پەیوەستە نەك بە لادێ )).[2] لەگەڵ ئەوەشدا هاتنە پێشی بارودۆخەکان و پێشوازی کردن لەژانرێکی تازەی

---

[1] - حوسێن سابیر عەلی - شوێن لەڕۆمانی درزدا ، ل ٣٤.

[2] - د٠ محمد حسن عبدالله - الريف في الروايه العربيه: العدد/ ١٤٣ ( عالم المعرفه ) ١٩٨٩ ، ص٧.

ئەدەبیی لەنێو ئەدەبیاتی کوردیدا زادەی بارودۆخێکی شارستانی پیشەسازی نەبوو ، بەڵکو وەرگرتنی ئەو ژانرە تازەیە ئاوێتەبوونێك بوو لەگەڵ واقیعی کۆمەڵگای کوردی واتە ڕۆمان (( زادەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و دەروونی کۆمەڵگای کوردەوارییە ، لە کاتێکدا ئەم توخمە ئەدەبیە خۆی دەرهاوێشتەیەکی کۆمەڵگا شارستانییەتییەکانە ، هەر ئەو قۆناغەی کە میللەتانی دیکە پێیدا تێپەڕبوون ئێمەی کورد بە شێوە سروشتییەکەی خۆی پێیدا تێپەڕنەبووین ))[١] ٠

کەواتە ڕۆمان بەپێچەوانەی شیعرەوە لەگەڵ شارو شارستانیدا ئاوێتەیە ، پاش ئەم بڕیاردانەش دەشێ ئەوە بگوترێ کە ڕۆمانەکان بەگشتی و ئەم هونەرە بەسەروبنەوە خرایە مەیدانێکی بەگوڕوتینی ململانێی چەمك و کەلتورو داب و نەریتی نێوان شارو لادێ ، لەهەموو ڕەهەندو ڕوویەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایینی و مێژوویی و ڕەوشتییەوە کە ئەمەش فراوانترین ماددەو هەوێنی هونەری ڕۆماننووسینە ٠

ڕۆمان زادەی شارو شارستانییەتە ، زۆربەی ڕۆمانە مەزنەکانی جیهان باس لە کێشەو گرفتی شاردەکەن ، یان لە شارە گەورەکاندا بەرهەمهێنراون ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پانتاییەکی بێ وێنە لە زۆر ڕۆمانە ڕۆژهەڵاتییەکاندا لەخۆ دەگرێ ، لەگەڵ ئەوەشدا شاکارە جیهانییەکانی ڕۆژئاوا لەم بابەتگەلەی لادێ بێ بەش نین ، ڕۆمان باس لە ژیانی مرۆڤ دەکات ، ئەو ژیانەی کە دابەش بووەتە سەر گوندو شار ، واتە گەر باس لە ژیانی ڕاستەقینە بکەین ، پێویستە بەهەمان شێوە باسی شارو گوند بکەین ، نەك هەروەکو شوێن و جوگرافیا ، بەڵکو ڕەهەندەکانی دی وەکو پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ڕێکخراو و سیستەمی داب و نەریتەکان و مەڵبەندەکانی دەسەڵات و شێوازی حوکمڕانیی هۆزو عەشرەتەکان و لایەنی کشتوکاڵی و ئەو زاراوە تایبەتانەی کە پەیوەستن بە ژین و ژیاری لادێ نشینیەکانەوە ، هەموو ئەمانە گەر فەرامۆش بکرێن ئەوا دەقەکانی ڕۆمان چك دەکەن. پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ڕۆمانی کوردی تا چ ڕادەیەك گوزارشت لە ژیانی دێهات و گوندەکانی کوردستان دەکەن؟ ئایا شێوازی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانمان لە ڕەهەندەکانی گوندەوە توانراوە لە گوزەرگای ئەم ژانرە ئەدەبییەوە بخرێتەڕوو؟ ئایا پێوەندییەکانی جوتیارو دەرەبەگ شێوازی ژیانی ڕۆژانەی لادێ نشین ، ئەو پێشمەرگانەی کە ئەو گوندانە داڵدەیانیان دەدەن بەشێوازێکی ڕاست و دروست لە ڕۆمانی کوردیدا وێناکراوە؟ بەبێ گومان ئەمانە پرسیارگەلێکن پێویستیان بە وەڵامدانەوە هەیە ، کە

---

١ - جەلیل کاکەوەیس - ڕۆمانی کوردی ( پەرتبونی ڕووداو، نازیندەیی شاکەس، خوێندنەوەو لێکۆڵینەوە ) ، بڵاوکراوەی کتێب فرۆشی سۆران ، چاپخانەی بینایی ، سلێمانی ، ل ١١.

ئەنجامی ئەو وەڵامانە لەوانەیە ببنە توێژینەوەیەكی زانستیی چڕو پڕ سەبارەت بەڕۆمان ، ئێمە پێویستیمان بەڕۆمانێك هەیە كە ووردەكاریەكانی ژیانی لادێ بەو واقیعەی كە لەئارادایە بخاتەڕوو ، پێویستیمان بەڕۆمانێك هەیە كە ڕەسەنایەتی و كەلەپووری ڕاستەقینەی لادێ و كوردەواری نمایش بكات ، پێویستیمان بە نیشاندانی ڕۆڵی ئەو گوندانەیە كە لە پاڵپشتی شۆڕشی كوردی و خەباتی كورد دابوون ، پێویستیمان بە دەقێكە كە ململانێكانی گوندو شار بە قەشەنگترین شێوازی ئەدەبی بخاتەڕوو ٠ لە ئەدەبی عەرەبیدا ڕۆمانەكانی (محمد عبدالحليم عبدالله) پانتاییەكی زۆریان لە ژیانی دێهات گرتۆتەوە ، بەڵام شاریش ڕۆڵی خۆی لە ژیانی دێهاتدا دەبینێت ، ڕۆمانی ( بعد الغروب ) ژیانی لادێیە سادەكان و كەش و ئاووهەواو ژینگەی لادێ شرۆڤە دەكات بەراوردكارییەكی ئەوتۆ كە دەتخاتە ناو جەرگەی ئەو ژیانە تەلسماوییە . طە حسين لە ( الأيـام )دا كە ژیاننامەی خۆیەتی باسی كوێرەوەری و كەمدەرامەتی گوندەكەیان دەكات ، هەروەك بڵێی نیگەرانی و بێزاری خۆی لەو ژیانە دەخاتە ڕوو ، بەڵام محمد عبدالحليم عبدالله لە ڕۆمانەكانیدا ئارەزووت دەبزوێنێ بۆ ئەوەی كۆچ بكەیت بۆ گوندەكانی میسرو ئیتر لەوێ ژیان بەرێتەسەر ٠

شێوازی خۆشەویستیی گوندو شار جیاوازی هەیە ، خۆشەویستی لادێیەكان پاكترو بێ گەردترە ، بەڵام توێژە باڵاكانی كۆمەڵگا لە شاردا خۆشەویستی ڕاستەقینە نازانن ، بەڵكو بۆ دابینكردنی بەرژوەندیەكانیان خۆشەویستی دەكەن ، ئەمەش وێنەیەكی ئەو ململانێیەیە كە لەنێوان پێوەندییە كۆمەڵایەتییەكانی شارو گونددا بەدی دەكرێت ، پێم وایە ژیانی لادێیەكانی كوردستان لەوە چڕترە كە لە ڕۆمانەكانمان خراونەتەڕوو ، پێویستە ڕۆمانی كوردی زیاتر گرنگی بە ڕوونكردنەوەی ژیانی لادێی كوردەواری بدات ، چونكە لادێی كوردەواری قوڵایی هەیە ، جگە لەوەی ڕێژەیەكی زۆر لەگەڵی كورد لە گوندەكاندا ژیاون ، گوند مەزنترین كانگای ڕەسەنایەتی و كەلتووری میللەتانە . ڕۆمانی عێراقی بە گشتی باس لە بارودۆخی گوندو لادێ دەكات ، ئەویش لە ڕەهەندە كۆمەڵایەتییەكەیەوە ، واتە دەتوانین بڵێین كە ڕۆمانی عێراقی لادێی ، ڕۆمانی ئەو ڕۆمانانەیە كە باس لەپێشفەچوونی پێوەندییە كۆمەڵایەتیەكانی لادێ دەكەن ، ئەو پێوەندییە كۆمەڵایەتیانەی كە شانبەشانی بارە ئابووریەكە بەرەو پێش چووە ، چونكە لایەنی ئابووریش پێ بەپێی گۆڕانی پێوەندییە كۆمەڵایەتییەكان گۆڕانكاری بەسەرداهاتوەو قۆناغ بەقۆناغ گۆڕانكاری بەخۆیەوە بینیووە ، بارە ئابووریەكەی لادێ لەسیستەمی ئابووری دابینكردنی بژێوی بەڕێوەوە دەچێت ٠

واتە سیستەمی ئابووری داخراو بۆ سیستەمی دراوی ئاڵ و گۆڕکردن هەنگاوی ناوە ، ئەم گۆڕانکارییەش بە گشتی ڕەنگدانەوەی بەسەر پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی لادێدا هەبووە ، ئیدی لەڕۆماننووسە عێراقییەکان ( ذنون أيوب ) یەکەمین نووسەرە باسی لەم گۆڕانکارییە مەزنە کردبێ ، ئەویش لەڕۆمانی ( اليد والأرض والماء ) کە باس لەو پێشڤەچوون و گۆڕانکارییە دەکا لە بونیادو پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە لادێ پاش شۆڕشی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ )[1] ٠

هەرچەندە ئەو پێشنیازکردنەی لەڕووی گێڕانەوەی مێژووییەوە بووەو جگە لەوەی کە گێڕانەوەکەی لەدوتوێی ڕۆمانەکەیدا ڕەخنە ئامێزبووە ، ڕەخنەیەکی ئەوتۆ کە بە ڕەشبینییەوە ئاراستەی ڕەوشە باوەکانی ئەو کاتەی کردووە ، واتە وەك دەقێکی هونەری مامەڵەی لەگەڵ ڕۆماندا نەکردووە ٠ هەروەها ئەو ڕۆمانە عێراقیانەی کە لە بەراییدا باسیان لێوە کران ، باس لەڕۆڵی ئافرەت دەکەن لەلادێ و ، بەچڕیش ئەو گۆڕانکارییە دەخەنە ڕوو کە سەبارەت بە ئافرەت لە تەواوی لادێکانی عێراقدا ڕوویانداوە٠

کەسایەتی ئافرەت لەزۆربەی ڕۆمانەکاندا کە باس لە ژیانی لادێ دەکەن بە دوو ڕەهەندەوە پەیوەستە ڕەهەندێکیان باس لەو عیشقە ڕاستەقینەیەی لادێ دەکات ، کە چۆن ئافرەت بەشێکی گرنگی پێکدەهێنێ و ، چۆن بەو پاك و بێ گەردییە مومارەسەی دەکات ، بەشێکی دیشیان ئەو ڕەهەندەیە کە پەیوەستە بە پێشێلکردنی مافەکانی ئافرەت لەڕووی سیستەمی کۆمەڵایەتییەوە بۆ نموونە کوشتنی ئافرەت لە حاڵەتی بەدکاری ڕەوشتیدا ، بەتایبەتی ئەم ڕەهەندە لەو ڕۆمانانەدا جەخت دەکرایەوە سەری کە سەر بە ئایدۆلۆژیاو موفرەداتی پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەر بوو کە لەڕووسیا بەرپاکرا ، ئەم ڕەوشە لە ڕۆماندا جەختی لەسەر یەکسانی ئافرەت دەکردەوە لەگەڵ پیاوداو شاڵاوی دەبردە سەر ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتیانەی کە ئەو کاتە لە لادێ دواکەوتووەکاندا پیادە دەکرا ، ئەمە جگە لەوەی ئەو ڕەوتە زۆر جەختی لەسەر لابردنی هێزی دەرەبەگایەتی لەو گوندو دێهاتانە دەکردەوە بە مەسەلەیەکی زۆر ناشارستانی و نامۆ لە سروشتی مرۆیی لەقەڵەمی دەدا ٠

بە شێوەیەکی گشتی لادێ پانتاییەکی فراوانی لە ڕۆمانی ڕۆژهەڵاتی، بەتایبەتی ڕۆمانی کوردی و عەرەبی چ عیراقی و چ میسری و چ وڵاتانی عەرەبی دیکەدا گرتووەتەوە ، ئەویش لەبەر ئەو چڕی و ئەو خەستییەی کە لە توێی ئەو ژیانەدایە کە بە کانگایەکی

---

1 - باقر جواد الزجاجي – الرواية العراقية وقضية الريف ، دار الحرية للطباعة بغداد، العراق ، ص ٤٩.

نەبڕاوەی ماناو چەمك و کەلتوورو بابەتی بەپێز لەقەڵەم دەدرێت بۆ باسکردنی ڕۆمانی خاوەن خەسڵەت و تایبەتمەندی میللی ، کە لە هەمان کاتدا هونەرێکی باڵا پێشکەش بکات •

# بەشی دووەم

# چەمکی لادێ و لادێنشینی

۱ – ۲: لادێ و لادێنشینی

۲ – ۲ جۆرەکانی لادێ لە کوردستاندا

۳-۲: خانووی لادێ لە کوردستاندا

٤ – ۲ : پیشەی لادێ نشینانی کورد

٥ – ۲ :ـ ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری لە کوردستاندا

٥-۲-۱ : خێڵ و سیستەمی خێڵایەتی لای کورد

٥ -۲-۲ : مزگەوت و دیوەخان لە کوردەواریدا

## ١ – ٢ : لادێ و لادێنشینی

گوند وەكو بنیاتێكی كۆمەڵایەتی و شارستانی لە ڕەوتی مێژوویی كۆمەڵگەدا لەپیش هەبوونی شاردا بوونی هەبووەو بەپێی گۆڕانی كۆمەڵگاو قۆناغەكانی مێژوو پێكهاتەو سەرچاوەی دروستكردنی شاریش بووە ٠ لادێ لەچوارچێوەی پێناسەی جۆراوجۆرو هەمە لایەدا لەدیدی زۆر لەجوگرافیاناس و كۆمەڵناس و مێژوونووساندا پێناسەو واتای جۆراوجۆر دەگرێتەوە ، هەریەكەی لە ڕوانگەیەكەوە دەڕوانێتە پێناسەو دیاری كردنی چەمكی لادێ ، سەرەڕای ئەوەش لە دامەزراوەكانی وڵاتاندا هەریەكەو دەستوور یاسایەكی دیاری كراوی هەیە بۆ پێناسەی لادێ ٠

ناساندنی لادێ لەسەر بنەمایەكی جوگرافی و خەریكبوونی دانیشتوانێكی كەم بە پیشەی كشتوكاڵی و ئاژەڵداری و كەمی ژمارەی دانیشتوان و نەبوونی بەشێكی بەرچاوی خزمەتگوزارییەكان لەناو چوارچێوەی پێناسەی لادێ و پێكهاتەی دەردەخەن (( لە باشووری كوردستان ، یەكە ئیداریەكان ڕۆڵێكی بەرچاویان دەبێت لەجیاكردنەوەی ( لادێ و شار )دا ئەو گوندەی یەكەی ئیداری و كارگێڕی ناحیەكی بۆ دادەمەزرێ ئەوە لەپێناسەی گوند دەچێتە دەرو دەبێت بە شارۆچكە ( ناحیە ) یان شارەدێ ))[١]

هەبوونی لادێ و زۆریی لادێ پەیوەستە بە جۆری ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان بەپێی ژیانی ڕابردوو ئێستاش ڕادەی كەمی زۆری لادێ لەهەموو جیهاندا تاڕادەیەك وەك یەكە ، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ شاروشارچكە ڕوو لەفراوان بوون و زۆر بوون دەكەن لەكاتێكدا ژمارەی زۆری گوندەكان و ژیان و گوزەرانیان پەیوەست بووە بەزەویە كشتوكاڵی و لەوەرگاكانی ئاژەڵ بەخێوكردنی ٠

تا سەدەی نۆزدەهەم لە ئەوروپادا دوو لەسەر سێی لە دانیشتوانی گوندەكان پێكهاتبوو)[٢] هەروەها لەڕابردووی سەدەی بیستەمدا ڕێژەیەكی فراوان لە دانیشتوانی كوردستان لە ناو گوندەكاندا بوون ، ئەو فەرمانگەو یەكە كارگێڕییانەی بەناوی قەزاو ناحیەش دروست دەكران هەر لە ناو گوندا بوون وەك حاڵەتی ئێستای قەزاو ناحیەكان نەبوون كەمتریش ژمارەی دانیشتوان و ڕووبەری زەوی لەبەرچاو دەگیرا.

---

[١] - نادر روستی - گوندی كوردی و گۆڕان لەپیشەدا ( گوندی روست وەك دموونە ) ، ئینستیتۆتی كەلەپوری كورد ، سلێمانی ، چاپخانەی ئاراس ، هەولێر ، ٢٠٠٧ ، ل ١٨

[٢] - مەنۆ چهر موحسنی - دەروازەكانی كۆمەڵناسی ، وەرگێڕانی كۆمەڵێك وەرگێڕ ، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی موكریانی ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر ، ٢٠٠٢ ، ل ٢٨٢

هەبوونی کۆمەڵێك خاسیەت هەر لەشێوەی خانووبەرەو دەستورو یاسای هۆزایەتی ، بوونی ڕووبەری فراوان و ڕێگا ، ڕۆڵیان هەیە لەناوانی ئەو شوێنانەدا کە چڕیی دانیشتوانیانی کەمە و ، پشت بەستنی کۆمەڵگا بەخێزان و خزمایەتی و بچووکی ڕەهەندەکانی کۆمەڵگا ، کە دەبنە چەند تایبەتمەندییەك بۆ کۆمەڵگای لادێی[1].

وشەی لادێ لەپاڵ وشەی ( گوند )دا ، لە زمانی کوردیدا بەکاردێت ، ئەو وشەیەی کە بەدرێژایی مێژوو تەنانەت لەسەردەمی ئێمە مانای جۆراوجۆری لێ وەرگیراوە ، پێش هەر شتێك وشەی ( لادێ ) جۆرێکی تایبەت لە ژینگە دەردەبڕێت ، واتە پارچە زەوییەك کە لەلایەن مرۆڤەوە پێویستە چالاکی کشتوکاڵی لەو ناوچەیەدا هەبێت و شوێنەواری لەسەر ڕووی خاك دیاربێت ، بۆیە بە زەوییە دەست لێنەدراوو نەچێنراوەکان ناوترێت لادێ.[2].

لەبارەی شێوەی پیشەوە ( لادێ ) ، کۆمەڵێ هۆکار لە پشتەوەی دەستنیشان کردنییەوەن ، لەوانە :-[3]

١- سەرچاوەی ئاو- لێرەدا مەبەست بوونی ئاوی ژێر زەوییە ، واتە ( کانی - بیرو کارێز ) ، چونکە وەك دەزانین باران بارین لە هەرێمی کوردستاندا وەرزییە ، هەر بۆیە ناکرێ بە بەردەوامی پشت بە باران ببەسترێ ، بەهەمان شێوەش ئاوەڕۆی ڕووبارەکانیش هەمیشە وارێکەوتووە لە شوێنە نزمەکاندان ، هەر بۆیە کەمتر سوودیان لێ وەردەگیرێت ئەمانە هەمووی لەلایەك ، لەلایەکی دیکەیشەوە هۆکاری ژمارەی دانیشتوان و توانای سەرچاوەی ئاوەکە گرنگە ، واتە ئاوی گوندەکە چەند زۆر بێت هێندە دەکرێت خەڵکێکی زیاتر لە لادێکەدا کۆببنەوە ، بەڵام کاتێك ژمارەی دانیشتوان زۆر دەبێت و ئاوەکە بەشیان ناکات ، ئەوە بەشێکی دانیشتوانی لادێکە ناچار دێیەکی تر لەنزیك دێکەی خۆیانەوە یان شوێنێکی تر دروست دەکەن .

٢- هۆکاری مێژوویی- لە ئەنجامی سیستەمی خێڵایەتی و هەژاری لە کوردستاندا هەمیشە ئەگەری ئەوە هەبووە دانیشتووانی لادێ لە لایەن خێڵەکانی ترەوە ڕووبەڕووی تاڵان و وێرانکردن ببنەوە ، بۆیە لادێ لەشوێنێك دادەمەزرا کە لە توانای دابێت خۆی لە پەلاماری خێڵەکانی تر بپارێزێت.[4]

---

[1] - سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٨٨

[2] - هەمان سەرچاوە ، ل ٣٠٢

[3] – د. شاكر خصباك – الاكراد ، دراسة جغرافية اتنوغرافية ، مطبعة شفيق ، بغداد ، ١٩٧٣ ، ص ١٤٦-١٥٠

[4] - المصدر السابق ، ص١٤٧

٣ـ هۆکاری کۆمەڵایەتی:ـ فاکتەری کۆمەڵایەتی هانی خەڵك دەدات پێکەوە لە شوێنێك کۆببنەوە ، نەك هەرماڵەوە بە تەنیا ٠

٤ـ هۆکاری خاك:ـ بەپیتی خاك هۆکارێکی دیکەی گرنگی دروستبوونی لادێی کوردی بووە ، هەرهەمان هۆکاریشە دەبینین ئەو ناوچانە کە بە پیتن وەك دەشتەکان ، ژمارەی لادێ لەو جێگایانە زۆرترن وەك لە ناوچە شاخاوییەکان کە بەرووبوومی کشتوکاڵیان کەمترە ، لەلایەکی دیکەشەوە بەرزی و نزمی زەوی ( تۆپۆگرافیا ) ڕۆڵی هەبووە لە دروستبوونی لادێدا . لەبارەی چەمکی لادێیشەوە لای کورد ، ئەوە بەشێوەیەکی گشتی هەم بە خانووەکانی لادێکەو هەمیش ئەو زەوی و زارە کشتوکاڵیانەی دەوری گوندەکەیان داوە.[1]

یان لادێیی بوون لەوانەیە هۆکارو شێوەی جۆراوجۆری هەبێت ، ڕەنگە کەسێك لەبەر ئەوەی پێی بوترێ لادێی کە لە لادێدا نیشتەجێنە ، یان لەبەر ئەوە پیشەکەی تایبەتە بە لادێوە ، یان لەبەر ئەوەی منداڵیی خۆی لە لادێدا بەسەر بردووە ، شێوەی وا بەستەیی بەکۆمەڵگای لادێییەوە جیاوازەو شێوە جیاوازەکانی وابەستەیی بەلادێوە ، ڕادەی جیاوازی پەیوەستی کۆمەڵایەتی دێنێتە ئاراوە ، ئەو کەسانەی کە لە لادێدا بەرژەوەندی جیاوازیان هەیە وابەستەییەکی تەواو یان نیمچە تەواویان هەیە بەم کۆمەڵگایە و ، وابەستەیی دەروونی بەلادێکانەوە لەوانەیە سەرچاوەو جەوهەرێکی خێزانی و هەستی بێت.

[1] - منوچێهر موحسنی - دەروازەکانی کۆمەڵناسی ، ل ٣٠٣

## ٢ – ٢ : جۆرەکانی لادێ لە کوردستاندا

لەبارەی جۆرەکانی دێهات بە گشتی ، ئەوا ( چیتامبار ) ( ستویسۆلۆژی ) هیندی توێژینەوەیەکی گەورەو فراوانی لەبارەی جۆرەکانی دێهاتەوە خستۆتەڕوو ، کە بەم شێوەیە پۆلێنی کردوون:-[١]

**١- لادێی کێڵگە فراوان و دوور هەڵکەوتوو:-**

لەم جۆرەدا ، خێزانی لادێی کە دەورەی خانووەکەی داوە ژیان بەسەر دەبات ، هاوسێیەکەی لەوانەیە چەندین کیلۆمەتر لێیەوە دووربێت ، ئامێرو پێویستیەکانی کێڵگە، چوار پێکان ، بەرووبوومی کۆکراوە ، عەمبارو ئاسانکاریەکانی دیکە کە پێویستی پێیان هەیەو لە کێڵگەکەدا هەن.

**٢- لادێی شێوە ڕاستە هێڵییەکان:-**

لەم جۆرەدا ، خانووەکان بەدرێژایی شەقام ، ڕێڕەوی ڕووبارەکان یان ڕێڕەوی هۆکارەکانی گەیاندن ڕیزبوون ، کە دەکەونە پشکی خانووەکان و لە شوێنێکی وادان کە تا ڕادەیەك دوورن لەوانەوە ، بەم جۆرە خانووەکان لەیەك نزیکن و خەڵکەکانیان زیاتر دەستیان بەیەك دەگات ، لەم جۆرە لادێیانە لەئەورووپاو ئاسیادا دەبینرێن .

**٣- لادێی شێوە بازنەییەکان:-**

لەم شێوە لادێیەدا خانووەکان بەشێوەیەکی بازنەیی لەدەوری یەکتر کۆبوونەتەوە ، بەزۆری شوێنە گشتییەکانی گوند دەکەونە ناوەندی ئەم بازنانەوە خانووەکان لێك نزیکن بەبێ ئەوەی ڕێکخستن لەخانووەکاندا پێوەندی هەبێت بەشوێنی کێڵگەکانەوە.

**٤- لادێی چوار ڕێیانی و ناوەندە فرۆشیارییەکان:-**

پێکهاتەی ئەم جۆرە لادێیانە بەهۆی هەلومەرجی ئابووریی ناوچەکەیەوە وەك ئامادەکردن و دابەشکردنی کاڵاکان ، جگە لەمەش لەمجۆرە لادێیانەدا بەنزینخانە و کارخانەی چاککردنەوە و سەرتاشخانە و دامەزراوەی لەم جۆرە دەبینرێن ، ئەم جۆرە ناوەندانە لە هەندێ جاردا بازاڕیان هەیە و لەبنەڕەتدا یان شوێنی نیشتەجێ بوونی کەسانێکن ، کە سەر گەرمی کڕین و فرۆشتنی بەرووبوومە کشتوکاڵییەکانن یان شوێنکاری کەسانێکە کە لەم ناوەندانەدا دووکان یان کارگەی بچووکیان هەیە ، جوتیاران بەگشتی

---

[١] - مەنوچێهر موحسنی - دەروازەکانی کۆمەڵناسی ، وەرگێرانی ڕێبوار سیوەیلی دەزگای موکریان ، چاپی یەکەم ، ٢٠٠٢ ، ل ٣٠٢ - ٣٠٣

لەم ناوچانەدا ژیان بەسەر دەبەن ، جگە لەوکەسانەی کە زەوی و زاریان لەم دەوروبەرەدا هەیە ، زۆرجار ئەم ناوچانە لەم کۆمەڵە دووکانانە پێکهاتوون کە لەڕێڕەوی شەقامی سەرەکیدان.

**٥- لادێ بچووکەکان :-**

ئەم لادێیانە دوورییەکی زۆریان هەیە ، لەگەڵ لادێیەکانی دیکەدا ، هەروەها دووریشن لەناوەندە گرنگەکانی لادێ یان شارەوەو ، بەشێوەیەکی گشتی ئەم لادێیانە بێبەشن لەو ئاسانکاری و خزمەتگوزارییانەی کە لەلادێ گەورەکانی دیکەدا هەن.

**٦- جۆرەکانی دیکەی لادێ :-**

لە هەندێ باردا لادێ ڕۆڵێکی تایبەت دەگێڕێت ، بۆ نموونە لە هیندستاندا لەو ناوچانەدا کە لەڕووی ئاینەوە بەزیارەتگا دادەنرێن. سەرەتا مزگەوت ٠٠ پەرستگا و خانووی لەم شێوەیە دروست دەکرێت و دواتر لەنزیکییانەوە کۆمەڵە بینایەك بۆ زیارەتکەران و گەشتیاران بنیات دەنرێت. شوێن و ناوچە مێژووییەکانیش لەوانەیە تاڕادەیەك بەهەمان شێوەن ، ئەم جۆرە لادێیانە لە وڵاتی ئێراندا بەدی دەکرێن.

**لادێ لە کوردستاندا بەسەر دووجۆردا دابەش دەکرێ:-**

**ا - لادێی ناوچە شاخاوییەکان :-**

ئەم جۆرە لادێیانە دەکەونە قەدپاڵی شاخەکان ، واپەسەندە لەبناری شاخەکان بن ، ئەم جۆرە ( دێهاتانە ) بەپێچەوانەی دانیشتوانی ئەو دێهاتانەی کە لەدەشتەکاندا هەن ، کە بایەخێکی ئەوتۆ بەدارو درەخت نادەن و ، بایەخێکی تایبەتی بەخانوو ، دارو دەوەن دەدەن.

خانوو لە دێهاتە شاخاوییەکاندا لەشێوەی ڕێچکۆڵەی مەیلەو ئاسۆیی بەسەر دوو پارچەی سەرەوەو خوارەوەدا دابەش دەبن ، هەروەها لەبەر ئەوەی بەزۆری ئەم لادێیانە لەبناری شاخەکان بوون یاخود بڵێین شوێنەکەیان ڕووەو لێژی بووە ، خانووەکان بەسەریەکدا دروست دەکران ، بەجۆرێك کە دەتوانێ لەحەوشەی خانووی سەرەوە ڕاستەوخۆ بێتەسەربانی خانووی خوارەوە ، لەم جۆرە لادێیانەشدا خانووەکان نزیکن لەیەکەوە ئەمەش زیاتر لەبەر تەسکی ڕووبەری لادێیەکەو نزیکیان لەسەرچاوەی ئاوەکەوە.[١]

---

[١] - لیزەك ژیگل- کۆمەڵ لادێی کوردستانی هاوچەرخی عێراقی بەرامبەر بەنوێ بوونەوە ، ل ٨٧ - ٨٨

لەبارەی نزیکی خانووەکانیش بەسەریەکەوە دروست دەکرێن ، بەڵام لەنێو هەندێ دۆڵ و گەلیی قووڵدا کەرێگەیان سەخت بێ یان سروشتی شوێنەکە وابێ کە دانیشتوانی لادێکە هەست بەهێمنایەتی بکەن و لەخۆیان دڵنیابن خانووەکان لێك جیان و هەندێ دوور لەیەکتر دروست کراون ، هەروەها لە شوێنێك کە داهاتی زەوییەکانیان زۆرەو گوندەکانی لێك نزیکن.[1]

وەك ئاماژەمان پێ کرد کە جۆری لادێیەکانی ناوچە شاخاوییەکان باشترو چاکترە لە دێهاتی دەشتاییەکان ، لەگەڵ ئەوەشدا کوردستان لەهەموو لایەکەوە بەشاخی سەخت دەورە دراوە سیمایەکی جوانی دروست کردووە ئەمەش سیمایەکی چاك و دیمەنی جوانیی خاکی کوردستان دەگەیەنێت. لەڕووی جوانی و گەشت و گوزارەوە ( کوردستان لەهەموو لایەکیەوە کێوی سەخت دەوری داوە ، جگە لەبەشی باشووری خۆرئاوای ، چونکە ئەم بەشەش بریتیە ، کە ئاوی کانی و ڕووبار لەهەردەو بان و دەشت پاراویان دەکەن.
چاکترین ناوچەی بەکەڵکیش بۆ کشتوکاڵ ، بەشی باشوورو باشوری خۆرهەڵاتێتی ، لەبەرئەوەی ڕووباری ( خاپوور ) لەم بە شەیدایە .
بەرزترین کێوەکانی کوردستان ، ئەوانەن کە کەوتوونەتە خۆرهەڵاتییەوە هەموویان لێرەوارو نزاری چرو دەوڵەمەند دایپۆشیون ، دۆڵی جۆراو جۆریش دەوری داون ، بۆیە هەمیشە لەهاوین و زستانیشدا ئاوەدانیان تێدایە و پڕن لەخەڵکی دێهات و شار.[2]

## ب ـ لادێی ناوچە دەشتاییەکان :ـ

ئەو لادێیانە شێوەیەکی نارێکیان هەیە ، لەڕووی خانووەوە لەمزگەوت و دیوەخانی ئاغاو گۆڕەپانی لادێ پێك دێت ، بەزۆری ئەو بەشانەی کە باس کرا لەناو جەرگەی لادێدان و زۆربەی خانووەکانی دێ بەدەوری ئەواندان و زۆربەی کۆڵانەکانیان ، کۆڵانی تەسك و نارێکن ، بەڵام لە کۆتایدا یەکدەگرنەوە ، هەروەها لەڕووی ڕووبەرەوە لادێکانی کوردستان ڕووبەرێکی فراوانیان داگیرکردووە ، خانووەکان لەیەکەوە نزیکن بەپێچەوانەی لادێی لای عەرەبەکان ، چونکە لادێ لای ئەوان هەریەك لەزەوی خۆیدا ، واتە زەوییە کشتوکاڵییەکەیدا خانوو بۆخۆی دروست دەکات تاڕادەیەك دوورە لە خانووەکانی تر ،

---

[1] - د. باسیل نیکتین ، کوردو کوردستان ، وەرگێڕانی خالید حوسامی ( هێدی ) ، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین ، هەولێر ، ١٩٩٨ ، ل ٢٧٣.

[2] - د. بلەچ شیرکۆ - کێشەی کورد ـ ڤێژنییەو ئێستای کورد ، محەمەد حەمە باقی کردوویەتی بەکوردی ، لەبڵاوکراوەکانی یەکێتی نووسەرانی کوردستان ، چاپخانەی شەهید جەعفەر ، چاپی یەکەم ، ١٩٨٦ ، ل ١٤ — ١٥

بەڵام لەناو کورددا خانووەکان لەدێهاتدا بەیەکەوەن لەگەڵ ئەوەش زەوییە کشتوکاڵییەکان جیاوازن . خانووی ئەم جۆرە لەخشتی قوڕ دروست دەکرێت ، سەریشی ئاخەبانە ،کە لە دار و پەیژەی لە قوڕ دروست دەکرێن ، بۆیە وەك ژیگاڵ دەڵێت (( لادێیەکان کە بەشێوەی یەکنەوایی لەدەشتی پان و بەریندا داکشاون ئەو هەستەیان دەبزواند ، کە هەموویان وەك یەك وان ، لادێیەکان بەگشتی بێ دارو درەخت بوون لەدیمەنی یەك تەختی ڕەنگ قاوەیی پێدەشتدا دەتوانەوە )).[1] لێرەدا واپێدەچێت ( لیژەك ژیگاڵ ) مەبەستی ئەو دێهاتانە بێت کە لەناوچە دەشتاییەکاندا نیشتەجێن و لە ڕەزو باخ دوورن.

---

[1] - لیژەك ژیگاڵ - گوندو شارۆچکە کوردییەکانی عێراقی ئێستا ، وەرگێڕانی عەزیز گەردی ، چاپخانەی هاوسەر ، هەولێر ، ٢٠٠٢ ، ل ١٥

## ٣ ـ ٢ :خانووی لادێ لە کوردستاندا :ـ

لەبارەی شێوە و شێوازی خانووی لادێکانی کوردستانەوە ، هەریەکە لە شارەزایانی کوردو جیهان بۆچوونی خۆیان هەیە ، لێرەدا هەندێ لەو ڕاوبۆچوونانە دەخەینەڕوو.

( عەلائەددین سەجادی ) لە پەرتووکی ( کوردەواری ) دا بەم شێوەیە وەسفی خانووی لادێی کردووەو دەڵێت: (( ژوورێك بۆ دانیشتن و خەوتن ، ژوورێك بۆ دانەوێڵە و کاسە و کەوچك ، ژوورێکی گەورە بۆ لەوەڕی مەڕوبزن ، ژوورێکی تر بۆگا و گوێرەکە ، ژووری مەڕو مالاّت ، دەکەوێتە پشت ژووری نووستنی خۆیانەوە ، مەڕومالاّتەکە بەناو ژووری نووستنی خۆیانەوە دەڕوا تا دەگاتە پشتیرەکە )).[١]

کەچی ( هانسن ) سێ جۆر خانووی لە کوردستاندا دیاری کردووە ، یەکێکیان دەگوازرێتەوە وەکو ( ڕەشماڵ ) ، کەچی دووەکەی تریان چەسپاون و جێگۆڕکێیان پێ ناکرێ ( کەپر ، خانوو ).[٢] هەروەها ( هانسن ) دەڵێت (( لەدێی کوردەواری خانووەکان بچووکن دوو دیاردە لەم خانووەدا سەرنج ڕادەکێشن ، یەکەم هەندێ جار هەیوانی دانیشتن دەکەوێتە نهۆمی سەرەوەو نهۆمی خوارەوەی دەکەنە پشتیر ، دیاردەی دووەم ئەستوندی بەسەر کۆڵەکە لەقەدی وشك و سپی کراوی دارچنار دروست دەکرێت)).[٣]

د. ( شاکر خەسباك ) لە وەسفی خانوو لەلادێی شاخاویدا دەڵێت (( خانوو لەناوچە شاخاوییەکان بەزۆری لاکێشەیە ، دیواری دواوە تەنیا چەند پێیەك بەرزە ، پاش خانووەکەش کەمێك سەرو لێژە ، ژووری نووستن و دانیشتن یەك ژوورەو لەوانەیە ژوورێکی بچووك تایبەت بکرێت بە میوانخانە . ژوورەکانی تر بۆ ئاژەڵ و کەلوپەلەکانن ، کەم ڕێك دەکەوێت ڕەشەوڵاخ لەهەمان ژووری لادێکاندا بێت ، خانوو یەك دەرگای هەیە ، بەڵام لە ژوورەوە دەرگای دیکەی هەیە. خانوو لە دەشتی هەولێرو کەرکووك جیاوازە ، شێوەکەی چوارگۆشەیەو بانێکی کەوانەیی هەیە ، ژوورەکانیش بەیەکەوە نین و لەیەکتر جیاوزن )).[٤]

( ژیگل ) لەبارەی خانووی لادێوە دەڵێت :(( خانوو لەلادێی کوردەواریدا یەك نهۆم ، بەڵام خانووە چیاییەکانی سەر سنوور دوو نهۆمن ، نهۆمی خوارێ بۆ

---

[١] - عەلادین سەجادی - کوردەواری ، چاپخانەی مەعارف ، بەغداد ، ١٩٧٤ ، ل ١٧٧

[٢] - هێنی هارۆڵد هانسن - ژیانی ئافرەتی کورد ، وەرگێڕانی عەزیز گەردی ، چاپخانەی کوڕی زانیاری عێراق ، بەغداد ، ١٩٨٣ ، ل ٥٨

[٣] - هەمان سەرچاوە ، ل ٦٨ — ٧٠

[٤] - د. شاکر خصباك - الاكراد ، ل ١٦١-١٦٢

ماڵات و ئازووقەیە )).[1] هەروەها ( ژیگل ) زیاتر بەردەوام دەبێت و دەڵێت: (( ماڵی کورد بەزۆری لە خانوویەکی سادەو پەرپوت پێك دێت کە هەموو خێزانەکە لەتاکە ژوورەکەو بەرهەیوانەکەدا دەژین و دەشێ بەشێکی ئەو ژوورە گەورەیە ببڕنەوە بۆ کەلو پەل و ئازوقە ، هەروەها کۆلیتێکی بچووکیش لەبن دیواری پێشەوەی بەلای دەرەوەیدا هەیە ، دەشێ خانوو سەرشۆرکیشی هەبێت خانوو لەدەشت دەکرێ دوو حەوشەی هەیە یەك بۆ ماڵەوە ئەویتر بۆ ماڵات ببڕێتەوە ، تەنیا خانووی پێ دەشت حەوشەی هەیەو لەناوچە شاخاوییەکاندا حەوشە نییە )).[2]

( تۆما بوا ) لەکتێبی ( ژیانی کوردەواری )دا بەم شێوەیە ئاماژەی بۆ خانووی لادێ کردووە.. (( خانووی لادێ زۆر سەرەتاییە ئەوەیان کە سادەیە ماوەیەکی گەورەی تیایە کە کراوە بەدووبەشەوە ، بەشێکی دانراوە بۆ ئاژەڵ ( ئاخوڕ ) و ئەوی تریان بۆ خێزانی ماڵەکەیە ، بۆشاییەکی پەرژین کراویش دەوری خانووەکەی داوە ، لەتەنیشتیەوە عەمارێکی سادە هەیە ، کە بەکاری ئەهێنن بۆ هەڵگرتن و شاردنەوەی شت و مەکی ناو ماڵ ، هەندێ جار خانووەکانیان وەکو نهۆم نهۆم دروست کراون کە سەربانی خانوویەك ئەبێتە هەیوان و حەوشەکەی خانوویەکی تر لەسەرەوەیەوە تا ڕادەیەکیش دیوارەکانی بە بەردی داتاشراو دروست کراون. یەکێ لەسیفاتی خانووی کورد لەلادێکاندا ئەو هەیوانەیە کە سەری بۆ کراوەو لەسەر چەند کۆڵەکەیەك وەستاوەو ڕووی کردوەتە ڕۆژئاوا )).[3]

کاوە نادر لەکتێبی ( کەندێناوە لەنێوان ڕاگواستن و بەعەرەبکردندا ) ئاماژەی بۆ لادێیەکانی ناوچەی کەندێناوە کردووەو دەڵێت (( ناوچەی کەندێناوە کە یەکێ لەبەشە سەرەکییەکانی دەشتی هەولێرە لە ( ٧٢ ) گوند پێك هاتووە ، سەنتەری ئیداریشی شارۆچکەی ( دیبەگەیە ) ، کە ناوچەیەکی بەپیتەو ، پشت بە چاندنی گەنم و جۆ دەبەستێت خاکێکی قاوەیی گەنم ڕەنگی هەیەو بەخاکێکی زۆر بەپیت دادەنرێت بۆ کشتوکاڵ بەتایبەتی (گەنم و جۆ ) خانووەکانی ئەم دێهاتانە بەتەنیشت یەکترەوەن و

---

[1] - لیزەك ژیگل - کۆمەڵی لادێی کوردستانی عێراق بەرامبەر بەنوێ بوونەوە ، ل ٩٢

[2] - هەمان سەرچاوە ، ل ٩٤ – ٩٦

[3] - تۆمابوا - ژیانی کوردەواری ، وەرگێڕانی حمه سعید حمه کریم ، دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی ، بەغدا ، ١٩٨٠ ، ل ٥٤

زۆربەیان لەقوڕ وخشت دروست کراون )).[1] ( باسیل نیکتین ) لەبارەی خانووەکانی ناوچەی ( هۆرەمار )[*] ەوە دەڵێت (( خانوو بە بەردو قسڵ دروست دەکرێت ))[2] .

لەبارەی ئەو کەرەسانەی کە دەخرێنە سەربانی خانووەکان لەلادێدا ، ئەوا گومانی تێدا نییە کە خانووی کوردی تەخت و ئاخبان بوون. بریتی بوو لەحەسیری ( دارخورما) وەك ئەوەی ( هێنی هارۆلد هانسن ) ئاماژەی پێدەکات و دەڵێت (( لەناوچە چیاییەکان گەڵای دار مازوو و بەڕو دەخرێنە سەر خانووەکان ، بەڵام لەناوچە دەشتاییەکان قامیش و گەڵای دارخورما لەسەر خانووەکان دادەنرێت. وەهەراش و قوڕی بەکارو قسڵ و قوڕە پەستی پێ دەڵێن ، ئەم شێوازەش لەهەموو جێگایەك پەیڕەو ناکرێت ).[3]

ئەمانە هەموویان دەکەوتنە سەرچەند کاریتەیەکی سپێندار کە بەگوێرەی تەوەری بیناکەیە ، ( لیزك ژیگل ) ئاماژە بەمجۆرە خانووانە دەدات و دەڵێت (( بەبەرینایی یان بەدرێژایی بەسەر دیوارەکان رادەخران ، بانەکەیان بەچینە قوڕێك سواق دەدراو تاوەکو کزر دەبوو ، باگوردانیان لەسەر دەگێڕا )).[4]

مەنو چێهر موحسنی لە کتێبی ( دەروازەکانی کۆمەڵناسی )دا خانوو لەلادێدا بەسەر سێ جۆردا دابەش دەکات:[5]

**١ـ خانووی پەراگەندە:ـ**

لەم جۆرە جێگیربوونی خانووەکان لەهەندێك لەلادێکاندا بەشێوەیەکی پەراگەندەیەو خانووەکان لەنێو کێڵگەکاندان ، ئەم جۆرە لادێیانە زاراوەی پەراگەندە یان ( ناکۆمەڵ )یان بۆ بەکاردەهێنرێت .

**٢ـ خانووی بەکۆمەڵ:ـ**

لەڕووی شێوەی دەرەکییەوە ، ئەم جۆرە خانووی نیشتەجێ بوونە هەندێ جار شێوەی ناوچەی نزیك بەیەك و قەرەباڵغە ، لادێ ڕوویەکی تایبەتی هەیە ، دەتوانێت دوای ماوەیەك بگۆڕدرێت بۆ شارۆچکە. لەم لادێیانەدا دەتوانرێت کۆڵانی باریك و پێچاوپێچ بەوردی لەسەر نەخشە دیاری بکرێت ، لەم جۆرەدا لەژمارەیەکی کەمی خانوو دەست پێ دەکات و لەوانەیە ژمارەی بگاتە سەدان خانوو ٠

---

[1] - کاوە نارد - کەندێناوە لەنێوان ڕاگواستن و بەعەرەبکردندا ، لەبڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی میدیا ، هەولێر ، ٢٠٠١ ، ل ١١ -١٢

[*] - ناوچەی ( هۆرەمار ) ناوچەیەکە دەکەوێتە نێوان سنووری عێراق و تورکیا )

[2] - واسیلی نیکتین - کوردو کوردستان ، ل ٢٧٣.

[4] - لیزك ژیگل - کۆمەڵی لادێی کوردستانی عێراق بەرامبەر بەنوێ بوونەوە ،ل ٣٥

[5] - مەنو چێهر موحسنی - دەروازەکانی کۆمەڵناسی ، ل ٣٢٩

**٣ـ شێوەکانی دیکەی خانوو:ـ**

لەنێوان خانووی لادێی پەراگەندەو لادێی بەکۆمەڵ بوودا ، ئاستێکی مام ناوەندی هەیە ، لەهەندێ جاردا خانووەکان لەناوچەیەکی نەك زۆر فراوان ، بەڵکو بەشێوەیەکی ناڕێك بڵاوبوونەتەوە ، ئەم خانووانە لەوە ئەچێ هەرچەند دانەیەك یان هەر یەکێکیان لەشوێنێکدا بێت ، لەم کاتەدا واتە ناوچەی نیشتەجێ بوون فراوانتر دەبێت و لەدامێنی هەر خانوویەکدا یان لەبەردەمیدا باخچەیەك هەیە. لەم جۆرە لادێیانەدا زۆربەی خانووەکان پێکەوە نەبەستراون ، بەڵام دووری لەنێوان خانووەکاندا زۆر نییە ، بەشێوەیەکی گشتی بۆمان دەردەکەوێت ، کە خانووی کوردی لەشێوەدا بچووکەو بەشێوازێکی زۆر سادەو ساکار دروست دەکرێن و دروست کراون ، هەروەها زیاتر بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی خۆیان بەکاریان هێناون ، هەر بۆ هەمان هۆکارە وای کردووە خانووەکان لەقوڕ دروست بکرێن و لەکەرەسەی زۆر سەرەتایی سازکراون .

## ٤ — ٢ : پیشەی لادێ نشینانی کورد

لادێ نشین بەو کەسانە دەوترێ، کە لەلادێ دەژین و لەشار دوورن ، کاری ئەم تاکانەش لەسەردەمی کۆنداو تەنانەت ئێستاشی لەگەڵدابێ، بەپلەی یەکەم زیاتر خۆ خەریك کردن بووە بەکشتوکاڵەوە ، پاشان ئاژەڵداری. لەم بارەوە ( ژیگل ) لەساڵانی حەفتاکاندا وای بۆچووە (( کە زۆربەی دانیشتوانی کوردستانی باشوورو عێراق بەکشتوکاڵەوە خەریکن ، بەڵام شان بەشانی زەوی کێڵان و چاندنی دەغڵ و دان ، مەڕوبزن و ماڵاتیش بەخێو دەکەن)).[١]

دەبێ ئاماژەش بەوە بدرێت کە کورد پیشەی ( شوانکارە )یی زۆر لاخۆشە ، بۆیە لەسەردەمی کۆندا زۆر لاوان و گەنجانی کورد بە بەخێوکردنی مەڕو ماڵاتەوە خەریك بوون. (( کۆچەرەکان بە بەخێوکردنی ئاژەڵەوە خەریکن ، کوردیش شوانیی زۆر لاخۆشە، چونکە دوورە لە هەموو ناخۆشیەکەوە واهەست دەکات کە سەرداری خۆیو سروشتییە ، بێ گومان بوونی ئەم شتە لەسروشتی ناوچەکەدا ئازایی دروست ئەکات ، بەهۆی ئەو شتە کرێنەرانەوە کە دەوری داوە ، ئەگەر بوونی ئەم شتانە پێشەکی نەبێت بۆ گۆڕانێکی گیانی )).[٢] جگە لەمەش دیارە کورد بایەخێکی زۆری بە باخاتیش داوە ، بەتایبەتی لەدێهاتەکانی ناوچەی ( سلێمانی ) بایەخێکی تایبەتی بەتوتن دراوە.هەمان ئەو بیرکردنەوانە وایان کردووە کە جوتیاری کورد بەشێوەیەکی تێکرایی چەند مانگانەیەك دەدوانزە سەر مەڕو ئەوەندەش بزنیان ڕاگرتووە. (( جوتیارانی کورد جگە لەبەخێوکردنی مەڕو بزن و مانگاش لەگەڵیاندا بەزۆری هەر کێڵگەیەك کەرێکی هەبووە ، هەندێ جار ئێسترێك و هەندێ مریشك و چەند عەلەشیشێکی هەبووە )).[٣]

هەروەها جگە لەچاندنی ( توتن ) ، کورد لەبەرهەمەکانی (( شیر و گەزۆش ناوی دەرکردووە بەتایبەتی کوردەکانی چیا ، واتە ئەو لادێیانەی کە لەپاڵ چیاکاندا بوون ، (کورد لەچیاکاندا مازوو ئەچنێ ، کە کەرەسەیەکی باشە بۆ پێستە خۆشکردن، هەروەها کەتیرەو گەزۆ کۆدەکەنەوە ، کە ئەمیش جۆرێکە لە شرینیی سروشتی. پیاوەکانیان دار ئەبرن و لەناو تەنورێکا کۆی دەکەنەوەو ئەیسوتێنن و بەخۆڵ دای ئەپۆشن بۆ ئەوەی ببێت بە خەڵووز، کە بە باشترین جۆر دادەنرێت ، بۆ ( سۆباو مەقاڵە ) ش ، هەروەها

---

[١] - لیزەك ژیگل - کۆمەڵ لادێی کوردستانی عێراق بەرامبەر بەنوێ بوونەوە ، ل ٤٧

[٢] - تۆمابوا - ژیانی کوردەواری ، ل ٦١

[٣] - لیزەك ژیگل - هەمان سەرچاوە ، ل ٥٠

بەنرخێکی باشیش دەفرۆشراو دەیانبردە شار یان شارۆچکەکان )).[1] دیارە تەنیا نەتەوەی کورد بایەخی بەکشتوکاڵ و مەڕومالآت نەداوە ، بەڵکو تەواوی میللەتانی ئێرانی یا بەوردتر بڵێین گروپی ئاری بایەخیان بەم پیشانە داوە ((میللەتی تری ئێران ئەوانەی چیایی و شوانکارەومەڕو مالآت بەخێوکەربوون ، کوردیش یەکێك بووە لەمانە )).[2]

بەشێوەیەکی گشتی لادێ تەنیا بەکاری کشتوکاڵ و بەخێوکردنی مەڕومالآت خەریك نەبوون ، بەڵکو تا ڕادەیەکیش زۆربەی کارەکانیان بازرگانی قاچاخچێتیش بووە ، جگە لەمانەش لەهەموو شۆڕشەکانی گەلی کورددا خەڵکی دێهات و دێهاتیش پشتێنی کۆمەکی شۆڕش بوون بەیارمەتی دان و بەکادریشەوە.

لەڕووی ئابووریشەوە لەناو گەلی کورددا لەدوای ساڵی ( ١٩٩١ ) ەوە ، قۆناغێکی نەهامەتی بوو ، بەڵام دێهات و خەڵکی دێهات ڕۆڵێکی پۆزەتیڤیان بینی لەبواری ئابوریدا ، کەباری ئابووریی کوردستان لەوپەڕی خراپیدابوو بەتایبەتی لەدوای ئابلووقەی ئابووری لەسەر عێراق بەگشتی و ئابلۆقەی جیهانی و عێراقیش لەسەر گەلی کورد بووی هەبوون ، ئەم ئابلۆقەیە خەڵکی دێهاتی ناچار کرد لەڕێگەی قاچاغچیتییەوە سووتەمەنی و کەلوپەل و خواردەمەنی دەستە بەر بکەن ، و بە شێوەیەکی سەرەکی لە لادێ سنوورییەکانی ئێران و دەوڵەتی مەرکەزی بەغدادا ئەنجام دەدا . بۆ نموونە (( لادێ نشینانی سەر سنوورەکان هەمیشە بازرگانی زۆریان لەناودا هەڵکەوتوون ، واتە ئەوانەی کاری کڕین و فرۆشتن و گواستنەوەی شتومەك دەکەن و بەقاچاغچی ناو دەبرێن)).[3]

(مەنو چێهر موحسنی) ئیشوو کارەکانی لادێ نشینی دابەش دەکات بۆ چەند جۆرێك[4] :

١. پێوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ زەویدا لەڕووی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵییەوە .

٢. بەڕێوەبردنی کاروباری کێڵگە .

٣. دۆزینەوەی بازاڕ و فرۆشتنی بەرهەمەکان .

٤. بەکارهێنانی سوودمەندانی سەرمایە ٠

٥. چالاکییە لاوەکییەکان ( ئاژەڵداری وماڵداری و ئاوەدانکردنەوەو ... هتد. )

---

[1] - تۆمابوا - ژیانی کوردەواری ، ل ٦٦

[2] - ڕەحیم سابیر - کوردلۆژی ، لێکۆڵینەوەیەکی سایکۆلۆژیە لەمەر کۆمەڵگای کورد ، خانەی چاپ و نەخشی ڕێنما ، سلێمانی ، ٢٠٠٥ ، ل ٢٣٤

[3] - هێنی هارۆڵە هانسن - ژیانی ئافرەتی کورد ، وەرگێڕانی عەزیز گەردی ، ل ١٤٢

[4] - مەنو چێهر موحسنی - دەروازەکانی کۆمەڵناسی ، ل ٢٨٨

## ٥- ٢ : ژیانی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری لە دێیەکانی کوردستاندا

### ٥ – ٢ - ١ :- خێزان و خێڵ و سیستەمی خێڵایەتی لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا

کورد لەبەرەبەیانی مێژووەوە لەنێو سیستەمێکی داخراوی خێڵەکیدا دەژی ، چونکە خێڵ رۆڵێکی کاریگەر دەبینێ لەژیانی سیستەمی خێڵەکیدا ، (( خێڵەکان بۆ ئەوەی لەناو نەچن و مانەوەی خۆیان بپارێزن ، هەستاون بەدروستکردنی سیستەمێکی داخراوی توکمە بۆ ناوکەکانی خێڵ و پاراستنی ناوخۆی کۆمەڵ لەهەڕەشەی دەرەوە )).[١]

ڤان برۆنەسن لەم بارەوە دەڵێت (( خێڵی کوردی یەکەیەکی کۆمەڵایەتی سیاسیەو بەگشتی بە مەڵبەندێکەوە بەستراوەتەوەو هەر بۆیە یەکەیەکی ئابوریشە ، خێڵ پشت ئەستوورە بەرەچەڵەك خزمایەتییەکی ڕاستەقینە یاخود هەڵبەستراو ، بونیادێکی نێوخۆیی دیاریکراوی هەیە )).[٢]

لەناو کورددا ژمارەی خێڵەکان زۆرن ، بەڵام بەپێی مێژوو گەر بگەڕێنەوە بۆ بابەگەورەی کوردەکان ، کە میدییەکانن ، سەرەتای دروستبوونی کورد بە خێڵ دەستیپێکردووە ، وەك ئەوەی ( ئی جەی. ئار ) ئاماژەی پێکردووەو وتوویەتی (( خێڵەکوردیەکان لەڕووی مێژووییەوە دابەش دەکرێنەسەر دووبەشەوە ، کە ئەوانیش نیشەجێ و کۆچەرین )).[٣] خێڵە کوردەکان زۆر جاران لەژێر سەرکردایەتیەکی ئایینی یاخود سیاسی ، ئەمەش هەوڵدان بووە لەپێناو دروستکردنی فەوارەیەکی گەورەی تر لەخێڵ ، بەڵام لەناوچوونی سەرکردەی بزوتنەوەکان و گۆشەگیری هەندێك خێڵ و خیانەتکاریی هەندێکیان وایکردووە کە دیسانەوە خێڵەکان بچنەوە باری گرژی و بەگژیەکدا بچنەوەو سیستمێکی خێڵایەتی پتەو وفراوان دروست نەبێت ، یان هەندێ جار بەرژەوەندی کۆی کردوونەتەوە ، بەڵام زۆری نەخایاندووە ئەو بارە تێکچووە ، ئەویش بەهۆی بەرژەوەندیی زیاتر و زۆرتر ، دیارە هۆکاری یەکنەگرتن و دروست نەبوونی سیستمێکی خێڵایەتی پتەو دەگەڕێتەوە ، بۆ بەرژەوەندی بنەماڵەکان و سەرکردەی خێڵەکان ، دواتریش بابەتی ئایین و مەزهەبەکان کە هۆکاری گرنگ بوون بۆ لێکترازانی بنەماڵەکان و خێڵەکان )).[٤]

---

[1] - ڕەحیم سابیر - کوردۆلۆژی ، ل ١٤٣ ، ٢٠٠٥

[2] - مارتین وان بروسیین سن - جامعه شناسی مردم کرد ( اغا ، شێخ و دەوڵەت ) ساختار های اجتماعی و سیاسی کردستان ، ترجمه: ابراهیم یونسی ، نشر ، تهران. ٢٠٠٠ ، ص ٦٦

[3] - ئی. جەی. ئار - هۆزەکانی کورد ، وەرگێڕانی حسێن جاف ، ل ٨

[4] - ڕەحیم سابیر - کوردلۆژی ، ل ١٤٧

وەکو دەردەکەوێ لایەنی کۆمەڵایەتی ڕەهەندێکی بنەچەییە لەلای خێڵە کوردەکان ، لەم بارەوە ( نیکیتین ) دەڵێت (( خێڵ یەکەیەکی سیاسیە ، یان یەکەیەکی نیمچە کۆمەڵایەتی ، کە یەکێك لەدابەشبوونە جیاجیاکان ئەم یەکە سیاسیە دەهێنێتە ئاراوە )).[1] وەك ئاماژەمان بۆ کرد کە خێڵ خێڵە نیشەجێ و جێگیرەکانە ، کە پیشەی سەرەکییان کشتوکاڵ و بەخێوکردنی مەڕو ماڵات و بازرگانییەو ، هەم خێڵە کۆچەرەکانە کە تەنیا پیشەی سەرەکییان لەچوارچێوەی شوانکارەییدایە. لەلایەکی تریشەوە ژمارەی خێڵەکان لای کورد زۆرە ، جگە لەم زۆرییەش ئەوا جیاوازی لاوەکیشیان لەنێواندا هەیە ، بەڵام هەموویان پێوەندیی ڕەگەز کە بڕبڕەی پشتی هۆز پێك دەهێنێت بەیەکەوە بەستراونەتەوە ، لەم بارەوە ( تومابوا ) خێڵە کوردەکان بەسێ چەشنی جیاوازی سیستمی کۆمەڵایەتی و ئابووری و دانیشتوانی لادێیەکان جیاکردۆتەوە ، کە بەم شێوەیە:[2]

١ـ خێڵێکی کلاسیکی کۆن لەژێر دەسەڵاتی ئاغایە ، کە دەچێتەوە سەر ڕەگەزێکی هاوبەش و کراوە بەچەند بەشێکەوە ، هەروەکو باری هۆزەکانی ( ئاکۆ ، باڵەك ، گەردی، سیان ، سورچی ).

٢ـ خێڵێك لەژێر دەسەڵاتی سەرکردەیەکی دەرەبەگدا . ئەم جۆرە لە ڕەگەزی جۆراوجۆر پێك هاتووە وەکو هۆزەکانی ( دزەیی ـ خۆشناو ـ جاف ).

٣ـ دوای ئەوانە سەرکردە ئایینییەکان ، سەیدێك یان شێخێك کە دەسەڵاتی کاتیی تێکەڵاوی دەسەڵاتی ئایینی دەبێ و هەموو شێخەکان بەم شێوەیەن وەکو شێخەکانی بەرزنجە لەشاری سلێمانی و شێخەکانی بارزان.

لەباری ئینتمای تاکە کەسیشەوە بۆ خێڵ ، ئەوا لەساڵانی پەنجاکان و شەستەکانیشدا زۆر بەهێزبووە ، تاکە کەس لەپێناوی ئەوەی بەرزی خێڵەکەی دەرکەوێت و بەخێڵێکی بەهێز ناوبرێت ، ئامادەبووە خۆی بکاتە قوربانی بۆ خێڵەکەی ، هەمیشە تاکە کەس بەخێڵەکەیەوە نازیوەو شانازی پێوە کردووە ، ئەم ئینتیمایەش جیاوازی هەبوو لەنێوان نیشتەجێ و کۆچەریی ، چونکە ئینتیما لەنێو خێڵە کۆچەرەکاندا زۆر بەهێزتربووە وەك لەنێو خێڵە نیشتەجێیەکاندا ، لەهەمان کاتیشدا جەوهەری خودی خێڵایەتی لەتوانەوەی کەسایەتی تاکە کەس لەخێڵدا بەرجەستە دەبێت. (( هەر بۆیە کارو کردەوەکانی تاکەکەس دەکەونە ناو چوارچێوەی بەرپرسیاریی بەکۆمەڵی خێڵەکی ، هەر خێڵیشەکە

---

[1] - واسيلي نيكتين - كردو كردستان ، ترجمه: محمد قاضي ، چ/٢ ، انتشارات نيلوفر ، تهران ١٣٦٦ ( ١٩٨٧ ) ، ص ٢٧٣

[2] - تۆما بوا - ژیانی کوردەواری ، ل ٨٥

بەردەوامی بەم کارو کردەوانە دەدات و بەهێزیان دەکات )).[1] کەسایەتیی تاکە کەس لەخێڵدا (( شوێنکەوتەی ئەو گروپەیە کە تاکە کەس وابەستەیە پێیەوە ، دەکرێ تاکە کەس لەدەرەوەی خێڵەکەیدا بەناوی خێڵەکەیەوە ناو ببرێت )).[2] تا ئەو ئاستەی (( دواجاریش دەست درێژی کردنە سەر هەر ئەندامێکی خێڵ دەست درێژی کردنە سەر خێڵەکە خۆیەتی )).[3]

---

[1] – د. هشام الشرابي – النظام الابوي واشكالية التخلف في المجتمع العربي ، بيروت ، ١٩٩٣ ، ص ٤٨

[2] - مەنو چێهر موحسنی - دەروازەکانی کۆمەڵناس ، ل ٢٧٤

[3] – د. حليم بركات – المجتمع العربي المعاصر- بيروت/ ٢٠٠١ ، ص ٧٤

## ٥ — ٢- ٢ : ـ مزگەوت و دیوەخان لە کوردەواریدا

مزگەوت و دیوەخان ئەو دوو شوێنەن ، کە ئەگەر پێکەوەش لەیەك گونددا کۆنەبنەوە ، ئەوا بەزۆری یەکێکیان هەیە ، ئەگەر دیوەخان لەلادێدا هەبێت ، ئەوا مەرجە مزگەوتیش هەبێت ، بەڵام مەرج نییە ئەگەر مزگەوت هەبێت دیوەخانیش هەبێت. وێڕای ئەوەی لەسەرەتادا جگە لەمزگەوت لەنێو نەتەوەی کورددا تەکیە هەبووە ، لەلایەکەوە بۆ خواپەرستی بەکاردەهات ، لەلایەکی تریشەوە مەڵبەندی یەکەمی زانست و زانیاری بووە ، بەهەرحاڵ مزگەوت لەدێدا شوێنێکی ئایینی بووە ، بۆمەبەستی خواپەرستی دروست کراوە ، دیوەخانیش بەمەبەستی خزمەتکردنی لایەنە کۆمەڵایەتییەکانی سیستەمی خێڵایەتییەنەبۆ مەبەستی دنیایی بونیات نراوە ، وەکو ئاشکراشە بەشی هەرە زۆری نەتەوەی کورد موسڵمانن و لەسەر ڕێڕەوو مەزهەبی ئیمامی ( شافعین ) ، ((کوردەکان موسڵمانێکی بیروباوەڕ ڕاستن ، سەر بەقوتابخانەی زانایەتی شافعیشن ، ئەم قوتابخانەیە ڕای تایبەتی و حەزی ناوەندی خۆی ئەداتە دواوەو چاکە کردن و بەرژەوەندی گشتی بەچاکتر دەزانێت )).[1]

بەهۆی زۆریی موسڵمانان لە کوردستاندا ، ژمارەی مزگەوتەکانیش گەلێ زۆربووە ، تەنانەت ئەمڕۆکەشی لەگەڵدابێ شارەکانی کوردستان بەگشتی و شاری هەولێر بەتایبەتی ژمارەی مزگەوتەکان گەلێ زۆرن ، مزگەوتیش وەك هەموو خانووبەرەیەکی لادێ سادەو ساکاربووە ، مزگەوت هیچ ڕووخسارو دیمەنی تایبەتی بەلادێ نەدەبەخشی ، لەدەشتدا مزگەوت نزم و سندوقیە ، کەچی لە شاخەکاندا مزگەوت خانوویەکی ساکارەو تەنیا یەك نهۆم (( مزگەوت منارەو گومەزی بەسەرەوە نییە ، بانی تەختەو وەکو خانووەکانی دەووروبەری وایە ، مزگەوت لەدوورەوە ئەوەندە سەرنج ڕاکێش نەبوو ، بەڵام لەناوەوە زۆر بایەخی پێدەدرا )).[٢]

لەبواری باوەڕداری گەلی کورد بە ئاینی پیرۆزی ئیسلام و ژمارەی مەلاکان ، تۆمابوا دەڵێت (( کوردەکان زۆر بەهێز ئاینی ئیسلامیان وەرگرتووەو گەلێك قوتابخانەیان کردۆتەوە بۆ فێربوونی قورئان ئەوەندە مەلایان هەیە کە ناژمێردرێن )).[٣] لەبواری سیماکانی دیوەخانیش ( هادی ڕەشید چاوشلی ) دەڵێت (( دیوەخان لەدیارترین سیمای

---

[1] - تۆمابوا - ژیانی کوردەواری ، ل ١٩٥

[٢] - لیژەك ژیگ - کۆمەڵ لادێی کوردستان ، ل ٨٨

[٣] - تۆمابوا - ژیانی کوردەواری ، ل ١٩٥

لادێی کوردییه ، دیوەخان گرنگترین شوێنی کۆبوونەوەیە لەلادێدا ، بوجەی دیوەخان دەکەوێتە ئەستۆی هەندێ ئاغای عەشیرەت یان خاوەنداری لادێیەکە )).[1]

دیارە لێرەدا ئاغا بەتەنیا پارە بۆ دیوەخان نادات ، بەڵکو لەلادێ نیشینەکان وەر دەگرێ ، بەبێ ئەوەی گوێ بداتە باری گوزەرانی خەڵکی لادێ ، وەکو لەبەشەکانی پێشەوە ئاماژەمان پێی دا کە باری گوزەرانیان زۆر خراپ بووە ، یان با بڵێین باری ژیانیان مام ناوەندی بووە . دیارە دیوەخانیش لەنێو کورددا جۆری هەیە لەوانە (( دیوەخانی ئاغای عەشایرەکان ، دیوخانی لادێی خاوەن مۆڵکە گەورەکان ، دیوەخانی لادێی خاوەن موڵکە بچووکەکان )).[2] دیارە میوانەکانی لادێ جگە لەوەی دەتوانن لەماڵێ یەکێ لەو کەسانەدا کە سەردانیان دەکەن بحەوێنەوەو لەو جێگایانەدا خزمەتیان دەکرێ و ئەوە سەرەکیترین ئەرکی دیوەخانە.

[1] – هادی رشید چاوشلی – الحياة الاجتماعية في كردستان ، مطبعة جاحظ ، بغداد ، ١٩٧٠ ، ص٥٢.

[2] - د. شاكر خصباك - الأكراد ، ل ٤١٦

# بەشی سێیەم

١-٣ : کێشەی چەوساندنەوەی ئافرەت لە کۆمەڵی کوردیدا
٢-٣ : کێشەی چەوساندنەوەی ئافرەت لەڕۆمانەکانی عەزیزی مەلای ڕەشدا
٣-٣ : کێشەی نەزانین و نەخوێندەواری لە کۆمەڵی کوردیدا
٤-٣ : کێشەی نەزانین و نەخوێندەواری لەڕۆمانەکانی عەزیزی مەلای ڕەشدا
٥-٣ :چەوساندنەوەی جوتیارو کێشەکانی لەکۆمەڵگەی کوردیدا
٦-٣ :چەوساندنەوەی جوتیارو کێشەکانی لە ڕۆمانەکانی عەزیزی مەلای ڕەشدا
٧-٣ : بڵاوبوونەوەو تەشەنەکردنی نەخۆشی لە کۆمەڵگەی کوردیدا
٨-٣ : بڵاوبوونەوەی تەشەنەکردنی نەخۆشی لە ڕۆمانەکانی عەزیزی مەلا ڕەشدا

## ٣-١ : ـ كێشەی چەوساندنەوەی ئافرەت لە کۆمەڵی کوردیدا

هەر کۆمەڵگەیەك لەسەر ئەم زەمینە وەرگرین ، دەبینین خاوەنی بنەماو تایبەتمەندیی خۆیەتی بەجۆرێك بەهۆی ئەم تایبەتمەندییانەوە کۆمەڵگایەکانی تر جیادەکرێتەوە... ئافرەتانیش وەکو بەشێکی سەرەکی و کاریگەر لەم کۆمەڵگایە ڕۆڵی خۆیان دەبین و شانبەشانی چینەکانی تر هەڵسوکەوت دەکەن ، چونکە وەکو دەزانین ئافرەت نیوەی کۆمەڵەو زیاتر لە نیوەی ناخۆشی و زەحمەتییەکانی کۆمەڵی لەسەرشان هەڵگرتووە و توانیویەتی ڕۆڵی خۆی و کارەکانی زیاد لە پێویست ڕاپەڕێنێ.

ئافرەتی کوردیش هەر لەسەرەتاوە ئافرەتێکی زەحمەتکێش بووە ، بەو واتایەی کە دایکەو ئەرکی بەخێوکردنی منداڵ دەبینێ ، هەروەها کارکەرە لەنێو ماڵ و دەرەوەدا ، چونکە لەدەرەوەی ماڵ ئەرك و ئیشی کشتوکاڵ و بازرگانی و مەڕو ماڵاتی لەسەر شانەو تەنانەت لەزۆر باریشدا ئیشی پیاوانیش دەکات ، چونکە هیچ کاتێك ئافرەت لەڕووی ئەقڵ و توانستە ئەقڵییەکان لەهی پیاو کەمتر نەبووەو نییە ، واتە لەڕوانگەی پزیشکی و زانستییەوە بەهیچ شێوەیەك ئەوە نەسەلمێنراوە کە ئافرەت لەپیاو کەمترە ، بەڵام بەهۆی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە وای لێ هاتووە ، کە وەکو پاشکۆیەك یاخود بڵێین بەچاوێکی کەمەوە سەیری ئافرەت بکرێت ، تەنانەت زۆرجاران و ئێستاشی لەگەڵدابێت لەکوردەواری خۆماندا ڕووی داوە ، کەوا ژن لەسەر ئەوە تەڵاق دراوە ، چونکە کچی دەبێت و کوڕی نابێت ئایا هەلو مەرجێکی دەروونی هێندە ئاڵۆز بۆ ئەو ژنانە دروست دەکرێت ، کە هێندیکیان گەیشتوونەتە ئاستی خۆکوشتن. ئەمانەو هەزاران نموونەی تر هەن ، کە ڕوانینی نێگەتیڤانە لەڕەگەزی مێ دەردەبڕن و هەر لەسەر بێشکەوە ئاو وهەوایەکی دەروونیی زۆر نامۆ لەلایان دروست دەبێت.[١] هەر لەم بارەیەوە د. نەوال سەعداوی دەڵێت (( هیچ بەڵگەیەکی زانستی و بایۆلۆجی و فسیۆلۆجی لەبەردەستدا نییە ئەوە بسەلمێنێ ، کە هۆش و لەش و دەروونی ئافرەت لەهی پیاو کەمترە ، بەڵکو ئەم خەسڵەتە کەم لایەنە نزمییەی ، لەسەر دابڕاوە لەئەنجامی هۆکارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە بۆی پەیدابووە )).[٢] جیاوازیی سروشتیش لەنێوان ئەندامەکانی لەشی ئافرەت و پیاودا هەروەك لەنێوان گشت گیانەوەران و زیندەوەراندا

---

١ - بێستون سابوراوایی - ئافرەت و لێپرسراویەتی ، گۆڤاری کاروان ، ژمارە ( ١٣ ) ، ١٩٩٥ ، ل ٩٩

٢ – د. نوال السعداوی – الانثی هي الاصل ، المؤسسة العربية للدراسات والنشر ، ص١٨

هەیە ، لایەنی کزی و بێ دەسەڵاتی ئافرەت نییە ، بەڵکو سیفاتی سروشتی و تەواوکەری خەسڵەتەکانی نێرومێ دەردەخات •

ئەگەر تێڕامانێکی خێرا بکەین و بۆ دواوە بگەڕێینەوە لەبارەی بارودۆخی کوردەواری و ڕەوشی ئافرەت ئەوا ئەو ڕاستی یەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئافرەتی کورد ، وەکو زۆربەی ئافرەتانی جیهان بەدرێژایی مێژوو گیرۆدەی بێ مافی و جەورو ستەمی کۆمەڵ بووە ، هیچ کاتێك خاوەن دەسەڵات و بڕیاری کۆتایی تایبەتی خۆی نەبووە ، بەڵکو هەمیشە وەك پاشکۆیەکی پیاو سەیرکراوەو بێبەش کراوە لەزۆر ماف و پێوەند بووە بەهۆی ئەو دەسەڵاتانەی کەلەسەری بووەو ، هەر هەڵگەڕانەوەیەك یاخود دەنگ بەرزکردنەوەو نارەزایی دەربڕینێك بووەتە هۆی ڕیسوابوون و دەمکوت کردنی ، تەنانەت دابڕینیشی لە کۆمەڵدا.

ئاشکرایە کۆمەڵگای کوردەواری لەبنەڕەتدا کۆمەڵگایەکی لادێ نشینی کشتوکاڵییەو پابەندیشە بەکۆمەڵێك داب و نەریتی دا سەپاو بەسەریا ، ئافرەتی لادێ نیشین بۆتە قوربانی ئەم داب و نەریتە کۆن و زەمەن بەسەرداچووانە ، بۆیە گیروگرفتی دواکەوتنی ئافرەتی لادێ نشین لەکۆمەڵگای کوردەواریدا لەڕووی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ئابوورییەوە نیشانەیەکی ترسناك بووە ، لەبەردەم ڕێبازی ڕاپەڕینی هاوچەرخانەی سەرجەمی کۆمەڵداو کاری کردۆتەسەر هەموو لایەنەکانی ژیان و دواخستنیشی لەڕەوتی بەرەو پێشڤەچووندا ، چونکە (( دۆخی پێشکەوتن و پاشکەوتوویی مانەوەی ئافرەت زیان بەمەسەلەی پێشکەوتنی کۆمەڵ دەگەیەنێ و ڕێبازێکی زیانبەخشانەیەو پێچەوانەی بیروباوەڕی شۆڕشگێڕی و دیموکراتیانەشە ، بۆیە پێویستە ئافرەت لەهەموو بارودۆخێکدا لەڕووی تیۆریی و پراکتیك و مانەوە سەربەست بکرێ ، بۆ ئەوەی گۆڕانکاریەکی ڕیشەیی لەناخی کۆمەڵدا بەرپابێت و ، هاوکات ببێتە پارسەنگ و لایەنێکی گرنگی مەسەلەی ئەو ڕزگاربوونە گشتییەی تێکرای کۆمەڵ لەڕووی سیاسی و ئابووری و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەوە )).[1]

دیارە هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەقڵیەتی پیاو سالاری لەکۆمەڵگای کوردەواریدا ، کە تاوەکو ئێستا ئاسەوارە نێگەتیڤەکانی بەئاشکرا دیارە بێگومان (( ئەو سیستەمە ترسناکە - پیاو سالاری - پەیوەست بەکێشەی نەوەکان و نوێ بوونەیان پیاو و ئافرەت بەقەدیەك

[1] - بورهان قانع - بنچینە کۆمەڵایەتییەکانی ئافرەتی لادێ نیشینی کوردەواری ، بغداد ، ١٩٧٩ ، ل ٦

دەچەوسێنێتەوە کە ئەمەش پابەندە بەباری ڕۆشنبیری و هۆشیاریی کۆمەڵایەتی و باری ئابووری هەر کۆمەڵگایەك )).[1]

بێگومانیش ئەو سیستەمە ترسناکە ، هۆکارێکی سەرەکیشە بۆ دابڕانی تەواوی ئافرەت لەڕووی داهێنان و ئەفراندنیشەوە ، لەزۆربەی بوارەگانی ژیاندا ، ئەوەتە سەرکوتکردنی کۆمەڵایەتی ئافرەتی کورد وای کردووە ، کە بیرکردنەوەیان پیاوانەبێت و لەکۆمەڵگای پیاو سالاریدا ، نەوێرن باس لەهەست و خەون و خولیای خۆیان بکەن و بەبڤەی بزانن ، دیارە ئەوەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆسەر ڕابردووی ژیانی کورد بەگشتی ، (( چونکە ڕوون و ئاشکرایە کە کوردستانی دایك چۆن کراوە بەچوار پارچەوە لەلایەن دوژمنانی کوردو نەتەوەی کوردیش بەدرێژایی مێژوو چەوساوەتەوە ئەمەش بۆتە هۆکارێك بۆ دروست کردنی چەندین دابونەریتی کۆنەپەرستی و دواکەوتوویی و لەنێو عەقڵیەتی کوردەواری لەدێر زەمانەوە ، بێگومان ئەم دابونەریتانە زیاتر فشاریان خستۆتەسەر ڕۆڵی ئافرەت و پوکاندوویانەتەوە و لەهەوڵدان و بونیادنانی کۆمەڵێکی پێشکەوتوو و زامنکردنی دواڕۆژێکی ڕووناك بۆ نەوەکانی ئێستاو داهاتوومان دووریان خستۆتەوە)).[2]

هەڵبەتە ئەم ڕەفتارو شیرازەی کۆمەڵ ، جۆرێکە لەجۆرەکانی نەخۆشیی کۆمەڵایەتی کە دوژمنانی کورد ڕەگ و ڕیشەیان لەنێو ناخی مرۆڤی کورددا چەسپاندوە و هەمیشە وایان لەکۆمەڵ کردووە کە ئافرەت بچەوسێنێتەوەو هیچ مافێکی خۆی پێ نەدات تەنانەت لەخوێندن و لەماڵ دەرچوون و هەتا مافی هەڵبژاردنی هاوسەریشی پێ ڕەوا نەبینرێت ، بۆیە تاکو کۆمەڵ لەهەموو ئەو کۆت و زەنجیرانەی کە پێوەی پێچراوە ڕزگاری نەبێت ، ئەوا مەحاڵە ئافرەت ڕزگاری بێت و بتوانێت ڕۆڵی خۆی لەکۆمەڵگادا ببینێت. بنیادنانی کۆمەڵێکی تێگەیشتوو و ڕۆشنبیر تەنیا ئەرکی پیاو نییە ، بێگومان تەنیا بە ئەویش ناکرێت ، چونکە پیاو و ئافرەت تەواوکەری یەکترن و هیچیان بەبێ ئەوی تر ناتوانێ هەڵ بکات و ئیشوکارەکانی بەڕێوە ببات ٠

وەڵ ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگر هەیە ، دەبێت دانی پیادا بنرێت ، ئەویش ئەوەیە هەرچەندە بارودۆخی ئافرەتی کورد خراپ و دژواربووە ، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ چەندین وڵات ، کە تەنانەت ئەندامیشن لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا ، دەبینین ڕەوش و

---

[1] - نەجات هیمداد - بازنەی قەدەغەکراوەکان ، ئەو مرۆڤەی ناوی ئافرەتە ، گۆڤاری دەنگی ئافرەت ، ژمارە ( ١٥ ) ١٩٩٨، ل ٢٢

[2] - شیلان مستەفا - ئافرەت و ڕۆڵی کاریگەری لەکۆمەڵدا ، گۆڤاری قەرەچۆغ ، ژمارە ( ٥ ) ، ٢٠٠٠ ، ل ٣٦

بارودۆخی ئافرەتی کورد لەڕووی پێکهاتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکەیەوە زۆر لەوان باشترە ، هەر بۆ نموونە لەزۆر وڵاتان ئافرەت بۆی نییە بەشداری لەهەڵبژاردنەکان یاخود خۆی بۆ پۆستە حکومی و پەرلەمانتارییەکان کاندید بکات ، بۆیە ئافرەتی کورد بەحوکمی باری جوگرافی ناوچەکەو داب و نەریتی خۆی هەمیشە شان بەشانی پیاوان لەبوارەکانی کارو گوزەران و ژیان بەڕێوەبردندا بەشداربوونە ، لەهەمانکاتیشدا ڕۆڵی جوامێرانەو بەرچاویان لەبەڕێوەبردنی کاروباری سیاسیی دا نواندووە ، ئافرەتی کورد لەشۆڕشی ئەیلولدا پشت و پەنای پێشمەرگەبوو بەڵکو هەرخۆشی شەرەفی پێشمەرگایەتی پێ بەخشراوە تا ئەوکاتەی ( بارزانی مستەفا ) فەرموویەتی: (( ئەو ئافرەتەی نان بۆ پێشمەرگەش دەکات هەر پێشمەرگەیە )).[1]

سەرنجێکی خێراش بۆ ڕابردوویەکی نزیک بکەین دەبینین ئافرەتی کورد بەش بەحاڵی خۆی لە کۆڕی خەبات و تێکۆشاندا درێغی نەکردووە، بەڵکو زۆر هەوڵی داوە بۆ ئەوەی دەنگی بگاتە هەموو جیهان و بێ مافی و ستەم لێکراویی خۆی ڕابگەیەنێت، ئەوەتە (( حەپسەخانی نەقیب لەبیست و سییەکانی سەدەی بیستەم چەندین جار نامەی تایبەتی ناردووە بۆ بارەگای یەکێتی نەتەوەکان لەجنێف و تیایدا باسی ئەو جەرو ستەمە زۆرەی کردووە ، کەبەسەر کورد هاتوون ، ئەو نامانە ئێستا بوونەتە بەڵگەی گرنگ بۆ لێکۆڵینەوەی مێژووی نوێ ی گەلەکەمان ، هەروەها ( مینا ) خانی هاوسەری پێشەوا قازی محمدی نەمر لەرۆژگاری کۆماری مەهاباددا جێگەی حەپسەخانی نەقیبی گرتبۆوەو وادیارە خەریکی دامەزراندنی یەکەم ڕێکخراوی ئافرەتان بووە )).[2]

دیارە گومانیشی تێدانییە کە سەردەمانێك هەر ئافرەت بووە توانیویەتی دەسەڵاتی وڵات بەڕێوە ببات و لەم بارەوە نموونە گەلێك هەیە ، لەوانە ( قەدەم خێر ) کە توانی چۆك بەشاهەنشای ئێران بدات و جێی ترس و دڵە ڕاوکێی شاهەنشای ئێران بوو... ( قەدەم خێر ) لەدوای شەهیدکردنی ( شا موراد خان ) ی برای سەرکردەی شۆڕشی کورد لە لورستانی بچووك لەلایەن ئەرتەشی ڕەزا شای پەهلەوییەوە ، لەجێی ئەو شۆڕشگێڕ بووە ، میری فەرمانڕەوای لوڕو سەرکردەی ڕاپەڕیوەکانی کورد لەگەڵ هاتنی ڕەزا شای

---

[1] - فەیسەل دێهاتی - کورد لەسیستەمی نوێ ی جیهاندا ، هەولێر ، ٢٠٠١ ، ل ٢٤٥

[2] - د. کەمال مەزهەر ئەحمەد - ئافرەت لەمێژوودا ، کورتە باسێکی مێژووی و کۆمەڵایەتی ، چاپخانەی الحوادث ، بغداد ، ١٩٨١ ، ل ٧٩

پەهلەوی بۆ سەرتەختی ئێران لەساڵی ١٩٢٥ دا شۆڕشەکەی نەیتوانی ئەو شۆڕشەی کوردو سەرکردەکەی لەناو ببات ).[١]

گەر بگەڕێینەوە بۆ ئافرەتی لادێ لەدیدی ڕۆژهەڵاتناسانەوە ئەوا لەگەڵ گەشەسەندنی ئەوروپاو پەرەسەندنی بازرگانی و پیشەسازیدا، ڕۆژهەڵاتناسەکان بەمەبەستی سیاسی و بازرگانی و زانستی ڕوویان کردۆتە ڕۆژهەڵات ، کوردستان یەکێك بوو لەو ناوەندانەی بەشێکی بەرچاو لەڕۆژهەڵاتناسەکان سەرنج و نووسینی تایبەتیان لەبوارەکانی ئابووری کۆمەڵایەتی و جوگرافی و فەرهەنگی و کەلتوری پێشکەش کرد بەشێکی زۆری نووسینەکانیشیان هاوبەشن لەنووسینەوەی مێژووی نەتەوەییماندا •

یەکێك لەو بابەتانەی کە لەنووسینی گەریدەکانی وڵاتانی ئەوروپی بەبایاخەوە سەرنجی لەسەردراوە جیاوازی کردنی ئافرەتی لادێیە لەگەڵ ئافرەتی شار کە لەزۆر لایەنەوە ئافرەتی لادێی پایەیەکی کۆمەڵایەتی بەرزی هەیەو ڕۆڵێکی کاریگەریشی هەیە لەهەڵسوڕانی کاروبارەکانی خێزانی کورد لەبەرامبەریشدا زۆر ئازادی بەرجەستەکراوی هەبووە ، بەتایبەتی لەبەراوردکردندا لەگەڵ نەتەوە موسلمانەکانی دیکەدا.

ڕۆژهەڵاتناسەکان ئەگەر بەهەر مەبەستێك ڕوویان لەناوچەکانی کوردستان کردبێت لەپەراوێزی یاداشت و نووسینەکانیاندا ، کەم تازۆر باسی ئافرەتی کوردیان کردووەو ، ناوی زۆر کەسایەتی ئافرەتیان لەنووسینەکانیاندا بەرجەستە کردووە • مینۆرسکی لەکتێبەکەیدا( کورد )دا لەبارەی ئافرەتی کوردو بەراوردکردنی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەدا دەڵێ (( ئەمانە ( واتە کوردەکان / نووسەر ) لەهەموو گەلە ئیسلامیەکانی تر لێ بوردنیان زیاترە ژن و کچەکانیان ئیش و کاری نارەحەتی ناو ماڵ دەکەن ))[٢].

هەر لەم بارەیەوە ( کلۆدیوس ریچ )ی گەریدە ، دەڵێ ، (( باری ئافرەت لەکوردستاندا لە ئافرەتانی تورکیاو ئێران چاکترە ژن و مێرد وەك یەکن و جیاوازیان نییە ))[٣] ، ڕۆژهەڵاتناسان بەئاگابوون و لە گەشتەکانیشیاندا بەنێو زۆر لە نەتەوە ڕۆژهەڵاتیەکاندا تێپەڕبوون و مافەکانی ئافرەتانیان لەکارو ئەرکەکانیاندا بەراوردکردووە.

---

[١] - کەریم شارەزا - ئافرەتە ناودارەکانی کورد ، ئافرەتی شۆڕشگێڕی کورد ( قەدەم خێر ) ی کوردستان ، گۆڤاری دەنگی نوێ ، ئۆرگانی ، ی. ئا. ك. ، ژمارە ( ٦ ) ل١٥

[٢] - مینۆرسکی - کورد ، وەرگێڕانی حەمە سعید حمە کریم ، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین ، ١٩٨٤ ، ل ١٥٩.

[٣] - دەقی ئەم سەرچاوەیە وەرگیراوە لە ، صباح غالب ، ئافرەت لەچیرۆکی کوردیدا ، ( ١٩٢٥ ـ ١٩٧٠ ) ، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی الحریە ، بەغدا ، ١٩٧٩ ، ل ١٨ لەبەر ئەوەی سەرچاوەی ڕەسەنمان دەست نەکەوت ناچاربووین لەنووسەری ناوبراو وەریبگرین ، ئەویش وەریگرتووە لە د. شاکر حصباك ، الأكراد دراسة جغرافية (ثنوغرافية ) مطبعة شفق ، بغداد ، ١٩٧٢ ، ص ٤٤٥

هێنی هارۆلد ئەو ژنە کوردناسەی ساڵی ١٩٥٧ ڕووی کرد لە ناوچەکانی کوردستان دەکات لەکاتی دروست کردنی بەنداوی دۆکان بەمەبەستی کۆکردنەوەی کەرەستەی ئەتنۆگرافی وشتی کۆنینەو ڕەسەنی کوردەواری بۆ دانیمارك هاتۆتە کوردستان لەلایەکی دیکەش لێکۆڵینەوەی مەیدانی لەبارەی ئافرەتی کوردەوە کردووە ، هەر بۆیە ساڵی ١٩٦٠ لەدانیمارك وەکو گەشتنامە کتێبێکی لەبارەی گەشتەکەی بڵاوکردووەتەوە ، هەروەها کتێبێکی لەبارەی ژیانی ئافرەتانی کورد ساڵی ١٩٦١ بڵاودەکاتەوەو لەلایەن عەزیز گەردی[١] وەرگێڕدراوەتە سەر کوردی هێنی هارۆلد لەماوەی ئەو چوار مانگەیدا بەنێو گوندەکانی کوردستاندا توانیویەتی زیاتر لەکەسانی دیکەی ڕۆژهەڵاتناسی شارەزای ڕەوشت و کارو ئاکاری ئافرەتانی کوردبێت لەکتێبەکەیدا باسی گورج و گۆڵی و چالاکیی ئافرەتانی کوردو هەموو ئەو کارو پیشانەی کە لەناو ماڵەکانیاندا دەیکەن لەگەڵ کارە دەستییەکاندا، هێنی هارۆلد دەڵێ (( چوست و چالاکیی ئافرەتی کورد ئەم دە بەشە دەگرێتەوە: نان کردن ، بەناو هێنان ، کۆکردنەوەی گزرەو داروو دوو ، بەناوهێنانی دانەوێلە ، ڕێژە پێژە ، شوشتن و ئوتوکردنی جل و بەرگ ، هەڵبژاردن و خاوێن کردنەوەی ماڵ ، جێ ڕاخستن ))[٢]

هێنی هارۆلد زۆر وردەکاری لەسەر ئیش و کارەکانی ئافرەتان خستۆتەڕوو تا ئەندازەیەك وەسفی شێوەی جل و بەرگ لەبەرکردن و شێوەی دانیشتنیانی وێناکردووە (( ئافرەت کە بەچوار مشقی دادەنیشێ ڕان و چۆکی بۆ پێشەوە دەرناپەڕێ. لەبەر گرانی لەشی دادەکشێتەسەر زەوی ))[٣] . هەروەها لەبارەی جیاوازیی شارو لادێوە چەند بەراوردێك دەکات، دەڵێ: (( ئافرەتی مەڵبەندی شاکاری جوتیاران نەعەبا لەبەر دەکەن و نەپێچە. لەبەر ئیش و هاتوچۆ، ئافرەت ناتوانێ لەماڵەوە بەندو گۆشەگیر بێت. کارکردنی ئافرەت نەترەنجاوەتە چوار چێوەی ماڵ ، بگرە کێڵگەو پەرێزوکانی و سەرچاوە و باخچەی میوەش دەگرێتەوە ))[٤]

باسکردنی ئافرەت و دەرخستنی ژیانی ڕاستەوخۆی ئافرەتان لەلای کوردناسانی ئەوروپا سەرەڕای ئەوان لەلایەکی دیکەش لەنووسین و یاداشتەکانی دیکەشدا سودیان

---

[1] - بڕوانە پێشەکیەکەی عەزیز گەردی لەکتێبی: هێنی هارۆلد هەنسن ، ژیانی ئافرەتی کورد ، وەرگێڕانی عەزیز گەردی ، لەچاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری عیراق ( دەستەی کورد ) ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری ، بەغدا ، ١٩٨٣ ، ل ٥-٦.

[2] - هێنی هارۆلد ، ژیانی ئافرەتانی کورد ، ل ٩٩

[3] - هەمان سەرچاوە ، ل ١٣٢

[4] - هەمان سەرچاوە ، ل ٣٨٣

وەرگرتووەو لەو کوردناسانەی کە هەر لەزووەوە هاتوونەتە کوردستان هەمان ڕاستی لای ئەوان دووبارە بۆتەوە  بۆیە لەکاتی نووسینی کتێبەکانیاندا پەنایان بۆ نووسینەکانی نووسەرانی دیکەش بردووە مینۆرسکی باسی کۆنسۆلی گشتی ئوردلوف و لسون و د. بیلیاییف و مێجەرسۆن و ... هتد. دەکات.[1]

هەروەها هێنی هارۆلدیش لەسەرەتای کتێبەکەی خۆیدا ناوی کۆمەڵێك لەڕۆژهەڵاتناسان دەبات کە باسی ژنی کوردیان کردووە ، دەقی قسەی زۆرێك لە ڕۆژهەڵاتناسانی وەکو بلایبهرۆ و مێجەرسۆن و مرێزەرو ئەدمۆنزو های... هتد. دەکاتە بەڵگەیەك بۆ سەلماندنی ڕاستیی ئەو بابەتەی ئەگەر برسییەتی ژنانی کورد زیاتریان هەیە ، بەڵام ناو ( ڕێزی زیاتری کۆمەڵایەتیان هەیە[2] هەروەها مینۆرسکی بۆ سەلماندنی ڕاستیی ژیانی ئافرەتی کوردو دەرخستنی پلەو ناوبانگی ئافرەتانی کورد دەڵێ (( لەساڵی ١٩١٤دا و لەشارە بچکۆڵەکەی هەڵەبجەدا لەنزیکی سلێمانییەوە چاوم بەعادیلە خانمی بەناوبانگ و ژنی عوسمان پاشای جاف کەوت ،کە هەر لەپێش چەند ساڵێکەوە سەرۆکی ڕاستی و دروستی ناوچەکەبوو ، چونکە مێردەکەی هەمیشە لەماڵەوە نەبوو ( سۆن )[*] ماوەیەك بەدزییەوە بەناوی بازرگانێکی فارسەوە لەو کۆشکە بچکۆڵەکەیدا ژیاوەو بەسەرسوڕمان و ڕازی بوونەوە دەربارەی فەرمانڕەوایەتی ئەم ئافرەتەی نووسیووە ))[3].

مێجەرسۆن بەهۆی ئەو بەرنامەیەی کە دایڕشت بوو لەلێکۆڵینەوەو هاتنە ناوەی خەڵك ، بەزیاتر لەدەساڵێك بەر لەوەی ببێتە حاکمی سیاسی ئینگلیز لە سلێمانی ، زۆر سەرنجی خۆی لەبارەی ئافرەتی کوردەوە تۆمارکردووە ، هەر بۆیە لەلای نووسەرانی ئەوروپی زۆر پشت بە نووسینەکانی بەستراوە ، وەك بەڵگەیەك بۆ پیشاندانی دیوی ڕاستی ئەو ژنە لادێیانەی ، کە هەمیشە جێی نووسین و بایەخ پێدانی مێجەرسۆن بوون ، هەر بۆیە مینۆرسکی لەکتێبێکی دیکەدا بەناوی مینۆرسکی و کورددا باسی مێجەرسۆن دەکات (( ئەم نموونانەی لەکوردستانی ، کە ژن شوێنێکی سەربەخۆیان هەیە زۆر هەڵدەکەون ( مێجەر ) (( ئی. بی. سۆن )) کە بۆ ماوەیەکی سەرنج ڕاکێش بەنەناسراوی لەناو کورددانی باشووردا ماوەتەوە باسی ئەوە دەکات کە ژنان لەنێو ڕەشماڵەکانیاندا ، بەچ شانازیەکی بێ

---

[1] - میۆرسکی - کورد ، ل ١٥٩ - ١٦٠

[2] - هێنی هارۆلد - ژیانی ئافرەتی کورد ، ل ٢٥ - ٢٦

( * ) مەبەستی مێجەرسۆن

[3] - مینۆرسکی - کورد ، ل ١٦٣

وێنە پێشوازی لەمیوان دەکەن. زۆرجار هەڵکەوتووە ژنی کورد کاروباری تیرەی کۆمەڵگای خۆی سەرکەوتووانە بەڕێوە بردووە ))[1] بۆ سەلماندنی دیوی ڕاستی ئەو بابەتەی کە ڕۆژهەڵاتناسەکان باسی دەکەن ڕۆمانەکانی عەزیزی مەلای ڕەش نموونەی ئەو ڕاستیەن بەتایبەتی ڕۆمانی کوێخا سێوێ تەواو لەپێناسەو ڕاستی ئەو وتانە دەچێت کە ڕۆژهەڵاتناسەکان باسی ئافرەتی کوردیان کردووە.

بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستانی ئازاد دوای ڕاپەڕین تەکانێکی باشی بەرەوشی ئافرەت لەڕووی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی داوە ، هەروەها زۆریشی بەرەو پێشقەبردووە ، ئەو هەلومەرجەی کە ئەمڕۆ بۆ گەلی کورد ڕەخساوە لەو نێوەندەشدا ئافرەتیش گەلێك دەرگای بەڕووداکراوەو ، لەو کۆت و زنجیرە بەقەفانەی کە تێی ئاخنرابوون ، دەتوانین بڵێین ڕزگاریان بووە ، ئەگەر ڕزگار بوونێکی تەواویش نەبووبێت ، ئەمڕۆ هاوکات لەگەڵ پێشکەوتنی دنیادا وپەیدابوونی جیهانگیریدا ، ئافرەتیش لەدونیای تەکنەلۆژیاو ڕۆشنبیریدا ڕۆڵێکی دیاریان هەیە ، نەخاسمە بۆ بەرجەستەکردنی قەوارەیەکی تایبەتی بۆ خۆیان لەگشت بوارە جیاجیاکاندا ، ئەمە وێڕای بەشداریکردنێکی بەرچاو لەبواری ڕۆشنبیری و سیاسی و کلتوریدا. ڕۆڵی ئافرەتی کورد ئەمڕۆ هیچی لەڕۆڵی پیاو کەمتر نییە بەوەی کە نیوەی کۆمەڵەو لەمەیدانی خەبات و تێکۆشان و زانیاری دا لەسەنگەری پێشەوەیە. ئەمڕۆ ئەگەر سەیری دام و دەزگا زانستی و ڕۆشنبیری و بەرهەمهێنەرەکان بکەین ، دەبینین ئافرەت گەلێك بۆشایی لەم شوێنانەدا پڕکردۆتەوە ، چ لەمەیدانی ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەگەریدا بێت یا لەمەیدانی کۆمەڵایەتی و بەرهەم هێنان و زانیاری دابێت ، جگە لەمانە ئافرەتی کورد دەیەوێت لەحوکمڕانیی دەوڵەتی یاسادا بۆشاییەکان پڕ بکاتەوە ، ئەوەتە لەپەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیراندا ئافرەتی کورد ڕۆڵێکی بەرچاوو کاریگەر لەڕووی یاسادانان و جێبەجێ کردندا دەبینێت و ئیش و کارەکانیان مایەی خۆشحاڵی و ڕێزگرتنە.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەخاڵێکی گرنگ بکەین ئەویش ئەوەیە کە هەموو ئەوانەی باسمان کردن ، مانای ئەوە ناگەیەنێ کە ئافرەتی کورد گەیشتۆتە لوتکەو ترۆپك و هەموو شتەکانی تایبەت بەخۆی کۆنترۆڵ کردووەو ئیتر تەواو هیچ کەموکوڕییەك لەڕێگای ئەودا نییەو نەماوە ، بەڵکو پێویستە زیاتر هەوڵی بەرزکردنەوەی ئاستی ڕوناکبیری و هۆشیاری خۆی بدات تاوەکو ببێتە ئەندامێکی کاریگەری کۆمەڵ بۆ دروست

---

[1] - ڤلادیمێر مینۆرسکی ، میۆرسکی و کورد ، وەرگێڕانی ئەنوەری سوڵتانی ، چاپی دووەم ، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریان ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر ، ٢٠٠٦ ، ل ٢٥.

کردن و بنیادنانی کۆمەڵگایەکی مەدەنی هاوچەرخ و بەتێگەیشتن و ڕۆشنبیری خۆی دەبێ بزانێ ، کە دەتوانێ ڕۆڵێکی سەرەکی ببینێ لەگۆڕینی باری کۆمەڵایەتی و شارستانی نێو کۆمەڵگە ، بەپێ ی بیرکردنەوەی لەماناو ئەرکە تایبەتییەکان. هەڵبەتە نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەهەموو بێوەرەکانییەوە لەهەوڵی ئەوەدابووە ، کە مافە بنچینەییەکان بۆ توێژی ئافرەت دەستەبەر بکات بەبێ هیچ جیاکارییەك ، ئەوەتا نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێکەوتننامەیەکی بەناوی جیاکاری دژی ئافرەت مۆر کردووە ، کە تیایدا مافەکانی ئافرەت لەهەموو بوارەکانی ژیاندا هاتووەو جەخت لەسەر دەستەبەرکردن و بەجێهێنانیان کراوەتەوە ، و لەسەرەتای ئەم ڕێکەوتنەدا هاتووە ، کە (( مافەکانی مرۆڤ بۆ ئافرەت و کچان بەشێکن لەو مافە جیهانیانەی مرۆڤ کەنابێ دەستیان لێ بدرێت و بەشێکی جیانەکراوەن ، لەم مافانەو تەواو بەشداری کردن و بەیەکسانی لەژیانی سیاسی و شارستانێتی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕوناکبیری لەئاستی نیشتمانی و ناوچەیی و نێودەوڵەتی و ڕیشەکێشکردنی هەموو شێوەکانی جیاکاری لەسەر بنچینەی توخم دوو ئامانجی لەپێشتری کۆمەڵی نێو دەوڵەتین )).[1]

هەروەك باسمان کرد ئافرەت بەهۆی فاکتەرە کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسییەکانیشەوە دووچاری گەلێك کێشەو گرفت بوونەتەوەو بەدەستییەوە دەناڵێنن ، گرنگترینیان ئەمانەن:[2]

١. خراپیی باری ئابووریی خێزان.

٢- نزمبوونی ئاستی ڕۆشنبیریی ئافرەت و نەخوێندەواری کە ئەمە خۆی لەخۆیدا کێشەیەکە لەبەردەم بەڕێوەبردنی خێزان.

٣. جیاوازییەکی زۆر لەتەمەندا لەنێوان ژن و مێردا هەیە ، هەروەها پەیڕەویکردنی دیاردە کۆمەڵایەتییە دواکەوتووەکانی تر وەك ژن بەژن و گەورە بە گچکەو شیربایی و فرەژنی و هتد...

٤. بەزۆر بەشودانی ئافرەت بەبێ ڕەزامەندیی خۆی ، هەروەك ئاشکرایە لەکۆمەڵی ئێمەدا هەتا ئێستا ئافرەت ناتوانێ سەربەستانە هاوسەر بۆخۆی دەست نیشان بکات.

٥. نەبوونی ڕادەی ڕۆشنبیریی سێکسی لەنێوان ژن و پیاودا کە ئەمەش کێشەی گەورە دروست دەکات ، ئەمانەو گەلێك خاڵی تر کەوای کردووە ئافرەت بەشێوەیەکی پەراوێزی لەکۆمەڵدا بە پەراوێزکراوی بمێنێتەوەو شێویەك لە گۆشەگیری بگرێتەوە.

---

[1] - جێکاری دژی ژنان - ناوەندی مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان ، هەولێر ، ٢٠٠٠ ، ل ٣

[2] - ڕاپۆرتی Ask بۆ مافەکانی مرۆڤ لە کوردستان ، ساڵی ٢٠٠٠ ، چاپی یەکەم ، ٢٠٠١ ، ل ٩٠

لەگەڵ ئەوەدا نابێ ئەوەش لەیاد بکەین کە زۆر جاران ئافرەت خودی خۆیشی لە پێشێلکردنی مافەکانی تێدا بەرپرسیارە، ئەوەتا ئەگەر سەیری گیروگرفت و کێشەکانی دادگاکان بکەین ئەوا ڕاستی یەکان گەواهی لەسەر ئەوە دەدەن ، لەوانە:[1]

١. ڕازی بوونی کچێ کە تەمەنیشی منداڵە بەوەی ببێتە ژنی دووەم یان سێیەم و مافی ئافرەتی تر پێشێل بکات ، گەرچی لەشەریعەتی ئیسلام ڕێ پێدراوە ، بەڵام بەمەرجی دادپەروەریی بەرانبەر بە ژنی دووەم یا سێیەم لەلایەن مێردەوە ، بەڵام بەداخەوە و تەنیا حەزکردنە بە فرە ژنی لەلایەن پیاوەوە و ئافرەتیش ئەم حەزەی بۆ جێبەجێ دەکات ، لەسەر حیسابی ژیان خەمی ئافرەتێکی تر.

٢. یان ئافرەتانێك شوودەکەن ، کە هاوسەنگیی لەبڕوانامەو پلەو پایەو ڕادەی ڕۆشنبیریی ، کە دووریانێکی زۆر لێکدووره لەنێوان هەردووکیاندا هەیە ئەنجامیش بەرەو هەڵدێر چوونی ئەو هاوسەرگیرییەیە ئەو پیاوەدا نییە .

٣. یان لەوانەیە گرفت لەنێوان پیاوو ژن نەبێ ، بەڵام دەستی سێیەم هەیە کە هەر ئافرەتە بۆ نموونە ( خەسوو ، دش ، ... هتد ) گرفت پەیدا دەکەن و دەبنە هۆی سەرهەڵدانی کێشەو مافی یەکتر پێشێلکردن .

٤. یان ئافرەتان کە بێزاری زۆر تەنگیان پێ هەڵدەچنێ ، پەنادەبەنە بەر خۆسووتاندن و خۆسووتاندن ، بەتایبەت کە ئێستا لەکۆمەڵگەی ئێمەدا بۆتە جۆرە مۆدێلێکی سەردەمەتان ، خۆیان بەم ڕێگایە نادروستە لە مەینەتییەکانیان ڕزگار دەکەن.

٥. زۆرن ئەو ئافرەتانەی لەقوتابخانە بەحەزی خۆیان دێنەدەرەوەو شوو دەکەن ، بێ ئەوەی لەمانای شووکردن و لەمانای وازهێنان لەخوێندن و ئاکامەکانی تێبگەن.

لێرەدا یەك لەدوای یەك کێشەکانی ئافرەتی کورد بەگشتی و ئافرەتی لادێ بەتایبەتی دەخەینەڕوو ، کەبەداخەوە تا هەنووکەش کۆمەڵگەی کوردی بەتایبەتی ژینگەی کۆمەڵایەتی لادێ پێوەیان دەناڵێنێ.

[1] - خەولە هەمزە شێخانی - ئافرەت مافی خۆیان پێشێل دەکەن ، گۆڤاری دەنگی نوێ ، ژمارە ( ١٨ ) ، ٢٠٠٥ ، ل ٢.

# ژن بەژن

بەڵێ وەکو ئاماژەمان بۆی کرد کەژن بەژن دیاردەیەکی کۆن و دزێوی نێو کۆمەڵی کوردەوارییەوە ، کە بەداخەوە تا ئێستاش لەهەندێك ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستاندا بەتایبەتی لەدێهاتەکاندا شوێنەواری نەبڕاوەتەوە و لەباونەکەوتووە ، هۆی سەرەکیی ژن بەژن یا گەورە بەبچووك لەڕابردوودا دەگەڕێتەوە بۆ باری ناهەمواری ئابووری و تەنگە دەستی و نەدارایی ئەو بنەماڵەیە ، کە دەبا کچ بەمێرد بداو ژن بۆ کوڕەکەی بێنێ.

لایەنێکی دزێوی ژن بەژن ئەوەیە ، کە زۆر جاران دیتراوە کابرایەکی بەساڵاچوو کچی عازەبی بووە ، کوڕیشی نەبووە کە ژن بەژنی بۆ بکا ، سەرەنجام بۆ ئەوەی کچەکەی بەخۆڕایی لەکیس نەچێ ، کەڵکەڵەی ژن هێنان داویەتی لەکەللەی و بێ ئەوەی بیر لەچارەنووسی کچەکەی بکاتەوە لە کەسێك مارە دەکرێ کە لەتەمەنی بابی دایە ، بێ سێ و دوو لێکردن ، هەموو یاساو ڕێسا مرۆڤایەتییەکان ، دەنێتە ژێر پێی لەگەڵ کچێکی کەم تەمەن زەماوەند دەکاو ، بەو کردەوە ناپەسەندە هەم ژیان لەدایکی منداڵەکانی دەشێوێنێ و هەم چارەنووسی ئەو کچە هەزارە ڕۆژی ڕەشی بەڕوو دەکاو تەنگ و چەڵەمەیەکی چارەسەرنەکراویش لە دواڕۆژی ژیانی خۆیدا پێکدێنێ. خۆ هیچ دووریش نییە ئەو کچە بەندکراوە لەداهاتوودا تووشی داوێنپیسی و خیانەتیش ببێ ، لایەنێکی دیکەی کێشەو بەرەی ژن بەژن ئەوەیە ، کە کابرایەك کچی عازەبی هەیە کوڕەکەشی هێشتا منداڵەو کاتی ئەوەی نەهاتووە ژنی بۆ بێنێ ، کەوابوو دەبێ یان گەورە بەبچووکی بۆ بکا یان ئەو کچە هەتا برایەکەی گەورە دەبێ و دڵی کچی کابرایەکی دەگرێ ڕاوەستێ و بەمێرد نەدرێ ، بێگومان ئەو هەموو ڕاوەستانەش لەسەر ژیانی داهاتووی کچەکە شوێنەوار دادەنێ و هەرنەبێ بۆ ماوەیەك لەژیانی ئاسایی دوای دەخا.

هەندێ جاریش وا دەبێ دوو پیرە پیاو ، هەردووکیان کچی گەورەیان هەیە ، هیچ کامیشیان کوڕیان نییە بۆی بەژن بدەن ، بۆیە ژن بەژنیان بۆ باوکیان پێ دەکرێ و لەگەڵ کەسێ دەبێ ببن بەهاوژیان کە خەونیشیان پێوە نەبینیووە. هەر بۆیەشە (( تێکڕای ئەم مەسەلەیە لەئەنجامدا دەبێتە هۆی ئاژاوەو دڵ پەشان و زۆرجار لەبنەڕەتەوە هەڵ دەوەشێتەوە... سەرەتا ناکۆکیەکە لەلایەنێکیانەوە ڕوو دەدات ، بەڵام لایەنەکەی تریش تێوە ئەگلێ و ئەبێتە هۆی دەست لەیەکتری هەڵگرتن و دەس بەرداربوون لەوژیانە هاوبەشییە))[1] لەژن بەژنیدا خزمایەتی نێوان هەردوو خێزانەکە لەسەر بناغەیەکی

---

١ - برهان قانع - بنچینە کۆمەڵایەتی یەکانی ئافرەتی لادێ نیشینی کوردەواری ، ١٩٧٩ ، لا ٢٩

بەهێزو پتەو دانامەزرێت ، چونکە کوڕی لایەنێك کچی لایەنەکەی تری بەرامبەری دووراو دوور بەچاو نەکەوتووە و دڵی گرتوویەتی و بێ ئەوەی هەموو لایەنەکانی ژیانی دوارۆژی وەبەرچاو گرتبێ و سەرنجی کچەکەی بۆلای خۆی ڕاکێشابێ ، بڕیار دەداو خوازبێنی دەکات ، لایەنی بەرامبەریش بۆ ئەوەی کە هەم ژنی بۆ کوڕەکەی وەگیر کەوتووە و هەم کچەکەشی بەخۆڕایی لەدەست ناچێت و بەبێ لێکدانەوە بەڵێندەداو ئەگەریش کچەکان کوڕەکانیان بەدڵ نەبێ ، ئەوا هەڕەشەو گوڕەشەو تەنانەت زەبری خەنجەرو چۆماغ ڕایان لێ وەردەگرێ و مارە دەکرێن ، دیارە ئەم ئاڵوگۆڕەش پێچەوانەی ئایینی پیرۆزی ئیسلامە ، کەچی مامۆستای ئایینی (مەلا) سووك و ئاسان بەمەبەستی بەرژەوەندی خۆیان و دلنەشکاندنی ئەو دوو بنەماڵەیە ، ناچار هەندێ ( قال و قیلی بۆ دەدۆزنەوە ) ، هەردووکیان مارە دەکەن. کەواتە ئەم دیاردەیە دیاردەیەکی قێزەونە ، چونکە (( ئاڵوگۆڕکردنی دوو ئافرەتەکە لەبارمتەی یەکتری دا ئەدرێن ، هەریەکە ئەبێتە مایەی شیربایی بۆ ئەوی تریان ، جگە لەوەی کە خۆشی ئەفرۆشێ )).[١]

## گەورە بە بچووك

ئەمەش جۆرێکی تری ژن بەژنە کە بەئاشکرا مۆرکی دواکەوتنی کۆمەڵی تێدا دەردەکەوێت ، ئەمەیان لەهەموو کاتێکدا گیروگرفتی لەژن بەژن زۆرترە ،[٢] چونکە ئەمە داب و نەریتێکی دزێوی نێو کۆمەڵی کوردەوارییە ، کە مارەکردنی کچێکی نابالغ یان منداڵی سەر لە کوڕێکی گەنج ، خزمێکی یان دۆستێك یان ناسیاوێکی کابرا بێ ئەوەی بیر لەدوا ڕۆژی کچەکەی بکاتەوە، بۆ برەوپێدانی ئەوکارەش مامۆستای ئایینی فێڵە شەرعییەکی دۆزیوەتەوە ، کە باوك بەپێی وەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی دوارۆژی کچ و کوڕ ، بۆی هەیە کچەکەی بەمنداڵی لە کەسێك مارە بکا ، یا کچێك بۆ کوڕە منداڵەکەی مارە بکات ٠ سروشتیی ژیانی ئاوا نەخوازراو تەنیا دوو ڕێگەی لەبەرە ، یان بەناچار ئەو ژن و مێردە دەبێ تەمەنێك بەنابەدڵی پێکەوە بژین ، یاخود کار دەگاتە لێك جیابوونەوە و دڵ ئێشیان لەنێوان هەردوو بنەماڵەکەدا، تەنانەت دوو تایەفەش ، جیا لەوەش ئەو کوڕە بەبێ ژانە سەر دەست لەو کچە هەڵ ناگرێ و پارەیەکی زۆری پێوە دەبەستێتەوە ، کە بژاردنەوەی لەوزەو توانای کەم کەسانێکدایە ، لەئاکامدا ئەو کچە بێ

---

١ - سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٩

٢ - هەمان سەرچاوە ، ل ٣٠

تاوانە بەپێوانەی تەمەنی گەنجێتی خۆی لەچاوەڕوانیدا دەمێنێتەوەو ، دەستی بەو ژیانە ناگا کە چاوەڕوانییەتی ٠ ئەم کارە بۆیە دژوارە ،چونکە ئافرەتێکی منداڵکار دەگۆڕنەوە لەبارمتەی کچێکی منداڵدا ، کە لە راستیدا پێویستە کچە منداڵەکە بۆ کوڕێکی منداڵ بێت و کچە گەورەکەش بۆ کوڕێکی لە تەمەنی خۆیدا بێت ٠

## شیربایی

کۆنترین بنچینەی چەوساندنەوەی ئافرەتە ، کە بەداخەوە بارمتەیەکی دارایییە ،کڕین و فرۆشتنی ئافرەتی پێ دەکرێ ، ئەو ئافرەتانەی لەلادێکاندا و تەنانەت هەندێکیش لەشارەکاندا شوودەکەن کە هێشتا پابەندی ئەو نەریتە کۆمەڵایەتییە خێڵەکیانەن ، ڕێژەیەك لەپارە یان پارچەیەك زەوی ( باخ ، کێڵگە ) پارچەیەك چەك ، فەرش ، بەناوی شیربایی یەوە لە بەهای ئافرەتەکەدا وەردەگیرێ.[1] لەم بارەوە قانع لەشعری ( ژن مارە بڕینمان )دا دیاردەی شیربایی وەگرتن بە دیاردەیەکی دزێو و ناشارستانی دەداتە قەڵەم ، پێیوایە هیچ سودێکی گشتی تێدا نییە ، بەرژەوەندی چەند کەسێکەو لەم پێناوەشدا زۆر لێکردن و بەزۆر بەشوودانی لێ دەکەوێتەوە ، سەرەڕای ئەوەی ئەم بابەتە کاریگەری لەسەر کەسایەتی ژن هەیە ، دەبێتە کاڵایەکی مامەڵە پێوەکردن و، هیچ بنەمایەکی خێزانی لەو هاوسەرگیرییەدا بەدی ناکرێ ،جگە لەناخۆشی ، وەکو ( قانع )ی شاعیر دەڵێ:

با بێمە سەر باس ژن مارە بڕین
نەك مارە بڕین بە پارە کڕین
جاران ڕەسم بوو ژن بەخۆڕایی
شەرعەن حەرام بوو پارەی شیربایی [2]

دیارە هێنانی ئەم باسە بۆ ناو شیعرەکانیان لەپێناو لەناوبردنی نەریتە کۆنەکان و هۆشیارکردنەوەی تاك و گۆڕینی ڕای گشتی بەرامبەر بەو بابەتانەبووە ، چونکە تا ئەوکاتە لەڕووی ڕۆشنبیرییەوە خەڵك زیاتر بەشیعر ئاشنابوون و کاریگەریی ڕاستەوخۆیشی بووە لەپێناو ڕزگارکردنی کۆمەڵگا لەو داب و نەریتانەی کەژیانی ژن و پیاوی گرفتار کردبوو ، سەرەڕای ئەوەی مامەڵەیەکی نادروست و نامرۆڤانەیە بەکەسایەتی ژنانەوە ٠

---

[1] - بورهان قانع - بنچینە کۆمەڵایەتی یەکانی ئافرەتی لادێ نیشینی کوردەواری ، ل ٢٨

[2] - دیوانی قانع - کۆکردنەوەی بورهان قانع ، چاپی دووەم ، چاپخانەی ( ژین ) سلێمانی ، ١٩٩٩ ، ل ٢٨

# نەزۆكی و ژن بەسەرداهێنان و تەڵاق دان

نـەزۆكی یەكێكـە لـە گرفتـە كۆمەڵایەتییـە بنـچینەییەكانی كۆمەڵگـەی ڕۆژهـەڵاتی بەگشتی و كۆمـەڵگای كـوردەواری بەتایبـەتی ، بـەجۆرێك ئـافرەتی نـەزۆك پێوەندییـە هاوسـەرێتییەكەی وەكـو جـاران بـەردەوام نابێـت ، كـە ئەمـەش وا دەكـات یـان دەبێـت بەخاڵێكی وا كەژیانی هاوسەرایەتییەكەی ڕووبەڕووی تەڵاق دان یاخود ژن بەسەر هێنان ببێتـەوە.[1] نـەزۆكی گرفتێكـی ئەوەنـدە دەگمـەن نییـە ، بەپێـچەوانەوە لەهـەموو كۆمەڵگەكاندا بڵاوە ، هۆكاری نـەزۆكیش گـەلێك زۆرن ، لەوانـە پەیوەسـتە بەتەمـەنی هاوسەرەكان گرفتی سێكسی كە ڕووبەڕوویان دەبێتەوەو كەمیی خۆراك و جگەرەكێشان و ئارەق خواردنەوە ، هەروەها كۆمەڵێك لێكۆڵینەوە ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەكـەن كـە پۆشینی جل و بەرگی تەسك هۆكارێكی كاریگەرە لە نەزۆكی ئافرەت.[2]

دەبێ ئەوە بوترێت كە زۆرجاران ئافرەتی نەزۆك ڕازی دەبێت مێردەكەی ژنێكی تری بـە سـەردا بهێنێـت ، ئەمـەش دوابـەدوای ئـەوەی كـە ژنەكـە بەتـەواوەتی بـۆی ڕوون دەبێتەوە كە هۆی نەزۆكییەكە و لەخۆیەتی و لەپیاوەكە نییە.

دیارە زۆر جاران وادەبێ پیاو لەژنێك زیاتر بهێنێ ، هەرچەندە ئەم حاڵەتـە لـە ئـایینی پیرۆزی ئیسلام ڕێگەی پێ دراوە ، بـەڵام یاساو ڕێسای تایبـەتی و مـەرجی تایبـەتی بـۆ داناوە ، نەك هەر كەسەو بەهەوەسی خۆی لەژنێك زیاتر بهێنێ ، دیارە لێرەدا دیسان ئافرەت مافی زەوت دەكرێت ، ئەمەش زۆرجار ژنە ژنە هەوێدارەكان پێكەوە توانیویانـە بژین ، ئیتر لەبەر هەر هۆیەك بوبێت و زۆرجـاریش هـەر لەیەكـەمین ڕۆژی سـەرەتای گواسـتنەوەی ژنـی دووەمـەوە نـاكۆكی و توندوتیـژی لەلایـەك لـەنێوان ژنـی یەكـەم و مێردەكـەدا ڕوودەدات ولـە لایـەكی تریشەوە لـەنێوان هـەردوو ژنەكـەدا لەلایـەكی تـرەوە دەستی پێ كردووەو بە زۆری ئەنجامەكەشی جیابوونەوە و تەڵاق بووە.[3]

دەربارەی تەڵاقدانیش كە لێرەدا دەبێ ئامـاژەی پێ بكـەین ، ئـەوا دیـاردەو گرفتێكـی سۆسیۆلۆژییە ، تەنانەت لەڕووی ئایینیشەوە تاڕادەیەك پەسەندنەكراوە ، بەپێی ئایەتی ( ان ابغض الحلال عند الله الطلاق ) ، بەڵام دواتر كۆمەڵ تەڵاقی وەك چارەسـەرێكی ڕاستەوخۆی گرفتەكانی هاوسـەرێتی پەسـەندكردووە ، وێـڕای نـاڕەزایی ئـایین و لایەنـە

---

[1] - س بورهان قانع - بنچینە كۆمەڵایەتی یەكانی ئافرەتی لادێ نیشینی كوردەواری ، ل ٣٠

[2] - هەمان سەرچاوە ، ص ٦١

[3] - هەمان سەرچاوە ، ل ٣٣

کۆمەڵایەتییەکان ، ئەوەش بووە ئامرازو فاکتەری زیاتر بوونی ڕێژەی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەندی هاوسەرێتی.(١)

## دڵداری و ڕەدووکەوتن

ئافرەتی لادێ نشین ، وەکو زۆربەی لایەنە کۆمەڵایەتییەکانی تری ژیانیان لە دڵداری و دیاریکردنی دەستگیراندا سەربەست نین و ، تەنانەت ئەم مەسەلەیە زۆر بەنهێنی لەناو دڵی خۆیاندا دەهێڵنەوە ٠ ڕەدووکەوتنیش ئەنجامی سەرگرتنی حەزو ئارەزووی خۆشەویستیی نهێنی دڵداریی کوڕو کچە... ئەمەش وا دەبێ کە زۆر جار ئەم کوڕو کچە کە یەکتریان خۆش دەوێ حەز دەکەن لەگەڵ یەکتریدا بژین ، بەڵام لایەنێك لەماڵەوە بەهۆی یەکێك لەنەریتە کۆمەڵایەتییەکان ئیشەکە تێکدەدەن. بە هۆی یەکێك لە ئەندامانی خێزانی کچ ڕێگا بەم خواستە نادات ، ناچار کوڕەکە دەستی کچەکەی (دڵدارەکە )ی دەگرێت و خۆیان دەگەیەننە سنووری دەسەڵاتی سەرۆك هۆزێك ، ئاغایەك ، پاشان مەسلەت دەکەن و پێکدەگەن .

## مەینەتییەکانی ئافرەت وەك کەرەستەی داهێنانی ئەدەبی

کۆمەڵگای کوردی لەگەڵ هەموو ئەو جیاوازییانەی، کە لەلای ڕۆژهەڵاتناسەکان باس کراوەو جیاوازیی ژنی کورد لەگەڵ نەتەوە ڕۆژ هەڵاتییەکاندا کراوە ، دیدی ئەو جیاوازیە ئافرەتی کورد بەپێی قۆناغەکانی مێژوو و تەنانەت مێژووی هاوچەرخیشمان کۆمەڵێك گرفتی کۆمەڵایەتی و دەروونی هەبووە ، بەردەوام ئەوە لەدوای ئەو گرفتانەشدا لەکۆمەڵگەی کوردیدا بەشێکی بەرچاو لەنێو کەسایەتیە کوردییەکاندا هەوڵی دەرخستنی ئافرەت و کێشەکانی ئافرەتیان دەداو ، بەرهەڵستی هەموو ئەو ماناو چەمکە خراپانەیان کردووە کە بەهەڵە ڕووبەڕووی ئافرەت دەکرێنەوە.

ئەدەبیات وەك پەیامێکی مەعریفیی ڕۆشنبیری بەردەوام لەگەڵ کێشەو بابەتە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکاندا تەبابووە ، بەپێی ئەو ڕووبەرەی کە ئەدەبیات بەهەموو ژانرە ئەدەبیەکانییەوە هەوڵی داوە گوزارشت لە ئێش و ئازارەکانی مرۆڤ بکات و کۆمەڵێك بابەت لە خزمەتی مرۆڤایەتیدا بوروژێنێ ، کێشەکانی ئافرەت و گرفتەکانیان

---

[1] - د. کەوسەر عەزیز کەلالی - ئافرەت و ململانێ لەگەڵ کێشە کۆمەڵایەتییەکاندا ، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین ، هەولێر ، ٢٠٠٤ ، ل ٢١

لەدەقە ئەدەبییەکاندا بەشێوازی جۆراوجۆر گوزارشتی لێ کراوە و هەمیشە وەك ئاکارێکی جیهانی و دەقێکی نەمر ماونەتەوە ٠ ئەدەبی کوردیش هاوشانی ئەدەبیاتی جیهان ، ئافرەتی لەنێو بەرهەمەکانی خۆیدا بەرجەستە کردووە ، ئەگەرچی کۆمەڵگای کوردی جگە لە ئەدەبیاتی نووسراو ، ئافرەت زۆرجار وەکو بوونەوەرێکی گرنگی کۆمەڵایەتی وەسف کردووە و پلەیەکی کۆمەڵایەتی بەرزی پێ بەخشیووە و ، زۆرجار لەکاروباری کارگێڕیی خێزان و ماڵدا پلەو پایەیەکی بەرزی کۆمەڵایەتی زیاتری لەپیاو پێ بەخشیووە هەرچەندە لەسەرەتاکانی پێش سەدەی بیستەمدا شاعیرانی ئێمە زۆرجار کە باسی کێشەکانی ئافرەت دەکەن تەنیا ئەوە نەبێ کە ئافرەت وەك بوونەوەرێکی جوان و خۆشەویست سەیری کراوە ، وەك باباتاهیرو بێسارانی و مەلای جەزیری ، بەڵام حاجی قادری کۆیی زیاتر لەشاعیرانی پێش خۆی دەست پێشخەر بووە ، هەروەك چۆن تەواوی کێشە نەتەوەییەکان ناوەرۆکی شیعری لەگەڵ شاعیرانی دیکە جیاوازبووە (( یەکەمین شاعیری کورد ، کە باسی ئافرەتی کردبێت وەکو مەسەلەیەك و داوای یەکسانی بۆ کردبێت ، ئەوا بێ سێ و دوو حاجی قادری کۆییە ))[1] ، بەڵام لەگەڵ پێشکەوتنی زیاتری بوارەکانی ژیان لەسەدەی بیستەمدا ڕۆشنبیریی ئەدەبیاتی کورد بەپێی قۆناغەکانی سەردەمی خۆیان لەگەڵ هاتنەکایەی قوتابخانەو زۆر بوونی ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردیەکان ڕۆژ بەدوای ڕۆژ پەردە لەسەر کێشەو گرفتەکانیان لادرا ، هەرچەندە لەڕابردووی مێژووی کورددا لەهەموو بوارەکانی ژیاندا بەهۆی ئەوبارە ناهەموارەی کە کورد پێیدا تێ پەڕدەبوو ، هەموو تاکەکان مافە مرۆڤەکانی خۆیان لە دەستدەدا ، لەگەڵ ئەوەشدا وردە وردە هەوڵیانداوە بۆ بەدەستهێنانی بۆ نموونە منداڵان لەسەدەی ڕابردوو کەمتر مافی خوێندنیان بۆڕێك دەکەوت ، بەڵام ئافرەت و منداڵانی کچ پلەی دووەمی کوڕانیش بوون ، هەربەهۆی هەبوونی ئەو گرفتانەو سەدان گرفتی دیکەی کۆمەڵایەتییەوە لەڕووبەری ئەدەبیاتدا ، ئەدیبانی کورد کێشەی ئافرەتیان بەرجەستە کردووە ، د. عەبدرەحمان قاسملۆ لەبارەی مافی ژن و تێڕوانینی هێمنی شاعیرەوە بۆ ژن دەڵێ: (( هێمن دەیەوێ ژن بەر لەهەموو شتێك خاوەنی مافی ئینسانی خۆی بێ و زۆرجار دژی زۆرداری و بێحورمەتی نیسبەت بەژن خۆی هەڵدێنێ ))[2] .

---

[1] - د٠ فوئاد حسین - ئافرەت لەهۆنراوەی کوردی ، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی ، چاپخانەی جاحظ ، بەغدا ، ل ١٣١؛

[2] - دیوانی هێمن موکریانی ، بڵاوکراوەی کوردستانی ئازاد ، ٢٠٠٥ ، ل ٣٦.

بەكارتێكردنی ئەدەبیاتی بیانی و خوێندنەوەی ئەدەبیاتی بیانی و ئەدەبیاتی كورد بەتایبەتی وەرگێران ، وردە وردە ئاسۆی قسەكردن لەسەر ژن و كێشەكانی زیاتربوو ، هەموو ئەو مافانە قسەیان لەسەركرا كە پێویست بوو ئافرەت لەئەدەبیاتی كوردیدا بەتەنیا نەبێتە شیعر وەك ئامرازێك بەڵكو ببێتە ئامرازێك بۆ بەرهەڵستی كردنی هەموو ئەو بابەتە فیزەوننانەی كە بواری ئازادی و مافی ئافرەتیان پێشێل دەكرد ، لەپاڵ شیعردا ، پەیدابوونی چیرۆكی هونەریی كوردی هەل و دەرفەتێكی زێڕینی ڕەخساند بۆ دەرخستنی گفتوگۆو دیوە شاراوەكانی ناخی ئافرەتان ، چونكە چیرۆك بەهەموو جۆرەكانییەوە ئەو ڕووبەرە بەرفراوانەی تێدایە ، كە بەشێوەیەكی وردترو زیاتر لەهۆنراوە دەتوانێ لە خەمەكانی ژن و مافەكانیان بەشداربین ، چونكە پێكهاتەی بینای هونەریی چیرۆك هەركات و شوێن و ڕووداو تەكنیكی جۆراجۆر نییە ، بەڵكو سروشتێكی بەرفراوان دەرەخسێنێ ، تا جێگای هەموو باس و بابەتێكی تایبەت بە ئافرەت بكاتەوە.

هەر لەسەرەتاكانی سەرهەڵدانی چیرۆكی هونەری كوردییەوە كێشەی ئافرەت لەچەند دێڕێكی كەم یان زۆر گوزارشتی لێوە كراوە لە چیرۆكی ( مەسەلەی ویژدان )ی ( ئەحمەد موختار جاف )دا، لەسەر زاری پاڵەوانی سەرەكیی چیرۆكەكەدا باسی كوشتن و شەڕو ئاژاوەی نێوان دوو عەشیرەت دەكرێت كە ئافرەت دەبێ باجی ئەو شەڕو كوشتارەی نێوانیان بدات هەروەك كارەكتەری سەرەكی چیرۆكەكە لەبابەت مەینەتییەكانی ئافرەت دەڵێ (( خۆم كە گوێم لێ بوو كچەكانی ئەو عەشیرەتە هاواریان ئەكرد ئەیان ووت ( بۆ خاتری خوا ئێمە خۆ كەسمان نەكوشتووە كە مەسئول بین و دڵی قەوم و خوێشیان شادو مەمنون بكەین. خودا هەڵناگرێ یەكێكی تر قەتلی كردووە ، یەكێكی تر كوژراوە ، ئێمە بۆچی بكەوینە عەزابەوە؟ ئیحتماله ئێمە دڵمان تەعەلوقی بەشەخسێكی كەوە بێت ، بۆچی ئێوە سەرمایەی حەیات و ژیانی ئێمە مەحو دەكەنەوە ، ئەمانە خوداو ویژدان قبول ناكات ))[1]

لەساڵانی سییەكاندا لەگەڵ بڵاوبوونەوەی سێ ئەلقەی ڕۆمانی ( نازدار یاژنی كورد لەلادێ) لەگۆڤاری ڕوناكی لەلایەن (محەمەد عەلی كوردی)یەوە و باسكردنی مەینەتییەكانی ئافرەتی كورد دەرخستنی ئەو لایەنانەی كە پێویستییەكی كاتی خۆی بوو ، بۆ وشیاركردنەوەی كۆمەڵ ، ئەو ئەركەش لەسەر شانی بەشێكی گرنگی ئەدیبان و ڕۆشنبیرانی كورد بووە.

---

[1] - ئەحمەد موختار جاف - مەسەلەی ویژدان ، بێ دەزگا بەغدا ، ١٩٧٠ ، ل ٥٨

هەناسەی گرنگیدان بە ئافرەت لەچیرۆکی کوردیدا بەردەوام بوو وەکو چیرۆکی ( بوك و خەسو )ی شاکر فەتاح و چیرۆکی ( خازێ / ١٩٤٣ )ی ئیبراهیم ئەحمەد ، نیوەرۆیەکی هاوینی دکتۆر کاوس قەفتان و چیرۆکەکانی حەسەنی قزلجی و چیرۆکنووسانی دیکەی سالانی پەنجاو شەستەکان بەردەوام ، بەدوای کێشەو گرفتی ئافرەتانی کوردی لادێدا گەڕاون و باسیان کردووەو پەردەیان لەڕووی جەورو ستەمی پرس پێنەکردنیان لاداوە، هەروەها سەندنەوەی مافی ئازادیی شوکردن و زۆر بابەتی دیکەی پەیوەست بەگرفتە کۆمەلایەتیەکانی ژنان لەسەرەتاکانی چیرۆکی هونەری کوردی ڕەنگی داوەتەوە.

## ٣-٢ : کێشەی چەوساندنەوەی ئافرەت لەڕۆمانەکانی عەزیزی مەلای ڕەشدا

باسی چەوساندنەوەی ئافرەت لە دەقی ڕۆمانەکانی عەزیزی مەلای ڕەش زۆر بەفراوانی دەردەکەوێ، بەجۆرێك کە لەلایەکەوە کێشەکانمان بۆ دەخاتەڕوو، و لەلایەکی تریشەوە هەوڵیداوە چارەیەك بۆ ئەم کێشەو ئارێشانە بدۆزێتەوە، ئەمەش شێوازێکی هونەریی نووسینی خۆیەتی ، چونکە وەکو دەزانین هەر نووسەرێك لەبواری نووسیندا شێوازی تایبەت بەخۆی هەیە.

لەڕۆمانی (کوێخا سێوێ / ١٩٨٧)دا پیاوان لەناو خۆیاندا ناکۆکییان هەیە ، کەچی ئەو شەوەی ئافرەتێك لەپیاوەکەی زوێر دەبێت، دوو پیاو یەخەی پێ دەگرن و دەیانەوێت نامووسی ببەن ، کە ناموسی ئافرەتیش لە کۆمەڵی ڕۆژهەڵاتیشدا لە سەرووی هەموو شتێکەوەیە ، بۆیە ژنەکە لەبەریان دەپاڕێتەوە دەڵێ: (( کوڕە وەك عارەبی بەغدایێ دەخیلتان بم ، بەڵاگێڕتان بم ، کافربووم لەسەر دەستتان ئیسلام بووم ، خشڵ و پارەیەکی زۆرم پێیە ، گەردەنی ئەژدادیشتان خۆش و ئازابێت ، هەمووی ببەن تەنیا پرکێشی ناموسم مەکەن ) ( کوێخا سێوێ: ل١٨ ). بەڵام دوو پیاوەکە لەو پەڕی بێ ڕەوشتی دابوون ، هەر بۆیە وازناهێنن ، هەتا مام ئۆمەر لەناکاو دێت و هەردووکیان دەکوژێت ٠ لەلایەکی تریشەوە وەکو لەناو کۆمەڵگەی کوردەواریدا باوە، زۆرجاران ئافرەت لەبری خوێنی پێ خۆش کراوە، کەچی ئەنجامەکەی ماڵ کاولکردن و هەتیوکردنی منداڵەکان بووە، ئەویش لەبەر ئەوەی هەرگیز برینی کوشتن بەوە چارەناکرێت ٠

عەیشە بەکار لەبریتی خوێن درابوو، بەهۆیەوە دوو منداڵی لێ دەبێت، بەڵام هاوسەری ئەم ( عەیشە بەکار )ە ، بیری تۆڵەسەندنەوە لەسەری دا هەر ماوە، باوکی عەیشە بەکار دەخنکێنێ، بۆیە عەیشە بەکار لەوە خۆش نابێت (( دوای سێ چوار مانگ شەوێك لێ ی قیت بووەو مێردو کوڕ دەبنەوە... بەڵام باوك نا... نا... تازە ڕۆی و نایەتەوە... لەخەودا دەیخنکێنێ ... دوای تازیەوخێر ڕەوینەوە ، منداڵەکانی بەسەرو کۆکی ماڵە باوکی مێردەکەی جێ دێڵێت و دەچێتەوە ماڵە باوکی خۆی )) ( کوێخا سێوێ: ل ٧٨ ). ئەوەیە ئەنجامی کچ لەبریتی خوێندان، کە باوکەکەی گوێی نەداوە بە بەرژەوەندیی کچەکەی ، بۆ ئەوەی خۆی نەکوژرێت، بۆیە کچەکەی بەباوکی کوڕژاوەکە داوە، لەکۆتاییشدا پیاو کوشتن و بێوەژن و کەوتنی کچەکەی و بێ نازکردن و هەتیوکەوتنی منداڵەکان نەبێت، هیچی تر نەماوەتەوە ٠ دیارە جگە لەوەش ئافرەت هەر تەنیا لەبریتی خوێندا نەدراوە ، بەڵکو لەسزای پیاو کوشتنیشدا، لەگەڵ ئەوەشدا باوك و برای ئەو کچانە خۆشیان چاك دەزانن، کە کچیان شایانی ئەو جۆرە پیاوانە نییە، موعتەبەر لەڕۆمانی ( غەوارە )دا

لەبریتی ئەنجامدانی کوشتنی خوسرەو دراوە بە ( محمدی عوسمان جرەو ) . بەهۆیەوە موعتەبەر دەگرییَ و دەڵێ: ((نەگبەتی لەوەدایە لەباتی ئەنجامدانی پیاوکوشتن دەدرێم ، کە تا ئێستا شتی ئەوها لەسەرتاسەری دنیا نەبووەو ناش بێت )) ( غەوارە: ل ١٧١ ) موعتەبەر کاتێ کە لەم کارەی باوکی بێزارە، باوکی پێی دەڵێ: (( کیژم چاك دەزانم ئەتوو ( محە ) یان نەگووتووە )) (غەوارە: ل ١٧١ ). بەڵام وا دەردەکەوێ بۆ بەرژەوەندیی خۆی و سەرکەوتنی قسەی خۆی بۆ ئەوەی نەکوژرێت، موعتەبەر هەر دەدا بە ( محە ) ، بۆیە بۆ بەرهەڵستی کردن لەم دیاردە ناشارستانییە، موعتەبەر لەشەوی ئاهەنگەکەدا هەڵدێت و لەدواییشدا کە نهێنییەکە ئاشکرا دەبێت ، ( چەتۆ ) لەتۆڵەی خەسرەوی برایدا (سەید عەبدوڵلا)ی باوکی (موعتەبەر) دەکوژرێت.

لێرەدا دەبێ ئەوەش روون بکەینەوە کە لەرۆمانی ( کوێخا سێوێ ) دا مام ئۆمەر لەئەنجامی دوژمنایەتیەکەیدا لەگەڵ ( شێخ گۆمەر )دا ، پاش کۆچکردنی ( ئاودەڵ )ی برای کە بەجێی دەهێڵێت، کەسی بۆ نامێنێتەوە ، تەنیا ( سێوێ ) نەبێ کە دەبێتە یەکەم هاندەرو پاڵپشتی، بۆ سووربوون لەسەر خاك و ئاوەکەی ، چونکە دێیەکە، کە شەرەفی خەڵکی دێهاتەکەیە پەیوەستە بەزەوی و زارەکانیانەوە هەر ( سێوێ ) بووە هۆی ئەوەی، کە مام ئۆمەر سووربێت و نەڕوات ، تا ساڵی هاتنی ( لاین )[1] زەوییەکانی لەسەر تاپۆ بکرێت (( مام ئۆمەر بەتاقی تەنیا مایەوە ، تەنیا ئەم ئافرەتە نەبێت کە لەمێژ نەبوو گواستبوویەوە، بۆی ببووە فریشتەو هاندەرو پاڵپشت ، کە بەهیچ شێوەیەك نەیهێشت کۆڵ بدات ، ئەگینا دەستی لەهەموو پنچکێك بەربوو ، رووخابوو، دوا هەناسەی بوو، ئیتر بەهۆی ئەمەوە زیندوو بۆوەو بەرگری کردو دوژمنەکانی بەزاند، زەوی یەکانی کردنە ماڵ لەسەری خۆی تاپۆکردن )) (کوێخا سێوێ: ل ٥٣ ).

ئەوەی لێرەدا جێگای تێڕامان و باسکردنە ، کە ڕۆماننووس ڕووداوەکانی بەشێوەیەکی ڕاستەقینە خستۆتەڕوو، کە ئەویش کێشەی سەرەکیی نێوان کوردو عەرەبە، یاخود بڵێین کێشەی زێدو خاك و نیشتمانە، کە هەردەم داگیرکەران چاویان بڕیوەتە خاکی کورددان ، واتە لێرەدا جگە لەوەی، کە ( سێوێ ) پاڵەوان و شاکەسی ڕۆمانەکەیە، بەڵام لەودیوەوە مەسەلەیەکی نەتەوەیی زەقتر دیارە، کە کێشەی لەمێژینەی ململانێی کوردو عەرەبە لەناوچەکانی دەشتی هەولێر، کە دەکرێ لێرەدا لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا کورتیان بکەینەوە:

---

[1] – لەسەردەمی ئینتدابی بەریتانی ئەم ئەندازیارە مستەر (لاین) نەخشەی گوندەکانی دەشتی هەولێری دیزاین کردووە.

١ـ کێشەکە لەسەر سنووری کوردو عەرەبە.
٢ـ گوندی ( گەرحە ) عەرەبییە و ( دۆمە )ش کوردییە.
٣ـ پاڵەوانە سەرەکییەکان: ( مام ئۆمەر ) کوردەو ( شێخ گۆمەر ) یش عەرەبە.
٤ـ کوێخا وەسمان لەرەگەزی مام ئۆمەرە، کەچی لەژێرەوە بۆ لەناوبردنی پەیمان لەگەڵ شێخ گۆمەر دەبەستێت.[١]

دەبێ ئەو ڕاستییە بسەلێنین کە ئافرەت بۆ بژێوی ژیان و خانەوادەی ، هەموو کاتێ ئامادەبووە خۆی زیاتر بخاتە ژێر ئەشکەنجەوە ، تا بەکارکەرو خزمەتکاری ماڵان ڕازییە ، بەڵام نانی ئارەقەی نێوچەوانی خۆی بخوات ، هەروەکو ئەوکاتەی ( سێوێ ) ڕوو دەکاتە پیاوەکەی ، پاش ئەوەی کە دەزانێ خەڵك لەبەر پیری بە مام ئۆمەر ڕازی نابن ، بۆ ئەوەی بیکەن بەسەپان دەڵێت: (( پیاویژگە چەند ساڵە ئاگام لێیە تۆ دارت لەسەر بەرد دانەناوە وەکو عەمەل مەندانت لێ هاتووە ، تازە ڕەنجبەری زۆر زەحمەتە بۆ تۆ بکرێت ، ئەگەر لەبەر دڵت گران نی یە ، ڕێ ی من بدە بیکەم )) ( کوێخا سێوێ: ل ٥٧ ).

دیارە ئەم کارەی سێوێ دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئافرەتێکی کورد دەست پان کردنەوەی لەنامەردێك پێ عەیب و سەرشۆڕکردن بووە، بۆیە وتی ((خۆ ئەگەر قوڕقوشمیشمان لەگەروو بکرێت، دەستمان پێ لەبەر کەس پان ناکرێتەوە ، نەخێر فێرنە بووین و فێریش نابین )) ( کوێخا سێوێ: ل ٥٦ ).

لەڕۆمانی ( خاك و چەوسانەوە/١٩٩٨)شدا ماڵی (عەولا گزگل) هیچ خواردنیان نامێنێت بیخۆن ، هەر بەو هۆیەشەوە منداڵەکانی لەبرسان تووشی نەخۆشی و لاوازی دەبن ، کەچی خانێی ژنی لەسەرخۆ دەڵێ: (( ئەوجا هەر ئەوە مابوو لۆ پارە شیوەك ، یان ملاکە ڕۆنەك ، ڕوو ڕەشی خەڵك و خوابین و دەست لەبەر نامەردان پان بکەینەوە )) ( خاك و چەوسانەوە: ل ١٨ ).

هەروەها لەشوێنێکی تری ئەم ڕۆمانەدا ( حەمە ڕیقلاو ) کاتێ کە کوڕی ئاغا ستەمی لێ دەکات، قسەکانی دایکی بیردەکەوێتەوە، کە هەر ئەمەشە دەبێتە هاندەری ، چونکە دایکی پێی وتبوو (( ڕۆڵە ئەگەر یەکێك لەخۆشت بەهێزتر لێیدا نابێ بگرییی ، گریان نیشانەی بەزینەو، ئەگەر دوژمنت لەخۆشت گەورەترو زۆریش بوون ، نەکەی لەبەریان دابنەویی )) (خاك و چەوسانەوە: ل ٢٩ ).

---

[١] - عەزیزی مەلای ڕەش - کوێخا سێوێ و چەند نهێنی یەك ، ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی ، ژمارە ( ١٣٨ ) ، ١٩٩٤/٩/١١ ، ل ٦.

دیاره لەهەموو سەردەمێکدا ڕێنمایی منداڵ پێویستە، گەر دایك بەشێوەیەکی جوان منداڵ پەروەردە بکات لە کارەکانی ڕۆژانەیدا ئەوا ئەم منداڵە هەرگیز لەکارەکانی ڕۆژانەیدا تووشی هەڵەو کاری خراپە نابێ ، بۆیە ئەو دایکەی ( ڕیقلاو ) بوو کە ڕیقلاوی بەو شێوەیە پێگەیاندو بێت بەو ( حەمە ڕەحیم )ەی کە سزای ئاغای پەسەند نەکات و تۆڵە لەئاغا بسەنێتەوەو لەدوایشدا سێ کوڕی بەشێوەی خۆی پێبگەیەنێ و لەڕێگەی کوردستان بیانبەخشێ ٠ جگە لەوەی ئافرەت هەوڵی داوەو خەباتی کردووە بۆ ئەوەی خۆی و خەڵك لەچەوساندنەوەی چینایەتی ڕزگاریان بێت ، هەر بۆیەشە سووربووە لەسەر خاك و زەوی و زار ، لەهەمان کاتیشدا جێی دەستی لەخەباتی سیاسی و چەوساندنەوەی نەتەوەییدا دیارو ڕوونە ، لەم بارەشەوە ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی هانداوە بۆ خەبات کردن لەدژی داگیرکەران ، بۆیە هەوڵی داوە کە هەڕەشەو چاو سوورکردنەوەو ئازاردان نەبێتە هۆی ساردبوونەوەو لاوازی لەئاست داگیرکەراندا، هەروەکو لە ڕۆمانی ( خاك و کێشەی مان/١٩٩٩)دا کە سیخوڕەکان لەزینداندا ئازاری دایکی چەتۆ دەدەن ، چەتۆی کوڕی دڵی پێ سوتاو وتی: (( بەسە وازی لێ بێنن ، چتان دەوێ ئامادەمە )) ( خاك و کێشەی مان: ٣١٣ ). لەگەڵ ئەو هەموو ئازارەی کە دایاننابوو ، کەچی بەو قسەی کە کوڕەکەی کردی (( بەچاوێکی تەژی بوغزو کینەوە لەسەرو سەکوتی نۆڕی وا بەڕەنگی شین و مۆر هەڵگەڕاوییەوە سەری لێ بادا )) ( خاك و کێشەی مان: ل ٣١٤ ) ٠

چەتۆ هەستی کردو ئامۆژگارییەکانی یەکە یەکە بەگوێیدا زرینگانەوە (( ڕۆڵە دوژمن هەرچەند بەهێزبێ و ئەتۆش لەوپەڕی بێ هێزی قەت نەکەی سەری ترسنۆکی و بەزینی لۆ دابنوێنی ، گیان هەناسەیەکەو دێ و دەڕوا. بکوژرێ ی سەد قات باشترو بەشەرەفترە لەسەر شۆڕی خۆ لێم حاڵی بووی چم گوت؟ )) ( خاك و کێشەی مان: ل ٣١٤ ) ، دیارە ئەمەش ڕۆڵی مەردایەتی ئافرەت دەسەلمێنێ ، چونکە چاك دەزانێ جگەر گۆشەکەی لەژووری زینداندایە لەبن دەستی ئەو پیاو کوژو خوێنمژانەیە.

( ژیان )ی خوشکی ( هوشیار ) یش کە پێشمەرگەیەکی نەبەرد بوو ، شەهیدیان کرد ، چونکە سوور بوو لەسەر ڕێبازی کورددانەی تا لەو پێناوەدا گیانی خۆی بەخشی و بووە قوربانی و لەسێدارەدرا (( بەڕووت و قووتی عەشتەبای خوای لەبەردا نەبووە. بەپرچە درێژەکەیەوە هەڵواسرابوو بوتڵە غازێکی لەپێیە خرابوو... ولەشە سپی و خڕپن و ناسکەکەی لەبەر تەوژمی ئازاردان ڕەش داگەڕابوو )) ( خاك و کێشەی مان: ل ٣٤٧ ).

بەزۆر بەشوودانی ئافرەتانیش یەکێکە لەخاڵە نێگەتیفەکانی کۆمەڵگای کوردی ، کە بەداخەوە بەم کارە کۆمەڵگا بەگشتی و خێزان بەتایبەتی ناهەقییەکی گەورەو خراپ دژ بە ئافرەتان دەکەن . لە ڕۆمانی ( کوێخا سێوێ)دا، ژنە بچووکەکەی ( حاجی چرچۆ )، کە بەپارەیەکی زۆر ژنەکەی خواستبوو بەجۆرێك باوکی کچەکە بەهۆی زۆری پارەکەوە ئاگای لەدنیا دەبڕێت و بیری هەر لای زۆریی پارەکە دەبێت بۆیە ژنەکەی ( حاجی چرۆد ) دەڵێت: (( پارەی حاجی ، باوکمی کوێرکردبوو. ویژدان و بەزەیی باوکایەتی لا نەهێشتووە. منی بەزەبری خەنجەر لە حاجی مارەکرد. تازە ملم بەم تۆقەوە بوو تا تەپڵی قیامەت لێ ی دەرباز نابم ) ( کوێخا سێوێ: ل ۱۷۳ ).

دەبێ ئەوە بوترێ یەکێ لەمافەکانی کچ لەسەر باوك ئەوەیە، کە بەئارەزووی خۆی شوو بکات، نەوەکو پرسیشی پێ نەکرێت، واتە ئەم جۆرە شووکردنە یەکێکە لە خواردنی مافەکانی مندالّ لەلایەن خێزانەوە بەگشتی و باوك بەتایبەتی.

دیارە بەزۆر بەشوودانیش کارەساتی نێگەتیف و خراپی بەدواوەیە ، بەزۆری هەندێ جار دوژمنایەتی لێ دەکەوێتەوە لەدوایشدا بۆ خوێن خۆشکردن ئافرەتێکی تر دەدەن ، چونکە ژنەکەی ( حاجی چرچۆ ) دەستی لەگەڵ گاوانێکدا تێکەڵ کردبوو، هەر بۆیە لەلایەن کوڕی ژنە گەورەکەی حاجییەوە هەردووکیان دەکوژرێن.

هەروەها زۆرجاران لەنێو کۆمەڵگەی کوردەواریدا لەنێو خێڵە دواکەوتووەکاندا ئافرەت وەك کالایەك بەکارهێنراوە، بەجۆرێ لەکاتی گرانی و قاتوقڕیدا ، بەتایبەتی لەکاتی نەبوونی گەنم و جۆدا ، لەبری گەنم و جۆدا خراوەتە بەردەستی کەسێ یا بلێین دڕندەیەك (( مام ساڵحی ڕەو ڕەوە فرۆش ساڵی جووتە نەهات لەدەردە برسێتی کە ڕێیەکی لەهاری دایە گورجی کچی فەراقە بوو ، بەنیو عەلبە فراس دەقەبەل ماڵی عەولا ئاغای کرد )) ( خاك و چەوسانەوە: ل ۲٤۱ ).

بەهۆی ئەوەی کە ماڵی ئاغا هیچ ڕەحمیان پێ نەکرد (( شەوێك لەتاوان ناوی خوای لێ دەهێنێ ودەردەپەڕێت. دەربازبوونی بەنسیب نابێت و ( سمکۆ ) ئەومندەی دەکوتێتەوە، سەرتاپا لەشی شین و مۆر هەڵدەگەڕێت )) ( خاك و کێشەی مان: ل ۲۱٤ ).

ئافرەتی کورد جگە لەچەوساندنەوەی چینایەتی لەچەوساندنەوەی نەتەوەییشدا پشکداربووە، زۆرجار لەتۆڵەی کوڕو باوك و براو مێردی دا ، لەبەندینخانەکان ئازار دراون وزۆرجاریش لەئەنجامی خەباتی خۆیان بەوەی، کە سەریان بۆ داگیرکەر دانەنواندووە ، لەسێدارە دراون ((لەبەر ئەوەی کۆلانی دەرگای ژوورەکان دەهاتەوەسەر زۆر بەر تەسك بوو جێگەی تەعزیب دانی لێ نەدەبووەوە، هەردووکیان هێنانە حەوشە

بچووکەکەو بەرێوەبەر ، لە زەفتییەکانی ڕاخوڕی کە ئازاری بدەن. ئەو دیمەنە بێ بەزەییە... وەحشیەی بەچاو بدیت بوایە ، لەروان خۆی پێ نەدەگیراو لەبراڕۆی دەدا. دیمەنێکی وا مەگەر تەنیا لەژێر پەردەی ئیشتراکیەی داگیرکەرانەوە ڕووی دابێت. ئەگەر نا لەوەتی دونیا هەیە تاوانی وای بەخۆیەوە ، نەبینیووەو ناشی بینێت ، کافر سکی بەپیرێژنی بێ هێزو قەلەندەر دەسووتا )) ( خاك و کێشەی مان : ل ٣١٢ ).

دیارە ئەو پیرەژنە دایکی ( چەتۆ ) بوو ، کە بەم شێوە دڕندانەیە ئازاریان داوە، کە ئەمەش ئەوپەڕی دڕندەیی ئەمجۆرە کەسانە دەگەیەنێت ، کە جیاوازی لەنێوان منداڵ و گەنج و ژن و بەساڵاچووواندا ناکەن، لەم بارەوە ( چەتۆ ) دەڵێت: (( هەتا ئەوڕۆ هیچ وەحشێك ، دێوێك ، عفریتێك تاوانی ئەوها دڵتەزێنیان نەکردیەو ناش کەن )) ( خاك و کێشەی مان: ل ٣١٣ ). دایکی چەتۆ بەهۆی زۆریی تەعزیب دانییەوە لەژێرداری دوژمنان و داگیرکەراندا گیانی پاکی بەخاك سپارد.

دەبێ ئەوەش بوترێ کە چەوساندنەوەی ئافرەت وەنەبێ تەنیا لەکۆمەڵگەی کوردیدا بوونی هەیە ، بەڵکو لەهەموو کۆمەڵگاکانی دونیادا ئەم دیاردەیە بوونی خۆی هەیە، بەڵام شێوەو ناوەڕۆکی چەوساندنەوەو ئازاردانەکە دەگۆڕێت (( لەهەر کۆمەڵگایەکی فرەچین دا ، یا پێوەندی کۆمەڵایەتی ، کۆیلایەتی بێت ، یا دەرەبەگایەتی ، یا سەرمایەداری ، موڵکایەتی تایبەتی بەرکەماڵە ، تا موڵکایەتی تایبەتیش بەردەوام بێت ، چەوساندنەوەی ئافرەت هەر بەردەوامە ، تەنیا شێوەکەی دەگۆڕێ)).[1]

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین وێنەی ئافرەت لەڕۆمانەکانی عەزیزی مەلای ڕەشدا وێنەیەکی خۆبەختکردن و لەخۆبردوویی و ئازادەیەك خاوەن دەسەڵاتێکی کۆمەڵایەتیە ، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ ئیدی لەپشت ئەو تێڕوانینەوە هیچ کێشەو گرفتێك لەبەرامبەر ئافرەتدا نەبێ ، بەڵکو کۆمەڵێك گرفت و کێشەی تایبەتی ئافرەت لەنێو ڕۆمانەکەدا باس کراون کە هەریەکەیان مۆتەکەی سەرشانی ئافرەتن ، ( کوێخا سێوێ ) نموونەی ئەو ئافرەتە لەخۆبردووانەیە کە بەتەنیا لەدوای مردنی مێردەکەی سەر بۆ دوژمن واتە سەر بۆ ئاغا شۆڕناکات و خۆی زەوی و زارەکانی تۆو دەکات و خۆی زەوییەکانی دەکێڵێ و بەتەنیا خۆی بەرەنگاری دەسەڵاتی ئاغا دەبێتەوەو دواتر دوژمنەکانیشی لەناو دەبات ، هەروەها کوێخا سێوێ لەگەڵ نەخۆش کەوتنی مێردەکەیدا لەکاتی تەنگانەدا خۆی کار دەکات و بژێوی خێزانەکەی لەئەستۆی خۆیەتی هەروەها

---

[1] - د. هیمداد حوسێن ، کورتە پێشچاوخستنێکی ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی لەچیرۆکی هونەری کوردیدا ، گۆڤاری کاروان ، ژمارە ( ٣ ) ، ١٩٩٢ ، ل ٩.

لەڕۆمانی ( خاك و چەوسانەوە )دا خێزانی ( عەولا گزگل ) لەهاوکاری مێردەکەی دا نموونەی ئەو ژنانەیە کە پیاوێك لەبەرامبەریدا دەڵێ: (( ئافرەتە نەك گەمە... دەك داکمت بەقوربان بێ ژن لەگەڵ غیرەتت. بەڕاستی بەتوو دەڵێن: ژن! ئەو ڕۆڵەیەی بەشیری تووی جەرگ ئەستوورو چاو قاییم پەروەردە بکرێ، خودا عالیمە چاوی لەبەر بیست زەلامان دانانێ )) ( خاك و چەوسانەوە: ل ١٩٣ ) ٠

یەکێك لە مەینەتییەکانی ئافرەت لەڕۆمانەکانی عەزیزی مەلای ڕەشدا ، بە ئامراز بوونییەتی بۆ تێرکردنی حەزو ئارەزووەکانی ئاغا ، بۆ نموونە عەولا ئاغا لە ڕۆمانی ( خاك و چەوسانەوە)دا دەڵێ: ((ئەوە تازە بزانم کیژی عەزیزی بەو ڕادەیە جوانە! مچوورکەی لێ جوودانە دەبووەوە ئەگەرچی سەعدەخان دەستێکی سەتی وەك ئەو دەینی ، بەڵان وابووە دایکی منداڵان تەعام گۆڕینیش لەناسکە کیژۆڵان تامی خۆی هەیە )( خاك و چەوسانەوە: ل ١٨٨ ) ٠

هەروەها لەڕۆمانی ( کوێخا سێوێ ) دا ( حاجی چڕدۆ ) دەزانێت حاڵی بژێوی سێوەخان و مام هۆمەری مێردی تەواو نییە ، لەڕێی ناچاری و سەپانییەوە، هەوڵی دا تا سێوەخان خۆی بداتە دەست حەزە ئاژەڵییەکانی ئەوەوە، تاڕادەیەکیش لەو هەوڵدانەدا سەرکەوت و دەسەڵاتی پیاو سالاریانە لەنێو ڕووداوەکانی ڕۆمانی ( کوێخا سێوێ ) لەسەر زاری ئافرەتێکەوە دەگێڕدرێتەوە کە پیاو بە ئارەزووی خۆی هێرش دەکاتە سەر ژنەکەی (( لەبەر ئەوەی ئێوارە بە ئەسکوردی شکاوم شیوم تۆزێك درەنگ پێ گەیشت مێردەکەم بەدارو پێلەقان وەرم گەڕایێ تاشل و کوت بووم لێیدام )) ( کوێخا سێوێ: ل ٢٠ ) ئەوە نموونەیەکی بەرچاوی کۆمەڵگای کوردییە، بەتایبەتی لەڕابردوودا ، کەژن لەژێر دەسەڵاتی پیاوسالاریدا بەزەبری لێدان بەسەر ژنەکەی پیادەکراوە ٠

وێنەی پیاوان وەکو ئاغاو حاجی چڕدۆ لەپێناو تێرکردنی حەزەکانیاندا لەدوای دووژنیش چاویان بۆ ناموسی ئافرەتان دەگێڕا ، چ لەڕێی نان و پارەوە بووبێت یان لەڕێی زۆردارییەوە هەوڵی دەسگیربوونی ژنی دیکەیان دەدا ، ئەمەش لەلایەکی دیکەوە پێشێلکردنی مافی ژنەکانی خۆیان بوو (( ژنە گچکەکەی تەمەن بیست و پێنج ساڵ ئاو لەبسکانی دەتکێتەوە ئەوەندە تەڕوو نەرم و شەلك و جوانە هەر زێنەتە بۆی بڕوانێ.. کەچی لەسەر ئەم حاڵەش حاجی چڕدۆ هێشتا نەوسی پێیان داناکەوێت )) ( کوێخا سێوێ: ل ٧٢ ) لەگەڵ ئەوەشدا حاجی چڕدۆ لەپێناو ناموسی خێزان و ماڵی خۆیدا بەم جۆرە بیرناکاتەوە و ناموس بەلایانەوە مەسەلەیەکە نابێ لەکەدار بکرێت ، چونکە کوشتنی لەدوایە .

ئەركی ژن بەرامبەر ماڵ و خێزان زۆر گرانە سەرەڕای پەروەردەكردنی منداڵ هاوشانی پیاو تەواوی كاری جوتیاری و دروێنەو ئاژەڵداری و ئەركی پیاوانیشی ئەنجامداوە لەكاتی نەبوونی مێردیشی دا هەر لە هەوڵ و كۆشش و رەنجدان (( هەیبەت پیرۆت دەستە ژن و تەمەن لەچل ساڵ بەسەرەوەو بێ سەواد ، چاوكراوەو قسەزان و زیرەك و نەترسی پێوە دیاربوو. دایك و باوكی هەستی نەتەوایەتی بوو لەماڵەو بێ سەردار ، لەدارەتی دنیادا تاقە كوڕێكی هەبوو ، بەمووچەی قۆڕی بچووك یەك چاوەو بەرهەیوان و ناندین داری لەگەڕەكی سێتاقان بەسەریەكەوە نابوو )) ( خاك و كێشەی مان: ل ٣٢ ) بەخێوكردنی منداڵ و لەئەستۆگرتنی ژیان و گوزەران بەپێی ڕووداوەكانی نێو ڕۆمانەكانی عەزیزی مەلای ڕەش ، ئەستەم بوو ئەمەش نموونەیەكی واقیعی كۆمەڵگای كوردییە لەسەدەی ڕابردوودا ، ژن لەڕۆمانی ( خاك و چەوسانەوە ) دا ئەگەرچی گیانی خۆبەختكردنی لەپێناو منداڵەكانیدا هەیە ، كە دەست بەرداریان نەبێ ، بەڵام ترسی پەیداكردنی نان بۆ ڕۆژگاری پشت بەستن بە كشتوكاڵ كەم نەبوو ، ڕۆماننووس لەسەر زاری ژنێكی ماندووی ژیانەوە دەڵێ: (( ئەوجا خودایە ئەو شەش منداڵە سەركەو بنكانە كوو بەمن بەخێو دەكرێن گەورەكەیان مێینەیەو جاحێڵە ئەوانی دی لەدەساڵی بەخوارەوەن )) ( خاك و كێشەی مان: ل ٣٥٤ ) ، كەواتە كێشەی ژیان و نان كێشەی گەورەی كۆمەڵگای كشتوكاڵییە ، هەر بۆیەش ژن لەو دەقەدا باسی وردی منداڵ دەكات كە ناتوانن ئیش بكەن ، منداڵی كوڕیش بۆ كاركردن گونجاوە جاحێڵی كچیش خۆی گرفتێكە ،چونكە ناتوانێ وەك كوڕ كار بكات.

لەتەواوی ڕۆمانەكانی عەزیزی مەلای ڕەشدا ئافرەت خوێندەوار نییەو نائاگایی و ناهۆشیاری ڕێگرە لەبەردەم گەیشتنیدا بەمافەكانی خۆی ، یان بەواتایەكی دیكە ئەو ناهۆشیارییەی ئافرەت وای لێهاتووە ،كە نەتوانێت پشت بە ویستەكانی خۆی ببەستێت ، بەڵكو لەجێی خوێندەواری ئافرەت باوەڕی بە زۆر بابەتی نائەقڵانی هەیە (( هەر كوڕو كیژێك پێش مارەكردن ماچی حەرامیان بكەوتە بێن: خێرو خۆشی لەخۆیان نابینن )) ( خاك و چەوسانەوە: ل١١٦ ) ، هەر لەوكاتەی عەولا گزگل بەقسەی شێخ زەوییەكەی نادات بە ئاغا ، زۆرتر ئافرەتان باوەڕ بەوە دەكەن كە عەولا گزگل و خانەوادەكەی تووشی گیرۆدەیی دەبن (( لەو ڕۆژەوە خەڵكی ئاوایی ، زۆربەیان لەگەڵ بنەماڵەی گزگل دا لالووت و ڕوو گرژبوون و خۆیان لێیان لاگرت بەتایبەتی ئافرەتان باوەڕیان وابوو بە ئاگری غەزەب دەسوتێن ئەگەر تخونیان بكەون ، ناچاری نەبوایە ، سەلام لێ كردنیش هەڵگیرابوو )) ( خاك و چەوسانەوە: ل ١١٣ ) هەر لەڕۆمانی ( خاك و چەوسانەوە )دا ،

ئافرەتان لەنەخۆش کەوتنی ژناندا پەنا بۆ شێخ و چارەسەری جۆراوجۆر دەبەن ، لەگەڵ ئەوەشدا لەنەخۆش کەوتنی منداڵەکانیاندا مانای نەخۆشبوونەکە لەنەخۆشی جەستەیی بەدوور دەگرن و هۆکاری دیکەی بۆ دیاری دەکەن، بۆ نموونە داکی گوڵان لەکاتی نەخۆشکەوتنی ( گوڵان )ی کچی دا دەڵێ: (( ئەو قەلەنـدەرە بەبەر بای لەمەچێتران نەکەوتبێ ))، (( ئەو دەردەش لەهەموو دەردان موسیبەتترە دەست وەشاندنی ئەجنەدان بایە ، سەد قات ئەهوەنتربوو هەرنا بەدوعاو نووشتەی شێخ و مەلاو سەرچاکان چارەی دەکرا )) ( خاك و چەوسانەوە: ل ١٤٦ ) ٠ کەواتە دەتوانین بڵێین مەینەتییەکانی ئافرەت لەرۆمانەکانی عەزیزی مەلای ڕەشدا ئەمانەن:-

١- لەپاڵ لەخۆبردوویی و خۆبەختکردنی ئافرەتدا کۆمەڵێك کێشەو گرفتی ئافرەت لەرۆمانەکانی عەزیزی مەلای ڕەشدا لەڕێی شاکەس و کاراکتەری لاوەکی خراونەتەڕوو.

٢- نەخوێندەواریی ئافرەت کێشەو گرفتێکی گەورەیە لەبەردەم بیرکردنەوەیەکی ئەقڵانیدا.

٣- ئافرەت لەڕووی پلەی کۆمەڵایەتیەوە چەوساوەی دەستی پیاو سالارییە.

٤- ئافرەت دەبێتە ئامانجی پیاو لەپێناو تێرکردنی ئارەزووە سێکسییەکانیدا لەبەرامبەر ئەمەشدا کۆمەڵێك ئافرەت لەچێژ وەرگرتن لەسێکس بەدوور دەبن.

٥- ئافرەت لای چەوسێنەر وەکو جل گۆڕین و چێشتی تازە مامەڵەی لەگەڵدا کراوە.

٦- ئەرکێکی گرانی بژێوی ماڵ و منداڵ لەئەستۆی ژنە.

٧- ئافرەت هاوشانی پیاو لەهەموو کارەکانی دەرەوەی ماڵدا بەشدارە.

٨- ترسی برسی بوون و بژێوی ژیان پەیدا کردن لای ئافرەتان کێشەیەکی گەورەیە.

٩- ئافرەت لەپاڵ هەموو ئەو هۆکارانەی کە پێی دەچەوسێندرێتەوە بوونەوەرێکی ڕازییەو هیچ هەستێکی خۆڕزگارکردنی نییە لەبەرامبەر کەلتوردا.

١٠- ژنان لەپیاوان زیاتر بیرکردنەوەیەکی نائەقلانیانەیان هەیە لەبەرامبەر ئەو کەلتورەی کە بەسەر کۆمەڵدا سەپاوە.

١١- بەشوودان بەمنداڵی و بڕیاری بەشوودان لەدەستی ژندا نەبووەو دوور لەخواست و ئارەزووەکانی بووە.

١٢- ئافرەت نموونەی گیان بەخشینە لەپێناو خاك و ڕزگاربوون لەجەورو ستەم.

## ٣-٣ :ـ کێشەی نەزانین و نەخوێندەواری لەکۆمەڵی کوردیدا

گومانی تێدا نییە کە زانست و خوێندن یەکێك بوون لەکۆڵەکە گرنگەکانی پێشکەوتنی ئادەمیزاد ، بەجۆرێك ئەو نەتەوانەی یاخود ئەو ناوچانەی کە درەنگ پرۆسەی خوێندن گەیشتوومتە لایان ، بوومتە هۆی ئەوەی زۆر کاریان لێ بکات، ئەگەرچی پەیدابوون و سەرهەڵدانی خوێندن لەکوردستانی عێراقدا بۆ سەردەمێکی زۆر زوو دەگەڕێتەوە ، بەڵام بەداخەوە لەلادێکاندا زۆر دواکەوت و تەنانەت تا ئێستاش هەندێ کەس ئامادە نیین منداڵەکانی خۆیان ، بەتایبەتی کچان بنێرێنە بەر خوێندن ، لەدەسپێکدا سەرەتایەکی خێرا بۆ پەیدابوونی خوێندن لەکوردستانی عێراق دەخەینەڕوو ، لەپاشان دێنەوە نێو کرۆك و ناوەرۆکی بابەتەکەمان. کوردستانی عێراق لەکاتی خۆیدا بەشێك بووە لەدەوڵەتی عوسمانی لەهەندێ لەسەرچاوەکاندا هاتووەکە دەوڵەتی عوسمانی ساڵی ( ١٨٤٥ ) دەستی بەکردنەوەی خوێندنگای نوێ لەجۆری سەرەتایی و روشدی کردبۆوە.[1] کەچی هەندێکی تر دەیگەڕێننەوە بۆ ماوەی نێوان ساڵانی ( ١٧٩٣ ـ ١٧٩٥ ) ، واتە بۆ سەردەمی سوڵتان سەلیمی سێیەم کە هەندێ قوتابخانەی سەربازی نوێی دامەزراند ، زۆربەی مامۆستاکانی فەرەنسی بوون و زمانی فەرەنسی و زانستی نوێی تێدابوو.[2]

دواکەوتنی کردنەوەی قوتابخانە لەکوردستاندا لەچاو هەندێ ناوچەی تری دەوڵەتی عوسمانی دا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ، کەزۆربەی دەست کەوت و شتە نوێیەکان ، سەرەتا لەپایتەختی دەوڵەتی عوسمانی دادەنران ، دواتر بۆ شوێنەکانی تر دەگواسترانەوە.

دەبێ ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین کە دەوڵەتی عوسمانی بۆ جیاکردنەوەی قوتابخانە ئایینییەکان لەقوتابخانە نوێیەکان یەکەمجار وشەی ( مەدرسە )یان بەکاردەهێنا هەروەها دواتر وشەی ( مەکتەب )یان بەکاردەهێنا.[3] تا ئێستاشی لەگەڵدابێ لەناو کۆمەڵی کوردیدا بەکاردێت ، وەکو ئاماژە پێکردنێك کە مێژووی خوێندن لەکوردستاندا لەسەرەتادا لەسەر سیستەمی ئایینی پەرەی سەندووە ، لەم بارەشەوە حوجرەکان شوێنی

---

[1] ـ المحامي عباس العزاوي ـ تاريخ العراق بين احتلالين ، العهد العثماني الثالث ، بغداد ، ١٩٩٥ ، ج ٧ ، ص٢٠٦.

[2] ـ د. ابراهيم خليل احمد ـ تطور التعليم الوطني في العراق ( ١٨٦٩ ـ ١٩٣٢ ) ، بغداد ، ١٩٨٢ ، ص٣٠.

[3] ـ عبدالرزاق الهلالي ـ تاريخ التعليم في العراق في العهد العثماني ١٦٣٨ ـ ١٩١٧ ، بغداد ، ١٩٥٩ ، ص ٦٢.

وتنەوەی زانستە ئاینییەکان و ئەلفوبێی زمانەکان بوون ، بەتایبەتی زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی، بەگشتی تێیدا بابەتی ئایینی دەوترایەوەو بریتی بوو لە لەبەرکردنی بەنێسك یان هەموو قورئان ، ئەو حوجرانەی ناوبانگیان زیاتر بووە چەندین زانستی تێدا وتراوەتەوە.[1]

خواست و داواکارییەکانی کورد بۆ خوێندن و پەرەپێدانی زانست و خوێندن ، بۆ سەردەمێکی دوورو درێژ دەگەڕێتەوە ، چونکە شاعیرانمان لەم بوارەدا پێشەنگ بوون، بۆ پێشچوونی مەکتەب و کردەی خوێندن ، لەبەر ئەوەی زانیویانە کە قوتابخانە یەکەمین دەستپێکی زەنگی وشیارکردنەوەی تاك و کردەومیەکی بناغەییە بۆ بەمەدەنی کردنی کۆمەڵگە، وەك ئامازەمان پێی کرد کردەی مەعریفەت کە خۆی لەخۆیدا لەچەمکی قوتابخانەدا گەڵاڵە دەبێت و بەهۆیەوە تاکەکانی کۆمەڵ پەروەردە دەکرێت لەم بارەوە هەندێ نموونەی شیعری شاعیران دەهێنینەوە.

پیرەمێردی شاعیر یەکێکە لەو شاعیرانەی کەرۆڵێکی بەرچاوی بینیوە لەهاندانی خەڵکدا کەبچن بۆ خوێندنگا بخوێنن، ( پیرەمێرد ) دەرکی بەوە کردووە ، کە لەڕێگەی خوێندنەوە سەرجەم ئاواتەکان دێنەبەرهەم ، هەروەها دەبێتە مایەی وەبەرهێنانی نەومیەکی خوێندەوارو ڕۆشنبیرو شارستانییەت ، هۆنیار هەرگیزاوهەرگیز حەزی نەکردووە کە خۆی ببەستێتەوە بەکۆت و ئایدۆلۆژیای کۆنە پەرستانەو دواکەوتنەوە ، بەڵکو بەپێچەوانەوە دژی هەموو کردەیەکی کۆنەپەرستی و کۆمەڵگای دواکەوتوویی بووە ، تەنانەت ، ئەو سەردەمەی کە هۆنیار تیایدا دەژیا ، کەم کەس هەبووە کەبچنە بەرخوێندن ، چونکە لای زۆر کەس وابوو کە چوونە بەرخوێندن و بخوێنن ، وا لەمرۆڤ دەکات کە دوورکەوێتەوە ، لە ئایین و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و وانەی ( کوفر و بێ باوەڕی ) و کردەی بێ ڕەوشتی دەخوێنێ ، بەڵام پێشکەوتنی میللەتان وای لە پیرەمێردی هۆنیار کرد ، کە بیرو هزری هەردەم لەلای خوێندن بێ ، چونکە هەر خوێندنە ئەبێتە ئەلتەرناتیفی پێشکەوتنی گەل و کۆمەڵگە ، هەروەکو لەم دێرە هۆنراوەیەدا دەڵێت:

خوێندنەوار بە ، ئاخ خوێندەواربە
هەر میللەتێك خوێندەوار نەبێت ، دەردی کاریە [2]

---

[1] - علی خالد حمید - لەدوو توێی یاداشتی شاردا ، ١٩٨٤ ، ل ٨٨.

[2] - محەمەد ڕەسوڵ هاوار - دیوانی پیرەمێردی نەمر ، چاپخانەی ( العانی ) ، بەغداد ، ١٩٧٠ ، ل ٢٦.

بۆ جارێکی تر پیرەمێردی هۆنیار بەبۆنەی دامەزراندنی قوتابخانەی کچانەوە ، کە بە دەستکەوتێکی گەورەی دادەنێت ، بەتیشکی ڕووناکی کۆمەڵگاو ڕزگارکردنی لە کۆمەڵایەتی ناو دەبات و دەڵێت:

ڕۆژهەڵاتیش ڕۆژی هەڵدێ خوێندنی کچ هاتە ناو

جەهلە تاریکە شەوی کورد خوێندنیش تیشکی هەتاو[١]

( پیرەمێرد ) بەهۆی ژیانی تاراوگەیی زۆر شارەزایی لەپرۆسەی پێشکەوتنی گەلان پەیداکرد ، بۆیە ناچار بوو هەردەم جەخت لەسەرکردەی پەروەردەیی و فێرکردنی بکاتەوە ، چونکە لەئەستەنبوڵ بینی بووی کە خوێندن و پەروەردە چ کاریگەریەکیان هەیە ، لەسەر ژیانی کۆمەڵگەو پێشکەوتنی گەلان، بۆیە ناچار بووە کە هزری تەنیا لەسەر بەرەو پێشبردنی ئەم کردەیە تەرخان بکات ، تەنانەت پیرەمێرد زۆر لایەنگیری ئەوەبوو کە دەبێ کچانیش وەکو کوڕان بچنە بەر خوێندن و ، نابێ مافیان بفەوتێت ، بۆیە هەمیشە خۆی بە پاڵپشت و پارێزەری مافی لایەنگیری ئەوان دەزانێ ، تەنانەت هەموو جارێك ئەو دەستەواژەیەی دووبارە دەکردەوە ( ئافرەت نیوەی کۆمەڵە ) ، بۆیە دەبێ بەیەکسانیش بچنەبەر خوێندن ، تاکو کەسانی ڕۆشنبیریان لێ دەربچێ و بەشداری لەبەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت بکەن ، هەر ئەمەش وای کرد ، کە ( پیرەمێرد ) ی شاعیر ڕوو لەکچان بکات و بڵێت:

ئەی کچینە وەرنە مەکتەب ئێوە تەسکینی دڵن.

زینەتی باغ و تەرەقین ڕەونەقی دەستی گوڵن

تازە ئێمە تێگەیشتووین دایکی چاکی خوێندەوار

ئەسلی وا دێنێتە مەیدان قەومەکەی پێ بێتەکار

بەڵێ لێرەدا بانگەواز بۆ کچان دەکات ، کە بێنە قوتابخانەو بخوێنن بۆ ئاشنابوونیان لەدوونیای زانست و ڕزگاربوونیان لەدونیای نەفامی هەر بانگەوازی پیرەمێردی شاعیر تەنیا نەبوو بۆ هاندانی خوێندن و فێربوون بگرە زۆربەی نووسەران و هۆنیارانی کورد بەبەردەوامی هانی خەڵکیان داوە بۆ فێربوون و فێرکردنی نەوەی نوێ لەو سەردەمەدا ، چونکە بەتاکە ڕێگەیەکیان داناوە بۆ هۆشیار بوونەوەی نەتەوەو ڕزگاربوونی لەنەفامی و سەرگەردانی ، هەروەها ( بورهان قانع )یش دەڵێت (( تا سەرەتای شەستەکان و بگرە بەرەو ژوور زۆر کەم لەدایك و باوکان کچیان ئەنارده قوتابخانەو پێ یان ئەخوێند

---

[١] - سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٨

لـەلادێکانا کـچ لـەجێگای خوێنـدن و خوێنـدەواری لەسـەرەتای تواناياندا ئيشه سەرەتاييەکانی ماڵەوەو دەرەوەو کێڵگەکانيان پێ ئەسپاردن. وەکو: ( بژار ، پاچەکۆڵە ، مەڵۆکردن ، کێشه ، نان و چا دورست کردن ) ئيشی سەر پەرێز.... ئەگەر بەشێوەيەکی دەگمەنيش بياناردنايه بۆ خوێنـدن و قوتابخانـه بەر لـەوەی فێـری نووسـين و خوێنـدن بوونايه لەخوێندنگا ئەيان هێنانه دەرەوەو نەيان ئەهێشت تـا قۆنـاغی تـر بـەردەوام بـن لەخوێندن ، هيچ بەتەنگ ڕۆشنبيری و دواڕۆژی کچانەوە نەئەبوون ، چونکه بـەپێی ی نەريتی خێڵەکيانەی لادێکان تێکەڵ بوونی کچان لەگەڵ کوڕانـدا تـەنيا لـەبواری ئيش کردنی دەرو دەشت و سـەرکێڵگەکان بـوو ، ئـەويش کـه بابـەتێکی ئـابووری بـوو ناچاری ئەکردن )).[1]

ئاشکرايه ئـافرەت جـوانترين خـوڵقێنراوی سـەر ئـەم زەوييەيـە، کەچـی بەداخـەوە لەمافەکانيان بێ بەشن لەکۆمەڵگەی کوردەواری دا ، بەڵام مرۆڤ ئەگەر خوێندەوار نەبێ ئـەوا لـەجيهانی بەکۆمـەڵ ژيانـدا وەکو کەسێکی لەمافـەکانيان بـێ بەشـن ئـەژماری بۆ ناکرێ و دواڕۆژی خۆی بەباشی نابينێ ، ناچار پشت بەکەسانی تـر دەبەسـتێت ، بۆيـه پێويسته کە هەردەم دەستی يارمەتی بۆ کچان و ئافرەتان درێژ بکەين و يارمەتی دەريان بـين بـۆ ڕزگاربوونيـان لەنەخوێنـدەواری و نـەفامی ، تازيـاتر ڕۆشـنبيربن و لەهـەمان کاتيشدا نەهێڵين واز لەخوێنـدن بهێـنن ، هـەروەها لەشـوێنێکی تـردا ( پيرەمێـرد ) زۆر شـانازی بەکـچانەوە دەکـات و تەمـەنناى ئـەوە دەکـات لەخوێندنگايـەکی کـچاندا ببێتـه دارێك و دەڵێت:

خۆزگە من ببمە درەختێ بۆ قوتـا بخانەی کچان[2]
ئەو کچانەی وادەخوێنن ببمە سێبەر بۆ ئەوان

لێـرەدا پيرەمێـردی شـاعير زيـاتر گرنگـی دەدات بەقوتابخانـەو بـوونی کـچان لـه قوتابخانەو خوێندنگا دەخاتـەڕوو ، هۆکاری گرنگی دانـی ( پيرەمێـرد ) بـه قوتابخانـەو خوێندنی کچان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کچان وەك ( پيرەمێرد ) بە قوتابخانەو خوێندنی کچان وەك ڕەگەزێکی جوان سەير دەکات ، بەڵام بە خوێندن جوانتر دەبێت ، بۆيە ناچار خۆی دەکاتە درەختێك بۆ سێبەر بۆ ئەوان تا لەتيشکی ڕۆژ بيانپارێزێت ، ( پيرەمێردی ) هۆنيار هەميشە خوێندەواری بەچرای دواڕۆژ زانيوەو هەوڵی يەکجار زۆری لەگەڵداون تا خوليـای خوێنـدن و زانسـت بـن. هـەر ئەمـەش وای لەڕۆڵەکانی گـەل کـردووە کـه هـزرو

---

[1] - برهان قانع - بنچينه کۆمەڵايەتييەکانی ئافرەتی لادێ نشينی کوردەواری ، ل ١٣-١٤

[2] - ديوانی پيرەمێردی نەمر، ل ٣٥

فیکرەیـان تـەنیا لای قەڵـەم بـێ ، چـونکە قەڵـەم هەمیـشە باشـترین چـەکە بـۆ بەرەنگاربوونەوەی نەفامی ، بۆیە شاعیر تا دوا هەناسەی ژیانی هانی لاوەکانی گەلی دەدا ، کە ڕووبکەنە خوێندن و خوێندنگا ، تا مرۆڤێکی ڕۆشنبیریان لێ دەربچێ ، هـەر بۆیـە لەوەسیەتنامەکەیدا ئاماژە بەگرنگی خوێندنگاو قوتابخانەو کردەی پەروەردەیی دەکات ، کە چۆن ڕۆڵیان هەیە لەسەردەمی ئەمڕۆکەی جیهاندا ، هەربۆیە دەڵێت: (( ئامۆژگاریم ئەوەیە بخوێنین ، کورو کچ تـا خوێنـدەوار نـەبن بـێ سـوودە ، هـەموو شـتێ بـەعیلم و فەنەوەیـە وەکـو وتـووم )) بـەم پارچـە هۆنراوەیـە دیـارە ( پیرەمێـرد ) چـەند پەرۆشـی خوێندەواری بووە:

لای من خوێندەوارییە ، ئاە خوێندەوارییە
هەر میللەتێ کە فەنی نەبێ دەردی کارییە
ئاخ خۆزگە خوێندنیش وەکو من ئارەزوو ئەکەم
ببینم و نەبێتە گرێی قوڕسی کفنەکەم[1]

هەر سەبارەت بەهاندانی خوێندن و گرنگی پێدانی لەلایەن هۆنیارانـەوە ( بێکـەس ) سەرەڕای ئەوەی ڕەخنە لەژنان دەگرێت و پێیوایە خۆ ڕازاندنـەوەو ئارایشکردنی لـەنێو ئافرەتدا لەزانست و فێربوون چاکترە ، دەبێتە هۆی باشترکردنی گوزەرانیان داهـاتوێکی ڕووناک کچان بەهۆی نەخوێندەوارییەوە دیل و زەبوون دەبـن ، لـەم پارچـە هۆنراوەیـەدا دەڵێت:

خشڵ و جوانی تۆ حەیاو فێربوونە
پاشەڕۆژیشت هەر بەوانە ڕوونە
کچ بێ عیلم و دیل و زەبوونە[2]

وا دیـارە ( بێکـەس ) ی هۆنیـار کەسـێکی پێـشکەوتنخوازی ئـەو قۆناغـە بـووە ، لـە هۆنراوەکانیـدا بـاری کۆمەڵایـەتی ژیـان دەخاتـە بـەرباس ، لەڕێگـەی ڕەخنـەگرتن لەدۆخی کۆمەڵایـەتی ، کـە ژیانی ژنـانی گـەمارۆداوەو بـارێکی دواکـەوتوو و ناهـەمواری دروست کردووە.

هەروەها ڕۆژنامـەی ( کوردسـتان ) کـە یەکـەمین ڕۆژنامـەی کوردییـە لەمێـژوودا ، ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لەهاندانی خەڵکی بۆ خوێندن ، هەر لـەژمارە ( ١ )ی ڕۆژی پێـنج شەممەی ( ٢٢ ) نیسانی (١٨٩٨)ەوە، لەسەروتاری ڕۆژنامەکەوە لەچەند ڕوویەکەوە گرنگیی

---

[1] - دیوانی پیرەمێردی نەمر ، ل ٥٢

[2] - دیوانی بێکەس ، ل ١٠٢

خوێندن ڕووناك دەكاتەوە، ((بەداخەوە كورد كە لەزۆر نەتەوە زیاتر خاوەنی بیرو هۆشن جوامێرن لەئایینی خۆیاندا ڕەواو بەهێزن ، بەڵام وەكو نەتـەوەكانی دیكـە خوێنـدەوارو دەولەمەند نـین )) لەشـوێنێكی تـری ڕۆژنامەكـەدا هـاتووە (( ئـەی مـیرو ئاغایـان تـاوانی منداڵەكانتان ئەستۆی خۆتاندایە ، ئێوەش منداڵی خۆتان بنێرنە خوێندنگە بـۆ ئـەوەی بخـوێنن ، دەوڵەمەنـدان ئێـوە بـا لـەڕێگای خـودا خێـر بكـەن و لەگونـدەكان خوێنـدنگە دروست بكەن )) (( ئەی میرو ئاغایان باش تەماشـای دەوروبـەری خۆتـان بكـەن و ببیـنن ڕۆژ بەدوای ڕۆژ هەژار دەبن هۆكاریش جاهیلی و نەزانینانە ( الحمدالله ) زۆر خوێندنگەو قوتابخانە هەیە لەڕێی خودا منداڵتان بنێرن بۆ خوێندنگەو فێری خوێندنیان بكەن ))[1]

بەڵێ گومانی تێدا نییە كە لادێكانمان تا ساڵانی سەدەی ڕابـردووش لەخوێنـدن بـێ بەش بوون هۆكار گەلێك لەدواوەی ئەم بێبەشیە بوون ، لەوانە پیاوانی ئـایینی ڕۆڵێكی نێگەتیڤیان هەبوو ، لەساردكردنەوەی باوكان تاوەكو منداڵەكانیان نەنێرنە خوێندنگە ، تەنانەت وایان تێدەگەیاندن كە قوتابخانە هی كافرانەو بـیرو بۆچوونی دژ بـە ئیسلام و موسلمانان دەخوێنن ، دەیان وت ئەگەر كچ بچێتە بەر خوێندن واتە نامووستان ڕۆیشت ، جگـە لـەپیاوانی ئـایینیش دەرەبەگایـەتیش هۆكـارێكی تربـوو بـۆ نەخوێنـدەواری ، كـە هەمیشە خەڵكی دێهاتی ڕووت دەكردەوە خەڵك ناچار دەبوو ، كە بەتەنیا بەدوای بژێوی ڕۆژانـە بگرێـت و كاربكـات ، كـاتی ئـەوەی نـەبێت بـیر بكاتـەوەو منداڵـەكانی بنێرێتـە بەرخوێندن ، یان پارەی ئەوەی نەبوو كە بیداتە منداڵەكانی كەل و پەلی خوێندنگەی بۆ دابین بكات ناچار هەر نەخوێندەواری و نەزانین دەمانەوە.

[1] - د. فواد حسين احمد ئافرەت لە هۆنراوەی كوردیدا ، ل ٢١٨

## ٤-٣ : كێشەی نەزانین و نەخوێندەواری لەڕۆمانەكانی عەزیزی مەلای ڕەشدا

عەزیزی مەلای ڕەش لەڕۆمانەكانیدا دەردو كێشەی نەخوێندەواری و نەزانینی پشت گوێ نەخستووە بەكێشەیەكی سەرەكیی خەڵكی گوندەكانی داناوە ، بۆیە لەهەموو ڕۆمانەكانیدا مافی خۆیی پێداوە، ڕووبەڕێكی بۆ ئەم دەردە كۆشندەیە تەرخانكردووەو بەشێوەیەكی زۆرجوان توانیویەتی گوزارشتی لێ بكات.

لە ڕۆمانەكانیدا هەرجارەی بەناوی كەسێكی ناو دەقەكانی ڕۆمانەكەوە بەشێوەیەكی ئاشكرا تەعبیری لێ كردووە. هەموو كێشەكان بۆ نەخوێندەواری و نەزانین و بیر كورتی دەگەڕێنێتەوە. وەكو ( سەید عەبدوڵلا ) لەڕۆمانی ( غەوارە )[1]دا كە پیاوكوژێكە ، پووری خۆی كوشتووەو شوێنی خۆی بەجێ هێشتووەو هەڵاتووە چووەتە لادێیەك بەناوی ( ل ) ، تەنیا بەوەی كە هەندێك پەڕۆی سەوزی بەپشتەوەیە ، ئەمەش گوایە سەیدو شێخ و پیاو چاكە ، خەڵكەكە ئەوەندە كاڵ فام دەبن ، بەوە بڕوای پێ دەكەن و پاش ئەوەی كە لەگوندەكە نیشتەجێ دەبێت خەڵكی گوند دەڵێن: (( پیاوێكی زۆر موبارەك و نوورانی و پیرۆزە. نور لەنێو چەوانی بەدی دەكرێت. لەدوای ئەوە دەڵێن: كورە شەوێك بیستویانە نوری لێ بڵندبووە! . ك. ه هەرجارێك ، دەجاریش زیاتر. وێڕای ئەوەش دەڵێن: كە دەچێتە جووت لەناو زەوی لەسەر پشت ڕادەكشێت و ( لەمەچێتر ) جوتەكەی لەوێ دەژیان. ئەوە لوێ ڕۆژێ زوتر دەستی بەردەبێت و كێلگەش لەجوتیارانی گوند كەمتر نییە! . هەركە گوتت سەید عەبدوڵلا ، دەبڕێتەوە )) ( غەوارە ، ل ٨٥ ).

لێرەدا ڕۆماننووس زۆر واقعییانە دیالۆگی نێو كەسەكانی خستۆتە ڕوو ، چونكە (( دیالۆگ بەشێكی زۆری ڕووبەری بونیادی گفتوگۆی داگیركردووە ، بەڵام دیالۆگەكان پاراو و گفتوگۆی سروشتی مرۆڤی نێو زەمینەی كۆمەڵایەتی بنیاد هێنەری ڕۆمانەكەن ))[2]. ئەمە لەلایەك و لەلایەكی تریشەوە لەنێو دیالۆگەكاندا ساوێلكەیی خەڵك و نەزانینیان دەخاتەڕوو. بەجۆرێ خەڵكی گوندی ( ل ) بەهۆی نا هۆشیارییانەوە بووە ، كە بەوشێوەیە لە سەید عەبدوڵلا تێكەیشتوون،چونكە ئەو لەو كارانەدا ئامانجی

---

[1] - عەزیزی مەلای ڕەش – غەوارە ، ڕۆمان ، چاپخانەی ( **الحوادث** ) ، بەغدا ، ١٩٩١.

★ مەبەست لە لەمەچێتر واتە جن یان ئەجندە.

[2] - عطا نایف - غەوارە و سەرەتایەكی بەهێز ، ڕۆژنامەی هاوكاری ، ژمارە ( ١٣٨٥ ) ، دووشەممە ١٩٩١/١٠/٢١ ، ل ٤.

سەرەکیی ئەوەبوو ، کە پێی بوترێت پیاوچاك و جێگەی خۆی لەدڵی خەڵکەکەدا بکاتەوە، پاشان هەموو زەوی و زاری گوندەکە بۆ خۆی داگیر بکات ٠ لە ساڵی جووتە نەهاتدا کە خەڵکی گوندی هیچیان نامێنێت ، سەید عەبدوڵڵا گەنمیان بەقەرز دەداتێ ، پاشان، کە دەزانێ خەڵکی گوند هیچیان نییە بیدەنەوە ، لەجیاتی قەرزەکە وەك بەمام سێودین دەڵێ: (( لەباتی قەرزەکە زەوی پێی گەرێ ( گولکان ) م لۆ ماوەی دووساڵ بدەرێ تۆی بکەم )) ( غەوارە: ل ٧٦ ) ٠ پاشان دەیبات و لەتاپۆ ئیمزای پێدەکات، کە گوایە بۆ ماوەی دووساڵە بەفێڵ ، کەچی لەدوای تەواوبوونی ماوەکە مام سێودین داوای زەوییەکەی دەکاتەوەو دەڵێ: (( تۆ پێت فرۆشتووم ، چونکە کاتی خۆی مام سێودین پرسیاری نەکردبوو ، کە ئەم درۆیە بۆچی دەکات، بۆیە خۆی دەڵێ: ( غەیر لەنەزانین و ماڵ وێرانی خۆم بوو ) )) ( غەوارە : ل ٧٨) ٠

لێرەدا دەمەوێ ئاماژەی پێ بکەم ، کە ڕووداوەکان لەم ڕۆمانەدا یەك بەدوای یەکدا هاتوون و نەپچراون ، ڕووداوێکە لەناو کۆمەڵگای کوردیدا ڕوویداوە ، خەڵکی بۆ یەکتریان گێڕاوەتەوە. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی، کە ئێمەی کورد تا ئەمساڵانەش هزری جەهالەت و نەزانینی بەسەرماندا زاڵە ، بەجۆرێ باوەڕمان بەشتی پڕوپووچ و دوور لەڕاستی هەیە، هەر بۆیەش ڕۆماننووس زۆر بوێرانە بیروباوەڕی خورافی و دوور لەناڕاستی میللەتی کوردی خستۆتە نێو دەقەکانی ، کە گوایە بیرێك هەیە ساڵی جارێك ، دووان دەحیلێنێت و داوای خوێن دەکات (( ئەگەر بەزووترین کات خوێنی لەسەر نەڕژێت ، بۆی هەیە لەو عەردە بەرادانەن بنیادەم یان گیانلەبەرێکی لێ بێت وەك موگناتیس بۆ خۆی ڕابکێشێت و ، تا تەپڵی قیامەت لەناو دەروونی بمێنێتەوە )) ( غەوارە: ل ١١ ). دیارە ئەم بیرو باوەڕە لەناو کوردان و جیهاندا هەبووە ، کە هەمیشە ئەو شوێنەی خەڵکی سوودیان لێ وەرگرتووەو لەناکاوێك زیانی پێگەیاندوون وایان هەستکردووە ، کەلێیان تووڕەبووە ، ئیدی بۆ ئەوەی لەگەڵیان ئاشت بێتەوە قوربانیان بۆ کردووە ٠٠٠ (( خۆ خوداش خدری زیندەم لۆ نانێرێ )) (غەوارەە: ل ١٤ ). لەلایەکی دیکەوە کاتێ مەجید دەچێتە لای سەید عەبدوڵڵا ، بۆ ئەوەی زەوییەکەی سێودین بداتەوە ، دەزانێ کار لەکارترازاوە ، تازە حاجی فێڵی خۆی کردووە ، بۆیە مەجید دەڵێ: (( سەدجار بەداخەوە(هەوەڵەوە لەبەر نەفامی و دڵسافی خۆمان زوو بڕوامان پێ هێنایت و نەمان زانی پێستەمەڕت بەسەرخۆدا هەڵکێشاوە )) ( غەوارە: ل ٨٠ )

لێرەدا ( مەجید ) ی کاراکتەری نێو دەقی ڕۆمانەکە بەزاری خۆی ئەوە دەسەلمێنێ، کە نەفام و گێل بووە ، بۆیە توانراوە فێڵی لێ بکرێت ، گەر تۆزێ خوێندەواری هەبووایە ،

ئەوا نەدەتوانرا فێڵی لێ بکرێت • هەروەها چەتۆی کوڕی مەجیدیش کاتێ دەزانێ ، کە خەسرەوی برای بەدەستی سەید عەبدوڵلا کوژراوە ، لەبەرخۆیەوە دەڵێ: (( ك. هـ هۆی ئەو بەڵایە گەورەیەی کە تووشمان بووە ، بەتەنیا لەنەزانین و نەفامی یەختیارەکانمانە بەتایبەتی بابم! هەرکە ئەو زۆڵە هاتۆوەتە ئێرە ، بەبێ ئەوەی بزانن کێ یەو کێ نییە ، هەنووکەی لەگەڵ دابێت نازانن لەچ دێڵێك پاش کەوتووە ، هەر لەبەر ئەوە دووگەز پەڕۆکی کەسکی لەپشت بووە ، سەجدەیان لۆ بردووە. بە پێغەمبەریان داناوە ، لە ڕاستی سەریان پێوە نەبووە. ئەو سەردەم چی یان شك بردووە ، لێ یان چاو نەبووەو بەدڵسۆزی یەوە پێشکەشیان کردووە ، هەر ئەوەندەیان مابووە ، ژنەکانیان لەبەری بکەن ، لەخاك کێوە؟ ) ( غەوارە: ل ١٤١ ) •

لە ڕۆمانی ( خاك و کێشەی مان ) یشدا بەهەمان شێوەی ڕۆمانەکەی پێشوو باوکی حەمە ڕەحیم ( عەوڵا گزگل ) بەدەستی غەوارەکە دەکوژرێ ئەویش هەروەك سەید عەبدوڵلا وایە • کەواتە خەڵکی گوندی ( ل ) هەر لەسەرەتاوە نەزان نەبوونایە ، ئەوە ئەو هەموو کێشەو گیروگرفت و ماڵوێرانییەیان بەسەردا نەدەهات ، بەهۆیەوە زەوی و زاریان لێ داگیر نەدەکراو ئەو خەم و مەینەتییەیان تووش نەدەبوو ، کەواتە یەکێك لەهۆکارە سەرەکییەکانی خەم و پەژارەو کوشتن و برین نەزانینە.

مرۆڤی نەزان نازانێت بەرژەوەندیی خۆی لە چ دایە وبیر تیژ نییە بەرانبەر بەداهاتووی خۆی، بەتایبەتی خەڵکی گوندەکەی ماڵی ( عەوڵا گزگل ) لەڕۆمانی ( خاك و چەوسانەوە)دا ، کە عەزیزی مەلای ڕەش ئاماژەی پێ دەکات ، کە بەدوعای شێخ و مەلا قەناعەتی تەواویان هەیە ، لە کاتێکدا لەناخیاندا بەرانبەر بەخەڵکی دڕندەبوون ، هەروەها نەزانینی خەڵکی ئەو گوندە خۆیان بوو ، بوو بەهۆی ئەوەی کە ئاغا بیان چەوسێنێتەوەو بە ئارەزووی خۆی یاری بەهەست و نەست و ماڵ و موڵکیان بکات.

دیارە ناواخنی ئەم ڕۆمانە ڕێك لەگەڵ کێشەی لادێی کوردی هاو واتایە کە (( باسی کێشەو ململانێی جوتیارو دەرەبەگەکانی ناوچەکانی هەولێر دەکات... ڕووداوەکان پڕ لەڕووداون... کێشەکان مێژوویی و ڕاستەقینەن. بەجۆرێك تا ئێستا کەسێك نەهاتووە بەم جۆرە باسی ڕووداوە دڵتەزێنەکانی ئەم دەڤەرە و ژیانی جوتیارەکان بەم ڕاشکاوییە بنووسێتەوە... کە باسی بەرهەمهێنانی لادێ و ڕووبەڕووبوونەوەی زوڵمی ئاغاو ڕاپەڕین و دواکەوتنە..! دواکەوتنی جوتیارە چەوساوەکان زوڵم و زۆری خودان گوندەکان •

نەخۆشی و نەخوێندەواری ، کێشەی زانایانی ئایینی ئیسلام و ، وابەستەیی بەکۆمەڵێك داب و نەریتی کوردەواری دواکەوتوو ، دەسەڵات بەدەست و هێزی گون خەسێنان ))[1]

ئاغا عەبدوڵڵا بۆ چەند وەختێکی کەم نەوبە دەکات و لەماوەیەکی زۆرکورتدا بەرماڵی بەسەر ئاودا دەگەڕێ ، کەچی خەڵکی گوندەکە ئەوەندە ساویلکەن خێرا بڕوای پێ دەکەن و دەشزانن ( لاین ) دێت. زەوی تاپۆ دەکات ، خەڵکی ئەو گوندە هەموو زەوی و زارەکەیان پێشکەش بە ئاغا دەکەن و لەسەر ئاغای تاپۆ دەکەن.

هەرچەند ئاغا موسلمان بێت ، ئەگەر نەزان نین بۆ زەوی و زاری خۆمە بیدەم بە ئاغا ، بەڵام کەسێك زەوییەکەی خۆی نادات بە ئاغا ، کەچی خەڵکی گوند چاوەڕێی دەکەن کە خوا بەڵای گەورەی بەسەربێنێت!! • خەڵکی ئەو گوندە بیرناکەنەوە کە دەبێ شتێکی تێدابێ ، کە شێخ قوتبی زەمان دوعا لەعەوڵا گزگل دەکات ، خوا غەزەبی لێ بگرێت ،چونکە زەوی خۆی کە شەرەف و کەرامەتییەتی کە نایدات بەئاغا ، دەبێ فێڵێك لەمەدا هەبێت • بیرناکەنەوە کە ئەگەر ئاغا کەسێکی زۆر زۆر بەدینیش بێت ، ئەوا هیچ ڕەوا نییە زەوی خەڵکی بدرێتێ و وەریبگرێت ، خۆ ئەو خەڵکە کافر نین ، ئەگەر کافریش بن زەوی و ماڵی کێ بەکێ حەڵاڵە • ئەو خەڵکە بەبڕوای تەواوی خۆیان شتی باشیان کردووە ، تەنیا کەسێك زیانی کردبێت ، ( عەوڵا گزگل )ە، لە ڕاستیدا بەپێچەوانەوەیە دەڵێن: (( داخوا قوڕ بەسەرە ، چ پەندێکی بەسەربێ ))[2].

هەروەها ڕۆماننووس لە ڕۆمانی ( خاك و کێشەی مان )[3]دا زۆر بیروباوەڕی خورافی دەخاتەڕوو ، کە ئەمەش دیسانەوە حاڵەتی نەزانین و نەخوێندەواری گەلی کوردی هەژار دەسەلمێنێ (( وەکی کاندوکەی پێ دەکرێت: گوایا: تا ئەگەر ئاسمان هەرەسی هێنا بیقۆزێتەوەو نەهێڵێت بەسەریدا بڕمێت ، شەوان لەناو هێلانە پشتی بەزەوی دەقرمێنێت و هەردوولاقی بە جووت قیت لەهەوادەکا )) ( خاك و کێشەی مان: ل٧١ ).

که ئەمە هەر بیروڕای خەڵکەکە لەخۆیانەوە دروست بووەو ئەوان وابیردەکەنەوە ، ئەگینا هیچ پێوەندییەك لەنێوان ئەو دووشتەدا نییە (( ئەرز لەسەربەردییە ، بەرد لەسەرپشتی گایە ، گا لەسەر ماسیە ، ماسی لەسەر ئاوە ، ئاو لەسەر بایە ، با لەسەر

---

١- غازی حەسەن - عەزیزی مەلای ڕەش و کێشەی مرۆڤە چەوساوەکان و بێدەنگی ، گۆڤاری هەرێم ، ٢٠٠١/١٠/١ ، ل ٣١.

٢- عەزیزی مەلای ڕەش -خاك و کێشەی مان ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر ، ١٩٩٩.ل ١١٣.

٣ - هەمان سەرچاوە ، ل ١١٢.

هەوایـە ، هـەوا لەسـەر تـاریکی ڕۆنرایـە ، لـەژێر تـاریکیش کـەس نازانـێ چ بـاس و چ هەرایە )) ( خاك و كێشەی مان: ل١٠٨ ) ٠ ئەوە بیروباوەڕی کەسانی زۆر سەرەتاییە ، کە نەیاندەزانی زەوی چییەو چۆن دروست بووەو چۆن شەوڕۆژ و تاریکی پەیدا دەبن؟

گەر بگەڕێینەوە سەر ڕۆمانی ( خاك و چەوسانەوە ) ، ئەوا دەبینین تاسەر ئێسقان حاڵەتی نەزانین و جەهالەتی تێدایـە (( کـوڕە ئـەمن بـەخۆم بـەو گوێیانـەم لەخەلیفـەم بیست: ( بابەشێخ دوعای لێ کردییە ، نـەك لـەدنیا ، لەقیامـەتیش ڕوو.. ڕەش دەبـێ ، ئەدی چی...) ... باوەڕیان هات...

نسکۆش لەو نسکۆیە گەورەتر نابێت لەبەر دڵ گرانیان بەیەك دەنگ:

ـ لاحەولە.. ولا قووەتە ئیلا بیلا هیل عەلیول عەزیم

ـ هەر هەندەمان لەدەست دێ بڵێن ، خودایە لەغەزەبی پیاوی خراپمان بپارێزە ))(خاك و چەوسانەوە: ل ١١٢ ).

دیارە لەم ڕۆمانەدا تەنیا دووکەس لـەو گونـدەدا وشـیار بـوون ، ئـەوانیش یـەکیان عەوڵا گزگل بووە ، کە زەوییەکەی خۆی نەدا بە ئاغا ، دووەمیشیان مەلا عەلی یە ، کە مەلای گوندەکە بوو ، بڕوای بـەو جۆرە شـێخانە نـەبوو ، بۆیـە کاتێـك ( مینـە )ی بیر هەڵکەن چووە لای پرسی پێ بکات ، کە ئایا دوعای شێخ هیچ لە ئەم ناکات ، کە ئەگەر بچێت بیر بۆ عەوڵا لێ بدات ، مەلا وتی: (( شێخ خۆ خودا نییە تـا شتی پـێ بکـرێ )) ( خاك و چەوسانەوە: ل ١٢٢) ٠ دوای ئەوەی ئاغا تەواو تێری خواردو تەرەکتەرو دەڕاسەی کڕی ، پێویستی بەخزمەتکاری خەڵکی ئاوایی نەما ، ئەوکاتە ئاغا وتی: (( هەریەکەتان پارچە زەوییەکی خۆم لۆم ڕەت کاتەوە )). دوای ئەوەش پڕ بەزار دەیوت: (( زەوی زەوی خۆمە و تاماڵیش پێی بوێ مزگەوت بەتاڵە )) ، ( خاك و چەوسانەوە: ل ١٩٨ ).

دیارە لێرەدا پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاش دژی جوتیاران بوو (( ساڵ هات و ساڵ چوو ، وردە وردە ڕووداوەکانی ڕۆژانـە شـاهیدی ڕاستییان بـۆ قـسەکانی گزگل دەدا ، دەڕاسـەو تراکتـۆر کـە پێیـان دەوتـرا ( فـەلاح تڕێنـە ) هاتنـە مەیـدان و عـەوڵا ئاغـا مننـەتی بـە جوتیاران نەما ، زەوی هی ئاغایەو بەئارەزووی خۆی بەتراکتۆر دەیکێڵێ ))[(١)]

دیارە جوتیارانیش هەریەکە لەڕاستە خۆی داوای شتێکی لەئاغا دەکرد و توخوا ئاغا پارچە زەویی بەرکەنـداڵی حەسـەنە شـەلم لێ مەسـێنە... قـسەکانی گزگل وەك زایەڵەی زەنـگ هەمیـشە لەگوێیانـدا دەزرینگایـەوە (( پیرۆزتـان بـێ پـیرۆز ، بەرهـەمی ڕەنـج

---

[١] ـ حەمە کەریم هەورامی ـ لێکۆڵینەوەیەك لەسەر ڕۆمانەکەی عـەزیزی مـەلای ڕەش ( خاك و چەوسانەوە ـ بـەرگی یەکەم ) ، گۆڤاری کاروان ، ژمارە ( ١٢٨ ) ، ل ٦

بەخەسارتیان پیرۆزبێ پیرۆز ، ئەورۆ وا داوای ئاوەڵ کراسی ژنەکانتان دەکا... )) ( خاك و چەوسانەوە: ل ١٦٨ ) ٠ دیارە عەولا ئاغا بەوەش وازی نەهێناوە کە جوتیارانی خستووەتە ساجی عەلی ، بەڵکو بەهۆی چەند کەسانێکی کاسەلێسی وەك ( عومەر چاوەش )ەوە، بوختانی بۆ خەڵکی گوندەکەیان هەڵدەبەست و چاوشۆڕی دەکردن بۆ ئەوەی لەگوند دەریان نەکات ، هەموو جۆرە سوخرەیەکی پێ دەرکردن.

سمکۆی کوڕیشی سەرکاربوو ، بەسەر پەرێزو جۆخینانـدا دەگەڕاو شەقڵی بۆ ڕەوسەکان دەکێشا ، خۆ ئەگەر سەگێك یان ئاژەڵێك ، پەلەوەرێك شەقلەکەی بشکاندبا ، خاوەن جۆخینەکەی بەدزو بێ شەرەف تاوانبار دەکرا ، دەبوو کابرا بەسێ تەڵاقەی بێ حیلەی شەرعی و سوێندی خەست پاکانە بۆ سمکۆ ئاغا بکات ، لەوکاتەدا وتە ژەهراوییەکانی حاجی قیریزیان لەمێشکدا دەزرینگایەوە کە دەیوت: (( ئەوەی زەویی خۆی بەعەولا ئاغا نەدات بەخزم و خەڵکی ئاوایی حسێب ناکەین )) ( خاك و چەوسانەوە: ل ٢٠٧ ). دیارە سەلیم یەکێك بوو لەوانەی کە ئاغای خستەسەر پشتی خۆی ، دوای ئەوەی دای تەکان و بوختانی وای دەرحەق کرد ، کە نایەتە وتن ، دوای ئەوەی کە دەستی لەهەمانەی بەتاڵەوە دەرچوو ، ئەوجازانی قسەکەی عەولا گزگل (( کوڕە نەکەی بەتۆبەی عەولا ئاغا هەڵخەڵەتێی ئەو ماری سڕە ، سبەی کە زەوییەکانتان بوو نەمولکی ، ئەوکات قوونی ڕەش و سپی بەدەر دەکەوێ )) ( خاك و چەوسانەوە: ل ٢٠٨ ). سەلیم لەو کونەوە گەزرا ، خەریکە دەست بەکونێکی تردا بکات ، دەیەوێ پشت بە نادر ئاغا ببەستێ ، گوێی خۆی بخاتە دەست ئەو ، بەڵام گزگل پێی دەڵێ: (( کەشکیش برای دۆیە )).[1] عەزیزی ئامۆزای گزگل دەکەوێتە گیانەلاوەو بەر لەمردن وەسیەت دەکات (گوستان )ی کچی بدرێ بە ( حەمە ریقلاو ) کەواتە هەموو بێکاری و خزمەتکاری و ڕەنج بەخەساری و نەهامەتی و برسیەتی... هتد... دەگەڕێتەوە بۆ فاکتەری نەزانین ، چونکە ئەگەر لەساڵی هاتنی ( لایین ) هەموویان هۆشیاربوونایە و بیانزانیایە پێی دەگوتن لەگوێ یان بگرتایە ، ئەوە نەدەبوو ئاغا چۆنی حەز لێ بێت ، ئاوا لەگەڵیان مامەڵە بکات ٠ هەربۆیەش نەزانین فاکتەرێکە بۆ نەگەیشتن بەئاسۆیەکی ڕووناك ، تاوەکو لەو ئاسۆیەوە نەخشە بۆ ئایندەیەکی گەش و پرشنگدار بکێشرێت .

---

[1] - سەرچاوەی پێشوو ، ل ٦

## ٥- ٣ :چەوساندنەوەی جوتیارو کێشەکانی لە کۆمەڵگەی کوردیدا

یەکەی کۆمەڵایەتی و پێگەکانی نیشتەجێ بوون بەگشتی لەوڵاتی ئێمەدا کە زۆر پەیوەست بێ بەکاری کشت وکاڵی و جوتیارییەوە ( گوند )ە ، چونکە زۆربەی زۆری نێشتەجێیانی ئەم یەکەیە واتە ( گوند ) جوتیارن ، جوتیاران لەگوندەوە کاروچالاکییە هەرەوەزی و تاکیە کشتوکاڵییەکانیان دەست پێ دەکەن ، و هەر ئەوێ خاڵی دەسپێکی کارە کشتوکاڵییەکانە ، بەهەموو شێوەو شێوازەکانی ناشتن و وەردان و چنینەوەو دروێنەوە ، جوتیاران کە نیشتەجێی ئەو گوندانەن بەگشتی خاوەنی زەوی و زاری خۆیانن و ئەو زەویانەی کە دەیکێڵن لەباوك و باپیرانی خۆیانەوە بۆیان ماوەتەوە ، لەبەر زۆریی ژمارەی جوتیاران ئەو زەوی و زارانەی دەوروبەری گوند کە بەکەڵکی کشتوکاڵ دێن ، ئەو جوتیارانەی کە موڵکدارو خاوەنین دەبنە خاوەن پارچە زەوییەکی بچووك لە گوندەکانی خۆیاندا، لێرەوە دەتوانین بڵێین کە زۆربەی زۆری گوندنشینەکانی کوردستان موڵکداری بچووکن و نەگەیشتوونەتە ئاستی موڵکدارو سەروەتداری گەورە ، بەڵام پاش گوزەرکردنی کات زۆر لەو جوتیارە ـ موڵکدارە بچووکانە دەیان نەوەکانی پاش خۆیان لەبەر کەمەندکێش بوونیان بەهۆی تەرزی ژیانی تازەی شارەوە ، حەوالەی شارەکان بوون و بە موڵکداری مەدەنی، موڵکدارێتی بچووکیش بەهەمان شێوە لەناوچە شاخاوییەکاندا هەر وەك خۆی مایەوە ، و بگرە لەگوندە مەسیحییەکانی کوردستانیشدا بەهەمان شێوە ئەم حاڵەتە نەشێواو وەك خۆی بە پتەوی مایەوە ، و جوتیاریش بەسەربەخۆیی سەرقاڵی کارو کەسایەتی کشت وکاڵی خۆی بوو.بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا (( سەرۆکایەتی یاخود رابەرایەتی هەر بەدەستی ( موختار ) یان ( ئاغا ) و ( بەگ ) ەوە بوو ))[١]

لەبەرئەو دەسەڵاتە ڕێژەییەی درابووە دەستی ( موختار ) کە لەخودی خۆیدا دەسەڵاتگەلێك بوون، کە پێوەندییان بەپاراستنی ئاسایش و ئارامیی ژیانی خەڵکییەوە هەبوو ، بەڵام بەگ یان موختاری گوند زۆرجار ئەو دەسەڵاتەیان قۆستۆتەوە بۆ چەوساندنەوەی جوتیاران و دەست گرتن بەسەر زەوی و زارەکانیاندا ، و پاشانیش کە دەستی بەسەر هەموو زەوییەکانی گوندەکەدا دەگرت ئەوکاتە ئیتر دەبووە موڵکداری یەکەمی گوندەکە ، هەرچەندە ئەم حاڵەتە پێشێلکاریەك بوو بۆ یاساکانی خاوەندارێتی

١ـ عبدالرزاق الحملاني ـ نظرات في إصلاح الريف ، ص ٢٠.

زەویی سەردەمی عوسمانی ، کەچی هەر بەچڕی لەگوندەکانی خۆماندا مومارەسە دەکرا پێش داگیرکردنی عێراق لەلایەن بەریتانیاوە ، ئەم حاڵەتە هەر لەگوندەکانی کوردستاندا لەئارادابوو بەتایبەتی ئەم حاڵەتە دزێوە شێوازەکانی دەرەبەگایەتی توندترو تۆکمەترو فراوانتر کرد ، و بگرە سیستەمی دەرەبەگایەتی بووە پێگەیەکی مەزنی دەسەڵات لەکۆمەڵگای کوردیدا ، دەرەبەگایەتی بازنەیەکی فراوانی موڵکدارێتییەو بەخاوەن کردنی هەموو موڵکێکە کە بەهەر شێوەو شێوازێك دەستبخرێت ، چ بەمافی میراتگری چ بەشەڕ و دەست بەسەراگرتن ، لەهەموو ئەم حاڵەتانەشدا جوتیار لەموڵکدارێکی سەربەخۆوە دەبووە کرێکارێك یان بەکرێ گرتەیەك و لەلای بەگ ، یا دەرەبەگ ، یا خاوەن زەوییەکان کاری دەکرد یان ناچاری کۆچکردن بۆ گوندێکی دی .

لەژێر سایەی ئەم سیستەمە ستەمەدارەدا ، پێوەندیی جوتیار بەزەوییەوە دەشێوێ و ، پێوەندییەکانی تریشی لەگەڵ خاوەن زەوییەکاندا دەخزێتە چوار چێوەی ململانێیەکی توندو بەگوڕی ئابووری و کۆمەڵایەتی و لەوانەشە پەل بۆ کێشەیەکی سیاسی بکێشێت ، لەئاکامیشدا ڕەوشی ئابووری لە وڵاتدا بەرەو دارمان و هەرەسهێنان ڕێچکە دەکات ، چونکە لەم حاڵەتەدا جوتیار هەست بەبوونی خۆی ناکات هەست بەوە ناکات کە داهاتوویەك و ئاییندەیەکی گەشی هەیە تا پشتی پێ ببەستێ ، لەزۆربەی شوێنی کوردستاندا جوتیار پابەندە بەو ڕێوڕەسم و داب و نەریتانەی کە پێوەندییەکانی لەگەڵ پێکهاتەی کۆمەڵایەتی گونددا ڕێکدەخات ، ئەمە جگە لەوەی کە بەشی جوتیار لەو زەوییەی کە بەرهەمە کشتوکاڵیەکەی لێ وەبەردەهێنێ ، بەهەمان شێوە داب و نەریتێکی کارپێکراو ڕێك دەخات ، دەشێ ئەوە بڵێین کە بەشێوەیەکی گشتی لەکوردستانی عێراقدا ، لەسەر بنەمای دابەشکردنی حاسڵات و دانەوێڵەکەو ئەنجامی بەروبوومەکە لەنێوان خاوەن زەوی و جوتیارەکەدا بەڕێوە دەچێت ، بەزۆری لەدێهاتەکانی کوردستاندا موڵکدارو جوتیارەکە بەنیوە حاسڵاتەکە دابەش دەکەن ، چۆنێتی ئەم مامەڵەیەش مەرج نییە ڕاستەوخۆ لەنێوان خاوەن زەوی و جوتیارەکە ڕووبدات ، چونکە هەندێ جار لەنێوان جوتیارو موڵکداری زەوییەکەدا کەسێك یا کەسانێکی تر دەبن بۆ ڕایی کردنی وردەکارییەکانی ئەم مامەڵەیە ، و زۆرجاریش خاوەن زەوییەکە مەرجی زۆر دەسەپێنێتەسەر جوتیار ، بەشێوەیەك کە ئەنجامی مامەڵەکە بەزیانی جوتیارەکە دەشکێتەوە .

بەشێوەیەکی گشتی کاتێك کە باسی جوتیار دەکرێت پێویستە باس لەو هەژاری و کەمدەرامەتییە بکرێت کە لادێکانی کوردستاندا هەبووەو بەشێکی زۆریشی ژیان و

گوزەرانی جوتیاران دەگرێتەوە ، گەر جوتیار هەژارو بێ دەرمتان بێ ، ئەوە بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە ، هۆکارێکیان پێوەندی بەژینگەوە هەیە وەکو وشکە ساڵی و باران نەبارین و گۆڕانی کەش و هەوا و پەیدابوونی زیندەوەرە زیانبەخشەکان وەکو ( کوللە )و ( کیسەڵ)، هۆکاری دووەمیش بۆ ئەو زوڵم و ستەمە دەگەڕێتەوە کە خاوەن زەوییەکە ئاراستەی جوتیاری دەکات ئەویش لەکاتی مامەڵەی دابەشکردنی حاسڵاتەکەدا دەرەبەگایەتی لەسەر بنەمای موڵکداری فراوانی زەوی و زاری بەرهەمهێنەر دەوەستێت کە پاشان ئەو دەرەبەگە لەسەر بنەمای دابەش کردنی حاسڵاتەکە ئەو زەوییانە بە جوتیاران بەکرێ دەدات بۆ ئەوەی پاشان بەرهەمەکەیان لەگەڵدا دابەش بکات.

مێژووی سەرهەڵدانی سیستەمی دەرەبەگایەتی بە شێوازە زۆر کۆنەکەی لە کوردستاندا بۆ زیاتر پێش لەهەزار ساڵ دەگەڕێتەوە کە هەردوو ڕەهەندی کشتوکاڵ و پەروەردەکردنی ئاژەڵی دەگرتەوە ، بەڵام پاشان ئەو سیستەمە زۆرێك لەخەسڵەتە کلاسیکییەکانی خۆی لەدەست داو بووە پاشکۆیەکی مەنزومەی سەرمایەداریی جیهانی ٠ زۆربەی زۆری ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لەم بوارەدا ئەنجام دراون سیستەمی موڵکداری زەوی لەپێش شۆڕشی ( ١٤ )ی تەمموزی ساڵی ( ١٩٥٨ ) بەسیستەمی دەرەبەگایەتی ناودەبەن ، زۆر لەمێژوونووسانیش ئەو سیستەمەی کە لە ئەوروپادا لەسەدەکانی ناوەڕاستدا هەبوو لەڕووی موڵکایەتیی زەوییەوە بەسیستەمێکی دەرەبەگایەتیان هەژمار دەکرد.

(( سیستەمی دەرەبەگایەتی ئەوروپی بە ( دومین ) ەوە وابەستەیە ( دومین ) یش ئەو کۆمەڵە موڵکانەیە کەلەژێر دەستی دەرەبەگدان ))[١] ٠ لەژێر سایەی ئەم سیستەمەدا دەرەبەگ خاوەن و موڵکداری هەموو شتێکە ، واتە زەوی و زارو بگرە جوتیارەکەش کۆیلەیەکە دەرەبەگ سوود لەتوانا جەستەییەکانی وەردەگرێت.

دەرەبەگ لەم سیستەمەدا زەوی و زارە کشتوکاڵییەکان دەکاتە دوو بەشی سەرەکییەوە کە بەشێکی بۆخۆی و بەشەکەی تریشی بەسەر جوتیارەکاندا دابەش دەکات نەك بۆ خۆیان بەڵکو بۆ ئەوەی سوود لەبەرهەمەکەی ببینن وەك پاداشتێك بەرامبەر ئەوکارانەی کە بۆ دەرەبەگ ئەنجامی دەدەن ، بەڵام لەعێراقدا زەوی و زاری کشتوکاڵی پێش هاتنی ئیسلام هەموو موڵکی دەوڵەت بوون ، سوڵتان یاخود پاشا ، کەرت کەرتی دەکردو دابەشی دەکردە سەر ئەندامانی بنەماڵەکەی و دەست و پێوەندە نزیکەکانی خۆی ، لەسەرۆك بنەماڵە نزیکەکان و سەرکردەکان و وەزیران و نووسەرەکانی تایبەت بەدیوانی سوڵتان یان دیوانی پاشا ، بۆ ئەوەی ئەمانە بەهەموویانەوە ببنە چینێك کە

---

١ - خليل ابراهيم الخال - تاريخ أحكام الأراضي في العراق ، ص.

دەسەلاتەکەی بۆ بپارێزن.(( لەم حاڵەتەدا دەرەبەگ ئەوکەسە دەبوو کە سوڵتان یان پاشا پارچەیەك زەوی بداتێ ، بۆ دابین کردنی بژێوی ژیانی خۆی و خێزانەکەی ، بەڵام موڵکدارێتی زەوییەکە هەر بۆ سوڵتان یان پاشاکە دەگەڕایەوە ، چونکە لەهەر حاڵەتێکدا دەیتوانی ئەو زەوییە بۆخۆی بگێڕێتەوە)).[1]

ئیدی پاش هاتنی ئیسلام پرنسیپی موڵکایەتیی زەوی بەو شێوەیەی کە لەئارادا هەبوو زیاتر چەسپێنرا ، چونکە بەپێی بنەماکانی موڵکایەتی لەئیسلامدا ، زەوی بۆ ئەو کەسەیە کە کاری تێدا دەکات و دەیکێڵێ و کشتوکاڵی تێدا دەکات ٠ بۆیە زۆر لەپسپۆران و توێژەران لەو بڕوایەدان کە بەهاتنی ئیسلام سیستەمی دەرەبەگایەتی ئیتر ماڵئاوایی کرد.

شێوازی دەرەبەگایەتی لەعێراقدا بەو شێوەیە بوو کە سوڵتان بەپیت ترین زەوییەکانی ژێر ڕکێفی خۆی هەڵدەبژاردو دابەشی دەکردە سەر دەست و پێوەندەکانی خۆی و حاڵەکەش بەو شێوازە دەمایەوە تاکو سوڵتان ئەو دەسەلاتەی خۆی لەدەست دەچوو ، واتە موڵکایەتی زەوی بەگوێرەی ئەم سیستەمە پەیوەست نەبوو بەهەل و مەرجێکی یاسایی چەسپاو یان پێشینەیەکی مێژوویی کارپێکراوەوە ، بەڵکو بەردەوامی ئەم سیستەمە پابەندبوو بەمانەوەی دەسەلاتی سوڵتانەوە لەبەر ئەوە جۆرێك لەشێواوی کەوتە ئەم سیستەمەوە ئەویش لەبەر ئەوەی زۆرجار کە سولتان کۆچی دوایی دەکرد شێوازی دابەشکردنەکە گۆڕانکاری بەسەر دادەهات.

یان لەزۆری و کەمی و چەندو چۆنی دابەشکردنی زەوییەکان هەڵاوگێڕییەك دروست دەبوو ، واتە سولتانی پێشوو لەوانەیە کەسانێکی زیاتر خۆشبویستایەو پارچەی زەوی باشترو چاکتری بدایە پێیان ، بەڵام لەحاڵەتی هاتنی سولتانێکی دی لەوانەیە کەسانی دی زیاتر پاداش بکردایەو ئەوانی کە لەزەمانی سوڵتانی پێشوو ڕێزو مافیان زیاتر بوو لەژێر حوکمرانی ئەم سوڵتانەدا مافەکانیان کەمتر دەبۆوە و جاری واش هەبووە ئەو زەویانەیان لێ دەسەندرایەوە کە پێیان بەخشرابوو.

( دۆمین ) لەسیستەمی دەرەبەگایەتی ئەوروپیدا لەباتی دەوڵەت بوو واتە دەرەبەگ لەنێوان ( دۆمین ) و حکوومەتدا ناوەندی گرتبوو.ئەویش لەبەر ئەوەی کە دەرەبەگ لەژێر سایەی ئەم سیستەمەدا چەند ئاکارێکی حوکمرانانەی دەنواند بۆ نموونە دەرەبەگ هەڵدەستا بەوەرگرتنی باج و یەکلاکردنەوەی کێشەکان واتە قەزاوەت کردن

[1] - سەرچاوەی پێشوو ، ل ٦٩.

وەبەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆ و هتد... بۆیە حکومەت وای لێ هات کە هیچ دەسەڵاتێکی ڕاستەوخۆی بەسەر هاوڵاتی و جوتیارە ئاساییەکاندا نەما ، ئەنجامی ئەم حاڵە دزێوەش چەندین گرفت و کێشەی لێ کەوتەوە بۆ نموونە هەندێك کێشە پەیدابوون سەبارەت بە بابەتەکانی پسپۆری لە قەزاوەت کردندا ، لەنێوان دەرەبەگەکاندا ، بەو شێوازەی کە لەنێوان وڵاتاندا لەڕووی قەزاوەت کردنەوە دروست دەبێ و لەیاسای تایبەتی نێودەوڵەتیدا بەچڕی باسی لێوە دەکرێ. ئەم کاروبارە هەمەگیرو گشتگیرەی کە دەرەبەگ پێی هەڵئەستاو ڕێژەیەکی زۆری ژین و بژێوی جوتیارانی دەگرتەوە ، کەچی ئەو سیستەمی دەرەبەگایەتیەی کە لە تەواوی عێراقدا پەیڕەو دەکرا ئەوەبوو کە ئەوکەسانەی کە پارچە زەویان هەبوو و دەرەبەگی سەر بەدەوڵەت یان سەر بەسولتان بوون ئەوانە نوێنەرایەتی حکومەت و سوڵتان و دەوڵەتیان دەکرد لای خەڵکی ئەم حاڵەتە وای لەخەڵکانێکی زۆر کرد لەدەست پێوەندان و کار بەدەستانی دەوڵەت کە زیاتر پابەندبن بەسولتان و بەسیستەمە حوکمرانییەکەیەوە ، بەڵام ئەم حاڵەتە لەڕوویەکەوە هەندێك خاڵی نێگەتیڤانەی گرتەخۆ ، ئەو حاڵەتەش لەوەدا بەرجەستە دەبوو ، کە لەماوەی دەسەڵاتدارێتی عەجەمەکاندا پابەندبوون و خۆشەویستی بۆ زەوی تۆزقاڵێك کاڵ بوەوە، ئەویش لەبەر ئەوەی کە هەر سولتانێك بگۆڕایە ئیتر موڵکداری ئەو زەوییانە دەگوازرایەوە بۆ خەڵکانێکی دی کە خۆشەویستی و دەست و پێوەندی سوڵتانی تازەبوون.

کەواتە دەکرێ بڵێین کە مەسەلەی زەوی و زارو موڵکایەتی زەوی پێوەندییەکانی نێوان حاکم و مەحکووم ڕەنگڕێژ دەکرد ، چونکە چۆنێتی ئەو موڵکایەتییە هەڵوێستی جوتیارو دەرەبەگ و سیفەتەکانیانی دەستنیشان دەکرد ، (( کە لەساڵی ( ١٥٣٤ ) عوسمانییەکان هاتنە عێراقەوە هیچ یاساو ڕێسایەکی ئەوتۆیان بۆ زەوی و زار ئیقرار نەکرد ، جگە لەهەندێك یاساو ڕانمایی سەر پێی کە پێوەندی بەچۆنێتی بەڕێوەبردنی موڵکداریەوە هەبوو کە ( علاء الدين باشاو قره خليل أفندى ) لە زەمانی سولتانی ( أورخان )دا دەریان کرد. ))[1] جا گرنگترین گۆڕانکاری کە لەم ماوەیەدا ڕوویدا بێ ، دابڕینی زەوی زاری کشت وکاڵی بوو بۆ چەند توێژێکی خەڵکی کە لەلایەن سوڵتانەوە دەست نیشانکرابوون و بێ گومان سوڵتان خۆی و سەرجەم دەست و پێوەندو وەزیرەکان و سەرکردەکانی سوپا باشترین و بەپیترین ئەو زەویانەیان بۆ دیاری کراو ناویان لێ نرا ( زەوییە تایبەتیەکان ) (( ئەم زەویانەش کە داهاتیان لە ( ١٠٠٠٠٠ ) ( ئەقجە ) زیاتر

---

[1] - سەرچاوەی پێشوو ، ل ٦٩.

بوون هەر خاوەنێکی ئەم زەویانەش دابوایە لەبری هەر پێنج هەزار ئەقجەیەك یەك سەرباز بۆ خزمەتی سەربازی پێشکەش بە حکومەت بکات )).[1] هەروەها پاسەوانانی سەرکردەکان و سولتان و دەفتەرداری خەزینەو بازرگانەکان و (کتخرا ) و نووسەرانی دەفتەرخانەو دیوانی سولتان جۆرێکی دی زەویان بۆ دابین دەکرا کە ناوی ( زەوی و زاری زەعامە ) ی لێ نرابوو ، جگە لە زەوییەکانی ( یتمار ) کە بۆ مەلاو زانایان و خزمەتگوزارانی دەرباری سوڵتان و پاسەوانانی قەلاو سەربازەکان ، دابین کرابوو ٠
لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە سیستەمی دابەش کردنی زەوی زار لەژێر سایەی عوسمانییەکاندا بەگوێرەی ئەو مەترو سیاسیە بووە کە لەئارادا بووە ، واتە موڵکایەتی زەوی مەسەلەیەکی کەلتوری و بۆ ماوەیی و پاسایی نەبوو بەڵکو مەسەلەیك بوو پەیوەستیش بوو بەسیاسەت و بابەتگەلی دەسەلاتەوە ، جا لەبەر ئەوەی دەرەبەگ نوێنەرێکی سیاسی سوڵتانی بووەو هێزەکەی لەوەوە وەرگرتووە ، ئەوا ئەو مانایە دەچەسپێ ، کە سیستەمی دەرەبەگایەتی سیستەمێکی سیاسیش بووە نەك تەنیا سیستەمێکی موڵکایەتی و موڵکداری ، چونکە ئەو سیستەمە موڵکداریە کەسەر بۆ دەرەبەگایەتی دادەنەوێنێ ، هێزو بازووی لەسەرچاوەی دەسەلاتەوە وەرگرتووە کە سوڵتانە.
جا ئەم مەترومەی موڵکداریە هەرچەندە بە بەربلاوی لە دەوڵەتی عوسمانیدا پیادە دەکرا ، بەڵام مانای ئەوە نییە کە کێشەکانی پەیوەست بە زەوی و زارەوە چارەسەربووبوون نەخێر ، چونکە مەسەلەی زەوی و زارو مافی زەوی کشت وکاڵی و موڵکداربوونی ئەو زەویانە بەشێوەیەکی گشتی بۆ دەسەلاتداران دابین دەکرا ، بۆیە ئەم حاڵەتە کە لینێکی گەورەی دروست کرد لەنێوان گەل و دێهاتیەکان و جوتیاران لەلایەك و کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی لەلایەکی ترەوە ، چونکە ئەم حاڵەتە گەر هەندێك کێشەی بەڕێوەچوونی بژێوی ژیانی ئەو کار بەدەستانەی تا رادەیەك چارەسەرکردبێ کەچی ژیانی گوندانی و جوتیارو لادێ نیشینەکانی زۆر بەو شێوەیە دابین نەدەکرد ، ئەمە جگە لەوەی کە ئەم حاڵەتە بووە هۆی دروست بوونی دوو چینی گەورەو لێك جیاواز ، کە ڕۆژ بەڕۆژ کەلێنەکانی نێوانیان بلاوتر و فراوانتر دەبوو. (( جا ئەم حاڵەتە تاکو ساڵی ( ١٨٥٨ )ی زاینی بەردەوام بوو ))[2] بەڵام پاش ئەم مێژووە ئیتر پێوەندیەکانی نێوان زەوی و ئەو کاربەدەستانە گۆڕانکاری بەسەرهات ، ئەو پارچە زەویانە کە سولتان وەکو

---

[1] - سەرچاوەی پێشوو ، ٧٠.

[2] - هەمان سەرچاوە ، ٧٠.

دیاریەك دەیبەخشینە دەست و پێوەندەکانی خۆی و هەرکاتێك بیویستایە دەیگێڕایەوە بۆ خۆی ، بەڵام لەپاش ئەم مێژووەوە ئیتر پێوەندیەکانی نێوان زەوی و خاوەن زەوی شکڵ و شێوازێکی یاسایی وەرگرت ، ئیتر لەم مێژووەوە خاوەن زەوی نەدەبوو خاوەن پارچە زەوییەك وەکو بەخششێکی سوڵتانی بەڵکو وەکو مافێکی یاسایی مامەڵەی لەگەڵ پارچە زەوییەکەی خۆیدا دەکرد.

دەبێ ئەوە بگوترێ کە مەسەلەی موڵکداریی زەوی لەکاریگەرترین و گرنگترین ئەو فاکتەرانەن کە دەبنە هۆی دروست بوونی چینەکانی واتە موڵکداریی زەوی یان هەڵویستی یاسایی و سیاسی مرۆڤ هەمبەر زەوی ، کە ئاستی کۆمەڵایەتی ئەو کەسە دەست نیشان دەکات ، لەمەوە ئیتر دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە زەوی و بابەتەکانی پەیوەست بە زەوییەوە مەزنترین کێشە بۆ ئەو کەسانە دروست دەکەن ، کە بژێوی ژیانیان لەسەر داهاتی کشتوکاڵییەو ساڵانە چاوەڕوانی حاسڵاتی زەوییەکانیانن لەژێر سایەی سیستەمی دەرەبەگایەتیدا باری ئابووریی کشتوکاڵی هەندە پێشفەچوون بەخۆیەوە نابینێ ، چونکە لەم سیستەمەدا جوتیار خاوەن زەوی خۆی نییەو هەمیشە لەخزمەتی دەرەبەگدایە بۆیە هیچ پێوەندیەکی ئەوتۆ لەنێوان خۆی و زەوییەکەدا دروست نابێ ، جوتیار لەم حاڵەتەدا هەست ناکات کە ئاییندەیەکی ڕوونی هەیەو هەست بە پەیوەست بوون بەو زەوییەوە ناکات و هەمیشە لەگەڵ زەوییەکەیدا نامۆ دەبێت هیچ پەیوەست بوونێکی لە نێوان خۆی و کارو کەسابەتەکەیدا دروست نابێ ٠ ئەویش لەبەر ئەوەی جوتیار لەم حاڵەتەدا وەکو کرێگرتەیەك کار دەکات ، و هەست بە بوونی خۆی ناکات ، لەبەر ئەوە سیستەمی دەرەبەگایەتی سیستەمێکی دژ بە بەرژەوەندیەکانی گەل و وڵاتە ، دەوڵەت هەندە بەرەو پێشفەناچێ گەر پەیڕەوی ئەم سیستەمە بکات جگە لەوەی کە دەرەبەگایەتی لەوانەیە لەقۆناغێك لە قۆناغەکانی مێژوودا هۆکاری پێشکەوتن و ڕێکخستنی ژیانی ئابووری بوویێت ، بەڵام ئەم چەرخە و پرنسیپەکانی مامەڵەی ئابووری لەم چەرخەدا گۆڕانکاری بەسەرداهاتووەو ئەو جۆرە مامەڵەیە لەگەڵ لۆجیکی ئابووری چەرخدا ناگونجێت و بەهیچ شێوەیەك جێی نابێتەوە ٠

تاکی عێراقی هەر لەدێر زەمانەوە گرنگیی بەکشتوکاڵ داوە ، ئەویش لەبەر ئەوەی کە عێراق خۆی وڵاتێکە خاوەن کەش و هەوایەکی ئەوتۆیە کە زۆر لەباروشیاوە بۆ کشتوکاڵ. بۆیە بەپێی زۆر لەلێکۆڵینەوە بەراییەکانی ئەم بوارە کە لەساڵانی چلەکان و پەنجاکاندا ئەنجام دراوە گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە ( میللەتی عێراق ڕێژەی ( ٥٠٪ ) سەرقاڵی کشتوکاڵی ) و لەو ڕێگەیەوە ژیانیان دابین دەکەن.

ئیدی بۆ لابردنی ئەو سیستەمە قیزەوەرەو هێنانەکایەی کەشێکی ئابووری کشتوکاڵیی پەیوەست بەژیانی سەردەمەوە: شۆڕشی ( ١٤ )ی تەمموزی ساڵی ( ١٩٥٨ ) گۆڕانکاریەکی مەزنی لەژیانی کشتوکاڵیدا بەدی هێنا ، بەتایبەتی پاش دەرچوونی ( یاسای چاکسازیی کشتوکاڵی ) کە جگە لەوەی ڕەهەندێکی جەماوەری وەرگرتبوو ئاوێتەش بوو لەگەڵ ئایدۆلۆژیای باوی سەردەم ئەو ئایدۆلۆژیایەی کە لەپانتایەکیی زۆریدا پێوەندیەکانی نێوان جوتیارو زەوی ڕێکدەخست و بگرە برەوی پێ دەدا ، بەڵام زۆربەی زۆری ئەو کێشانەی کە لەم سەردەمەدا پەیدابوو پەیوەست نەبوو بەچۆنێتی دابەشەکردنی حاسڵاتە کشتوکاڵیەکانەوە هەروەك لەپێشوودا ئەم ململانێیە بەچڕی لەنێوان جوتیارو دەرەبەگ لەئارادا هەبوو ، بەڵکو کێشەگەلێك سەریان هەڵدا کە پەیوەست بوون تەنیا بەموڵکداری زەوی و زارەوە ، بنەچەی کێشەکەش ئەوەبوو کە (( ڕێژەیەکی زۆری هۆزو تیرە کە مومارەسەی کشتوکاڵیان دەکرد وەکو دەسبەسەراگرتن ببوونە خاوەن زەوی و بگرە پێش سەدەها ساڵ کە دەستیان دابووە کشتوکاڵ و بەرووبوومی زەوییەکانیان دەچنییەوە کەچی ناویان بەموڵکداری ئەو زەوییانە تۆمار نەکرابوو)).[١]

ئیدی کە باس لە شۆڕشی کشتوکاڵی دەکەین زیاتر مەبەستمان ئەو گۆڕانکاریەکە ژیانی جوتیاری لە ئەڵقە لەگوێیەکی دەرەبەگەوە گۆڕی بۆ خاوەن زەوی و کشتوکاڵی تایبەت لەخۆی کە لەخودی خۆیدا گۆڕانکارییەکی مەزن بوو کە ڕەوشی ئابووریی کوردستان بەخۆیەوە بینی ، ئەمە جگە لەوەی کە موڵکداری زەوی لەلایەن جوتیارەوە پێوەندییەکانی نێوان شارو لادێی ڕەنگرێژکرد، لەپێشدا کە جوتیار کەسایەتییەکی یاسایی پتەوی نەبوو لەڕووی یاساییەوە نەیدەتوانی بەتەواوی پێکهاتەی گوندو لادێو ، مامەڵە لەگەڵ شاردا بکات ، چونکە هاوڵاتی شاری پتەوتر و تۆکمەترو دامەزراوتر بوو ، بەڵام پاش موڵکداریی تەواوی جوتیار بۆ زەوی پێگە سیاسی و ئابوورییەکەی توندو پتەو بوو و لایەنی کۆمەڵایەتی و بنەمای کەسایەتی جوتیار ، بەرەو باڵاتر ڕێچکەی کرد.

ئەمە هەموو لەلایەك و لەلایەکی ترەوە باسکردنی مەسەلەی دەرەبەگایەتی لەلای کوردو سەرهەڵدانی ئەم سیستەمە لەمامەڵەی خاوەندارو بێ خاوەنانی موڵك تا ڕادەیەکی زۆر بۆ وێنەیەکی مێژوویی دێرین دەگەڕێتەوە ، ئەو مێژووە دێرینەش بەشێکی کەمی نەبێ تۆمار نەکراوە ، و بگرە زۆریش لەخامەی مێژوو نووسانەوە دوور بووە (( بۆیە ئەو

---

[١] - د.عبدالجليل ود. الطاهر جعفر القيسي وماهر الحسيني – الثورة الزراعية الريف العراقي ص ١٥.

دیرۆکە تا بڵێی ئاڵۆزە )).[١] جا لەوانەیە سیستەمی دەرەبەگایەتی لەهەموو حاڵەتێکدا لەکۆمەڵگای کوردیدا بوونی هەبووبێ ، چ لەحاڵەتی موڵکداری تەنیایی و چ لەو حاڵەتانەی کە موڵکداری زەوی بۆ دەوڵەت بووە ، لە عمومی بۆ چوونەکانی ( لینین )دا پێوەندیە دەرەبەگایەتیەکان پەیوەست نین بەموڵکداری تەنیایی بۆ زەوی بەشێوەیەکی روون و ڕەها لەهەمان کاتدا ( لینین ) چەمکی دەرەبەگایەتی نەخستۆتە پێگەیەکی بەرامبەر بەکۆیلەکردنی دەرەبەگایەتی ، چونکە پێوەندیەکان بەگشتی لەژێر سایەی سیستەمی دەرەبەگایەتی لەلای ( لینین ) هەر وەکو لەلای ( مارکس ) پش شکڵ و شێوازی ئەو زەوت کردنەیە کە پشت بە بەرهەمهێنانی کشت وکاڵی بچووکەوە دەبەستێ.

خۆ ئەگەر بخوازین بەدووی قۆناغەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگای کوردیدا بچین ، پێویستە رووناکی بخەینەسەر ئەو قۆناغەی کە کورد دەستی دایە موڵکایەتی زەوی و زاری کشت وکاڵی. چونکە کورد لەسەرەتاوە یەك خێزان و یەك بنەماڵەو یەکوتلەبوون و یەکەیەکی کۆمەڵایەتی پتەوبوون هەروەها لەمێژووی سەرزارەکی ( شەرەفنامە ) دا هاتووە ( ئەمە بەرەیەك بووین )[٢] بەڵام ئەمە لەکاتێکدا بووە کە کورد ژیانێکی مەشاعی ژیاوە ، لەو حاڵەتەدا کورد یەك پێکهاتەیەکی عەشیرەتی بووەو پێکەوە خاوەن و موڵکداری زەوی و زارو ئاژەڵەکانیان بوونە ، لەو قۆناغەشدا کۆمەڵگای کوردی دابەش نەبووە سەر چەند توێژمرێکەوە ، چونکە پێکهاتەی هۆزو تیرەی کورد واپێ دەچێ یەکانە گیەکی پتەوی هەبووبێ ، و پاشی ئەم قۆناغە ئەوجا چینایەتی دروست بووبێ ، چونکە ئامرازەکانی وەبەرهێنانی کشت وکاڵی و فراوان بوونیان هۆیەکە لەهۆیەکانی دروست بوونی چین و توێژەکانی کۆمەڵگا.

کۆمەڵگای کوردی لەهەردوو سەدەی دەیەم و یازدەیەم سیستەمی دەرەبەگایەتی تێدا پەیدابوو ، بەتایبەتی لە دوو تۆیی ئەو میرنشینە کوردیانەی کە سیستەمی پابەندبوونی جوتیارین بە دەرەبەگەوە پیادە دەکرد ٠ زۆربەی زۆری ئەو مێژوونووسانەی کە سەبارەت بەژیانی رەوەندو کۆچەرایەتی لێکۆڵینەیان ئەنجام داوە لەو باوەڕەدان کە ئەو هۆزانەی کە لەژیانی کۆچەریدا دەژین شوێنی بەردەوامیان نییە بۆ نیشتەجێ بوون ، ئەم وتەیەش بەهیچ شێوەیەك ڕاست نییە ، چونکە زۆر لەو هۆزە کوردیەکان کە گەرمیان و کوێستان دەکەن و لەنێوان سنورەکانی هەورامان ، واتە سەر هەردوو مەرزی ئێران و لەهاوین و زستاندا کۆچ دەکەن شوێن و زێدی رەسەنی خۆیان هەیە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا

---

١ – أ. شامیلوف – حول مسألة الأقطاع حول الكرد ، ص ٢٨.

٢ - نفس المصدر ، ص ٤٢.

گەرمیان و کوێستان کردنیان هەر بەردەوامەو جگە لەوەی ئەو هۆزانە لەو هات و چۆی زۆزان و قشلاقانەی کە بۆی ڕەودەکەن زیاتر بەمەبەستی دۆزینەوەی لەوەڕگایە بۆ پەزو ئاژەڵەکانیان ، واتە مەبەستێکی دیاری کراو هەیە نەك هەر کۆچ کردن و گواستنەوەی شوێنەکان ، لەبەر دەق گرتن بەژیانی رەواندوویەتەوە. جا ژیانی ئاژەڵداری کۆڵەکەی سیستەمی دەرەبەگایەتیە ، سەبارەت بەو شێوازەی کە پێوەندیەکانی دەرەبەگ بەبازنەی یەکەمی دەست و پێوەندو پاسەوانەکانییەوە ڕەنگ ڕێژ دەکات. بەشێوازی دابین کردنی بژێوی ژیان و ڕێژەیەکی زۆر لەکۆیلایەتی و گوێقولاغ بوون بۆ فەرمانەکانی دەرەبەگ ، جا پاسەوانەکانی دەرەبەگ خاوەن هیچ موڵك و زەوی و زارێك نەبوون ، بەڵکو ئەو وڵاغەی کە سواریشی دەبوون و ئەو تفەنگەی کە بۆ پاراستنی دەرەبەگ بەکاریان دەهێنا موڵکی خۆیان نەبوو ، بەڵکو دەرەبەگ بەپێی پێداویستی خۆی کەل وپەلی بۆ دابین دەکردن ، تەنانەت خواردن و شوێنی سەرنانەوەشیان هەر لەئەستۆی دەرەبەگدا بوو ، بگرە ژنەکانیشیان ، لەماڵی دەرەبەگەکەدا کارەکانی دی خزمەتگوزاریان ئەنجام دەداو (( ئەو پاسەوانانە بەهیچ شێوەیەك لەحزووری دەرەبەگدا قسەیان نەدەکردو لەسەر خوانیدا نانیان نەدەخواردو تەنیا بۆیان هەبوو کە جگەرە بکێشن )).[١]

هەروەها ( میر ) دەرەبەگ زۆرجار بەشداری لەو جەنگانەدا دەکرد کە عەشیرەتەکەی یان بەفەرمانی ( باب العالی ) عوسمانی ئەنجام دەدرا. یان تەنیا سەربازی بۆ ( باب العالی ) دابین دەکرد ، ئەو سەربازانەش یان ئەندامانی عەشیرەتەکەی بوون یان لەپاسەوانان و دەست و پێوەندانی دەرەبەگەکە یان ئەو جوتیارانە بوون کە لەکەرتە زەوییەکانی دەرەبەگدا بەشێوازێك لەشێوازەکان کاریان دەکرد.

بەم شێوەیە دەبینین کە هەر دەرەبەگێك هێزی تایبەتی خۆی هەبووە ، کە لەخزمەتیدابوون ، و پاسەوانی و کاروباری پاراستنی خۆی و خانەوادەکەیان بۆ ئەنجام دەدا ، ئەندامانی ئەو هێزانەی کە پاسەوانانی دەرەبەگیان پێك دەهێنا بەهیچ شێوەیەك باج و سەرانەیان نەدەدا و هیچ کارێکی دیکەیان نەدەکرد ، جا بەحوکمی پێگەی سەختی جوگرافی کوردستان سەربەخۆی دەرەبەگایەتی دروست بوون کە تارادەیەك پانتاییەکی زۆری زەویان گرتبۆوە ٠ دەرەبەگە گەورەکان زۆرجار چۆکیان بە دەرەبەگە بچووکەکان دادەدا ، هەرچەندە ئەم حاڵەتە کەم بوو زۆر ڕووی نەدەدا ، جگە لەوەی کە ئەم حاڵەتانە تەنیا لەبواری جەنگدا بوون نەك لەڕووی زەوتکردنی زەوی و زارەوە ، جاری

---

١- سەرچاوەی پێشوو ، ل ٥٦.

واش هەبووە دەرەبەگی بچووك بەخۆی چۆتە لای دەرەبەگە گەورەکان بۆ ئەوەی بچێتە ژێر ڕکێفیەوەو لەمەترسی و جەنگ بیپارێزی هەندێك جار ئەم حاڵەتە کە دروست دەبوو دەرەبەگی بچووك بەرامبەر بە پاراستنی دەرەبەگی گەورە بۆی ، سەرانەیەك یان بڕە پارەیەك یان بڕێك حاسڵاتی بۆ دەرەبەگە گەورەکە دابین دەکرد.

لە کۆمەڵگای کوردیدا سێ جۆر لەدەرەبەگ هەن ئەویش بەو پۆلین کردنەی کە ( أ. شاملیوف ) لەتوێژینەوەکەیدا ( سەبارەت بەمەسەلەی دەرەبەگایەتی لەنێوان کورد ) ئەنجامی داوە ، دەرەبەگ پۆلین دەکاتە سەرسێ بەش لەکۆمەڵگای کوردیدا کە ئەمانەن:-.([1])

١- دەرەبەگە میرەکان: ( میر ) لەبنەچەدا خۆی وشەیەکی فارسییەو مانای ( سەرۆك ) دەبەخشێ ، ئەو میرانە خۆیان بەحکومەتێکی بچووك دادەنا ، و ژمارەیەك چەکداریان هەبوو ، و چەند عەشیرەتێکیش لەژێر دەستیاندا بوون ، ئەمە جگە لەوەی کە ئەو میرانە خۆیان بەنەوەی خەلیفەکانی ئیسلام دادەنا ، و بەناوی ئەوەوە حوکمیان دەگێڕا ، واتە لێرەدا سیستەمی دەرەبەگایەتی بەم شێوازە سیستەمێکی تەنیا دونیایی و ئابووری نەبوو ، بەڵکو ڕەهەندێکی ئایینیشی بەخۆوە گرتبوو ، واتە دەسەڵاتی دینی و دونیایان لەکەسی خۆیاندا حەشاردابوو ، ئیدی ئەو میرانە جگە لەباجی دەرەبەگایەتی ئاسایی دیاری هەمە چەشنەشیان وەردەگرت.

٢- بەگەکان: ئەو بەگانە سەرۆکایەتی عەشیرەتێکی گەورەیان دەکرد ، بەهەموو پێکهاتەی عەشیرەتەوە. بەڵام پێگەی ئایینیان لەلای خەڵکی نەبوو ، بەڵام وەکو باج سەندن بەگ باجی دەرەبەگایەتی وەردەگرت و زۆر جاریش زیاتر لەمافی خۆی وەردەگرت و جوتیارەکانیشی دەچەوساندەوە.

٣- ئاغا: کە سەرۆکی بەشێك یان بنەماڵەیەك بوو لە عەشیرەتێکی گەورەدا ، ئەم ئاغایە بەهەموو شێوەیەك پاڵپشتی بەگی گەورەی عەشیرەتەکەی خۆی دەکرد ئەویش لەبەر ئەوەی خۆی بەشێکی گرنگ بوو لەپێکهاتەی ئەو عەشیرەتە.

بەم شێوەیە دەبینین سیستەمی دەرەبەگایەتی لەناو کورددا سیستەمێکی تەنیا هەر دونیا داری نییە ، بەڵکو لەگەڵ ئایینیشدا ئاوێتەیەکە ئەوەش لەپاشاندا بووە هۆکاری زیاتری چەوساندنەوەی جوتیار لەلایەن دەرەبەگەوە کە بەناو ئایین و ئاییندارییەوە بەروبووم و ڕەنجی شانی زەحمەتکێشانی بۆ خۆی دەقۆستەوە ، بگرە هەندێك لەو

[1] - سەرچاوەی پێشوو ، ل٥٨.

دەرەبەگانە جاری وا هەبووە زەکاتی ساڵانەیان لەجوتیاران سەندوە ، واتە بەناو ئاییەنەوە چەوساندویانیانەتەوە ، لەحاڵەتێکدا زەکات بۆ هەژارانە نەك بۆ دەرەبەگ و دەوڵەمەندان.

بەشێوەیەکی گشتی و بەدرێژایی مێژووی دەڤەرەکە جوتیاران بەهەموو شێوازێك لەلایەن دەرەبەگەوە ئەزیەت دراون و چەوسێنراونەتەوەو زەوی و زاریان لێ زەوت کراوەو حاسڵاتی ساڵانەیان لێ سەنراوە ، چونکە جگە لەو هەموو باج و سەرانەی ساڵانەیە کە باسکران لەهەندێ شوێندا جوتیار دەبوایە خزمەتی زیاتری بەدەرەبەگ بکردایە بۆ نموونە لەناوچە شاخاوییەکاندا جوتیارە گوندنشینەکانی قەد پاڵەکان دەبوایە ساڵانە ڕێژەیەك دار لەدرەختەکانی سەرچیا ببڕن و بۆ دەرەبەگی بهێنن ، ئەمەش کارێکی زۆر سەخت و دژوار بوو ، چونکە لەو سەرشاخە هاتوچۆو گواستنەوەی شمەك بەتایبەتی لەزستاندا نەدەکرا ، کارێك بوو کۆششێکی زۆری دەویست ، بۆیە زوڵم و زۆرداری دەرەبەگ وای لەزۆر جوتیاران دەکرد ، کە گوندو دێهاتی خۆیان بەجێ بهێڵن و بەرەو گوندەکانی دی کۆچ بکەن.

زۆر لەناوچە کشتوکاڵیەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق تەڕو باراناوی و شێدارن ، بۆیە زۆرجار جوتیار پێویستی بە سیستەمی ئاودێری دەستکرد نابێ ، و دێمین و ، تەنیا بەڕێژنەی باران بەرهەمەکانیان پێ دەگات ٠ بۆیە جوتیار گەر نەچەوسێنرابایەوە ئەوا دەبووە خاوەن بەروبوومێکی زۆر بەڵام ستەم و زۆرداری دەرەبەگەکان ببوونە لەمپەر ، بۆیە جوتیاریش دەرچوونی یاسای چاکسازیی کشتوکاڵی کە یەکێك لەمەرامەکانی ئەو یاسایە کەمکردنەوەی یان نەهێشتنی ئەو تەفاوتەیە لەنێوان جوتیارو خاوەن موڵکدا و بگرە مەیسەرکردنی بارودۆخەکە بەڕێچکەیەکدا کە جوتیار لەئاکامدا ببێتە خاوەن ئەو زەوییەی کە دەیکێڵێ و بەرهەمی دەهێنێت و (( ئەو تەفاوتەی بەروبوومی نێوان موڵکدارو جوتیار کە لەئارادا بوو ڕەنگدانەوەی ئەوحاڵەتە خراپەی دابەشکردنی موڵکایەتی و خاوەندارێتی زەوییەکە جوتیاری شەکەت و ماندووی بێ بەش دەکرد لەمافە ڕەواکانی خۆی ))[١] ٠ گەر بخوازین باسی پێوەندییە کشتوکاڵیەکان بکەین ئەوا پێویستە ئاماژە بەو پێوەندییە لاروڵەوێرەی نێوان جوتیارو دەرەبەگ بکەین کە هەمیشە لەململانێیەکدا بوون بەدرێژایی مێژووکە هەمیشە بەزەرەرو خەسارەتی جوتیار داشکاوەتەوە ٠

---

١ - انور صبري - المسألة الزراعية ، ص ١٠.

مەزنترین خاڵی گرفت لەکێشەکەدا ئەوەیە کە جوتیار بەکرێگرتەیەك بووەو خاوەنی ئەو زەوییە نەبووە کە دەیکێڵێت کە وابێ (( پێوەندییە کشتوکاڵیەکان پێش هەموو شتێك ئەوانە پەیوەندییەکانی موڵکداریی زەوی و زارە کشتوکاڵییکانن ))[1] ، بەڵام لێرەدا دەشێ ئەوە بگوترێ کە گەر موڵکایەتی زەوییەکان بۆ دەرەبەگ بووبێ ئیدی چ کەلێنێك لەمەسەلەکەدا هەیە خۆ موڵکایەتی یاساغ و قەدەغە نییە ، لێرەدا دەبێ باس لەجۆرە پۆلین کردنێك بکەین و جوداکارییەك بخەینە نێوان هەردوو حاڵەتەکەوە چونکە موڵکداری یاسایی و بۆ ماوەیی جودایە لەموڵکایەتی زەوت کردن ، گەر موڵکایەتی دەرەبەگ بۆ زەوی و زارەکان یاسایی و بۆماوەیی و بەرێچکەی کڕین و فرۆشتنەوە بووبێ ئەوا هیچ چەوت و چەوێڵیەك لەمەسەلەکەدا بەدی ناکرێت بەڵام گرفتەکە زیاتر لەوەدایە کە سیستەمی دەرەبەگایەتی سیستەمێکی زەوت کردنی زەوی کشت وکاڵی بەیاساغ نازانێت و دەست گرتن بەسەر زەوی کشت وکاڵیدا بەهەموو شێوەیەك دەشەرعێنێ.

پێوەندییە دەرەبەگایەتییەکان چارەسەریکی بنەڕەتی بۆ نەدۆزرایەوە بەدەرچوونی یاسای چاکسازی کشت وکاڵی ژمارە ( ٣٠ ) ی ساڵی ( ١٩٥٨ ). ئەم یاسایە سیستەمی دەرەبەگایەتی لەوڵاتدا بنەبڕ نەکرد بەڵکو موڵکایەتیانی سنووردارکرد ، واتە جوتیار کە سوود لەم یاسایە وەردەگرێت و دەبێتە خاوەن زەوی خۆی بە ئاراستەیەکدا ڕەوشەکە ڕاپێچ دەکات ، و دەرەبەگیش کە هەندێك زەوی لەدەستدا دەمێنێت ڕەوشی ئابووری وڵات بەلایەکی دیکەدا گوزەر پێدەکات ، بەمشێوەیە ئابووری وڵات بەدوو ئاراستەدا بەرەو پێش دەچێت بەڵام ئیتر دەشێ ئەوە بوترێ کە ئەم حاڵەتە حاڵەتێکی ناچاریەو لەژێر فشاری بارودۆخێکدا کە ناتوانرێ چارەسەریەکی یەکجارەکی بۆ بدۆزرێتەوە؟ ئەم حاڵەتە هاتە کایەوە ، ئەمە جگە لەوەی کە ئەم حاڵەتە جوتیاری گەیاندە ئاستێکی ئابووری یاسایی ئەو تۆکە بتوانێت ململانێ لەگەڵ دەرەبەگەکاندا بکات و لەڕووی ئابووریەوە لەهەندێ باردا بشیانبەزێنێت ئەویش پاش دارمانی سیستەمی دەرەبەگایەتی لەوڵاتدا و لەهەموو جیهان بە یەکجارەکی ، (( بۆیە یاسای ژمارە ( ١١٧ ) دیسانەوە وەك موڵکایەتی حەواڵەی جوتیاران کرد ))[2] . دەرەبەگایەتی گەر لەم چەرخەدا بە سیستەمێکی ناشایستەوقێزەون هەژمار دەکرێت کەچی لەسەدەکانی پێشوودا شێوازێکی گونجاو بووە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری کشتوکاڵی ، بەڵام کێشەکە لەوەدابووە ، کە سیستەمی

---

[1] - مكرم طالباني - العلاقات الزراعية على ضوء قانون توافق الأنتاج مع طابع القوى المنتجة ، مجلة الثقافة الجديدة ، العدد ( ٢٢ ) ص ٣١.

[2] - هەمان سەرچاوە ، ل ١٨.

دەرەبەگایەتی هەروەك لایەنەکانی دی ژیان هیچ چاودێریکی بەسەرەوە نەبووە ، بۆیە دەست کراوە بە بەدرەفتاری و خراپ بەکارهێنانی ڕەوشەکەو چەوت بوونی ئاراستەکانی ئەو سیستەمەی ، کە هەزارەها ساڵ مامەڵەی کشت وکاڵی جوتیاری بەڕێوەبردووە ، بۆیە پەیدابوونی کاری هەرەوەزی کشت وکاڵی و گەلاڵەبوونی ڕەوشی دژایەتی کردنی دەرەبەگایەتی ، وەکو سیستەمێکی ڕەت کراوە مقۆ مقۆ و مشت و مڕێکی زۆری خستە ئاراوە کە چەندین ڕووداو و تێفکرین و ڕێژمەیەك تیۆری جۆراوجۆری هێنایە ناو باس و خواسەکانی چاکسازی زەوی زارو سیستەمی کشت وکاڵی لەوڵاتدا ، بەڵام ئیتر بەو دوو یاسایە گرفت و کێشە کشت وکاڵیەکان کۆتایی نەهات چونکە ، (( پێوەندیە کشتوکاڵیەکان هەر لەژێر فشاری ئەو پێوەندیە نیمچە دەرەبەگایەتیانە بوون کە پشتی بەسیستەمی کشت وکاڵی کۆن و دابەشکردنی حاسڵات دەبەست لەنێوان جوتیارو دەرەبەگدا ))[1].

لەلایەکی تریشەوە سیستەمەکە تێکهەڵکێشە لەگەڵ ژیانی کۆن و دواکەوتووی سەدەها ساڵی گوزەرکردوو ئەویش لەڕووی ئەو ئامرازانەی کە لەکشتوکاڵدا بەکاردەهێنرێن لەم ڕۆژگارەدا ئامێری پێشکەوتوو شوێنی ئەو ئامرازە سەرەتاییانەی گرتۆتەوە کە لەپێشدا بەکاردەهێنرا ، ئەمەش گۆڕانکاریەك دەخاتە ئەو پێوەندیانەی نێوان جوتیارو ناتوانن بەئامێری پێشکەوتووی تازە ئەو سیستەمە کۆنەی مامەڵەی کشت وکاڵی پیادە بکەن ، چونکە ژیانی تازەو ئامێری تازە سیستەمێکی تازەو نوێی گەرەکە.

ئەمە جگە لەوەی کە کاری کشتوکاڵی ئەمڕۆ پێویستی بەلێکۆڵینەوەو توێژینەوە هەیە و پێویستە بەشێوەیەکی زانستی قۆناغەکانی تۆ وەردان و ئاودێری و دوورینەوە بەڕێوە ببرێت و بەهەمان شێوەش توێژینەوەی ڕاستەوخۆی و مەیدانی بۆ زەویوزارەکان دەبێ ئیجرا بکرێت بۆ زانینی پێداویستیان لەو ئامێرانەی کە بۆ زەوییەکان دەگونجێن ( جا ئەوەی کە زانراوە لەوڵاتە کشت وکاڵیە پێشکەوتووەکاندا توێژینەوەی هونەری وورد بۆ هەر ناوچەیەك ئەنجام دەدرێت بۆ دەست نیشانکردنی سروشت و چۆنێتی و وەسفەکانی ئەو زەوییە بۆ دابین کردنی ئامێری گونجاو بەپێی سروشتی ئەو زەوییە )[2].

لەلایەکی تریشەوە ڕەوشی ژیان و ئەو گۆڕانکاریانەی کە لەجیهاندا لەئارادایە ، وا دەخوازێ کە گرنگی بەسوکنەو نیشتەجێکردنی جوتیاران بدرێت بەتایبەتی ئەو کۆششانە بخرێنەگەڕ کە گوندی هاوچەرخ بۆ جوتیاران و خانەوادەکانیان دابین دەکات چونکە ، (( بیناکردنی گوندو خانووی تازە بۆ جوتیار سەرەتایەکە بۆ بونیادنانی ژیانێکی

---

[1] - عبدالرزاق زبير - الأصلاح الزراعي في علمة السادس عشر ، مجلة الثقافة الجديدة العدد ( ٦٥ ) ص ٦٩.

[2] - د. حمدي التكمةجي - مكننة الزراعة في العراق ، مجلة الثقافة الجديدة العدد خاص ( ٣٠ ـ ٣١ ) ، ص ٥٣.

هاوچەرخ))[1] ٠ لەهەمان کاتیشدا کێشەکانی دەرەبەگ و جوتیار لەگەڵ چەمکە سیاسیەکاندا تا بڵێی تێکهەڵکێش و ئاوێتەیە ، چونکە مەسەلەکە پەیوەستە بەسەرهەڵدانی مەنزومەی هزری و ئایدۆلۆجی سۆسیالیستەوە کە لەلایەن ناوەندە سیاسی و غەیرە سیاسیەکانی بۆرژواوە بەرهەڵست دەکرا جا هەر کۆششێکی جوتیاران بۆ ئەنجامدانی کاری هەرەوەزی و دامەزراندنی کۆمەڵەی هەرەوەزی کشت وکاڵی لەلایەن دەسەڵاتەوە تۆمەتبار دەکرا بۆ نموونە لەبولگاریا ((پروپاگەندەکردن بۆ کاری هەرەوەزی ئەوکاتەی سەرهەڵدانی ئەم بیرۆکە بەپروپاگەندەکردن بۆ شیوعیەت لە قەڵەم دەدراو لەڕووی یاسایشەوە قەدەغەبوو ))[2] ٠ سەبارەت بە چاکسازی کشتوکاڵی لەعێراقدا حکومەت بەیەك بڕیار کۆتایی بەمەسەلەکە نەهێنا ، بەڵکو موڵکداری دەرەبەگەکانی تەنیا لەسەرەتادا سنووردارکرد ، وەکو بەراییەك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە بەیەکجارەکی بۆ نموونە ( یاسای ژمارە ( ٣٠ )ی ساڵی ( ١٩٥٨ ) ڕووبەری نزیکەی چوار ملیۆن دۆنمی بەدەست دەرەبەگ و گەورەو موڵکدارانی زەوی هێشتەوە))[3] جا لێرەوە کێشەی ئەم یاسایە ئەو زەمینەیەی فەراهەم هێنا کە دەرەبەگ دەست بەسەر زەوییە شیاو و نزیکەکاندا بگرێت و دەستبەرداری زەوییە ڕەقەڵان و دوورەکان ببێت.

هەرنەبێ بۆ ڕاییکردنی ئەو بڕیارە ، کە زۆر یەکلاکەرەوە نەبوو لەچارەسەرکردنی کێشەکاندا ، لەمەوەکێشەی هەڵبژاردنی زەوی چاك و زەوی خراپ کەوتە نێوان جوتیارو دەرەبەگەوە ، و لەئاکامدا زۆربەی زەوی و زارەشیاو و چاك و ئاودارەکان واتە زەوییەکانی نزیك کانیاو و پرۆژەکانی ئاودێریەوە کەوتە دەست دەرەبەگەکان ٠ ئەم بڕیارەش کە بەم لایەدا کەوت هەندێك پاساوی خۆی هەبوو ، چونکە لابردن و پەراوێزخستنی سیستەمێك کە سەدەها ساڵ بوو لە دەڤەرەکەداو بگرە لەهەموو جیهاندا ڕەگی لەهەموو کۆمەڵگاکاندا داکوتابوو بەو ساناییە نەبوو کە هەندێك لایەن و هەندێك کەس لەڕۆشنبیرو هزرڤانان و سیاسەتوانانی سەر بەئایدۆلۆژیای سۆسیالیستی گومانیان دەبرد ٠ ئەمە جگە لەوەی کە لەڕووی یاساییەوە هەندێك لەو دەرەبەگانە هەوڵیستیان بێ عەیب و عاربوو واتە بەشێوازێکی یاسایی ئەو زەویانەیان بەدەست کەوتبوو ئەوجا دەبوایە حکومەت کە زەوییەکانیان لێ دەسێنێتەوە قەرەبوویان بکاتەوە ٠ جا بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو هەموو

---

[1] - الثورة الزراعية ومهام تطوير الريف ومشاكل الاسكان الريفي مجلة الثقافة الجديدة العدد ( ٦٠ ) ص ١٣٠.

[2] - لم يرد اسم كاتب المقال في المجلة ، الزراعة في بلغاريا ، مجلة الثقافة الجديدة العدد ( ١٧ ـ ١٨ ) ص ٦٥.

[3] - مكرم الطالباني ـ مقال النضال ضد العلاقات الاقطاعية وتصفيتها نهائياً المة الأساسية في المسألة الزراعية الأن ، مجلة الثقافة الجديدة العدد ( ٨ ) ص ١٠٩.

زەوی زارانـە پێویستە حکومـەت بوودجەیـەك دیاری بکـات و بیداتـە ئـەو دەرەبەگانـە تادەست لەو زەویانە هەڵگرن و بیدەنە حکومەت و ئەویش بەدەوری خۆی دابەشی بکاتە سەر جوتیاران ، بەڵام دابین کردنی بودجەیـەکی لـەم شێوەیە بـاری ئـابووری وڵات لاواز دەکات و بگرە بۆ ماوەی چەند ساڵێك لەمپەر دەخاتە بەر پێشڤەچوونی ٠

لەناو میللەتی کورددا دەرەبەگ چینێك بوونە کە هەمیشە لەکێشەو ڕزگاریخوازەکانـدا ئامادەکیان هەبووە ڕەچاوی بەرژەوەندیەکانی خۆی کـردووەو هەمیشە لەجوڵەو ئاکارو ڕەفتارەکانی جوتیار سڵەمیونەتەوە ، جا لەبەر ئەوەی جوتیار ڕەگ و ڕیشەی پێکهاتـەی کۆمـەڵگای کوردەواری بوو بۆیە ئاکاری دەرەبەگ هەمیشە دژ بەخواست و ویستی میللەت و نەتەوە شرۆڤە دەکرا ، (( دەرەبەگە کوردەکان واتـە سـەرۆکەکانی بزوتنـەوەی کـورد کـە پـەنایان دەبردەبـەر ئـەو دەوڵەتانـە لەبـەر ئـەوەبوو ناچـاربوون و ئـەوانیان بەنموونـەی دەوڵەتی پێشکەوتوو خاوەن دەسەڵات دادەنا ، سیاسەت و چارەنووسی جیهانیش بەدەست ئەو دەوڵەتانەوە بوو ))[1] ٠ کەواتە دەرەبەگ کەوتبووە نێو جەنجاڵی چـەندین فشارەوە فشاری جوتیارو فشاری دەوڵەتە ملهوڕەکانی دراوسێ و جگە لەهەستی نەتەوایـەتی ، کـە فشارێکی دەروونی هەمیشەیی کە بوونی هەبووە لـەلای زۆرێـك لەدەرەبەگە کوردەکان ، بەڵام لەبەر ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیـەکانی خۆیـان دەستەوەسـان دەمـان و نەیانـدەتوانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی تاسەر ببەن و بیگەیەننە ئاکام ، ئەو هەڵومەرجەی ئابووری و سیاسیەی کوردستان بەردەوام لەگۆڕاندابووە ، لەهـەر قۆناغێـك لەقۆناغـەکانی مێـژوودا کۆمـەڵێك لەخاسـیەت و تایبەتمەنـدی لـەخۆگرتووە ، لەقۆناغێکدا داگیرکـردن و برسـی بوون و تـاڵانکردن لـەقۆناغێکی دیکەدا دەستی چەوسـاندنەوە و دەرەبەگایـەتی بـەرۆکی چـینی هـەژارو کـەم دەرامـەتی کـوردی گرتۆتـەوە ٠ دەرەبەگایـەتیش وەك سیـستەمێکی ئابووری لەقۆناغێکی مێژووی نەتەوەیی کورد بۆتە دێوەزمەیەك بەسەر ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستان ، مێژوونووسانی کورد وێنـەی ئـەوبارە ناهـەموارەی کوردیـان کێشاوە بەهـەمان شێوەش لای ئـەدیبانی کـورد ڕەنگدانـەوەی ئـەو بارودۆخـە بـوونی هـەبووە ، پێکهاتـەی کۆمـەڵگای کـوردی لەسیـستەمی دەرەبەگایـەتی دا بۆتـە کەرەسـتەی نووسـین بەتایبەتی نووسینی ئەدیبان بەهەموو ژانرەکانییەوە نموونـەی بێکەسـی شـاعیر و قـانع دەیـان شـاعیر دیکـەی و حەسـەنی قزلجی چیرۆکنووس باسـی کێشەو گرفتـەکانی لادێـی کوردستان دەکـەن وێنـەی واقیعی ژیـانی ناهـەمواری دەرەبەگایـەتی وەکو ئاغـاو جوتیـار

---

[1] - م. س. لازارێف - کێشەی کورد نووسینی وەرگێرانی ، کاوی فەفتان ، ل ٧.

سەدان چیرۆك و ڕۆمان و شیعریان هێناكایەوە ، ئەمەش بەشێوەیەكی ناڕاستەوخۆ گوزارشتكردن و نووسینی مێژووی ئابووری و كۆمەلایەتی نەتەوەیمانە ، هەوڵێكیشە لەپێناو دووبارە نەبوونەوەی ئەو دۆخانەو وشیاركردنەوەی كۆمەڵگایە لەپێناو بنبڕكردنی كێشەو گرفتەكان ۰

ئاگاداربوون و ئاوێتەبوونی ژیانی كۆمەڵایەتی لادێی كوردستان ، لای نووسەران هەمیشە پێناسەو بابەت بووە بۆ قسەكردن لەسەر قورسایی ژیان و گۆڕانەكان ( عەزیزی مەلای ڕەش ) یەكێكە لەو ڕۆماننووسانەی ئاگایێكی باشی ئەو قۆناغەی مێژووییە بووە ، كە سیستەمی دەرەبەگایەتی و كێشەكانی لادێی ناسیووە ، (( نووسەر خەڵكی دەشتەو منالی و گەورەیی تیا بەسەر بردووەو لەناو دەس و دەمی كشتوكاڵ و ئاژەڵداری دابووەو شوێن و كەسەكانی ڕۆمانەكەشی كوردستان و كوردەوارییەو بەمە توانیویەتی سەركەوتووانە بنەوێتە هەرچیەك لەو بارودۆخەدا بووە ))[1] ۰ خستنەڕووی ئەو كێشەو بابەتانەی كە لەڕووبەری ڕۆماندا بەرجەستە دەبن هەمیشە نووسین پێویستی بەو باكگراوندە فیكری و مەعریفی و مێژووییە هەیە كە نووسەر بتوانێ خوێنەر بە ئاراستەی ماناكانی چەوساندنەوە كێشەو بابەتەكان دا ببات جگە لەوەش باسكردنی ئەو ڕووداوانەی كە ڕەگێكی واقیعی كۆمەڵایەتیان هەیە بەلایەنی كەم ئەگەر نووسەر خۆشی ئەندامێكی ئەو واقیعە نەبێت ، نووسەر پێویستی بەوە هەیە زۆر وریا و ئاگایانە ڕووبكاتە ئەو واقیعەی كە دەیەوێت خوێنەر بۆ ئەوكات و شوێن و كەسایەتیانە وەك ژانرێكی ئەدەبی ئەو هەل و مەرجە دەرەخسێنێ (( زۆربەی ڕۆمانەكان كۆمەڵگایەك دەخولقێنن ، كە زۆر ڕاستەقینەیە هەڵبەتە ئەم ڕێسایەش ڕێز پەڕی تێدایەو پەیوەستە بە شوێنێكی جوگرافی تایبەت لەگەڵ مێژوو ڕابردوویێكی دیار ))[2] . هەبوونی بارودۆخێكی نالەبارو نەبوونی بەرژەوەندی تاكەكانی كۆمەڵ بەتەواوی گەلانی دونیای تەنیوە بۆ نموونە هەژاری بابەتێكی گشگیرو جیهانییەو بەردەوامیش بەشێوەی جۆراوجۆر لەنێو دەقی ئەدەبی ئاماژەی بۆكراوە (( نووسەران و هونەرمەندان هەرچی لەتوانایاندا بووە لەدەرخستنی ئەم دیمەنە سامناكە درێغیان نەكردووە لەنێو ئێمەی كوردیشدا زۆر قەڵەمی بەبڕشت دەركەوتوون و خزمەتی بەرچاویان بەگەلەكەمان كردووە ))[3].

---

[1] - ڕزگار سالح - ڕۆمانی كوێخا سێوێ ، ڕۆژنامەی عێراق ، ژمارە ( ٦١ ) ، ١٩٨٨/١١/١٦ ، ل ١٢.

[2] - مالكام برادبری - ڕۆمان چیە ، وەرگێڕانی جەواد مستەفا سۆپەی ، گۆڤاری ڕامان ، ژمارە ( ٤٨ ) ، ٢٠٠٠ ، ل ١٤٢.

[3] - ئەحمەد ڕەحمانی - هەژاری و نەداری هەوێنی چیرۆكەكانی عەلی ئەشرەف دەروێشیانە ، گۆڤاری ڕامان ، ژمارە ( ٧٩ ) ، ٢٠٠٣ ، ل ١١٥.

## ٦-٣ :چەوساندنەوەی جوتیارو کێشەکانی لە ڕۆمانەکانی عەزیزی مەلای ڕەشدا

ململانێی چینایەتی ڕەنگدانەوەی ئەو بارودۆخەیە کە بەردەوام لایەنێك لەژێر چەوسانەوەی لایەنەکەی دیکەدابووە جوتیارو ئاغا ئەو دوو زاراوەیە چ لەڕابردوو ، چ لەئێستاشدا مانا و ئاماژەیەکی فراوانی نەگەتیف پڕ ئازار بەدوای خۆیان هەڵدەگرن خوێنەر و بیسەر ڕاستەوخۆ دەچنە نێو ئەو بیرکردنەوەوە کە هەمیشە یەکیان چەوساوە و ئەویدیکەیان دەسەڵاتدارو چەوسێنەربووە هەر بۆیەش لەنائاگایی ئێمەدا زۆرجار بەشێوازی جۆراوجۆر گوزارشتی لێ دەکرێت.

دەتوانین بڵێین لە ڕۆمانەکانی عەزیزی مەلای ڕەشدا تەواو ئەو حاڵەتە بەرجەستەکراوە کە وێنەی درندایەتی ئاغاو چەوساوەیی جوتیار بکێشێ و پێناسەیەکی گونجاوی ئەو بارودۆخەمان بداتێ و قۆناغی کوێرەوەرییەکانی لادێی کوردمان بۆ ڕاڤە بکات، بەتایبەتی لەڕۆمانی ( کوێخا سیوێ ، خاك و چەوسانەوە ، خاك و کێشەی مان ) لەبەیەکدا چوونی کەسایەتییەکان و کات و شوێنی ڕووداوەکاندا هەموویان دەبنە تەواوکەری ئەو بابەتانەی ، کە بەناوی ململانێی ئاغاو جوتیار چەوسانەوەو جیاوازی چینایەتی و خوێنداری و خۆشەویستی خاك و هەژاری و زۆر بابەتی دیکەی لادێی خراونەتە ڕوو هەڵبژاردنی شوێن لای ڕۆماننووس هەمیشە تەواو لەخزمەتی هەڵسوڕاندنی ڕووداوەکاندایە، ئەو ڕووداوانەی کە لە ڕۆمانەکەدا باسیان لێوە کراوەو لەدەشتی هەولێردا وەکو (قەراج و کەندێناوە) ڕوویانداوە لەژینگەیەکی هەژاری و کشتوکاڵیدا پێناسەیان دەکات لەهەڵبژاردنی کاتی ڕۆمانەکانیشدا بەتایبەتی(کوێخا سیوێ و خاك و چەوسانەوە ) باسی ڕووداوەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمە، بەتایبەتی لەدوای ساڵانی سییەکان. ڕەنگە لەئەمڕۆدا ئاغاو جوتیار وەك دوو زاراوەیکۆمەڵایەتی ئابووری نامۆ بن، بەڵام لەنیوەی یەکەمی سەدەی ڕابردوودا زۆربەی ناوچەکانی کوردستان هەمان دۆخیان هەبووە ، تەنانەت هەبوونی ئەو بابەتە چۆتە ناو فۆلکلۆرو ، ئەدەبیاتی کوردی لەو سەردەمەدا.

لە ڕۆمانەکانی عەزیزی مەلای ڕەشدا زۆر بابەت و کێشەی جۆراوجۆر هەن لەناو بابەتی ئاغا وجوتیاردا ئاماژەیان بۆ کراوە خوێنداری و تێکچوونی شیرازەی خێزان و سووربوون لەسەر مانەوەی خاك و ملکەچ بوون و زۆر بابەتی دیکە کە هەڵێنجراوی ئاکام و دەرئەنجامەکانی ململانێن. زەوی کشتوکاڵی وەك ڕەگەزێکی سەرەکی بوونی هەیە لەدروستکردنی ململانێ و ژیانی جوتیارو سەرەتاو کۆتایی کێشەکان بەسەرنجدانمان لەناونیشانی ڕۆمانەکان وەکو ( خاك و چەوسانەوە ) یان بەستراوەتەوە بە ( کێشەی مان )

واتە دەست بەردار نەبوون ، کەواتە خاك بۆتە ئەو هێماو چەقەی کە هێڵێکی جیاکەرەوە لەنێوان ئاغاو جوتیار دەنوێنێ ، ئیدی بوارێك بۆ پێداگرتن و سوربوون لەسەرمانەوەو دەستبەرداربوون دەست بەردارنەبوونێك دەرەخسێنێ کە بەهۆیەوە کوشتن ڕوودەدات زۆرداری و چەوسانەوە دەگەیەنێتە لوتکەو دواتر پەتی زۆرداریش دەپسێنێ.

دروست بوونی سەرەتای ململانێ و کێشەکان لەنێوان جوتیارو دەرەبەگدا لەو خاڵەوە دەست پێ دەکات کە زەوی و خاکی کشتوکاڵی دەبنە ئامرازو کەرەستەی ژیان بەپێی هەڵسوڕانی ڕۆمانەکانی عەزیزی مەلای ڕەش سەرەتای دروست بوونی گوندو پشت بەستن بەچاندن ژیانی جوتیاری دەست پێ دەکا پێش ئەوەی کەسایەتییەك هەبێت بەناوی ئاغاو دەرەبەگ بۆ نموونە لەڕۆمانی ( کوێخا سێوێ )دا کەس خاوەنی زەوی نەبووە بەواتایەکی دیکە شتێك نەبووە بەناوی ئاغاو جوتیار بەڵکو ژیانی مەڕداری و هەڵدانی ڕەشماڵ و گەڕان بەدوای لەوەڕبوونی هەبووە (( لەو قەراجە گەورەیە جێگا نەدەما کە هۆبەی ڕەشماڵی لێ هەڵنەدرێت تا گیانێر دەبوو ، پەرێزە جۆ دەکەوتە گۆڕێ مەڕوماڵاتیان لێ دەوەڕاند ، ئەوکات لێکرا پایدۆستیان دەکردو هەر کەس بارگەو بنەگەی خۆی تێکدەنا بەرەو شوێنەکەی خۆی هەیپەی لێ دەکرد مام هۆمەر خۆی یەکێك بوو لەمانە چەند ساڵ شوێنی ئەم حەسارەی کەوا ئێستا بەجێی هێشتووە ، کردبووە هەوارگەی خۆی )) ( کوێخا سێوێ/ ل ۸۰۷ ).

مام هۆمەر کە پاڵەوانی ڕۆمانەکەیە یەکێك لەو ساڵانە بڕیاری مانەوەی دابوو بەمەبەستی کشتوکاڵ کردن و مانەوەی لەدێکەدا، مام هۆمەر (( هەر ئەو ڕۆژە بڕیاری دا پێشەکەی بیرێکی لێ دا ، ئەگەرچی ئاوەکە تاڵ و سوێربوو هەر پێی ڕازی بوو لەپاشان لەهەر چوارلاوە زەوییەکی زۆری بۆ خۆی دابڕی )) ( کوێخا سێوێ/ ل ۸ ) ٠ لەگەڵ دامەزرانی مام هۆمەر لەسەر زەوی و کشتوکاڵ کردنی ( شێخ گومەر)ی سەرۆك خێڵی ( کۆچەری ) عەرەبن ئەویش گوندێك ئاوەدان دەکاتەوە ٠

گوندی ( مام هۆمەر ) و گوندی ( شێخ گومەر) لەگەڵ دامەزراندن و کشتوکاڵکردندا سەرەتای چاوبڕینە سنووری یەکدی و سەلماندنی دەسەڵات و هێز نواندن و سەلماندنی دەسەڵاتی بەهێزە لەبەرامبەر دەسەڵاتی کزو ململانێ دەست پێدەکات (( کە زانیان ئۆمەر تەنیا ماڵەو ئاقاری نیمچە گوندێکی لەبەردەستە ، بەخۆشیان زەوی و زاریان لەقەدەر زۆر کەمە ئیرەییان پێ برد ، چاویان بڕییە زەوی زارەکەی )) ( کوێخا سێوێ/ ل ۹ ) . هەمان وێنەی جوتیار کە خاوەنی سەرەتای زەوییە لەڕۆمانی ( خاك و چەوساندنەوە )دا وێناکراوە کە لەسەرەتادا تەنیا خەڵکی جوتیار خاوەنی زەوی بووە دواتر ئاغا دروست

بووەو دەستی بەسەر زەوی جوویتاراندا گرتووە بۆ چەوساندنەوەیان وەك لە ڕۆمانەکانی ( خاك و چەوسانەوە)دا هاتووە (( ئـەوەی ڕاستـی بـێ هـەوەڵ کـەرەت سوچەکە لەمـەڕ.. ڕدێـن سـپی و جوامێرەکـانی پێشترمان بـوو خـسوسەن بـابم و بابـت. کـە بەخوایـشت و خۆشحاڵی خۆیان چوونە دوای مستەفا ئاغای بابی و هێنایانە سەر حازرەکی بابم دەیگوت: زۆر ئاقڵ و لێهاتوو کارزانە هەر گوندێك لێی ببێتە براگەورە ، بەزووترین کات ، بەسەر گیروگرفت و نـاکۆکی خەڵکەکـەدا زاڵ دەبـێ و دنیـای دەکاتـە شـامی شـەریف )) ( خـاك و چەوسانەوە/ ل ٢٠٩ ) ، هەرچەندە کە لەهـەردوو ڕۆمانەکـەدا ئاغـا لەسـەرەتادا خـاوەنی زەوی مافی زەوی نەبووە ، بەڵام لەهەردوو ڕۆمانەکەدا هێڵێکی جیاواز هەیە لەسەرەتای ڕاکێشانی ئاغا بۆ ململانێی جوتیارو چاوتێبڕین لەداهاتوو زەوی لەڕۆمانی ( کوێخا سێوێ ) دا هـەوڵی ئاغـا بـۆ بەدەسـت هێنـانی زەوی، بەدەسـەڵات و توندوتیـژی بـووە ، بـەڵام لـەڕۆمانی ( خـاك و چەوسـانەوە )دا، هـاتنی ئاغـا لەسـەرەتادا بەشـێك پێوەنـدی هـەبووە بەدەسەڵات و زیرەکیی ئاغاوە، بەشەکەی دیکەی پێوەندی بـووە بەسـادەیی و ساویلکەیی خەڵکی هەژارو جوتیار کە بەخوایشتی خۆیان ئاغایـان کـردووە بـەبرا گـەورەو دواتـریش لەگەڵ سەپاندنی دەسەڵاتی ئاغاو بەهێزبوونی دارو دەستەی ناچار جوتیاران ملکەچی ئەو دەسەڵات و حەز و، یستانەی ئاغابوون.

پیـادەکردنی دەسـەڵاتی ئاغایـەتی لەسـەرەتادا ڕاسـتەوخۆ بۆتـە هـۆی ملکـەچ کردنـی دەسـەڵاتی جوتیـارو چەوسـاندنەوە ، بـەڵکو کۆمـەڵێك هۆکارو بەرنامـەی دوورو درێـژی لەپشتەوە هەیە ، واتە لەسەرەتادا ئەقڵی ئاغایەتی جۆرێك لەهەڵخەلەتاندن و فریودانی کەسـایەتی سـادەو سـاویلکەیی جوتیـاربووەو، دواتـریش ئاغـا توندوتیـژی بـەکارهێناوەو جوتیـاربووەو دواتـریش تونـدو تیـژی بـەکارهێناوەو لەهـەردوو حاڵەتـدا ملکـەچ بـوونی جوتیـارو بـەهێزبوونی دەسـەڵاتی ئاغـای لێ کەوتۆتـەوە ، لەسـەرەتادا جوتیـار دەیتـوانی لەئاست دەسەڵاتی خۆی و مافی موڵك و زەوی قسە بکات لەبەرامبـەر ئاغـادا. مـام ئۆمـەر بەشێخ گومەر دەڵێ (( ئۆمەر: دوێنێ شوانەکانت دەغلەکـەمیان هـیچ نەهێـشتووەو وەك ئەم عاردەیان لێکردووە شێخ گۆمەر: کام دەغل؟اشێخ گۆمەر: هەبێ و نـەبێ دوێنـێ ئـەو هەتیوانە خـەویان لێکەوتووە ، دەنگیشیان نـەکردووە)) ( کوێخا سێوێ/ ل ١٠ ) . ئاغا دەیەوێت جوتیار بێزار بکات تـا ناچار خـۆی دەست بـەرداری زەوی زار ببـێ وازبێنـێ ، سەرەتای ململانێ لەو خاڵەوە دەست پێدەکات کە هێشتا توندوتیژی بەپێوییست نازاندرێ ، بەڵام لەڕۆمانی ( خاك و چەوسانەوە)دا ، برا گەورەیەتی ئاغا لەگوند لەگەڵ تاپۆکردن و بەناوکردنی زەوییەکان لەلایەن ئەندازیاری ئینگلیزی دەسەڵاتدار بەناوی (مستەر لاین )

تەواوی جوتیاران زەوییەکانیان پێشکەشی ئاغا دەکەن لەسەردەمی ( لاین )ەوە، چونکە لاین زۆرداری کەس نەبووە جووتیار شایەتی بۆ کێ دابێ ئەوەی نووسیویەتی زەوییەکان بەناوی ئاغا دەکرێن حاجی وەك پیاوی ئاغاو ئەڵقە لەگوێی ئاغا لەبەرامبەر ( لاین )دا، دەڵێ: (( گەورەم خودا لەهەوەڵ ڕۆژی کە دنیای دروست کردییە گەورەو گچکەی دانایە دنیا هەر وابووەو هەرواش دەبێ ئەورۆ براگەورەی مە ، عەولاّ ئاغایەو لەچاوی خۆمان خۆشتر دەوێ نەك زەوی و زار ، بگرە لەڕاستی دا خاوەن سەرو ماڵی خۆشمان نین )) ( خاك و چەوسانەوە/ ل ٨٨ ) ئەوەی لەو پێشکەشکردنی زەوییەدا بە عەبدوڵلا ئاغا، بەدەر دەبێت، تەنیا عەولاّ گزگل.

عەولاّ گزگل دەبێتە ئامانجی ئاغاو بەردەوام هەوڵدەدات دەست بەرداری زەوییەکەی بێت ، بۆیە هەر لەسەرەتاوە وەك ڕەوشتی گورگانەی ئاغا لەلایەن دارو دەستەکەیەوە هەوڵ دەدەن عەولاّ گزگل زەوییەکەی خۆی پێشکەشی ئاغا بکات (( هاچت گۆت؟ بابە شەرت بێ ، لەسەر دەستی ئەو پیاوە زەریفانە تا ئەو ڕۆژەی ئەمن سەر دەنێمەوە تاپۆشت لێ وەرناگرم)) ( خاك و چەوسانەوە/ ل ٩٩ ) .

کەواتە لەهەردوو ڕۆمانی ( کوێخا سێوێ ، خاك و چەوسانەوە )دا زمانێکی نەرمی ئاغایانە هەیە بۆ لەدەست دەرهێنانی زەوی لەڕۆمانی ( کوێخا سێوێ ) دا ( مام هۆمەر ) یاخی دەبێت ، هەروەها لەڕۆمانی ( خاك و چەوسانەوە ) دا ( عەولا گزگل ) لەسەر مافی زەوی باب و باپیرانیان ملکەچی دەسەڵاتی ئاغای ستەمکار نابێ چونکە لای (مام هۆمەر) و ( عەولاّ گزگل ) وێڕای ئەوەی کە دەزانن ژیان و گوزەرانیان پێوە بەندە لەلایەکی دیکەش لەئاست سەلماندنی مافەکانی خۆیاندا دەست بەردار نابن ، بۆیە لەهەردوو ڕۆمانەکەدا زەوی وەك چەمکی ( شەرەف ) مامەڵەی لەگەڵ کراوە یەکێك لەو بابەتە هۆشیارانەی نێو کەلتوری خێڵ شەرەفە بۆیە لای ( مام هۆمەر ) و ( عەولاّ گزگل ) پێناسەی خاك و شەرەف یەك مانایان هەیە (( زەوی عەورەت پۆشەو پیاویش ، لەدنیادا عەورەت پۆشی نەبوو بەچ ناچێت و خۆشی و کامەرانی ژیانی دەتۆرێن )) ( خاك و چەوسانەوە/ ل ٩٩ ) .

لە ( ڕۆمانی کوێخا سێوێ ) دا بەباوەڕی کوێخا سێوێ ژنی هۆمەر خاك هەمان مانای شەرەف دەگرێتەوە (( دوژمنایەتییەکەی جاران سەرهەڵدەداتەوە دەڕوەستیان نایێم ، بەڵام زەوی ناموسە ، مرۆڤ تا دواتنۆکی خوێنی نەڕێژێت چۆن دەستبەرداری ناموسی خۆی دەبێت)) ( کوێخا سێوێ/ ١٤٧ ) . دامەزراندنی ململانێی نێوان کەسێتییەکانی ڕۆمان لای ڕۆماننووس لەوەوە سەرچاوە دەگرێت ، کە جوتیار پێداگری لەمافی خۆی دەکات و حەزناکات زەوی لەخۆڕا بدات بەئاغاو دواتر خۆی و خێزانی لەژێر چەوسانەوەی ئاغادا

بژین ڕەنج بۆ ئاغا بدەن، لەبەرامبەر ئەو بیرکردنەوەیەشدا حەزە چاو چنۆککەکانی ئاغا کە لەئاست زەوی ( مام هۆمەر و عەولا گزگل )دا دەگاتە ئەو ئاستەی ، کە پیلان لەدوای پیلان بگێڕن، بۆ لەدەست دەرکردن و داگیکردنی زەوی جوتیاران.

ئەو هەنگاوانەی کە ئاغا لەپێناو کپکردنی دەسەلاتی جوتیاردا دەیانگرێتەبەر زۆرو جۆراوجۆرن ، دوای ئەوەی ئاغا دەگاتە ئەو ڕاستیەی ، کە بەزمانی خۆشی و سادە ناتوانێ جوتیاران لەخشتە ببات ئیدی وردە وردە پیلان بەدوای پیلاندا بەسەر جوتیاری چەوساوەدا جێ بەجێ دەکات ، (( گزگلی قوڵە مەیتەر ، ئەگەر بچیە بن پەڕەکەی ئاسمانیش ، لەدەست عەولا ئاغا قوتار نابی بەس هەتا ڕۆژت دادێ )) ( خاك و چەوسانەوە/ ل ١١٠ ) ٠ هەر لەبەشێکی دیکەی ڕۆمانەکەدا ئاغا لەبارەی عەولا گزگلەوە دەڵێ: (( ئێ ئێ بالۆت بمێنێ چرچەی بۆقانی ئەو مووە لەپیاوان نەهاتبێ ، ئەگەر ئەو تۆڵەیەت ، دەفات لێ نەکەمەوە دەبێ بەتۆ پین بتتۆپێنم ))(خاك و چەوسانەوە/ ل ١٠١ ).

لە ڕۆمانی ( کوێخا سێوێ )دا پیاوێکی (شێخ گومەر) بەناوی لۆق درێژ دەکوژرێت لەکاتی سولحکردندا ئاغا مەرجی چۆلکردنی زەوی و زار بۆ مام هۆمەر دادەنێت (( بەمەرجێك دەبێ تۆش پێش چاومان بەردەیت و سەری خۆت بۆ کوێندەر هەڵدەگریت هەڵگرە. تا دنیا ماوە نامانەوێت جارێکی تر چاوت ببینین )) ( کوێخا سێوێ/ ل ٢٨ ) ، هەرچەند ( مام هۆمەر ) لەئاست ئەو دوژمنداریەدا خۆی بەخاوەن ماف دەزانی و سەری بۆ داواکەیان شۆڕ نەکرد بەڵام ئاغا بەپیلانی دیکەی ( مام هۆمەر )ی ناچار دەکرد لەگوندەکەی بڕوات (( دوژمنەکان ناوە ناوە لە ئاقار مەڕیان دەدزی و مێگەلیان دەدایە بەر تفەنگان تەبارەیان دەسوتاند )) (کوێخا سێوێ/ ل ٣٠ ) هەر لەدرێژەی ڕەوشتەکانی ئاغادا هاتووە (( هەر جارێ بهاتبوونایە زەرەرێکیان پێدەگەیاند شەوێك ماین و هێسترێکیان کوشت ، شەوێکی تر چەند سەر حەیوان شەوێکی دیکە جۆخینەگەنمەکەیان ئاگر تێ بەردا )) ( کوێخا سێوێ/ ل ٣١ ).

هەڵسوکەوتە دڕندانەکانی ئاغا بەردەوام هەڕەشەی ترس و تۆقاندن بوو بۆ سەر خەلکی گوند بۆیە ترس لەدەسەلاتی ئاغا وێنەیەکی دوو بارەبووی سەرزاری کەسایەتی نێو ڕۆمانەکانی عەزیزی مەلای ڕەشن (( حەفت هەشت نۆ ساڵان بوو ڕۆژێك بێ ئەوەی ئاگای لێ بێت کارەکانی بەربوونە پارچە دەغڵێکی عەولا ئاغا، بەپرتاو چوو دەریان بکات. هەر هەندەی زانی عەولا ئاغا بەسوارێ گەیشتە سەری تاخوا هێزی دابووێ لەترسانا بەرەو ئاوایی پێی پێوەنا هەر لەبای غارا بەقامچی یان وەری گەڕایێ )) ( خاك و کێشەی مان/ ل ١١٨ ) ، مامەڵەکردنی ئاغا بەشێوەی توندو تیژی بەرامبەر منداڵانیش

زۆردارانەبووە حەمەی کوڕی عەولا گزگل لەخەودا وێنەی ئاغا وەك مۆتەکەیەك بەرۆکی دەگرێت و هاوار دەکات (( کوڕە هات ، بەحەقی خودا هات ، ئاغا دەمکوژی کوڕە بابە ئەسپەکەی بگرە پانم دەکاتەوە. ئەسپەکەی بگرە ئەسپ ، ئەوەتە ئەسپەکە ، ئەسپەکە هات )) ( خاك و چەوسانەوە/ ل ٤ ) ، پیادەکردنی ترس لای ئاغا مەبەستی فراوانکردنی دەسەڵات و سەرپێدانەواندنی خەڵکی جوتیاربوو تا لەئاست ئاغادا ملکەچی فرمانەکان بن ، ئاغا تەنانەت دارو دەستەکەی خۆشی دەکوتان کە کاریان بۆ دەکرد (( هێشتا لایین لەئاوایی دوور نەکەوتۆتەوە ، عەولا ئاغا لەحاجی خدری یەکەم پیاوی کەوتە هەنجەت و بەتوێی نێوڕانێ دەری کرد )) ( خاك و چەوسانەوە/ ل ١٠٢ ) ، هەر ئەم کردەوانەی ئاغا بوون نەك تەنیا لەگوندەکەیان بەڵکو دەست بەرداری مافی خۆشیان دەبوون (( خەڵکی دێی ( ك ) یش کەسی ماڵێك دەبێت ، لەباکوری خۆرهەڵات کەوتووە ، زەوی خۆیان سەرتاپا ، بەم شێوەیە پێشکەش بە ئاغای کرد ))( خاك و چەوسانەوە/ ل ١٠٢ ).

لەڕۆمانەکانی عەزیزی مەلای ڕەشدا ( شێخ ) هێماو ئاماژەیە بۆ ساختەکاری و فێڵبازی سەرەڕای ئەوەش، کەسێتی شێخ کەپلەو پایەیەکی کۆمەڵایەتی بەرزی هەیە ، دەبێتە دارودەستەی ئاغا، لە ڕۆمانی ( لێقەومان )دا لە وەسفی کەسێتی شێخ هاتووە (( بەداخەوە باری کۆمەڵایەتی و دابو نەریتی سەردەم نایەڵێت بەرگری لەخۆم بکەم و قسە فیشاڵ و هەڵبەستراوەکانت یەکە یەکە پوچەڵ بکەمەوەو بەخەڵك بسەلێنم ، نەخاسما بەو مەلا باشانەی کە بەڕاستی لەدین شارەزانەو کاری پێ دەکەن ، تەنیا تۆ نەبیت لەنێوانیاندا ڕێگای چەوتت گرتووە )) ( لێقەومان / ل ٢٧ ) .

( شێخ ) لەنێو کۆمەڵگای کوردیدا هەر لەزووەوە پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەرزی هەبووە ، خەڵکی لادێ و شار گوێڕایەڵی ئامۆژگاری وتەکانی شێخن ، زۆرجار ڕۆڵی باشی هەبووە لەچارەسەرکردنی گرفتەکاندا لەهەمان کاتیشدا بەقسەو ئامۆژگارییەکانی شێخ، لەبری چارەسەرکردن، ئاگری گەورەتری لێکەوتەوە، هەربۆیەش یەکێك لەکەسێتیە کاراکانی نێو ڕۆمانەکانی عەزیزی مەلای ڕەش، شێخە، ئەو شێخەی کە دەسەڵاتێکی کۆمەڵایەتی باشی هەیە، گوێڕایەڵبوون و هەبوونی ئەو پێگە کۆمەڵایەتییەی شێخ دەبێتە هۆکارێکی کاریگەر بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجەکانی ئاغا ، هەر لەدوای ئەوەی ئاغا لەڕێی هەڕەشەو گوڕەشەکانییەوە نەیتوانی عەولا گزگل ڕازی بکات واز لە زەوییەکەی بهێنێ ، ئیدی لەپیلانی دیکەیدا ئاغا، ( شێخ عزالدین ) دەکاتە ئەڵقەیەکی پێوەندی بۆ ڕازی کردنی عەولا گزگل لەڕێی قسەی بریقەدار و ئامۆژگارییەوە خەلیفەی شێخ بەعەولا گزگل دەڵێ (( فەرمانی جەنابی بابە شێخ سەبەب و مەبەبی ناوێ ، بەخۆت ئەزانی

ئەوەی ئەو بیکا یان بفەرمووێ ، لەبەرژەوەندی موسلمانان بەملاوە چیتری لێ ڕەچاو ناکرێت ، سەرپێچیشی کوفرو لەدین دەرچوونە )) ( خاك و چەوسانەوە/ ل ١٠٤ ).

کێشەی مانەوەو سوربوون لەسەر خاك لای عەولا گزگل تاکە جوتیاری ئەو گوندەیە کە هەموویان لەخزمەتی فەرمانی شێخ دان ، بەڵام ئەم نەك بەهەڕەشەی ئاغا سەردانانوێنێ ، تەنانەت فەرمانی شێخیش بەڕەوا نازانێت و لەپێناو وازنەهێنانی لەزەوییەکەی ، بڕیاردانی شێخ بۆ دوعاکردن لەعەولا گزگل تەواو بڕوایێکی سەیر لای خەڵکی دروست دەکات ئەگەر واز لە زەوییەکەی نەهێنێ، ئەوا بەر نەفرەتی شێخ دەکەوێ (( چەند کەس لەخزمەتی حازربوون جەنابی فەرمووی ئەگەر لەژێر کەمەندمان دەربچێ دوعای لێ ئەکەم لەحەوت پشتی کاربکات و سەلبی ئیمان ببێ و لەگۆڕستانی موسلمانانیش نەشێردرێتەوە )) ( خاك و چەوسانەوە/ ل ١٠٥ ). لەئاست هەموو ئەو شالاو و هێرشانەی ئاغادا ،کە بۆسەر جوتیارێکی داماو دەیکات ، قسەی جوتیاری داماو تەنیا ئەمەیە: (( هەر لەسەر ئەوەی خۆم و منداڵم دەست شکاو.. ڕەنجەڕۆ ناکەم و دەیمە خاوەن زەوی و زاری خۆم )) ( خاك و چەوسانەوە/ ل ١٠٦ ) .هەرچەندە جوتیارانی گوند لە ترسی خزمەتی ئاغاو ساویلکەیی خۆیان دەستبەرداری زەوییەکان دەبن و خزمەتی ئاغا دەکەن بەهۆی دوعاو ئامۆژگارییەکانی شێخەوە، ئەو باوەڕەیان لادروست دەبێ کە بڵێن: (( کوڕە ئەمن بەخۆم بەو گوێیانەم لەخەلیفەم بیست: بابە شێخ دوعای لێ کردییە ، نەك لەدونیا ، لەقیامەتیش ڕوو ڕەش دەبێ )) ( خاك و چەوسانەوە/ ل ١١٢ ) .

عەولا گزگلی جوتیار هەرچەندە گوێ بەقسەو باسەکانی خەڵکی نادات ، بەڵام بیرو باوەڕی خەڵکەکە ئەوەندە بەشێخ تۆکمەیە ، تا بەو ئاستە دەگات لەبەر ئەوەی قسەی شێخی شکاندووە ،هەموو خەڵکی گوند ڕقیان لەبنەماڵەی عەولا گزگلە ، لەو کاتەدا هەر بۆ نەگبەتی عەولا گزگل منداڵێکی دەمرێت ، ئیدی تەواوی خەڵکەکە باوەڕیان لەسەر ئەوەیە ، کە هەڵسوکەوتی عەولا گزگل لەبەرامبەر ئاغاو شێخدا بەر نەفرەتی دوعای شێخ کەوتووە ، بەو ڕووداوەش خێزانی عەولا گزگل تووشی نامۆیی و گۆشەگیریی دەروونی دەبن تا دەگاتە ئەوەی کە دەزگیرانی حەمە ڕیقلاوی کوڕی عەولا گزگل لەبەر نەفرەتی شێخ پەشیمانی دەکەنەوەو تەواوی خەڵك خۆیان لێ بەدوور دەگرن (( ڕۆڵە بەقوربان بنەچەی گزگلی دەمۆر ، بە بەر غەزەبی خودا کەوتینەو دوعای بابەشێخ ، بەقوربانی بم ڕەت بوونەوەی نییە ، هەر بزانە بەپەندی بردن )) ( خاك و چەوسانەوە ، ل١٤٢) ٠ کەواتە ئایین لای ئاغا ئامرازێك بووە بۆ فرۆفێڵێك و هەڵخەڵەتاندنی جوتیاران ، هەرچەندە لەڕۆمانی ( خاك و چەوسانەوە ، کوێخا سێوی ،

خاك و كێشەی مان )دا ، مەلا وەك ڕەمزێكی ئایینی لە ئاست ئاغاو جوتیاردا هەمان ئەو وێنە نییە كەلای ( شێخ ) هەبووە ، بەڵكو مەلا وێنەی ئاشتەوایی و پشتگیری هەژارانیش بووە ، لەڕۆمانی ( خاك و چەوسانەوە)دا ، مەلا لە پێشكەشكردنی زەویی جوتیارانبە ئاغای پێ ناخۆش دەبێت و دەستخۆشانەش لە عەوڵا گزگل دەكات ، بەوەی زەوییەكەی خۆی پێشكەش ناكات ، هەرچەندە مەلا ناتوانێت بەرامبەر ئاغا هەڵوێستی توند بنوێنێ ، بەڵام هەرگیز لەگەڵ دەسەڵاتی ئاغاشدا نەبووەو ڕەوشتەكانی ئاغاش بە خراپە لای مەلای ئاوایی ناسێنراون ، لەبەرامبەر ئەمەشدا ، ئاغا مەلای خۆش ناوێت و حەز بەچارەی مەلاش ناكات ، هەر لەچوارچێوەی ڕووداوەكانی نێو ڕۆمانەكانی عەزیزی مەلای ڕەشدا ( حاجی ) ڕەمزێكی ناشرینە و، بەزۆر مانای جیاواز لەنێو دەقەكاندا پێناسەكراوە بەتایبەتی لەچەوساندنەوەی جوتیاراندا چ لەڕێگای دۆستایەتی ئاغا یان لەڕێی كاركردن بەجوتیاران و قەرز پێدان و وەرگرتنەوەی لە جوتیاران (( حاجی خدر جوامێرو تۆزێك سەرەدەری لەخوێندنەوە دەردەكرد دوای ئاغا دەوڵەمەندترن كەس بوو ، جگە لەبەر جووتە هێسترێك زەوی ، مێگەلە مەڕێكی گەورەی لەژێردار دابوو ، هەردەم خەریكی چەرچیاتی و سەلەم و مەلەم بوو )) ( خاك و چەوسانەوە/ ل ١٥ ) . یەكێك لەپیلانەكانی حاجی فیرسز دژی عەوڵا گزگل ئەوەیە ، كە شایەتی بۆ ئاغا دا كە زەوییەكەی لێ كڕیوە و ئەم پارەكەی بۆ بردووە ،( حاجی فیرسز دەست بەقورئان دادەدا: (( ئەمن بەدەستی خۆم پەنجا دینارەكەم لە عەوڵا ئاغا وەرگرت و بردم و دامە دەست ئەو عەوڵا گزگلە)) ( خاك و چەوسانەوە/ ل ١٦٤ ) ٠

هەرچەندە حاجی ڕەمزی ئایین و خێرو خۆشیی و پاكییە ، بەڵام لەڕۆمانەكانی عەزیزی مەلای ڕەشدا ڕۆڵی ( حاجی ) پێچەوانەیە وەك كارەكتەرێكی لاوەكی لەخزمەتی دەرخستنی زیاتری كەسایەتی ئاغادایە و هەر بۆیە لەڕۆمانی ( خاك و چەوسانەوە )دا ، لەو كاتەی وشكە ساڵی و نەهامەتی گەنم و جۆ دەبێت ، جوتیاران پێویستیان بەهاوكاریی یەكتری هەیە بەهۆی ئامۆژگارییەكانی مەلاوە جوتیاران هاوكاری یەكتر دەكەن ، ئەو هاوكاریكردنەش دەبێتە مایەی تووڕەبوونی ئاغاو حاجی ، چونكە قازانجی ئەوان لە وشكەساڵیدایە تا بەئارەزووی خۆیان قەرز بدەن بەجوتیاران لەكات و وەرزی داهاتوودا بەزیاترو دوو ئەوەندەی بەرامبەر لێیان وەربگرنەوە (( هەموو ساڵێ ئەو مەحەلانە ، بەقەرزی دوو سێ مانگ قازانجێكی زۆری دەخوارد ، بەدوو قسەی ڕزی دەست براوی كرد )). ( خاك و چەوسانەوە/ ل ٣٣ ).

له ڕۆمانی ( کوێخا سێوێ )دا حاجی هەرچەندە کلکایەتی لەگەڵ ئاغادا نییە ، بەڵام ئارەزووی لە چەوساندنەوە هەیە و ، بەردەوام هەژاران و جوتیاران لەدەستی غەداریی ئەو دەرنەدەچوون،چونکە دەسەڵات وەکو خۆی نییە بەزیندوویێتی پیاو دەگۆڕێنێ،جارێك لەشوانێکی خۆی تورەبوو ( کوێخا سێوێ / ل ٧٢ ) ، هەر لەدرێژەی پیشاندانی ڕەوشتی حاجیدا، لەبەرامبەر جوتیاردا نموونەی کوێخا سێوێمان هەیە ، کە مام هۆمەری مێردەکەی حاجی نەخۆش دەکەوێت و لەساڵی نەهاتی دا ناچارن لەگەڵ حاجیدا پشتەکۆڵو سەپانی بکەن ، حاجی حەزە سێکسییەکانی لەبەرامبەر سێوەسووردا ، واتە ( کوێخا سێوێ ) دەکەوێتە کارو بەردەوام هەوڵدەدات بەهۆی سەپانییەکەوە. ( کوێخا سێوێ ) بەرەو داوێن پیسی ڕابکێشی! ( کوێخا سێوێ ) لەبەرامبەر حەزی حاجیدا زۆر دان بەخۆیدا دادەگرێت ، بەڵام لەکۆتاییدا هەوڵەکان حاجی بەهۆی نەخۆش کەوتنی مێردەکەیەوە بەرەو بە ئامانج گەیشتن دەڕوات تا حاجی لەوە زیاتریان پێ نەکات و دەریان نەکات ( کوێخا سێوێ)ش ناچارە چەند ساتێك دەست بەرداری ئابڕوی خۆی بێت و خۆی بۆ حاجی شل دەکات ، چونکە (( حاجی کە لە ئاست ئافرەتەکە ئومێدە بڕیبوو نیازی وابوو هەر ئەو دەم بچێتەسەر پەرێز مێردەکەی دەربکات )) ( کوێخا سێوێ/ ل ٧٥ ).

جوتیار سەرەڕای ئەوەی کە خاوەنی زەوی و بەرهەمی خۆی نەبوو ئەو داهاتەی کە بەشی بژێوی ڕۆژانەی بوو لەهەندێ ساڵدا بەهۆی باران نەبارینەوە برسیەتی و ناخۆشی زیاتر بەرۆکی ئەوانی دەگرت ، مام هۆمەر لەگەڵ ئەوەی لەبەرامبەر ئاغادا سەری خۆی دانەنواند و مەیدانی بۆ ئاغا چۆل نەکرد و وازی لەزەوییەکەی نەهێنا، بەڵام وشکە ساڵی و نەبوونی باران مام ئۆمەر ناچار دەکات سەر هەڵگرێت بەرەو گوندەکانی دەوروبەر تا بژێوی خۆی بەدەسبهێنێ (( دیسان سەری بەرەو ئاسمان هەڵبڕی و گوتی: مردین ئەومندەی لەبەرت بناورێینەوە ، نوێژە بە بارانەت بۆ بکەین. شێخ و سەید و پیاو چاك نەمان شەوانی ساردی زستان و بەهار لەبەر ئاوێیان هەڵنەنێین و ئاڵای چاك لەکەندو چۆمان هەڵنەدەین..!چونکە مەرامت لەسەر نەبوو مرازت حاسڵ نەکردین و نەکردین )) ( کوێخا سێوێ/ ل ٥٢ ).

کەواتە جوتیار لەگەڵ ئەو بارە ناهەموارەی کە هەی بووە لەدەستی ئاغا ، هەمیشە ژیانی لەمەترسی دابووە ، بەرهەمی ڕەنج و شانی هەر بۆ ئەوەبووە ، خۆی پێ بژێنی ، ڕازی بوونی جوتیار بەو ژیان و مردن و ژینەش هەمیشە جێی بڕوانەبووە ، بەڵکو ئاغا نەی دەویست جوتیار دەستهاتێکی سەربەخۆیی هەبێ مەبەستی تەنیا ئەوەبووە جوتیار کارکەری بێت تا دەمرێت ، تەنانەت بەیەك تاکە جوتیاریش ڕازی نابێت کەڵیی یاخی

ببێت ، هەر بۆیە عەولا گزگل کە لەسەر حەقی خۆی پێدا دەگرێت و نایەوێت نە بەقسەی شێخ نەبەترسی ئاغا واز لەزەوییەکەی بهێنێ ، عەولا ئاغا لەڕۆمانی (خاك و چەوسانەوە)دا، دەست بەرداری زەوییەکەی نابێت ئیدی پلانەکانی چڕتر دەکات ، عەولا گزگل لەئاوایەکەی دەردەکات و ناچاری دەکات بەتەنیا لەسەر زەوییەکەی خانوو بکات دوور لەئاوایی بژیێت ، ئیدی کە ئاغا دەزانێت ئەو دەرکردنەی کاریگەری نەبووە داوا لەدۆستان و ئاغایەکانی دەوروبەری دەکات کە ئاوی خواردنەوە بە بنەماڵەی عەولا گزگل نەدەن (( عەولا ئاغا داوای قەدەغەکردنی لەخەڵکی هەردوو گوندان کرد. وابوو نادر ئاغا ( چی ) ئەگەرچی نێوانیان تەواو نەبوو ، بەڵام بۆ خاتری ماڵە کرمانجێك دڵی نەشکاند لەو ڕۆژەوە پێکهاتنەوە )). ( خاك و چەوسانەوە/ ل ١٣١ ) . لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت ئەوەی کە ژێردەستەو چەوساوەی ململانێی بێت هەر جوتیارە ، ئەو ئاغایانەی کە حەزیان بە یەکتر نەدەهات لەپێناو چەوسانەوەی جوتیارو سەرگرتنی پلانەکانیان یەك دەنگ دەبن ، تا هەموویان بەرژەوەندییەکانی یەکتر بپارێزن.

لەنێو هەموو داهاتەکانی جوتیاردا تەنیا دەغڵ و دان بەرهەمی ئەوان بوو ، عەولا گزگل لەگەڵ ئەوەی تەواوی خانەوادەکەی نامۆو گۆشەگیربوون و بەقسەی خەڵك بەر نەفرەتی شێخ کەوتوون ، تا ئەو ڕادەیەی برا و خێزانی برای عەولا گزگل هەمان بۆچوونی خەڵکیان هەبوو کە ئاغا وەك دەردێکی کوشندەو ناخۆش ئاراستەی عەولا گزگلی کردبوو ، بەڵام عەولا گزگل هەر ئەو پێداگرییەی عەولا گزگل وایکرد کە جارێکی دیکە عەولا ئاغا پەنا بۆ ڕاپێچ کردن بۆ زۆرداری نەبۆ گزگل!! پلانێکی دیکە ببات ، ئەویش سوتاندنی دەغل و دانی عەولا گزگل بوو لەبەرامبەر ئەو پلانەشدا عەولا گزگل زەوییەکەی خۆی ساڵانە لەترسی ئاغا دەکردە بێستانی دێمی (( ئەو گاوری لەگاور بابە بوویتە ئاقاندڕمان و نایێڵێ نانەکەی بەڕەحەت بخۆین. دەیەوێ بەجارێك لەبنمان بێنێ )) ( خاك و چەوسانەوە/ل ١٦٢ ) .

عەولا ئاغا ناتوانێ بەو پیلانانەی کە دەیانگرێتەبەر وا لەجوتیارێکی داماو بکات زەویی باب و باپیرانی بۆچۆل بکات ، تەنیا ئەوەندە نەبێت کە ژیانی جوتیار ئەستەمتر دەبێت ، بەڵام ململانێی نێو کارکتەری جوتیارو ئاغا لەهەرسێ ڕۆمانی ( کوێخا سێوێ ) و ( خاك و چەوسانەوە ) و ( خاك و کێشەی مان ) ململانێیەکی توندە هەرچەندە هەنگاو بەهەنگاو پلانەکانی ئاغا توندتر دەبن ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خۆشەویستی و سوربوون لەسەر مانەوەی خاك زیاتر دەبێت لەبەرامبەر هەر پلانێکی ئاغادا کە بەشێوەیەکی دڕندانە ئاراستەی جوتیار دەکرێت ، بەڵام لەلای جوتیار بەشێوەی هێمان ، لەبری پلانەکە

بیانوویەك بۆ مانەوە لەسەر زەوی و زار دەدۆزرێتەوە بەڵام لەبەرامبەر ئەو چارەسەرەدا، دەردەسەری و ناخۆشییەکانی جوتیار زیاتر دەبن (( فەرمەسۆن(*) ژنمان لێ هەڵگرتی ، کلکی وڵاخمان بڕی ،(**) ئاخر چمان لێ کردی ، بۆ لەکۆڵمان نابیتەوە ، لۆ...؟ ئـ... هـ ئەگەر بڵێی تازە بەتازە ، هەتا... هەناسەمان لەبەرەوە بێ و دەرۆژەی حەفت مەملەکەتان بکەین ، بستێك چییە ، لەزەوی خۆمان دوور ناکەوینەوە ، بنیادەمیش لەسەر عەردو بەردی خۆی هەرچی بەسەربێ سەر بڵندی دنیاو قیامەتە))( خاك و چەوسانەوە/ ل ١٦٣ ) ئەم قسەیەی عەوڵا گزگل وەڵامێکە بۆ عەوڵا ئاغا ، بەڵام نەك دەسەڵاتێك بێت ئاغای پێ هەراسان بکات ، بەڵکو ئەمە ورێنەیەکی ناخی هەژارێکی چەوساوەیە ، کە لە ئاستی ئاغادا هیچی لەدەست نایێت ، تەنیا ئەوە نەبێت کە بە پلان و هەڵسوکەوتەکانی ئاغا وازناهێنێ و مردنی خۆی پێ باشترە لەدەست بەرداربوونی زەوییەکەی.

ئەو ململانێ دوورەی ( عەوڵا گزگل ) لە ڕۆمانی خاك و چەوسانەوەدا ، ( مام هۆمەر ) و (کوێخا سێوێ )ی ژنی مام هۆمەر لەگەڵ ئاغا کردیان لەئاستی تاکە کەسیدابوو تەنانەت هەردوو براکانی مام هۆمەرو عەوڵا گزگل کاتێك خۆیان دەست بەرداری مافەکانی خۆیان بوون یارمەتی برایەکانی خۆیان نەدا ، بەڵام هەوڵی ئاغا هەوڵێکی یەکلایەنە نەبوو بەڵکو تەواوی داروەدستەکەی ئاغاو ئەو خەڵکە ساویلکەبوون کە باوەڕیان بەفرتوفێڵەکانی ئاغادا هەبوو ، سەرەڕای وەرگرتنی بەشێکی زۆری ڕەنجی خەڵکی جوتیار بۆ ئاغابوو ، کۆمەڵێك ئەرکی دیکەشیان لەسەر شان بوو وەکو دروست کردنی خانووبەرە بۆ ئاغاو جوتکردن و زۆر بابەتی دیکەی هەرەوەزی کە لەخزمەتی ئاغادابوون (( ڕۆژی بەگوێرەی پێویست ، لەسی تا چل خەڵکی هەردوو گوند ، هەر لەبەیانی ڕۆژهەڵاتەوە ، هەتا ڕۆژئاوا ، مێرووئاسا تێور دەهاتن. لەدێیەکانی دی ئاو خۆرەوە ، زەوی لەبەر دەست دانەبوو ، کەچی عەوڵا ئاغا ئەو دەستوورەی وەلانا:(( هەرچی دانیشتوانی منە ، چ فەلاح چ ئاو خۆرەوە ، لەبەر ئەوەی ، لەسەر خاکی من دەژین دەبێ وەك یەك بەشداری بکەن )). ( خاك و چەوسانەوە/ ل ٢٠٤ ) . هەر لەهەمان ڕۆماندا لەبارەی خزمەتکردنی ئاغاوە هاتووە (( لەو ماوەیەدا ، سوخرە ، هەرگیز کەسی نەدەبوارد ، تا سەفەرو نەخۆشیش )). ( خاك و چەوسانەوە/ ل ٢٠٥ ).

* - واتە کەسێك لەسەر هیچ دینان نەبێت بڕوانە: فەرهەنگی خاڵ: شێخ محەممەدی خاڵ ، بڵاوکراوەی دەزگای ئاراس ، چاپی دووەم ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر ، ٢٠٠٥ ، ل ٣١٨.

** - بڕینی کلکی وڵاغ واتە ئەتکردنی خاوەن ئاژەڵەکە ، یەکێك لەو نەریتانەی کە لەڕابردووی کۆمەڵگای لادێیدا هەبووە ، ئەو کلك بڕینە ، بەمەبەستی سوك کردنی خاوەن ئاژەڵەکە بووە .

ئەو ڕووداوانەی لەڕۆمانەکاندا باس دەکرێن لەڕۆمانی ( خاك و چەوسانەوە )وە، تا ڕۆمانی ( خاك و کێشەی مان ) کە لەڕووی ڕوداوەوە تەواوکەری یەکترن ، لەگەڵ ڕۆمانی (کوێخا سێوێ )دا، باسی ڕووداوەکانی دوای ساڵانی سییەکان تانسکۆی شۆڕشی ( ١٩٧٤ )ن ، بەپێی زنجیرە ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکاندا دوای خەڵەتاندنی بەشێکی زۆری جوتیاران و یاخی بوونی تاکە تاکەی جوتیاران لەپێناو مافە سەرەتاییەکانی خۆیان ، ڕۆژ بەدوای ڕۆژدا ، دەسەڵاتی ئاغاو چەوساندنەوەکانی زیاتر دەبوون ، بەڵام لەدوا ئەنجامی ڕۆمانەکاندا ، جوتیاران وەکو عەوڵا گزگل و مام هۆمەر دەبنە قوربانیی ئەو بیرکردنەوانەی کە هەیانبوو لەبەرامبەر ئاغادا ، هەروەها پەتی زۆرداری ئاغایەتیش لەهەردوو ڕۆمانی ( کوێخا سێوێ ) و (خاك و چەوسانەوە ) دەپسێ و مەرگی ئاغا لەبەرامبەر مەرگی هەژاران و جوتیاراندا هاوتا دەبن.

بەپێی چنینی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە لەگەڵ چەوساندنەوەی زیاتری ئاغاو دەست کەوتنی ئامێری پێشکەوتووی کشتوکاڵی لەلایەن ئاغاوە، ژیانی جوتیاران تەواو شپرزە دەبێت ، ئیدی جوتیاران لەخزمەتکردنی ئاغادا، ناتوانن بەنانەزگیش بژین کە لەپاڵ پشتگیری کردنی کۆمەڵەو ڕێکخراوی سیاسی و گۆڕانی بارودۆخی سیاسی لەڕۆمانی ( خاك و کێشەی مان )دا، دەسەڵاتی ئاغا بەرەو کزی دەچێت و ناتوانێت بە تۆبزی دەسەڵاتی خۆی بسەپێنێت ، بەڵام ڕۆماننووس بەشێوەیەکی ڕیالیزمانە واقیعی دەسەڵاتی دەرەبەگایەتیمان بۆ دەنەخشێنێ ، کە ئاغا لەگەڵ گۆڕانی باوردۆخەکاندا لەپێناو بەرژەوەندی خۆیان و مانەوەیاندا ، لەگەڵ ڕۆژگاردا خۆیان دەگونجێنن بۆ نموونە لەڕۆمانی ( خاك و چەوسانەوە ) دا لەگەڵ پەیدابوونی دەسەڵاتی میری و ڕاپەڕینی جوتیاران بەقازانجی جوتیاران بوو (( کاربەدەستانی میری لەهەوەڵەوە ، زۆر بە ڕووخۆشی لەگەڵ جوتیارەکان دەجولانەوە )) ( خاك و چەوسانەوە/ ل ٢٣٣ ) ، بەڵام ئاغا بەخۆنزیکردنەوە لەدەسەڵاتی میری بەرژەوەندییەکانی خۆی دەپارێزێ ((قائیمقامی قەزای ( م ) نزیکەی هەزار دیناری ، لەلایەن عەوڵا ئاغا لەدەم پەسترابوو دەعوەت و کاوڕ کوشتنەوەو تا بەترێکی شەوان خواردنەوە کلاشەی دەکرد))( خاك و چەوسانەوە/ ل ٢٣٣ )

هەروەها لە ڕۆمانی ( خاك و کێشەی مان )دا هاتووە (( گۆڕانکاریەکە مژدەی خۆشی و سەرفرازی بۆ ئێوە هێناوە ، لەمەو دوا سوخرەو بێکاری و سوڕانەوەو بیستی چوار و کاوڕانەو شەقڵچیانەو سزاو لێدان و کوتان و دەربەدەری بەخەونی شەوانیشیان نابیننەوە)) ( خاك و کێشەی مان/ ل١٩ ). بەپێی ڕووداوەکانی ڕۆمانی (خاك و کێشەی مان) دوای کزبوونی دەسەڵاتی دەرەبەگایەتی دووبارە چینی هەژارو جوتیار دوای لەئاغا

جارێکی دیکه دەکەونە ژێر زەبری چەوساندنەوەیەکی تر و لەژێر ناوێکی دیکەدا دەیانچەوسێننەوە (( چینی ڕەش و ڕووتی جوتیارو کرێکارو کاسبکارو فەرمانبەرو مامۆستاو قوتابیان شەو و ڕۆژ لەبن زەبروزەنگی چەوسانەوەدا زرەیان دەگەیشتە هەر حەوت تەبەقەی ئاسمان )). ( خاك و کێشەی مان/ ل ٣٦٧ ).

هەر لەڕۆمانی ( خاك و چەوسانەوە )دا پیاوانی میری بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان پشتگیری ( دەسەڵاتی عەوڵا ئاغا دەکەن ، لازار ئیبراهیم یەکێك لەپیاوانی میری دەڵێ (( عەوڵا ئاغا پیاوێکی ساڵح و سادیق و عەگیدە هەرچی ئەو بێژی ئێمە تەسدیقی ئەکەین ، لەسەر ئەنگۆش واجبە تاعەتی بکەن و لەگوێ و ئەمری دەرنەچن )). ( خاك و چەوسانەوە/ ل ٢٣٤ ) ٠ لە کاتی پەیدابوونی بیرێکی سیاسی نوێ و هاندانی جوتیاران لەدژی ئاغایان ناوە ناوە دەسەڵاتی ئاغا بەرەو هەڵدێر ڕۆیشت ، ئیدی ئاغاکان بیر لەوە دەکەنەوە لەڕێی شێخ و دەروێشەوە جارێکی دیکە بیری سیاسی و ئاغاو جوتیار شوێنی عیشق و زیکری دەروێشیان بگرێتەوە، بەمەش خەون و خولیای ئاغاکان جارێکی دیکە زیندوو دەبێتەوە (( ناوی ئاغاو کرمانج و زوڵم و دەنگ و باسی هەرای فەلاحان و سیاسەت ، بوونە بەردی بن گۆم ، زۆریان هەسەوەست پێ هات و لەخۆشیان شتاقەلنگیان عەردی نەدەگرت و خۆشی لەڕادە بەدەری شێخان لەدڵ چەسپی و بۆشیان یەك لابووەوە: ئەوەی ئەمڕۆ بەشێخان دەکرێت ، زەبرو زەنگی حکومەت و ئەوان هەرگیزاو هەرگیز ڕێ بەدیی ناکات ))( خاك و چەوسانەوە/ ل ٢٥٤) ٠ بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین ڕەوشتەکانی ئاغاو جوتیارو جۆری ململانێی نێوانیان لە چەند خاڵێکدا دیاری بکەین:

- جوتیار نموونەیەکی چەوساوەیی دەستی ئاغایە و بەهۆی چەوساندنەوەی ئاغاوە نابێتە خاوەنی موڵك و زەویی خۆی.
- بەهۆی دەسەڵاتی ئاغاوە جوتیار ناتوانێ ژیان و گوزەرانی خۆی بەرەو پێش ببات.
- لە ڕۆمانەکانی ( خاك و چەوسانەوە ، خاك و کێشەی مان ، کوێخا سێوێ )دا ، لەپاڵ هەبوونی زۆرێك لەجوتیاران و وازهێنان لەزەوییەکانیان ، کۆمەڵێك کارەکتەری یاخیبووشمان هەن سەر بۆ دەسەڵاتی ئاغا شۆڕناکەن.
- وێنەی قوربانی دان و خۆبەختکردنی جوتیاران لەپێناو ئاو و زەویی کشتوکاڵی دا تراژیدییە.
- چەمکی خاك لای جوتیاری خاوەن ماف هەمان ئەو واتایەیە کە ناموس هەیەتی.
- هەستی جوتیار لەڕۆمانەکاندا بێ دەسەڵاتییە بەپێچەوانەوە ئاغا وێنەیەکی دەسەڵات و دڕندەییە.

- ئاغا کەسایەتێکی توندڕەو،و دوو فاقی و خۆپەرستە، بەڵام جوتیار کەسایەتییکی هێمن و دروستی هەیە.
- لە ململانێی نێوان ئاغا و جوتیاردا ،لەبەرامبەر هەر پلانێکی ئاغادا ، دان بەخۆداگرتن و هیوای سەرکەوتنی جوتیار هەیە.
- ئاغا لەسەرەتای سەرەتاوە خاوەنی زەوی نەبووە ، بەڵکو لەڕێی ساویلکەیی خەڵك و هێزی خێلگەری بووە ، بەبراگەورەی جوتیاران.
- ئاغا بۆ جێ بەجێکردنی پلانەکانی دژی جوتیار، بەتایبەتی زەختکردنی زەوییەکانی جوتیاراندا لەسەرەتادا میانڕەو بووە.
- جگە لەکارکردنی جوتیاران لەسەر زەوییەکانیان بەشێکی زۆری بۆ ئاغاکەی دەبێت ،و هاوکات لەگەڵ ئەمەشدا دەبێ لەزۆر کاروباری ئاغادا بەشداری کاری هەرەوەزی بکات.
- چاوچنۆکی ئاغا دوای داگیرکردنی تەواوی زەوییەکان ، هەموو هەوڵەکانی لەپێناو ئەوە دەخاتە کار کە عەولاً گزگل ئەو پارچە زەوییەیان لەبەردەست نەبێ.
- ( حاجی و شێخ و دەروێش ) نموونەی پردی پێوەندین لەپێناو پاراستنی بەرژوەندییەکانی ئاغادا لەبەرامبەر جوتیاران.
- ڕەوشتی درندانەی ئاغا لەزۆرداریدا زیاتر لەوەدا دەردەکەوێت کە زەوییەکانی بە مەکینە دەکێڵێ و ئیدی پێویستی بەجوتیاران نامێنێ ، ئیدی جوتیاران سەرگەردان و ماڵوێران دەبن.
- سەرچاوەی ئاشوب و کوشتن و خوێنداری لەنێوان ئاغاو جوتیاردا لەلایەن ئاغاکانەوە سەرچاوە دەگرێت.
- ململانێی جوتیارو ئاغا ئاکامی برسی بوونی زیاتری جوتیار و فراوانبوونی دەسەڵاتی ئاغایەو ئاکامەکەشی سەرکەوتنی بەرەی جوتیارە بەسەر ئاغادا.
- پیادەکردنی دەسەڵاتی ئاغایەتی لەباوکەوە بۆ کوڕە.
- لەگەڵ گۆڕانی بارودۆخەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی ، ئاغا بۆمانەوەی خۆی ، لەگەڵ هەموو سەردەمێکدا خۆی دەگونجێنێ.

## ٧ - ٣ : باسی بڵاوبوونەوەو تەشەنەکردنی نەخۆشی لە ڕۆمانەکانی عەزیزی مەلای ڕەشدا

پێکهاتەی کۆمەڵگای کوردی لە نێو شارو گونددا چ لە رابردوو چ لە ئێستادا جیاوازە ، پێکهاتەی کۆمەڵگەی لادێیش جیاوازە بە پێی ئاستی پێویستیی گوندەکە ، لەزۆر لایەنەکانی ژیاندا پشت بەخۆیان دەبەستن لە بژێوی ژیان و گوزەرانیاندا لەگەڵ هاتنە پێشی پێویستییەکانیش بەردەوام کۆمەڵگەی لادێ هەوڵی پەیداکردن و چارەسەرو دابینکردنی پێداویستییەکانیان داوە ، دەرد و نەخۆشی چ لە کۆمەڵگای شار بێ یان لادێ ڕوو بە ڕووی تاکەکانی نێوکۆمەڵگا دەبێتەوە ، بەڵام ڕادەو جۆری چارەسەرکردنیان جیاوازە ، لە کۆمەڵگای لادێدا بەردەوام کەسانێك هەبوون و ناویان ناوەحەکیم یان وەستا ، تەواو خەڵکی لادێش پشتیان پێ دەبەستن ، هەر بۆنموونە ئێستاش هەمان دۆخی رابردوو هەیە لەنێو کۆمەڵگای لادێدا وەکو چارەسەرکردنی شکان و سووتان ، تا ئێستاش خەڵکی شاریش زۆر جار پشتیان پێ دەبەستن لە ڕۆمانەکانی ( عەزیزی مەلای ڕەش )دا، بە پێی سروشتی خەڵکەکە، باسی هەندێ لادیی ڕۆمانەکانی عەزیزی مەلای ڕەش ژینگەیەکی هەژاری کشتوکاڵییە، دوورە پەرێزە لە بوونی بنکەی پزیشکی و چارەسەری پزیشکی ، خەڵکی ناچارە لەکاتی هاتنە پێشی ڕووداوێکی ناخۆشی جەستەییدا پەنا بۆ زۆر هۆکارو لایەن ببات دوور لە چارەسەری پزیشکیی ئێستا ، بەپێی زنجیرەی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکانی ( لێقەومان، خاك و چەوسانەوە ، خاك و کێشەمان ، کوێخا سێوێ ) لەتەواوی ڕووداوەکانی نەخۆش بوون و چارەسەر تەنیا یەك حاڵەتی سەردانی پزیشکی هەیە ئەویش مەرگ و دواهەناسەی منداڵێك بوو کە تەواو لەمردن نزیککبوو ، کوڕە بچووکەکەی ( عەولاً گزگڵ ) بوو ، جگەلەو حالەتە تەواوی ڕووداوی نەخۆشکوتنەکانی ئەم ڕۆمانانە چارەسەرکردنیان لەدەرەوەی نەخۆشخانە بووە، نەخۆشکەوتنی ( مام هۆمەر) بەبێ چارەسەری لە نێو ماڵەکەیدا بەڵگەیەکە بۆ ناساندنی ژینگەی لادێ کە هیچ خزمەتێکی پزیشکیی نەبووە و خەڵکەکەش لەکاتی نەهامەتی و نەخۆشیدا سەردەنێنەوە.

ئەمەش زیاتر بۆ دەرخستنی دیوێکی دیکەی ئەو هەژارییەی مرۆڤی لادێ نشینی تیایدا دەژییێت لە سادەترین مافی خۆی بێ بەشە و وێنەیەکی چەوسانەوەی زۆر لایەنی ژیانییەتی ، نەك هەر تەنیا چەوساندنەوەی لە لایەن ئاغاوە .

هەژاریی و نەداری بۆ تاکی لادێیی هۆکارێکی راستەقینەی ئەو بارە نالەبارن ، ئەوا هەندێك جار لە ژینگەی کۆمەلایەتی لادێدا ، گوێنەدان بەمەرجی تەندروستی و چارەسەریی زانستی لای ئەوان ئارەزوومەندانەیە ، چونکە خۆیان پەنا بۆ زۆر هۆکاری دیکە دەبەن ، وەکو شێخ و نوشتە ..... هتد . ئەم شتە دیسان نەبوونی هۆشیاریی و ساویلکەیی خەڵکی لادێیە بۆ نموونە لە رۆمانی ( کوێخا سێوێ )دا هاتووە کەئاوێك وەك دەرمان و چارەسەر بەکاردێت بەناوی ( ئاوی دەرمان ) لەرۆمانەکەدا بەناوی ( دەرماناو ) هاتووە (( بەدەم رێووە ئەم وتانەی دەجوییەوە ، تاگەیشتە ( دەرماناوی ) ، کەچاوی بە ئاوەکە کەوت گوتی: مادام هەر هاتوومە واچاکە خۆم لەم گەراوە وەربدەم حەیامێکە لەشم خروشتی گرتووەو هەستی پێ دەکەم. ئەمەی گووت وخۆی رووت کردەوەو چووە ناو ئاوەکە مایەوە ، هاتەدەرەوە ، لەگەل جل لەبەرکردندا بەخوا بەباشی چاك بوو ! گوایە ئەم ئاوە حەوت دەردان دەپەرێنیت )) ( کوێخا سێوێ/ ل ٤٦ ) ، کەواتە سروشت لەدیدی شوێنەکەو ئاوەکەش هەر بەناوی دەرمان و چارەسەری دەناسرێت ، بەلەبەر چاوگرتنی زیاتری ئەم بارودۆخە ئێستاش هەمان بارو دۆخ هەیەو خەڵکی پشت بەزۆر لەکانی و ئاوو داروبار و خۆڵ و لەبەر دەبەستن بەمەبەستی چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانیان ، روویێکی دیکەی ئەم راستییەی ژینگەی کۆمەلایەتی لادێ لە رۆمانەکانی ( عەزیزی مەلای رەش )دا پشت بەستنە بە گۆرو نووشتە وشێخ بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشەکانیان (( رۆلە ئەگەر جێیەکت دێشێ ، رۆژی چارشەم دەتبەینە سەر ئەسحابە رەش )).( خاك و چەوسانەوە:ت ٥٢ ) ٠ لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت ئەو شوێنانەی کە لەروانگەی ئایینییەوە بە پیرۆز سەیر دەکرێت دەبنە ناوەندی چارەسەرکردنی نەخۆشی ، بە پێی ئەم دەربرینەی کەخستمانە روو منداڵەکانیش هەمان ئەو باوەرەی دایك و باوکیان وەردەگرن ، لە ئاییندەشدا خۆیان پیادەی دەکەنەوە .

بە زۆری دووبارە بوونەوەی هەندێك باری ناساغبوون وەکو سوتان و شکان زۆر جار لە رێی ئەزموونی چەند کەسێکەوە چارەسەر دەکرێن و ئەو کەسانە ناو بانگ دەردەکەن و لە شوێنی دووریشەوە خەڵکی دەچنە لایان ، لە رۆمانی ( خاك و چەوسانەوە)دا باسی ناو بانگ و شۆرەتی پیاوێك کراوە کە شارەزایی و ئەزموونی لە بارەی چاککردنەوەی شکستەوە) ٠٠ (( سەعید شەریفە ڤینە پیاوێکی نەختێك کورتە باڵاو تێکچەقی و کامل و دەست رەنگین و سەری لە زۆر شتان دەر دەچوو بە تایبەتی شکست و لەگەل چوون و وەرگەران ، بۆ جاری ئەوها ... سەری پێوە نەبوو )) . ( خاك و چەوسانەوە : ل ٤٨-٤٩ ) .

هەموو کەسێك جێی متمانە نەبووە ، واتە کەسێك یان چەند کەسێك لە گوندێکدا یان چەند گونددا لە چارەسەری شکاویدا شارەزا بوون و لە گوندکانی ترەوە خەڵکی سەردانیان دەکردن ، هەر لە رۆمانی (خاك و چەوسانەوە)دا(( دەستی پێدا هێنا ، پێدا هێنا تا تەواو جێگەی خۆی گرتەوە ، دوو زەردێنەی هێلکەی لە دیوێکی چاو پانەکە هەڵسوی و لەشوێنە شکاوەکەی ئاڵاند ، چوار پەلەدار بە ئەندازەیی بەلەکی دوو لەملاو دوو لەولا ببەن پێیان )) ( خاك و چەوسانەوەی : ل ٤٩ ) ٠ بەکارهێنانی دەرمانی کوردەواری بۆ چارەسەرکردن لەکار دابووە ، بەتایبەتی لەلایەن ژنانی بە تەمەنی لادێوە لە ( رۆمانی خاك و چەوسانەوە )دا ، ناوی چەند ژنێکی لادێ دەستنیشانکراوە، کە لەرێی ئەوانەوە چارەسەری نەخۆش دەکرێت وەکو ( پلکە ستی ) و ( عەیشە پۆر ) بە بەکارهێنانی پیاز و هێلکە .... هتد ٠٠ (( رۆلە تا پێت دەکرێت هەڵەکەی هەڵژی شەوان چاوت دەکرێتەوە )) ( خاك و چەوسانەوە/ ل ٣٨ ) ،دانانی جۆری ئەو چارەسەرکردنانەو بە پێی باوەری کارەکتەرەکان سوودی هەیەو هەست بە باش بوونی خۆیان دەکەن ٠٠ (( هەر کە پیازی سپی کراوی لە دەست نرا ، خەم لەدڵی دا بارگەی تێك ناو لەخەنی شیان شاگەشکە بوو .... و لەبەر زوونەوی سنگورکی ڕادەزاندرا بە پسوو سواریی سەرفرازییەوە ئەملاو ئەملای بەگوڕو شانازییەوە دوو سێ جار ماچ کرد )) ( خاك و چەوسانەوە : ل ٤٥ ).

هەرچەندە بەکارهێنانی گژوگیا وەك ماددەیەکی دەرمانی لەلایەن ( پلکەستی ) و ( عەیشە پۆر ) بەکار دەهات ، بەڵام هەندێ شتی دیکەش وەکو قورقوشم بۆچارەسەرکردن بەکار دەهات (( عەیشە پۆر ، رۆژی پاشی ، هێندە مزی تواندەوەو گوڕی کردە ناو لەگەنێکی پر ئاوی سارد ، کە لەسەیر تەپلە سەری ریمڵاو راگیرابوو ، بە ناوی ترس دەرکردن ، لەگەڵ سەرنج دانی مزە سارد و یا پارچەو پارچە بووەکە . بەدڵێکی پڕ بڕاوە ، دەق هەوە ، برۆنێ سوارە . دەگەوەبەر قارو غەزەبی خۆدا بکەوی و یاسینیشت بەسەر ڕانەگات )) ( خاك و چەوسانەوە : ل ٤٩ ) ، تاواندنەوەی مس بەسەر حەمە ریقلاوی کوڕی عەولا گزگل بە باوەڕی ( عەیشە پۆر ) وێنەی سوارێك دەرچووە ئەویش عەیشە پۆر دوعا لە ئاغا دەکات ، ئەم باوەڕە تائێستاش لەلای هەندێ کەس ماوەو لەهەندی گوندی کوردستان پیادە دەکرێت ئەگەر بنەمایەکی زانستی نەبێت ، بەڵام مێژوویەکی درێژی لەپشت هەیە ٠ چارەسەرکردنی ترس و شکان و چاوکوێربوون و نەخۆش کەوتن هەمووی لە رێی خەڵکی نەخوێندەواری گوندەوەبوون ، بەدەر لەپەنابردنەبەر چارەسەرکردنی پزیشکی کە لەشاردا هەبوو ، بەڵام ئەو حاڵەتەی کە

لەڕۆمانی ( خاك و چەوسانەوە )دا باس کراوە ، منداڵێك دەبردرێتە لای پزیشك ، ئەو بردنەش دوای سەردانی شێخ و پیاو چاکان بووە نەك وەك کارێك کە سەرەتای چارەسەر بۆ لای پزیشك بێت (( ئەوا پاڵ بەدوو مانگ دەدا ، نازانێ خەو... و خواردن چییە؟ تەنیا بەلۆکە شیرو ئاومان بەدەووە دەکردو بەس سەیدو شێخ و چاك و پیر نەما نەی بەین پاشان بردمانە کن دکتۆری هەولێر چارەیان پێ نەکرا )) ( خاك و چەوسانەوە/ ل ١٣٦ ) ٠ ناچاری و نەبوونی هۆشیارییەکی باشی تەندروستی هۆکارێکی سەرەکیی مانەوەی ئەو جۆرە بیرکردنەوەی خەڵکی گوندە ، ئەم بارە بەردەوامیش دەبێت و بەئاسانی دەست بەرداری نابن ، چونکە باوەڕی جوتیارێکی داماو بەوەی کە شێخ دەتوانێت دوعایان لێ بکات و خێروخۆشی نەبینن ، هەر ئەو باوەڕیشیان دەبێتە هۆی ئەوەی لەکاتی نەخۆش کەوتنیاندا زیارەتیان بکەن (( بەلاش نییە دەڵێن: ئەگەر مەحسوبیشیان نابی دژیان مەوەستەو دەستیان ماچ بکەو بگەڕێوە )) ( خاك و چەوسانەوە/ ل ١٣٩ ).

# ئه نجــام

# ئەنجـــــــام

١ـ بە بەراورد لەگەڵ ئەدەبیاتی ئەورووپادا ، ڕۆمانی کوردی درەنگتر سەری هەڵداوە ، بەڵام بەپێچەوانەی ڕۆمانی ڕۆژئاواوە ، ڕۆمانی کوردی هەڵقوڵاوی ژینگەی لادێیەو پڕەلەکێشەو بابەتی لادێیانە ، واتە ڕۆمانی کوردی تایبەتمەندیی خۆی هەیە ٠

٢ـ تایبەتمەندییە ئابووری و ڕامیاری و کۆمەڵایەتییەکانی لادێ لە ڕۆمانی کوردیدا ڕەنگیداوەتەوە ٠

٣ـ ڕۆمانەکانی عەزیزی مەلای ڕەش نموونەیەکی واقیعی مێژوویی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای کوردین و ، زۆربەی کێشەکانی ژیانی لادێ لەڕۆمانەکانی عەزیزی مەلای ڕەشدا ڕەنگیان داوەتەوە ٠

٤ـ پێکهاتەی کۆمەڵگەی لادێی لەشێوەی خانووبەرەو ئەو داب و نەریتانەی کە هەبوون لەنێو ڕۆمانەکانی عەزیزی مەلای ڕەشدا باس کراون ٠

٥ـ ڕۆماننووس چ لەهەڵبژاردنی شوێن و کات و کەسێتیی لاوەکی و سەرەکیی ڕۆمانەکانیدا توانیویەتی بەکاریان بێنێت بۆ خزمەتی دەرخستنی کێشەکانی لادێ و ، هەریەکەیان لەبنیاتنانی دەقدا تەواوکەری ئەوەی دیکەیانە ٠

٦ـ ئافرەت لەگەڵ ئەوەی پێناسەیەکی بەرزی بۆ کراوەو نموونەی گیان فیدایی و خۆبەخشییە ، بەڵام دەیان کێشەی کۆمەڵایەتی لەلادێدا ڕووبەڕووی بووەتەوە ، وەکو کێشەکانی بەشودان و چەوساندنەوەو هەندێ جار لاوازی پایەی کۆمەڵایەتی ٠

٧ـ کێشەی نەخوێندەواری و نەزانی لەژینگەی لادێدا سەرچاوەو هۆکارێکی کاریگەرە لەچەوساندنەوەی هەژاراندا و بە تایبەتی ژنان و مانەوەیان لەدۆخێکی وەستاودا ٠

٨ـ پەراوێزخستنی لادێ و ناهۆشیاریی تەندروستی ، هەمیشە ئەو باوەڕەی لای تاکی لادێی دروست کردووە ، لەچارەسەرکردنی نەخۆشییەکانیدا کەمتر پشت بە چارەسەری زانستییان ببەستێت ، بەڵکو لەبری ئەوە پشت ببەستێت بە شێخ و سەید و دەروێش و داودەرمانی کوردەواری بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی و گرفتەکانیدا ٠

٩ـ ململانێی نێوان خاوەن موڵك و جوتیار بەشێکی بەرفراوانی ململانێی ناو ڕۆمانەکانی عەزیزی مەلای ڕەشە ، جوتیار نموونەیەکی برسی بوون و چەوساندنەوەیە ، لەبەرامبەر ئەمەشدا کەسێتی خاوەن موڵك هەمیشە پیلانگێڕو ئاژاوە نێرەوە بووە بۆ داگیرکردنی تەواوی زەویی جوتیاران ٠

١٠- جوتيارانی كۆمەڵگەی لادێی لەرۆمانەكانی عەزیزی مەلای ڕەشدا خۆیان داوەتە دەست قەدەرو خورافیات و فرتوفێڵەكانی خاوەن موڵكەوە ، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك جوتیار خاك و زەوییان لا گەورەیەو خۆیان نادەنە دەست پیلانەكانی خاوەن موڵكەوە ٠

١١- خۆبەختكردن لەپێناو زەوی و دەست بەردارنەبوونی خاك وێنەی كەسێتی جوتیاری كوردە ، كە لەسەر خاك و زەوی خۆی گیانی بەخت دەكات و چۆك بە خاوەن موڵكیش دادەدات ٠

# سەرچاوەکان

# سەرچاوەکان

## ١- بە زمانی کوردی:

### أ- کتێب:

١- ئەحمەد موختار جاف - مەسەلەی ویژدان ، ( ب٠چ ) ، بەغدا ، ١٩٧٠

٢- د٠ ئەورەحمانی حاجی مارف - ڕێزمانی کوردی ، ب/١ ، ( وشەسازی ) ، بەشی یەکەم ( ناو ) ، ١٩٧٨

٣- ئی. جەی. ئار - هۆزەکانی کورد ، و: حسێن جاف ، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی ، بەغدا ، ١٩٩٨

٤- د٠ باسیل نیکتین - کوردو کوردستان ، و: خالید حوسامی ( هێدی ) ، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین ، هەولێر ، ١٩٩٨

٥- بورهان قانع - بنچینە کۆمەڵایەتییەکانی ئافرەتی لادێ نیشینی کوردەواری ، بغداد ، ١٩٧٩

٦- تۆمابوا - ژیانی کوردەواری ، و: حمە سعید حمە کریم ، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی ، بەغدا ، ١٩٨٠

٧- بلەج شیرکۆ - کێشەی کورد ـ مێژینەو ئێستای کورد ، محەمەد حەمە باقی کردوویەتی بەکوردی ، لەبڵاوکراوەکانی یەکێتی نووسەرانی کوردستان ، چاپخانەی شەهید جەعفەر ، چاپی یەکەم ، ١٩٨٦

٨- جێکاری دژی ژنان ، ناوەندی مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان ، هەولێر ، ٢٠٠٠

٩- جەلیل کاکەوەیس - ڕۆمانی کوردی ( پەرتبونی ڕووداو نازیندەیی شاکەس خوێندنەوەو لێکۆڵینەوە ) ، چاپخانەی بینایی ، سلێمانی ٠

١٠- حسێن عارف - بیبلۆگرافیای چیرۆکی کوردی ـ ( ١٩٢٥ ـ ١٩٨٣ ) ، چاپخانەی ڕۆشنبیری ، هەولێر ، ١٩٨٧

١١- حەمە سەعید حەسەن - هزرو شێواز لەچیرۆکی کوردیدا ، بڵاوکراوەی ئاراس ، چاپی یەکەم ، هەولێر ، ٢٠٠٥

١٢- دیوانی بێکەس ، ئامادەکردنی محەمەدی مەلا کەریم ، بەغدا ، ١٩٨٠

١٣- دیوانی حاجی قادری کۆیی ، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوە سەردار حەمید میران و کەریم مستەفا شارەزا ، هەولێر ، ١٩٨٦

١٤- ديوانی قانع ، كۆكردنەوەی بورهان قانع ، چ/٢ ، چاپخانەی ژين ، سلێمانی ، ١٩٩٩
١٥- ديوانی هێمن موكريانی ، بڵاوكراوەی كوردستانی ئازاد ، ٢٠٠٥
١٦- رست هيلز - چيرۆك و تايبەتمەندييەكانی ، و/ سەلاح عومەر ، زنجيرە كتێبی گيرفانی وەزارەتی رۆشنبيری ، چاپخانەی رۆشنبيری ، هەولێر ، ٢٠٠٥
١٧- رايان وات - سەرهەڵدانی رۆمان و رياليزم و ژانری رۆمان ، و: محمد كريم ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٢
١٨- راپۆرتی Ask بۆ مافەكانی مرۆڤ لە كوردستان ، ساڵی ٢٠٠٠ ، چاپی يەكەم ، ٢٠٠١
١٩- رەحيم سابير - كوردۆلۆژی ، لێكۆڵينەوەيەكی سايكۆلۆژيە لەمەر كۆمەڵگای كورد ، خانەی چاپ و نەخشی رێنما ، سلێمانی ، ٢٠٠٥
٢٠- سابير رەشيد- رۆمانی كوردی— خوێندنەوە و پرسيار ، دەزگای ئاراس ، هەولێر ، ٢٠٠١
٢١- صباح غالب - ئافرەت لەچيرۆكی كورديدا ( ١٩٢٥ -١٩٧٠ ) ، دەزگای رۆشنبيری و بڵاوكردنەوەی كوردی ، چاپخانەی دار الحريه ، بەغدا ، ١٩٧٩
٢٢- علی خالد حميد - لەدوو توێی ياداشتی شاردا ، ١٩٨٤
٢٣- عەبدوڵڵا سەراج - بەرەو ئاستانەی رۆمان و گۆشەنيگاكان ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٧
٢٤- عەلادين سەجادی - كوردەواری ، چاپخانەی مەعارف ، بەغداد ، ١٩٧٤
٢٥- عەزيزی مەلا رەش - كوێخا سێوێ
٢٦- عەزيزی مەلای رەش - غەوارە ، چاپخانەی الحوادپ ، بەغدا ، ١٩٩١
٢٧- عەزيزی مەلای رەش - خاك و چەوسانەوە ، ب/١ ، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبيری ، هەولێر ، ١٩٩٨
٢٨- عەزيزی مەلای رەش - خاك و كێشەی مان ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر ، ١٩٩٩
٢٩- عەزيزی مەلا رەش — گورگ و مەڕ ژن
٣٠- عەزيزی مەلا رەش - لێقەومان ، /٢٠٠٦
٣١- فەيسەل دێهاتی - كورد لەسيستەمی نوێ ی جيهاندا ، هەولێر ، ٢٠٠١
٣٢- د٠ فوئاد رەشيد - رەخنەی ( رەخنەی رۆمانی كوردی ) ١٩٧٣ ـ ١٩٩٩ ، چاپخانەی روون ، سلێمانی ، ٢٠٠٥
٣٣- د٠فوئاد حسێن - ئافرەت لەهۆنراوەی كوردی دا ، چاپخانەی جاحظ ، بەغدا ،١٩٩٠

٣٤- مینۆرسکی و کورد ، و: ئەنوەری سولتانی ، چ/٢ ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر ، ٢٠٠٦.

٣٥- کۆمەڵێ نووسەر - لەستایشی ئەدەبدا ، و: شێرزاد حەسەن ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر ، ٢٠٠١

٣٦- د٠ کەمال مەزهەر ئەحمەد - ئافرەت لەمێژوودا ، کورتە باسێکی مێژووی و کۆمەڵایەتی ، چاپخانەی الحوادث ، بغداد ، ١٩٨١

٣٧- د٠کەوسەر عەزیز گەلالی - ئافرەت و ململانێ لەگەڵ کێشە کۆمەڵایەتییەکاندا ، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین ، هەولێر ، ٢٠٠٤

٣٨- کاوە نادر - کەندێناوە لەنێوان ڕاگواستن و بەعەرەبکردندا ، لەبڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی میدیا ، هەولێر ، ٢٠٠١

٣٩- لیژەك ژیگل - کۆمەڵێ لادێی کوردستانی عێراق بەرامبەر بە نوێبوونەوە ، و: د٠عەزیز گەردی ، هەولێر ، ٢٠٠٠

٤٠- لیژەك ژیگڵ - گوندو شارۆچکە کوردییەکانی عێراقی ئێستا ، و: د٠ عەزیز گەردی ، چاپخانەی هاوسەر ، هەولێر ، ٢٠٠٢

٤١- م. س. لازارێف - کێشەی کورد ، و: د٠کاوس قەفتان ، بەغدا ، ١٩٨٦

٤٢- محەمەد ڕەسوڵ هاوار - دیوانی پیرەمێردی نەمر ، چاپخانەی العانی ، بەغداد ، ١٩٧٠

٤٣- مەهدی صالح - دەربارەی ڕۆمان ، هەولێر ، ٢٠٠٦

٤٤- محەمەد مەولوود مەم - کاروان و سەگوەڕ ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەولێر ، ٢٠٠٣

٤٥- مەنۆچەهر موحسنی - دەروازەکانی کۆمەڵناسی ، وەرگێڕانی کۆمەڵێك وەرگێڕ ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر ، ٢٠٠٢

٤٦- مینۆرسکی - کورد ، و:حەمە سعید حمە کریم ، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین ، ١٩٨٤

٤٧ - نادر روستی - گوندی کوردی و گۆڕان لەپێشەدا ( گوندی روست وەك نموونە ) ، ئینستیتۆتی کەلەپووری کورد ، سلێمانی ، چاپخانەی ئاراس ، هەولێر ، ٢٠٠٧

٤٨- د٠ هیمداد حسین - دەروازەیەك بۆ ڕەخنەی ئەدەبی کوردی ، دەزگای توێژینەوەو بلاوکردنەوەی موکریان ، چاپخانەی خانی ، دهۆك ، ٢٠٠٧

٤٩- هێنی هارۆلد هەنسن - ژیانی ئافرەتی کورد ، و: عەزیز گەردی ، لەچاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری عێراق ( دەستەی کورد ) ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری ، بەغدا ، ١٩٨٣

٥٠- واسيلى نيكتين - كوردو كردستان ، ت : محمد قازى ، چ/٢ ، أتشارات نيلوفر ، تهران ١٣٦٦ ( ١٩٨٧ )

## ب- نامەی زانكۆیی:

٤٩- ئیبراهیم قادر محەمەد - ڕۆمانی كوردی لەعێراقدا ، نامەی ماستەر، كۆلیجی ئاداب، زانكۆی سەلاحەددین ، ١٩٩٠.
٥٠- حەیات عەبدولكەریم - نۆڤلێت لە ئەدەبی كوردیدا ( ١٩٧٠ - ٢٠٠٠ ) ، نامەی ماستەر، كۆلێجی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتیەكانی زانكۆی سەلاحەدین ، ٢٠٠٥ .
٥١- عادل گەرمیانی - ڕیالیزم لەڕۆمانی كوردی هاوچەرخ لەعێراقدا نامەی ماستەر، كۆلێجی پەروەردە ـ ئیبن روشد ـ زانكۆی بەغدا ، ١٩٩٦.
٥٢- هەڵمەت بایز رسول - ڕەهەندی دەرونی لەچیرۆكەكانی شێرزاد حەسەندا ، نامەی ماستەر، كۆلێجی پەروەردە( ئیبن ڕوشد )زانكۆی بەغدا ، ٢٠٠٦.

## پ- رۆژنامە و گۆڤار:

٥٣- بێستون سابوراوایی- ئافرەت و لێپرسراویەتی ، گۆڤاری كاروان ، ژمارە ( ١٣ ) ، ١٩٩٥.
٥٤-حوسێن سابیر علی - شوێن لەڕۆمانی درزدا ، گۆڤاری ڕامان ، ژ ٤٧ ، ٢٠٠٠ .
٥٥- حەمە كەریم هەورامی - لێكۆڵینەوەیەك لەسەر ڕۆمانەكەی عەزیزی مەلای ڕەش ( خاك و چەوسانەوە ـ بەرگی یەكەم ) ، گۆڤاری كاروان ، ژمارە ( ١٢٨ ) .
٥٦-خەولە هەمزە شێخانی - ئافرەت مافی خۆیان پێشێل دەكەن ، گۆڤاری دەنگی نوێ ، ژمارە ( ١٨ ) ، ٢٠٠٥.
٥٧-ڕەئوف حەسەن - مێزگردی گۆڤاری( ڕامان ) ،نۆڤلێت لەدیدی نۆڤلێتنووسانەوە ، گۆڤاری ڕامان ، ژمارە ( ٥٠ ) ، ئابی( ٢٠٠٠ ).
٥٨- زرار عەبدوڵڵا سەرتاش - شوێن لەڕۆمانی ڕێگای محەمەد مەولود مەم ، گۆڤاری ( نووسەری نوێ ) ، ژمارە ( ٢ ) خولی دوای ڕاپەڕین ١٩٩٨ .
٥٩-سابیر ڕەشید - ڕۆمانی كوردی و ڕەوتەكانی ڕۆمانی دونیا ، گۆڤاری ڕامان ، ژمارە ( ١٠٧ ) ، ٢٠٠٦.

٦٠- شيلان مستەفا - ئافرەت و ڕۆڵی کاریگەری لەکۆمەڵدا ، گۆڤاری قەرەچوغ ، ژمارە ( ٥) ، ٢٠٠٠.
٦١- د٠ عادل گەرمیانی - چەند جیاوازییەکی نێوان ڕۆمان و جۆرەکانی دیکەی ئەدەب ، گۆڤاری کاروان ژمارە ( ١٥٥ ) ی ساڵی ( ٢٠٠١ ) ،
٦٢. عەزیزی مەلای ڕەش - کوێخا سێوێ و چەند نهێنی یەك ، ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی ، ژمارە ( ١٣٨ ) ، ١٩٩٤/٩/١١ .
٦٣-عطا نابف - غەوارە و سەرەتایەکی بەهێز ، ڕۆژنامەی هاوکاری ، ژمارە ( ١٢٨٥ ) ، دوشەممە ١٩٩١/١٠/٢١.
٦٤-غازی حەسەن - عەزیزی مەلای ڕەش و کێشەی مرۆڤە چەوساوەکان و بێدەنگی ، گۆڤاری هەرێم ، ٢٠٠١/١٠/١
٦٥-کەریم شارەزا ، ئافرەتە ناودارەکانی کورد ، ئافرەتی شۆڕشگێڕی کورد ( قەدەم خێر ) ی کوردستان ، گۆڤاری دەنگی نوێ ، ئۆرگانی ، یەکێتی ئافرەتانی کوردستان ، ژمارە ( ٦ ) .
٦٦- محەمەدەمین ئەحمەد - چەند جیاوازیەکی نێوان ڕۆمان و جۆرەکانی دیکەی ئەدەب ، گۆڤاری کاروان ، ژمارە ( ١٥٥ ) ٢٠٠١.
٦٧-مەنسوری یاقوتی ، چیرۆك و چیرۆکنووس ، و ڕێباز مستەفا ، گۆڤاری ئێستا ، ژ ٢٢ ، ١٩٩٩.
٦٨- نەجات هیمداد - بازنەی قەدەغەکراوەکان ، ئەو مرۆڤەی ناوی ئافرەتە ، گۆڤاری دەنگی ئافرەت ، ژمارە ( ١٥ ) ١٩٩٨.
٦٩- د. هیمداد حوسێن - کورتە پێشچاوخستنێکی ناوەرۆکی کۆمەڵایەتی لەچیرۆکی هونەری کوردیدا ، گۆڤاری کاروان ، ژمارە ( ٢ ) ، ١٩٩٢ .

## ٢- بە زمانی عەرەبی:

### ا – کتب :

٧٢- أ. شاميلوف – حول مسألة الأقطاع بين الكرد ، ترجمة وقدم له وعلق عليه د٠ كمال مظهر احمد ، ١٩٨٠ .
٧٣- د. ابراهيم خليل احمد – تطور التعليم الوطني في العراق ( ١٨٦٩- ١٩٣٢ ) ، بغداد ، ١٩٨٢ .

٧٤- باقر جواد الزجاجى - الرواية العراقية و قضية الريف ، منشورات وزارة الثقافة والاعلام ، ٢٠٠٤.

٧٥- د. حليم بركات - المجتمع العربي المعاصر ، بيروت ، ٢٠٠١.

٧٦- د. شاكر خصباك - الاكراد ، دراسة جغرافية اتنوغرافية ، مطبعة شفيق، بغداد ، ١٩٧٣.

٧٧- د٠عبدالجليل الطاهر و ،د.جعفر الحسينى - الثورة الزراعية في الريف العراقي ، بغداد ، ١٩٩٨ .

٧٨- عبدالرحمن الباشا- الرواية الكردية ، مطبعة وزارة التربية ،أربيل ،٢٠٠١.

٧٩- عبدالرزاق الهلالي - تأريخ التعليم في العراق في العهد العثماني ١٦٣٨ - ١٩١٧ ، بغداد ، ١٩٥٩.

٨٠- د٠ محمد حسن عبدالله - الريف في الرواية العربية ، سلسلة عالم المعرفة - العدد (١٤٣) ، ١٩٨٩.

٨٢- د. نوال السعداوى - الانثى هي الاصل ، المؤسسة العربية للدراسات والنشر ،٢٠٠٣.

٨٣- هادى رشيد جاوشلي - الحياة الاجتماعية في الكردستان، مطبعة جاحظ ، بغداد ، ١٩٧٠.

٨٤- د. هشام الشرابي- النظام الابوي واشكالية التخلف في المجتمع العربي ، بيروت ، ١٩٩٣.

## ب : جريده

٨٥ـ الاسكان الريفي ، مقالة الثورة الزراعية ومهام تطوير الريف ومشاكل ، مجلة الثقافة الجديدة العدد/ ٦٠ .

٨٦- د.حمدي التكمه جي - مكنة الزراعة في العراق ، مجلة الثقافة الجديدة ، عدد خاص .

٨٧- عبدالرزاق زبير - الأصلاح الزراعي في عامها السادس عشر ، مجلة الثقافة الجديدة ، العدد ٦٥.

٨٨- الزراعة في بلغاريا ، مجلة الثقافة الجديدة ، العدد/ ١٧ - ١٨ ( لم يرد اسم كاتب المقال في المجلة ).

٨٩-مكرم الطالباني - النضال ضد العلاقات الاقطاعية وتصفيتها نهائياً المهمة الأساسية في المسألة الزراعية الأن ، مجلة الثقافة الجديدة العدد/ ٨.

٩٠- مكرم طالباني - العلاقات الزراعية على ضوء قانون توافق الأنتاج مع طابع القوى المنتجة ، مجلة الثقافة الجديدة ، العدد/٢٢ .

٩١- ياسين النصير الرواية والمكان - دراسة فى فن الرواية العراقية . الموسوعة الصغيرة ، دار الحرية للطباعة ، شباط ١٩٨٠.

## ٣- به زمانی فارسی

٩٢- مارتين وان بروسيين سن ، جامعه شناسی مردم كرد ( اغا ، شيخ ودولت ) ساختارهای اجتماعی وسياسی كردستان ، ترجمه: إبراهيم يونسی ، نشر يانين ، تهران . ٢٠٠٠.

# ملخص الاطروحة

نجحت الرواية الكردية الى حد ما في تصوير غالبية اوجه واقع حياة مجتمـــع الريف الكردي ، فقد كانت الرواية الكردية وما زالت المرآة العاكسة لواقع الكرد في رصد مشكلاته و محاولة ايجاد الحلول لها على وفق رؤية كاتب الروايـــة . وقد حاول الروائيون الكرد عرض الوقائع حول طبيعة حياة الكرد و تفكيـــرهم ، معاناتهم ، و عشقهم للحياة ......الخ .

يعتبر عزيز ملا رش من احد ابرز الروائيين الكرد البارزين الذي نجـــح فـــي عرض الحياة اليومية للريف الكردي خاصة ريف منطقة كنديناوه فـــي اربيـــل ، وجسد المشاكل التى يعاني منها القرويون الكرد في قـــراهم . وفـــي الواقـــع ان مشاكل الريف الكردستانى في الروايات الكردية هي التي حفزت الباحث لدراســـة هذه الظاهرة في حياة المجتمع الكردي المعاصر ، وعليه فإن دراستنا لروايـــات عزيز ملا رش تتخذ اهميتها لما لها من تماس مباشر مع حياة الانسان الكـــردي بوجه عام و الانسان الريفي بوجه خاص ، لذا حبذنا اختيـــار عبـــارة ( مـــشكلة الريف في روايات عزيز ملا رش ) عنواناً لبحثنا الاكاديمي هذا ، ولذا حدد مجال الدراسة بالتحقيق في الطريقة التي تناول فيها الروائي عزيز مـــلا رش مـــشاكل الريف الكردى في رواياته .

تهتم الدراسة الحالية بتشخيص المشاكل والمعوقات التي يعـــاني منهـــا الكـــرد المجسدة في اعمال عزيز ملا رش الروائية ، علاوة على ذلك يحـــاول الباحـــث تحديد اسباب هذه المشاكل و مناقشتها على اعتبار ان الكرد ما زالوا يعانون من هذه المشاكل ، ولغرض تحقيق هدف الدراسة ثم اعتماد المنهج النقدي التحليلي في دراسة روايات عزيز ملا رش .

تقع الاطروحة في ثلاثة اقسام ، تبداء الدراسة بمقدمة تم فيها عرض الاطـــار العام للاطرحة من حيث سبب الاختيار والمعوقات التي واجهتنا مع ذكـــر اهميـــة البحث وحدوده واهدافه ، ومن ثم خصص القسم الاول لمناقشة الخلفية التاريخية للرواية الكوردية ومعناها الاصطلاحى . وفي القسم الثاني تـــم عـــرض صـــور

مختلفة عن الريف من حيث سكان الريف الكردي واسلوب معيشتهم .... الــخ . بينما القسم الثالث الذى يعد الجوهر الحقيقى لبحــث الاطروحـــة فهــو دراســة تطبيقية تحليلية تم فيها عرض مشاكل الريف الكردي في روايـــات عزيــز مــلا رقش ، وعلى سبيل المثال : اضطهاد المرأة الكردية ، الجهل و الامية واضطهاد الفلاحين من قبل الاقطاعيين ٠٠ وبطبيعة الحال هناك خاتمة فيها اهــم النتـــائج تليها قائمة بالمصادر .

# ملخص الاطروحة


نجحت الرواية الكردية الى حد ما في تصوير غالبية اوجه واقع حياة مجتمع الريف الكردي ، فقد كانت الرواية الكردية وما زالت المرآة العاكسة لواقع الكرد في رصد مشكلاته و محاولة ايجاد الحلول لها على وفق رؤية كاتب الرواية . وقد حاول الروائيون الكرد عرض الوقائع حول طبيعة حياة الكرد و تفكيرهم ، معاناتهم ، و عشقهم للحياة ......الخ .

يعتبر عزيز ملا رش من احد ابرز الروائيين الكرد البارزين الذي نجح في عرض الحياة اليومية للريف الكردي خاصة ريف منطقة كنديناوه في اربيل ، وجسد المشاكل التى يعاني منها القرويون الكرد في قراهم . وفي الواقع ان مشاكل الريف الكردستانى في الروايات الكردية هي التي حفزت الباحث لدراسة هذه الظاهرة في حياة المجتمع الكردي المعاصر ، وعليه فإن دراستنا لروايات عزيز ملا رش تتخذ اهميتها لما لها من تماس مباشر مع حياة الانسان الكردي بوجه عام و الانسان الريفي بوجه خاص ، لذا حبذنا اختيار عبارة ( مشاكل الريف في روايات عزيز ملا رش ) عنواناً لبحثنا الاكاديمي هذا ، ولذا حدد مجال الدراسة بالتحقيق في الطريقة التي تناول فيها الروائي عزيز ملا رش مشاكل الريف الكردى في رواياته .

تهتم الدراسة الحالية بتشخيص المشاكل والمعوقات التي يعاني منها الكرد المجسدة في اعمال عزيز ملا رش الروائية ، علاوة على ذلك يحاول الباحث تحديد اسباب هذه المشاكل و مناقشتها على اعتبار ان الكرد ما زالوا يعانون من هذه المشاكل ، ولغرض تحقيق هدف الدراسة تم اعتماد المنهج النقدي التحليلي في دراسة روايات عزيز ملا رش .

تقع الاطروحة في ثلاثة اقسام ، تبداء الدراسة بمقدمة تم فيها عرض الاطار العام للاطرحة من حيث سبب الاختيار والمعوقات التي واجهتنا مع ذكر اهمية البحث وحدوده واهدافه ، ومن ثم خصص القسم الاول لمناقشة الخلفية التاريخية للرواية الكوردية ومعناها الاصطلاحى . وفي القسم الثاني تم عرض صور

مختلفة عن الريف من حيث سكان الريف الكردي واسلوب معيشتهم .... الـخ . بينما القسم الثالث الذى يعد الجوهر الحقيقى لبحـث الاطروحـة فهـو دراسـة تطبيقية تحليلية تم فيها عرض مشاكل الريف الكردي في روايـات عزيـز مـلا رةش ، وعلى سبيل المثال : اضطهاد المرأة الكردية ، الجهل و الامية واضطهاد الفلاحين من قبل الاقطاعيين .. وبطبيعة الحال هناك خاتمة فيها اهـم النتـائج تليها قائمة بالمصادر .

# The Problems of the Countryside in Aziz Malarash's Novels

Generally speaking, the Kurdish novel somehow succeeded in portraying all the facts of reality of the rural society. Kurdish novelists tried to present the facts about the way the rural lived, suffered, loved, thought,....etc. Aziz malarash is considered one of the most prominent figure who has successfully managed to picturize everyday – life of the countryside pointing out the problems that the rural people suffered from. Actually, the appearance of the countryside problems in the Kurdish novels has motivated the researcher to study this phenomenon and a frame has been worked out for investigating it.

The scope of the study is limited to investigating the way Malarash dealt with the countryside problems in his novels. The aim of the study is to diagnose the problems and obstacles that the Kurdish suffer from as shown in Malarash's works. Furthermore, the researcher has tried to specify the reasons behind these problems as well as discussing them, taking into consideration that the Kurdish are still suffering from these problems. In order to achieve the aim of the study, critical and analytical method has been implemented in studying Malarash's novels

The thesis falls into three chapters. The study started with a preliminary work that spells out the framework of the study. Chapter one is devoted to discussing exclusively the historical background of the Kurdish novel, its literary features, the setting, and the idiomatic meaning.

Chapter two presents different images about the countryside, its buildings, people's professions, life style...etc. Chapter three, the factual core of the work, starts on a strictly applied and analytical tack, presenting the countryside problems in Malarash's novels like: tyrannizing women, ignorance and illiteracy, persecution the peasants by feudal lords. The outcomes of the study are shown at the end of this thesis.

University of Baghdad
College of education- Ibin Rushed
Kurdish Department

# THE COUNTRYSIDE PROBLEMS IN AZEZ MALA RASHS NOVELS

Thesis Submitted to:
The Council of the college of Education - IBin Rushed
University of Bagdad as a partial fulfillment to the
requirements of the DR. Degree in Kurdish literature

By
Ebraheem Abdulrahman MaHmood

Supervised by:
Assistant professor
Dr. Adel Germyani

2008 A.c 2708 . k 1429 .A.H

University of Baghdad
College of education- Ibin Rushed
Kurdish Department

# THE COUNTRYSIDE PROBLEMS IN AZEZ MALA RASHS NOVELS

Thesis Submitted to:
The Council of the college of Education - IBin Rushed
University of Bagdad as a partial fulfillment to the
requirements of the DR. Degree in Kurdish literature

By
Ebraheem Abdulrahman MaHmood

Supervised by:
Assistant professor
Dr. Adel Germyani

۲۰۰۸ A.c ۲۷۰۸ . k ۱۴۲۹ .A.H